ڕێبوار سیوەیلی

# لە پەیوەندییەوە بۆ خۆشەویستی

## خوێندنەوەیەکی کۆمەڵناسیانەی پەیوەندیی خۆشەویستی

سپیرێز

کوردستان 2004



خودانێ ئیمتیازێ: حافظ قاضی
سەرنڤیسەر: مؤید طیب

* لە پەیوەندییەوە بۆ خۆشەویستی (خوێندنەوەیەکی کۆمەڵناسیانەی پەیوەندیی خۆشەویستی)
* نڤیسینا: ڕێبوار سیوەیلی
* دەرهێنانا هونەری:
* بەرگ و سەرپەرشتیارێ چاپێ:
* چاپا ئێکێ 20004
* ژمارا سپاردنێ ( ) سالا 2004
* چاپخانە: وەزارەتا پەروەردێ – هەولێر
* تیراژ: ( ) دانە

(مافێن چاپکرنێ دپاراستینە)

# پێڕست

**سەرەتا** ............................................................................5

***بەشی یەکەم:* خوێندنەوەی کۆمەڵناسیانەی پەیوەندیی خۆشەویستی** ..................13

- پێناسە ..............................................................................13

- جیاوازیی خوێندنەوەی کۆمەڵناسیانە و

هەندێ بواری دی بۆ پەیوەندیی خۆشەویستی ...............................................17

- جیاوازی و سنووری چەمکەکان .........................................................22

***بەشی دووەم:* زەمینەی تیۆری خوێندنەوەی**

**کۆمەڵناسیانەی ژیانی هەستەوەری و خۆشەویستی** .................................45

- گۆڕان لە ژیانی هەستەوەری کۆمەڵگا خۆرئاواییەکاندا ............46
- **جۆرج زیمیل:** سەرەتاکانی کۆمەڵناسیی ژیانی هەستەوەری ..........57
- **گیدنز، بێك و لوومان:** ژیانی هەستەوەری و کۆمەڵناسی ..............61
- **مانوێل کاستلز:** مەرگی باوکسالاری و دەسەڵاتی خۆشەویستی ......83
- **لوك فیری:** لە ئایینی مەسیحییەوە بۆ مرۆڤباوەری ................99
- **فرانسوا فۆرکیە:** وەهمی خۆشەویستی ..........................107
- **ڕێنیە نلی:** فیمینیزم و داماڵینی خەسڵەتی شاعیرانە لە مێیینە ........110

***بەشی سێیەم:* ئاوابوونی خۆشەویستی** ..........................................113

تەوەری یەکەم: بارودۆخی خۆشەویستی ..........................................113

تەوەری دووەم: ترس لە خۆشەویستی .........................................121

***بەشی چوارەم:* : چەند سەرەتایەکی بیرکردنەوەی کۆمەڵایەتیانە**

**لە ژیانی هەستەوەری و سۆزگۆڕینەوە لە گوتاری ڕۆشنبیریی کوردیدا** ................135



- لە گەڕیدە و خۆرهەڵاتناسەکانەوە بۆ ڕۆشنبیرەکوردەکان ..........135
- مەلا مەحمودی بایەزیدی .....................................140
- پیرەمێرد ..................................................143
- کامەران موکری ...........................................150

- هەڵسەنگاندن .......................................................160

***بەشی پێنجەم:* ژیانی هەستەوەری و سۆزگۆڕینەوە**

**لە کۆمەڵگای هاوچەرخی کوردستاندا** ..............................163

- ناسیۆنالیزم، کولتووری شاخ و ژیانی هەستەوەری ...............167
- ژیانی هەستەوەری لەدوای ڕاپەڕینەوە بۆ سێکسی ئەنتەرنێتی .....175

***پاشکۆی یەکەم:***

- **لە پەیوەندییەوە بۆ خۆشەویستی**

(گفتوگۆیەك لەگەڵ ئاری عومەر) ......................................193

تەوەری یەکەم: پەیوەندی ..........................................193

تەوەری دووەم: قەیرانەکانی پەیوەندی ..................................205

تەوەری سێیەم: سێکس و ئیرۆتیکا ....................................227

پاشکۆی دووەم:

- **دەستبۆبردن، نقورچبازی و لێبادان**

گفتوگۆیەك لەگەڵ شەهلا مەحمود ......................................245

- **لیستی سەرچاوەکان**.................................................257

- **پێڕستی ناوەکان** ..................................................265

## سەرەتا:

لە فیلمی کارتۆنیی «کچە وردیلە»دا، دایکە بۆق و کوڕەبۆق دەبینین کە چۆن بەیانییەك لەناو زەلکاوەکەدا لەخەو هەڵدەستن و دەستدەکەن بە پەپوولە و مێشوولە خواردن. پاشان دەخەونەوە و ئەمجا بێدار دەبنەوە و دەستدەکەنەوە بە خواردن.. بەڵام جارێك لە جارەکان کوڕە بۆق بەگوێی دایکە بۆق ناکات، ئەو ئیتر نانوێتەوە، تاقەتی خواردنی نییە، نایەوێ ئیشێ بکات و حەزیش ناکات فێری هیچ ببێت. ئەو بێزارە و هەر بەو بێزارییەشەوە لە دایکە بۆق یاخی دەبێت و بە **هەستێکی** تایبەتەوە دەچێتە سەر پنجێ قەوزەی وەکخۆی سەوز، پاڵی لێدەداتەوە. تاقە شتێ لەو دەمەدا کوڕە بۆق ڕازیی دەکات و حەزی لێیەتی: ژنە. ئەو لەکاتێکدا بە هەموو هێزی خۆی هاوار دەکات: «**حەزدەکەم ژن بێنم، ژن**» و کاتێ دایکیشی دەڕوات ژنی بۆ بهێنێ، ئۆقرەی لەبەر دەبڕێ و بە سکاڵاوە دەڵێت: «**وەی خوایە! دایکم بۆ نەهاتەوە ژنم بۆ بێنێ؟ زۆر حەزم لە ژنە، ژن..**». ئەو دەمەی دڵنیاش دەبێتەوە کە دایکی ژنی بۆ هێناوە و (لە ڕاستیدا هەڵیگرتووە)، سبەی زەماوەندێکی بۆ دەکات «ئەوسەری دیار نەبێ»، یەکسەر دەخەوێتەوە. لەوەش سەیر تر ئەوەیە بۆ بەیانی کە لەخەو هەڵدەستێ، دەیەوێ لە پێشدا شتێ بخوات ئەمجا حازر دەبێ بۆ ژنهێنان.

کوڕە بۆق نمونەیەکی باشی گەنجبوونە لە کۆمەڵگای ئێمەدا: ئەویش وەك هەموو گەنجەکانی ئێمە بێزارە لە خۆی، بێزارە لە خەوتن، بێزارە لە کار و خۆپێگەیاندن و لە فێربوون و هتد، وەلێ کوڕە بۆق بەپێچەوانەی گەنجەکانی ئێمەوە، حەزێکی هەیە و هەستیارە بەرامبەر بە حەزی خۆی و دەریدەبڕێ، ئەو بەئاشکرا دەقیژێنی و دەپاڕێتەوە: «زۆر



حەزم لە ژنە، ژن» و بەمەش ناچارمان دەکات گوێی بۆ بگرین و لە هەستەکانی تێبگەین و وەك ***بۆقێکی هەستیار*** تەماشای ئەو بەسەرهاتانەی بکەین، کە بۆ ئەو، تراژیدیانە کۆتاییان پێدێت و بۆقبوونەکەی دەبێتە ڕێگر لەبەر دەم گەیشتنیدا بە کچە ووردیلەی جوان. بەڵام چیرۆکی کوڕە بۆق ڕاستییەك دەخاتە ڕوو: ئەو کاتەی دەزانین لە ناخی هەر کامێکماندا حەز و هەستێك هەیە بۆ کچە وردیلەیەکی جوان، ئیدی خۆمان نین، ناتوانین خۆمان بین و لەوەدوا گۆڕانێکی بنەمایی لە ئێمەدا ڕوو دەدات، گۆڕانێك، کە لەم دنیاوە دەمانبات بۆ دنیایەکی تر.

ئەو گۆڕانە لە پێش هەموو شتێکدا پەیوەندیی بە سۆز و ژیانی هەستەوەریی تایبەتیی ئێمەوە هەیە، بەڵام بۆچی خۆشەویستی و ژیانی هەستەوەری، وەك نزیکترین و ئاساییترین و سەرەتاییترین ئەزموونی تاکەمرۆڤ بکەینە بابەتی خوێندنەوە و شیکردنەوەی زانستیانە و شێوە زانستیانە؟ ئایا ئەو ئەزموونە هەر لەوێدا جوان و بەنرخ و ناسك نییە کە بەدوور بێت لە هەموو دەستێوەردان و شرۆڤەکردنێکی بابەتیانە و لۆژیکمەندانە؟ بۆچی ڕێگە نەدەین ئەوەی بە هەستەکان ئەزموونی دەکەین، هەر بۆهەستەکان و لە چوارچێوەی ژیانی هەستەوەری و سۆزداریی مرۆڤدا بمێنێتەوە و نەیخەینە بەر لێکدانەوەی هزری و شییکردنەوەی چوارچێوەدار.. ئایا مەگەر مێژووی ژیانی هەستەوەری و سۆزگۆڕینەوە چەندینجار ئەوەی نیشان نەداوە کە ئەزموونی خۆشەویستی و سۆزداری، لە زماندا کورت دەهێنێ و ئەوەی کە لە دڵدایە بە زمان نایێتە قسە و ئەڤینداران زیاتر حەزیان لە بێدەنگی و تەنیاییە، نەك هاتەهات و بگرەوبەردە و زۆر گوتن؟

لەکاتی نووسینی ئەم کتێبەدا وەڵامی هەموو ئەم پرسیارانەم لەبیربوون، بەڵام هەر لەسەرەتاوە بڕیارمدا ئەم کتێبە کتێبی خۆشەویستی نەبێت، بەڵکو کتێبێ بێت لەبارەی خۆشەویستیی و ژیانی سۆزدارییەوە و تیایدا هەوڵبدەم لەلایەکەوە ئەو گۆڕانانە پیشانبدەم کە لە ژیانی سۆزداریی و فۆرمەکانی خۆشەویستیکردندا هاتوونەتە ئاراوە، لەلایەکی تریشەوە ئەو ڕێگر و بەربەستانە بدۆزمەوە کە بەردەوام لەهەوڵی چەپاندن و سەرکوتکردنی ئەو پەیوەندییەدان کە بەنزیکترین، ئاساییترین و سەرەتاییترین ئەزموونی تاکەمرۆڤم ناو برد. لەلایەکی تریشەوە ناڕاستەوخۆ ئەوە بە گوێی خوێنەردا بدەم کە ئەو پەیوەندییەی لە ژیانی ئێمەی تاکەکەسدا بە تایبەتیترین و شەخسیترین پەیوەندیی خۆمانی دەزانین، دواجار هەڵقەیەکە لە زنجیرەیەکی گەورەتر بەناوی دەسەڵات.

ئەم بەرهەمە لە پێنج بەش و گفتوگۆیەکی درێژ پێکهاتووە، کە بەشی یەکەمی تەرخانە بۆ دەربڕینی هەندێ بۆچوون سەبارەت بە خوێندنەوەی کۆمەڵناسیانەی پەیوەندیی خۆشەویستی و ژیانی هەستەوەری. ئەم بەشە دەبێتە دەروازەیەکی گشتی بۆ چونە ناو سەرجەم بابەتەکانی ئەم کتێبەوە و سەبارەت بە پێناسە و تێگەیشتن لە چەمکی (***حەزلێکردن، خۆشەویستی و عەشق***) وەکئەوەی لەم باسەدا بەکارهاتوون، گرنگییەکی تایبەتی خۆی هەیە. بۆیە داوا لەو خوێنەرە دەکەم کە بایەخ بە لایەنی تیۆریی دەدات لەپێشدا ئەو بەشە بخوێنێتەوە و بە وردی تەماشای هێڵکارییەکەی لاپەڕە (33) بکا. بۆ خوێنەرێکیش کە دەیەوێ بەزمانێکی سادەتر لەبۆچوونەکانی من تێبگا، پێشنیار دەکەم یەکسەر لەو گفتوگۆیەوە دەستپێکات کە لەکۆتاییدا بڵاوکراوەتەوە و پاشان بێتەوە سەر بابەتەکانی ناو دەقی کتێبەکە.



لەبەشی دووەمدا هەوڵمداوە باس لە بیروڕای هەندێ لەو کۆمەڵناس و هزرمەندانەی خۆرئاوا بکەم کە لە ڕووی تیۆری و هزرییەوە، پەیوەندیی خۆشەویستی و ژیانی هەستەوەریی مرۆڤیان بەهەند گرتووە و منیش دەستم بەبەرهەمەکانیان گەیشتووە. لەناو ئەوانەشدا ئەوانەیانم بەسەر کردۆتەوە کە قسەی دەستنیشانکەرییان هەیە لەبواری توێژینەوەی کۆمەڵناسیانەی بابەتەکەدا و دەکرێ وەك توێژەرانی ژیانی هەستەوەری ناویان ببرێت. کورتەی بیروڕای ئەو کەسانە دەکرێ لەوەدا چڕ بکرێتەوە کە پەیوەندیی خۆشەویستی ڕۆمانسیانە و سۆزگۆڕینەوە لە کۆمەڵگا خۆرئاواییەکاندا، لە ژێر هەلومەرجی ئابووری، کولتووری و سیاسیدا، بەچەندین قۆناغی گۆڕاندا تێپەڕ بووە. هەموو ئەمەش ڕێگەی خۆشکردووە کە بارودۆخی خۆشەویستی و سۆزگۆڕینەوە بکەوێتە مەترسییەوە و لە فۆرمێکەوە بەرەو فۆرمێکی دی *ئاوا* ببێت. ئەم بەشە هەوڵدانێکە بۆ خستنەڕووی بیروڕای هەندێ لە کۆمەڵناسانی کلاسیك و هاوچەرخ سەبارەت بە خۆشەویستی ڕۆمانتیکی و ئەو گۆڕانکاریانەی لە کۆمەڵگا ئەورووپییەکاندا بەسەر پەیوەندیی هەستەوەرانەدا هاتوون و ئەگەری کاریگەریی ئەو گۆڕانانەش لە کۆمەڵگای خۆماندا لەبەر چاو بووە. چونکە ئەگەر خۆشەویستی ڕۆمانسیانە دەرکەوتەیەکی مۆدێرنی ناو کۆمەڵگا ئەوروپیەکان بێت، وەکئەوەی توێژینەوە کۆمەڵناسییەکان دەیخەنە ڕوو، ئەوە هیچ دەرکەوتەیەکی مۆدیرنیتە نییە تەنیا تایبەت بێت بەو کۆمەڵگایانە و لە چوارچێوەی جوگرافیای سەرهەڵدانی خۆیدا سەقامگیر بووبێت. بۆیە ئەو دیاردانەی سەرهەڵدانیان ڕۆژگارێ تایبەت بووبێت بە شوێنی بەدیارکەوتنیان، ئەوە لە ڕۆژگارێکی دیکەدا پەلیان کێشاوە بۆ شوێنەکانی تر و کاریگەرییان لەسەر کۆمەڵگاکانی دیکەش بەجێهێشتووە. ئەم بیرۆکەیە سەبارەت بە پەیوەندیی خۆشەویستیش هەر ڕاستە. بەمانایەکی تر، ئەوەندەی ئەمڕۆ لە کۆمەڵگای ئێمەدا

شێوازی سۆزگۆڕینەوە و بەڕەسمییکردنی پەیوەندیی خۆشەویستی لەژێر کاریگەریی مۆدێلە جیهانییەکەیدایە، ئەوەندە مۆرکی لۆکاڵیانەی نییە. کچان و کورانی ئێمە زۆر جیاوازتر لە کچ و کوڕی هەر شوێنێکی دی پەیوەندی لەگەڵ یەکتردا نابەستن، بەتایبەتیش کاتێک دەبینین هۆیەکانی پەیوەندی و ئاڵوگۆڕکردنی وەك تەلەفۆن، مۆبایل و ئامرازە ئەلەکترۆنییەکان ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێڕن لەو پەیوەندیکردنەدا. دەکرێ پێشبینی ئەوە بکرێ کە لە پاشەڕۆژێکی نزیکدا، هیچ کچێ شوو ناکات و هیچ کوڕێ هاوسەر ناگرێ، ئەگەر پێشتر بە تەلەفۆن و ئەنتەرنێت و هۆکارەکانی تری ڕاگەیاندن و ئاڵوگۆڕکردن، جۆرێ لە پەیوەندییان لەگەڵ یەکتردا نەبەستبێ.

لەبەشی سێهەمدا دوای لاکردنەوەیەك لە بارودۆخی خۆشەویستی، لەسەر بابەتێك وەستاوم بەناوی *ترس لە خۆشەویستی*. خاڵی سەرەکیی لەو باسەدا ئەوەیە کە ترس لە خۆشەویستی لە مێژووی شارستانیەتە جیاوازەکاندا، لە ئەنجامی تێڕوانینێکی تایبەتەوەیە بۆ مێینە و بۆ ئافرەت، کە ئەمەش نیشانەی باڵادەستیی ئایدیۆلۆژیای نێرسالارییە لەو شارستانیەتەدا. بۆیە لەهەر کۆمەڵگایەکدا نێرسالاری باڵادەست بێت، ترس لە خۆشەویستیش بەرجەستە دەبێت، چونکە لە هەموو پەیوەندییەکی خۆشەویستی و سۆزدارییانەدا وزەی باڵادەست (مێینەییە) نەك (نێرینەیی) و ئەمەش لەبەرژەوەندی ئایدیۆلۆژیای ناوبراودا نیە.

لە بەشی چوارەمدا باسم لە سەرەتاکانی کۆمەڵناسیی ژیانی هەستەوەری لە گوتاری ڕۆشنبیریی کوردیدا کردووە و بەشێوەیەکی خۆبەخۆ سێ نووسەرم لە سێ بڕگەی مێژوویی جیاوازدا بەسەر کردۆتەوە. بەڵام پێش



ئەوە کورتە باسێکم لەسەر بیروڕای خۆرهەڵاتناسەکان و گەڕیدەکان سەبارەت بە پەیوەندییە هەستەوەرییەکانی مرۆڤی کورد نووسیوە. هەندێك لە سەرچاوەکان، بەتایبەتیش ئەوەی ڕۆژهەڵاتناسان لەبارەی ژیانی هەستەوەری و سۆزگەرایانەی مرۆڤی کوردەوە نووسیویانن، جەخت لەسەر جیاوازی و تایبەتمەندی ئەم پەیوەندییە دەکەنەوە و وێنەیەکی گەشی لەبارەوە بەرهەمدەهێنن. بەڵام واقیعی کۆمەڵگای هاوچەرخی کورد شتێکی دیکەمان پێدەڵێت و بۆ ئەمەش پێویستە باس لە ئاستەنگ و ئاسۆکانی پەیوەندیی سۆزگەرایانەی مرۆڤ وەکئەوەی ئەزموونده‌کرێن، بکەین.

باسی کۆتایی ئەم کتێبە تەرخانکراوە بۆ قسەکردن لەسەر ژیانی هەستەوەری و سۆزگۆڕینەوە لە کۆمەڵگای هاوچەرخی کوردستاندا (بەتایبەتی باشووری کوردستان لە دوای ڕاپەڕینەوە). دەکرێ ئەو قسەو باسانە وەك هەندێ سەرنجی سەرەتایی و تێبینی ڕاگوزەریانە تەماشایان بکرێ و هەوڵدانێك بێت بۆ بەرجەستەکردنی ئەو ڕێگرانەی لە کۆمەڵگای کوردیدا هەم ترس لە خۆشەویستی و هەم دەسەڵاتی نێرسالاریش ئاشکرا دەکەن.

پاشکۆی یەکەمی ئەم کتێبە، کە ڕەنگە لەهەمان کاتدا نزیکترین بەش بێت پەیوەست بە ژیانی ئێستای کۆمەڵگاکەمانەوە، لە گفتوگۆیەکی درێژ پێکهاتووە. گفتوگۆیەکە بەرهەمی ماندووبوونی کاك (ئاری عومەر)ە کە لە چەند دانیشتنێکدا ناچاریکردم لەئاست پرسیارەکانیدا بیربکەمەوە و لەبەرامبەر ئەو ئازارە شاراوەیەیدا کە لە نیگایدا دەمبینی و نیشانەی ناکامییەکی سۆزگەرایانەی پێوە دیار بوو، بێ هەڵوێست نەبم. (ئاری) بۆ من نمونەی گەنجێکی کوردە و لەو کۆمەڵگایەدا دەژی کە بەهەموو

شێوەیەک دەستدەخاتە ناو تایبەتیترین پەیوەندییەکانی مرۆڤ و بەتایبەتیش ژیانی هەستەوەرانەی گەنجەکانمانەوە. ئێمە لەو گفتوگۆیەدا هەوڵدەدەین ئاماژە بە هەندێ کەلێن و قوژبنی ئەم کێشەیە بکەین و ئەو هێز و لایەنە کۆمەڵایەتی و کولتوورییانە دەستنیشان بکەین کە بەبەڵگەی جیاواز، ڕەوایەتی دەدەنە دەستێوەردانی خۆیان بۆ ناو پەیوەندییە سۆزگەراییەکانی نێوان تاکەکان و لەو ڕێگەیەشەوە نۆرمەکانی خۆیان لەو پەیوەندییەدا بەرهەم دەهێننەوە و جڵەوی دەکەن و وزە شۆڕشگێڕانەکەی خۆشەویستی بەپاساوی پاراستنی داب و دەستوورەکان لاواز دەکەن. لە کۆتاییدا دەمەوێ بڵێم: قسەکردن لەبارەی پەیوەندیی هەستەوەرانە و خۆشەویستی، هەردەم خۆی لەبەردەم چەندین پرسیاری بێوەڵام و کێشەی گەورەدا دەبینێتەوە. خۆشەویستی چ وەک پەیوەندی و چ وەک ئەو گۆڕانە دەروونی، جەستەیی و ڕۆحییەی لە مرۆڤدا ڕوودەدات، دۆخێکی تایبەتە بە تاکەکەس و بەشێکە لە ژیانی تاکەکەس. بۆیە ناتوانین شتێکی ئەوتۆی لەسەر بڵێین، چونکە ئەو کاتەی دەکەوینە ئاخاوتن لەو بارەیەوە خۆشەویستی لە **واقیعێکی ئەزموونکراوەوە** دێتە ناو **چوارچێوەیەکی زمانییەوە** کە بێتوانایە لە وەسفکردنی ئەوەی ئەزموونمانکردووە. بۆیە هەر کەسێ کە بیروڕای خۆی سەبارەت بە خۆشەویستی دەردەبڕێ، ئەزموونی هەستەوەری خۆی دەگێڕێتەوە و ئەمەش شتێ نییە بتوانین بەهۆی ئەزموونی هەستەوەرانەی کەسانی ترەوە پەسەندی بکەین، یاخود ڕەتی بکەینەوە و بەدرۆی بخەینەوە[1]. سەبارەت بەم بەرهەمەش

1 خوزه اورتگای گاست: **درباره عشق**. ت: دکتر سید مهدی ثریا، نشر جوانه رشد، تهران، 1380، ل: 191.



پێویستە بڵێم، نە هیچ بانگەشەیەکی ڕەهای لەپشتەوەیەوە و نە هەڵگری هیچ بیروڕایەکی نەگۆڕە لەسەر پەیوەندی و ئەزموونێک، کە بە پلەی یەکەم ئەزموونێکی تایبەتی هەر تاکەکەسێکە. ئەگەر خاڵێکی گرنگ لەم قسانەدا هەبێت، ئەوەیە کە ببێتە هاندەرێک بۆ ئەوەی هەریەکەمان بەشێوەیەکی ڕاشکاوانەتر ببینە گێڕەرەوەی ئەو ئەزموونە تایبەتیەی خۆمان و گوتاری تایبەت بەخۆمان لەسەر خۆشەویستی بەرهەم بهێنین، کە بێگومان ئەمەش پەیوەندییەکی نزیکی هەیە بە پرۆسەی دروستبوونی تاکایەتی و پانتاییەک بۆ خود لەناو کۆمەڵگایەکدا کە بەردەوام ئیشدەکات لەسەر بێحورمەتکردن و سەرکوتکردنی خودی ئەندامەکانی. پاشکۆی دووەمی کۆتایی ئەم کتێبەش گفتوگۆیەکی بچکۆلەیە تیایدا وەڵامی هەندێ پرسیارم داوەتەوە کە پەیوەستن بە دیاردەی دەستبۆبردن و نقووڕچگرتن، بەڵام ئەوەش خراوەتە ڕوو کە ئەم دیاردەیە بەتاڵاییەکی دیکەی ژیانی هەستەوەریمان لە کۆمەڵگای کوردیدا بۆ ئاشکرا دەکات و بوارێکە نێرسالاری بەهۆیەوە بوونی خۆی بەیادی هەموومان دەهێنێتەوە.

ئەگەرچی ئەم کتێبە بەرهەمێکی سەربەخۆیە و لە ڕۆژگارێکی پڕ لە ئازار و نەخۆشیدا و لەو کاتانەدا کە دەبوو پشوو بدەم و لەسەر کورسی و بەدیار کۆمپیۆتەرەوە دانەنیشم، بە دزیی ئەو هاوڕێ و کەسوکارانەی چاودێرییان دەکردم، کارم لەسەر کردووە، بەڵام دەشێت وەک سەرەتایەک بۆ کتێبێکی بەرفراوانتر تەماشای بکرێ، کە تەرخانیدەکەم بۆ ئەزموونێکی تایبەتی خۆشەویستی و لەوێدا لێدەگەڕێم خۆشەویستی بە زمانی خۆی و بە ئازادی خۆی سەبارەت بە ئەزموونی خۆی بدوێ.

**ڕێبوار س.**

**هەولێر 2004/6/18**

### بەشی یەکەم

## خوێندنەوەی کۆمەڵناسیانەی

## پەیوەندیی خۆشەویستی

### پێناسەیەك:

کۆمەڵناسی وەك دیسپلینێکی سەربەخۆ، زانستێکی نوێیە و لە میانەی سەدەی نۆزدەهەمدا، وەك بەرهەمێکی ئەو گۆڕانکاریانەی لە کۆمەڵگای مۆدێرنی پیشەسازیی سەرمایەداری لە ئەوروپا و ئەمەریکای باکوور هاتنە ئاراوە، سەریهەڵدا[2]. خۆشەویستیش وەك پەیوەندی و دەرکەوتەیەکی کۆمەڵایەتی کە تیایدا هەستەکان چالاك دەبن، دیاردەیەکی کۆن و لەمێژینەیە. ئەوە ڕاستە کە لەبەستێنی توێژینەوە ئەکادیمیەکاندا کۆمەڵناسییەکی دانپیانراو و خاوەن بنەمامان نییە بە ناوی ***کۆمەڵناسیی خۆشەویستی***، بەڵام کۆمەڵناسەکان لە میانەی توێژینەوەیان لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان و خێزان، وەك کۆنترین دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی، لە خۆشەویستی و ژیانی هاوسەرداری و

2 Heine Andersen (red.): **Sociologi- en grundbog til et fag**. Hans Reitzels Forlag, Kobenhavn, 1998,s. 13.



جۆرەکانیان کۆڵیوەتەوە[3]. لەگەڵ ئەوەشدا خۆشەویستی و پەیوەندیی ئەڤیندارانە، وەك بابەتێکی سەربەخۆ کە تیایدا ژیانی هەستەوەرانەی تاکەکەس دەخرێتە بەر باس، لە زانستی کۆمەڵناسیدا کایەیەکی تازەیە. هەموو کۆمەڵناسەکانیش هەمیشە بوونی ئەم پەیوەندییە تایبەتییە نابەستنەوە بە ژیانی خێزانییەوە و پەیوەندیی خۆشەویستی، کە لەسەر بنەمای سۆز و هەڵبژاردنی تاکەکەسەوە ڕاوەستاوە، لەبەر تیشکی پەیوەندییەکانی خزمایەتی و خوێن و بنەماڵەدا هەڵناسەنگێنن، کە تاك تیایاندا ناچار دەکرێت خۆی لەگەڵ گرووپدا بگونجێنێ و حەز و هەستەوەریی خۆی بەپێی چاوەڕوانییەکانی گرووپ، سەرکوت بکا.. واتە بەپێویست خێزان ئەو تەنیا پانتاییە نییە کە خۆشەویستی بەرهەم دەهێنێ و بۆی هەیە خۆشەویستی لە دەرەوەی ژیانی جووتەکی ژن و مێردایەتیدا ڕوو بدات، کە ژیانێکە، بەپێی جیاوازیی کولتووریی کۆمەڵگاکان، تەنیا لە چوارچێوەی فۆرمێکی خێزانیدا مەیسەر دەبێت. کەواتە دەکرێ بەدەر لە کۆمەڵناسیی خێزان و کۆمەڵناسیی خزمایەتی و کۆمەڵناسیی گرووپ و چینەکان، باس لە خوێندنەوەی کۆمەڵناسیانەی خۆشەویستیش بکەین. ئەمەش لە چوارچێوەی پێناسەیەکی تایبەتدا بۆ ئەو خوێندنەوەیە کە دەیەوێت گرنگییەکی تایبەت بدات بە توێژینەوە لەبارەی فۆرمێکی پەیوەندی (خۆشەویستی)، کە هیچ نەبێت لەساتەوەختی یەکەمی دروستبوونی خۆیدا، لەدەرەوەی دەسەڵاتی دامەزراوە و چوارچێوەی پەیوەندییە خێزانی و گرووپی و

3 بڕوانە منوچهر محسنی: **دەروازەکانی کۆمەڵناسی**. وەرگێڕانی ڕێبوار سیوەیلی و ئەوانی دیکە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، 2002، بەشی سێزدەیەم، ل: 378 و بەرەو دوا.

چینایەتیەکانەوە سەرهەڵدەدات. ئێمە پێویستیمان بە خوێندنەوەیەکی تایبەتی کۆمەڵناسیانەی پەیوەندی خۆشەویستی هەیە، چونکە لەسەرێکەوە پەیوەندی خۆشەویستی و ژیانی هەستەوەری بەردەوام بەشێ بووە لە کۆمەڵناسیی خێزان و لەسەرێکی تریشەوە ئەم پەیوەندییە مەرج نییە هەمیشە لە ناو خێزاندا بەرجەستە ببێت. بۆیە پێشبینی ئەوە دەکرێ کە لەپاشەڕۆژدا و لەگەڵ گۆڕانی جۆرەکانی خێزان و فۆرمەکانی خۆشەویستیدا، ئەم بابەتە سەربەخۆیی خۆی لە کۆمەڵناسی خیزان ڕابگەیەنێت و ببێتە خاوەن دیسپلین و سیستەمی زاراوەیی خۆی. من لێرەدا هەوڵدەدەم ئاماژە بەو خاڵانە بکەم کە دەشێت ڕاستی ئەم بۆچوونە بسەلمێنن.

دەستەواژەی ***خوێندنەوەی کۆمەڵناسیانەی پەیوەندیی خۆشەویستی*** لەم کتێبەدا، دەلالەت لەو ڕوانگەیە دەکات و لەو جۆرەی پەیوەندیی نێوان دوو مرۆڤ دەکۆڵێتەوە، کە تیایدا بنەمای پەیوەندییەکە سۆزگۆڕینەوەیە نەك هیچ بنەمایەکی تر. لە ڕوانگەی خوێندنەوەی کۆمەڵناسیانەی خۆشەویستی و توێژینەوە لە ژیانی هەستەوەرییەوە ، وێڕای پەیوەندییەکانی دەسەڵات، پەیمانی کۆمەڵایەتی و ژیانی هاوبەش، دەکرێ هۆکارە سۆزگەراکانیش ببنە هۆی دروستبوونی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی[4]. بەم مانایەش ***خوێندنەوەی کۆمەڵناسیانەی خۆشەویستی، دەکرێ وەك ئەو تێڕوانینە کۆمەڵناسانەیە تەماشا بکرێ کە لە دواڕۆژدا دەبێتە لقێکی زانستیی سەربەخۆ و بەپێی دیسپلینی تایبەتیی خۆی،***

---

4 ژان فرنسوا دورتیه: **علوم انسانی: گستره شناخت ها**. ترجمه: م.کتبی، ج. رفیع فر و ناصر فکوهی. نشر نی، تهران 1382، ل: 267–268.



***سۆزگۆڕینەوەی نێوان دوو تاکەکەس دەکاتە چەقی توێژینەوەکانی و لەو کاریگەری و ئاکامانە ڕادەمێنێ و دەیانبەستێ بە هەلومەرجە گشتییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی تاکەکانەوە، کە ڕۆڵیان هەبووە لە بەدیارکەوتن، گەشەکردن، سەرکوتکردن و چەپاندنی سۆز و ژیانی هەستەوەریی مرۆڤدا***. بۆیە خوێندنەوەیەکی لەو جۆرە، باس لە سیستەم و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان ، وەکئەوەی کە هەن، ناکات، بەڵکو لەوێدا ئەو سیستەم و دامەزراوانە بۆ ئەم ڕوانگە کۆمەڵناسانەیە بایەخیان هەیە، کە تیایاندا شێوازەکانی چەپاندنی ژیانی هەستەوەرانە ئەنجام دەدرێن و ئەو میکانیزمانە ئاشکرا دەکات کە بەهۆیانەوە تاکەکەس ناچار دەکرێت لە پێناوی ڕەچاوکردنی نۆرمەکان و مانەوەی لەناو دامەزراوەیەکی تایبەتدا، ڕێنومابیەکانی ئەو دامەزراوەیە بۆ ئاراستەکردنی هەستەکانی خۆی ڕەچاو بکات و بەمەش دەست لە ئاراستەکردنی ئازادانەی هەست و حەزە تایبەتییەکانی خۆی هەڵبگرێ.

بە دیوێکی تردا، خوێندنەوەی کۆمەڵناسیانەی پەیوەندیی خۆشەویستی ***توێژینەوەیەکی ڕەخنەگرانەیە لە ژیانی سۆزدارانەی مرۆڤ بەو جۆرەی کە ئەو ژیانە لە کۆمەڵگادا سنووردار کراوە و ڕێگری لەبەردەمدا دروستکراوە***. ئەمە جگە لەوەی ڕوانگەیەکە دەیەوێت مانای سۆسیۆلۆژیانەی ئەو ڕەفتار و ئەتوارانە لێکبداتەوە، کە ئەنجامی هەستکردن و سۆزگۆڕینەوەی مرۆڤن لە میانەی ئەزموونەکانی ژیانی خۆیدا. ئەم ڕوانگەیە بۆی هەیە بەشێك بێت لە جۆرێکی دیکەی توێژینەوەی زانستی، کە دەچێتە خانەی *وردە کۆمەڵناسییەوە* و توێژینەوە سەبارەت بە ڕۆڵ و گرنگیی هەستەکانی مرۆڤ لە ژیانی کۆمەڵایەتیانەی خۆیدا و بەو جۆرەی کە هەستەکان دەبنە سەرچاوەی ڕەفتار و چالاکییەکانی مرۆڤ، ئەنجام دەدات. بۆیە یەکێکی تر لە

بوارەکانی خوێندنەوەی کۆمەڵناسیانەی خۆشەویستی بریتییە لە توێژینەوە لە چۆنیەتی پەیوەندی و کاریگەریی هەموو بوارەکانی کارکردن، ئەرکە دەزگایی و دامەزراوەییەکان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بۆ سەر ژیانی هەستەوەریی تاکەکەس. ئەمەش بەو نیازەی یارمەتی و پێشنیاری بەسوود پێشکەش بەو بوارانەی کارکردن، دەزگا و دامەزراوە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵگا بکات کە تاک تیایاندا داینەمۆی چالاکی و ڕاپەڕاندنی کارەکانی ڕۆژانەیانە. چونکە ئەگەر دەزگا و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕێنومایی و ئەرکەکانی خۆیاندا، لە پەیوەندییان بە کارمەند و ئەندامانی خۆیانەوە، ڕەچاوی ژیانی هەستەوەرانە و سۆزگەرایانەی تاکەکان نەکەن و تێگەیشتیان نەبێت بۆ ڕۆڵی سۆزی مرۆڤ ، ئەوە لە بواری کاری ڕۆژانە و پەیوەندییە ڕۆژانەییەکاندا گەلێك ئاڵۆزی و کێشە دێنە پێشەوە کە تێگەیشتن لێیان ئاسان نابێت، چونکە پەیوەندییان هەیە بە بەشێك لە ژیانی مرۆڤەوە کە "***بێدەنگەی لێکراوە***". ئەوەی لە بواری ژیانی کۆمەڵایەتیدا بێدەنگەی لێدەکرێت و لەو ڕێگەیەشەوە بەپەراوێز دەکرێت، بابەتی سەرەکیی وردەکۆمەڵناسییە و پەیوەندیی خۆشەویستی و ژیانی هەستەوەریش وەك دوو بابەتی بێدەنگکراو و بەپەراوێزکراو لە کۆمەڵگادا، بابەتی هەرە سەرەکیی ئەو جۆرەن لە توێژینەوە کە ئێمە بە **خوێندنەوەی کۆمەڵناسیانەی پەیوەندیی خۆشەویستی** ناوی دەبەین.

### جیاوازیی خوێندنەوەی کۆمەڵناسانە و

### هەندێ بواری دی بۆ پەیوەندیی خۆشەویستی:



پرۆژەی سەرەکی خوێندنەوەی کۆمەڵناسیانەی پەیوەندیی خۆشەویستی ئەوەیە کە خۆشەویستی بکاتە چەقی توێژینەوەی خۆی وەکئەوەی کە ئەم خۆشەویستیە بەدیهێنەر و دروستکەری پەیوەندییە لە نێوان دوو کەسدا بەهۆی گۆڕینەوەی هەستەکان و سۆز و ئەڤینەوە. بەڵام ئەوەی کە هەستەکان لەلای تاکەکەس چۆن کار دەکەن، مرۆڤ چۆن خۆشەویستی و ئەڤین دەکات و ئەو گۆڕانە دەروونی و جەستەیی و ئۆرگانیانە چین، کە لە کاتی خۆشەویستیکردندا ڕوو دەدەن، ئەمە بابەتی دەروونناسیی خۆشەویستین، نەك خوێندنەوەی کۆمەڵناسیانەی خۆشەویستی[5]. لێرەوە پرۆژەی دەروونناسیی خۆشەویستی لە ڕوانگەی کۆمەڵناسیانە بۆ خۆشەویستی جیا دەبێتەوە، چونکە لە دەروونناسیی خۆشەویستیدا، بابەتی توێژینەوە بریتییە لە توێژینەوە لە خۆشەویستی وەك ئەوەی لەلای تاك بەرجەستە دەبێت و تیایدا گرنگیی دەدرێت بە پێویستیی تاك بە خۆشەویستی و خۆشەویستبوون، بە جۆرەکانی خۆشەویستی، بە شێوەی گۆڕانی هەستەکان و کاریگەریی ئەمانە لەسەر

5 سەبارەت بەم بابەتە لە ڕوانگەی دەروونناسییەوە، بڕوانە ئەم سەرچاوانە:

- اسکات پك: **هنر عاشقی**، بحثی در روانشناسی عشق، ارزشهای سنتی و تعالی روحی، ت: زهرا ادهمی، نشر دایره، تهران 1381.

- دکتلر جون بوریسنکو: **درس عشق**، برگردان: توراندخت تمدن (مالکی)، نشر البرز، تهران 1375.

- جرالد جمپالسکی و دایان سیرنسیونه: **فقط عشق**، ت: فریبا مقدم، انتشارات حمیدا، تهران 1378.

ژیانی تاك خۆی. لەكاتێكدا لە خوێندنەوەیەكی كۆمەڵناسیانەی خۆشەویستیدا، خۆشەویستی لەوێوە گرنگیی وەردەگرێ كە ئەو خۆشەویستیە ئاراستەكراو بێت بەرەو تاكەكەسێكی تر و بووبێتە ***پەیوەندی*** سۆزدارانە لەبواری كۆمەڵایەتیدا. لەگەڵ ئەوەشدا، بەبێ تێگەیشتن لە خۆشەویستی وەكئەوەی وزەیەكی تاكەكەسییە، خوێندنەوەی كۆمەڵناسیانەی خۆشەویستی ناتوانێت باس لە خۆشەویستی وەك پەیوەندییەك بكات، چونكە دواجار ئەوەی لایەنە پێكهێنەرەكانی ئەم پەیوەندییە پێكدەهێنێت، هەر تاكەكەسەكان خۆیانن. بۆیە دەتوانین بڵێین: تێگەیشتنی دەروونناسیانە لە وزەی خۆشەویستی لەلای تاكەكەس، پێشمەرجە بۆ تێگەیشتنێكی كۆمەڵناسیانە لە پەیوەندیی خۆشەویستی كە بەگەڕخەری ئەو وزەیە لە بواری كۆمەڵایەتی و لە پەیوەندی نێوان تاكەكەسەكاندا.

خوێندنەوەی كۆمەڵناسیانەی خۆشەویستی پەیوەندییەكی نزیكیشی هەیە بە بواری مێژوو و مرۆڤناسییەوە. چونكە بۆ تێگەیشتن لە خۆشەویستی وەك پەیوەندی، پێویستیمان بە تێگەیشتنێكی تایبەت هەیە لە مرۆڤ وەك بوونەوەرێكی پەیوەندیی دروستكەر ( *Homo Comunicative*) و وەك بوونەوەرێك كە ناتوانێت لەدەرەوەی پەیوەندییەوە بژی. بەشێك لە مێژووی پەرەسەندنی مرۆڤ، بەدیوێكی تردا بریتیە لە هەوڵدانەكانی مرۆڤ بۆ ئەوەی لە ژیانێكی دابڕاوی تەنیاوە بچێتە ناو ژیانێكی دڵنیاترەوە لەگەڵ و لە كەنار مرۆڤەكانی تردا. لێرەدایە كە زانستی مرۆڤناسیی دەتوانێت پشتگیرییەكی باش بێت بۆ هەر خوێندنەوەیەكی كۆمەڵناسیانەی خۆشەویستی، ئەمەش لەو ڕوانگەیەوە كە مرۆڤ بوونەوەرێكە ژیانی خۆی لە پەیوەندیدا ئەزموون



دەكات و پەیوەندیی دۆخێكی پێویستە بۆ دروستبوونی تەندروستانەی مرۆڤ.

لەلایەكی ترەوە، خوێندنەوەی كۆمەڵناسیانەی خۆشەویستی پێویستییەكی زۆری هەیە بە بواری مێژوو، بەو پێیەی خۆشەویستی وەك پەیوەندی لە نێوان تاكەكاندا، خاوەنی سیمای بگۆڕی مێژوویی خۆیەتی و خاوەنی مێژوویەكی سەربەخۆیە. بەڵام ئەم پێویستییە هەر لەوێوە سەرچاوە ناگرێت كە مێژوو تەنیا گێڕەرەوەی بەسەرهاتەكانی خۆشەویستی و ئەو گۆڕانانەیە كە بەسەر جۆر و فۆرمەكانی خۆشەویستیكردن لە كولتوورە جیاوازەكان و قۆناغە جۆربەجۆرەكاندا هاتوون و عەمبارێكە بۆ پاراستن و تۆماركردنی ئەو ڕووداوانەی كە دەكرێ بە ڕووداوی سۆزگەرایانە ناویان ببەین. بەڵكو پێویستیی خوێندنەوەیەكی كۆمەڵناسیانە بۆ خۆشەویستی، بە مێژوو، لەوێوەیە كە هەندێ ئاراستە و ڕێبازی مێژوویی، گرنگیی تایبەت دەدەن بە توێژینەوە لەو بوارانەدا كە خۆشەویستی تیایاندا وەك جۆرێ لە پەیوەندیی بەرجەستە دەبێت. لێرەوە خوێندنەوەی كۆمەڵناسیانەی خۆشەویستی سوودێكی زۆر دەبینێ لەو ئەنجامانەی كە زانستی مێژوو لە بواری توێژینەوەیدا لەسەر ئایدیا (مێژووی ئایدیاكان)، زەینییەتەكان (مێژووی مێنتالێتە و میزاجی مرۆڤ)، شێوازەكانی ژیان (مێژووی ژیانی كۆمەڵایەتی) وەك مێژووی شێوازی خواردن، جل و بەرگ و مۆد، ژیانی لۆكسی و بەكارهێنانی ئێكسسوارەكانی پەیوەندیی خۆشەویستی، بەدەستیان دەهێنێ. ئەمە جگە لەوەی مێژووی بەكارهێنانی عەترەكان و كاریگەریی بۆن لەسەر مرۆڤ، مێژووی گوڵەكان وەك سێمبوولی

خۆشەویستی، مێژووی بەکارهێنانی سابوون و دەستەسڕەکان وەك بەشێ لە دیاری و یادگار، مێژووی نامەگۆڕینەوەی ئەڤینداران وەك دەقە پیرۆزەکانی خۆشەویستی، مێژووی شانە و ئاوێنە و کل و کلچێوك و ڕاسپاردەی بن بەرد و پەنا و پاسارەکان وەك نیشانەکانی ئەڤینداری، هەموویان یارمەتیی توێژینەوە و تێگەیشتن لەو پەیوەندییە دەدەن کە لەسەر بنەمای هەستەوەرییەوە دادەمەزرێ و بەڵام چەندین زمانی هەیە بۆ ئەوەی تەعبیر لەخۆی بکات.

پێویستیی خوێندنەوەی کۆمەڵناسیانە بۆ پەیوەندیی خۆشەویستی هەر بە مێژووەوە ناوەستێ، بەڵکو لەوێدا کە ئەم خوێندنەوەیە پەیوەندیی هەستەوەرانە و سۆزدارانە دەکاتە بابەتی بنەمایی خۆی و ئەم پەیوەندییەش پەیوەندیی (من)ـە بە (ئەویتر)ـەوە، ئەوە سوودێکی زۆر لەهەموو ئەو بابەتانەش وەردەگرێ کە لە بواری گفتوگۆ فەلسەفی و هزرییەکاندا باس لە مەسەلەی (من و تۆ) و (ئێمە) و (ئەوانیتر) دەکەن. خۆشەویستی وەك پەیوەندی، بەبێ بوونی ئەویتر و ئامادەیی (من) لەبەرامبەر (تۆ)دا ناتوانێت زەمینەیەکی مرۆییانەی گەورەتر بخولقێنێ، کە تیایدا دوو (من)ی سەربەخۆ هەوڵدەدەن خۆیان لەهەموو خۆویستییەکی نەرگزیانە و خودسەنتەرانە ڕزگار بکەن و (ئێمە)یەکی هاوبەش بەرجەستە بکەن، کە زۆر ئینسانیتر و ئەخلاقیترە لە کاراکتەری ئیگۆیستانە و لوتبەرزی تاکڕەوانەی مرۆڤ.

بەکورتی دەتوانین بڵێن: خوێندنەوەی کۆمەڵناسیانەی پەیوەندیی خۆشەویستی و ژیانی هەستەوەری، ناتوانێت خوێندنەوەیەکی داخراو بێت، بەڵکو پێویستە خوێندنەوەیەکی دینامیکیانەی بابەتی خۆی بێت و لەئاست هەر ئەنجامێکدا کراوە بێت کە بوارەکانی تری توێژینەوە لەسەر



مرۆڤ بەدەستی دەهێنن. پێویستە ئەم خوێندنەوەیە لە ڕووی مەنهەجیشەوە تێبکۆشێ بۆ سوود وەرگرتن و بەکارهێنانی میتۆدە جیاوازەکانی زانستە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکان و وەك دیسپلینێکی نێوانخواز (*Interdisplin*) دەربکەوێت و خۆی لە هەموو دۆگمێکی مەنهەجی بپارێزێ.

## جیاوازیی و سنووری چەمکەکان:

ئەو گوتەیەی خانمە کۆمەڵناسی ئەمەریکی ***نەنسی چودورو*** سەبارەت بە خۆشەویستی ڕاستییەکی گرنگمان بۆ ئاشکرا دەکات، کە تیایدا دەڵێ: "*من بڕوام وایە جۆرەکانی خۆشەویستیکردنی ئافرەتان و پیاوان هێندەی ژمارەی ئافرەتان و پیاوانە و ناتوانرێ شێوەیەك بەسەر هەمووانـدا بگشتێنرێ*"[6]. ئەم گوتەیە جەخت دەکاتەوە سەر هەمان بۆچوون کە من لەم کتێبەدا بەرگریم لێکردووە و بەهۆیەوە پەیوەندیی خۆشەویستیم وەك پەیوەندییەکی تاکەکەسیانە بە تاکەکەسێکی ترەوە پێناسە کردووە، کە بنەمای ئەو پەیوەندییە سۆزگۆڕینەوەیە (هەڵبەت لە پاشاندا ئەم پێناسەیە زیاتر ڕووندەکرێتەوە). پەیوەندیی خۆشەویستی و سۆزگۆڕینەوە، هەروەکو چۆن لەشوێنکاتی جیاوازدا فۆرمی جیاواز بەخۆیەوە دەگرێ، ئاواش بە زمانی جیاواز دێتە ئاخاوتن و لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر بە تێرم و زاراوەی جیاواز تەعبیری لێدەکرێ و تەعبیر لەخۆی دەکا. ئەمەش وام لێدەکات بڵێم: لەبەر ئەوەی ئەزموونی سۆزگۆڕینەوە لە تاکەکەسێکەوە بۆ یەکێکیتر جیاوازە و ناکرێ

---

6 بڕوانە مانوێل کاستلز: **عصر اطلاعات**، ج. 2، ت. حسن چاوشیان، طرح نو، تهران 1380، ص: 278.

وەك ئەزموونێكی هاوشێوە و یەكسان باس بكرێ، ئاواش ناتوانین باس لە **زمانێكی یەكگرتوو** بۆ پەیوەندیی خۆشەویستی بكەین. ئەو زاراوانەی بۆ ئەم مەبەستە سوودیان لێوەردەگیرێ لە هەموو شوێنێك و لەلایەن هەموو چین و توێژەكانی كۆمەڵگاوە بەیەكسانی و هاوواتایی بەكارناهێنرێن و لە زمانی قسەكردنی ڕۆژانەشدا تێكەڵییەك لە بەكارهێنانی چەمكەكانی وەك ***خۆشەویستی و عەشق و حەزلێكردندا*** هەستپێدەكرێ. زۆرجار ئەگەر لە كوڕێ كە بۆ یەكەمجار كچێك دەبینێ و بەدڵیەتی، بپرسی: چی ڕوویدا؟ لەوانەیە یەكسەر بەوە وەڵامبداتەوە كە (عاشق) بووە. لەكاتێكدا دوای توێژینەوەیەكی وردتر بۆمان دەردەكەوێت ئەو وەڵامە تەنیا زیادەڕۆییەكی زمانییە و هیچیتر كە لە بەكارهێنانی ڕۆژانەیدا زۆر دووبارە دەبێتەوە. بۆیە بەپێویستی دەزانم لێرەدا هەندێ چەمك و زاراوە بەسەر بكەمەوە كە وا پێویست دەكات لەم كتێبەدا و لەپەیوەست بە باسەكانییەوە دەستنیشانی ماناكانیان بكەین و سنووری نێوانیان جیا بكەینەوە. ڕەنگە ئەمەش كەمێ لەماناى ئەو چەمكانەمان دوور بخاتەوە وەكئەوەی لەلایەن تاكەكانەوە و لە ژیانی ڕۆژانەدا بەكار دەهێنرێن. دروستكردنی ئەم جیاوازییەش پێویستە، چونكە دواجار زمانی توێژینەوە لە زمانی ڕۆژانە جیاوازە و پێویستیشە توێژەر بتوانێت لە میانەی باسەكەیدا مانای سەربەخۆ بۆ زاراوەكانی قایل بێت، بەبێ ئەوەی بەسەر خوێنەردا بیانسەپێنێ.

بنەمای بۆچوونەكانی ناو ئەم كتێبە لەسەر چەمكێك دامەزراوە كە بریتییە لە **خۆشەویستی** وەك پەیوەندییەكی كۆمەڵایەتی ئازادانەی نێوان دوو كەسی نێر و مێ. ئەم پەیوەندییە بریتییە لە یەكبوونێكی سۆزگەرایانەی بەهێز لەگەڵ كەسێكی تردا و دەبێتە هۆكاری دروستبوونی پەیوەندییەكی كۆمەڵایەتی پەسەندكراو كە تیایدا كەسی



یەكەم هەموو وزەكانی خۆی بەكار دەهێنێ بۆ بەختەوەركردنی كەسی دووەم و بە پێچەوانەشەوە[7]. بە زمانی سۆسیۆلۆژیا ئەمجۆرە خۆشەویستییە پێیدەگوترێ: *خۆشەویستی ڕۆمانتیكی*، كە تیایدا *گونجانێكی دەروونی و كۆمەڵایەتی* دێتە ئاراوە. خۆشەویستی ڕۆمانتیكی واتە ئەو پەیوەندییەی كە لە نێوان دوو كەسدا بەهۆی گۆڕینەوەی هەستیاری و سۆزی چوونیەكەوە دروستدەبێت. سۆزگۆڕینەوە و هەستیاری لە ئاست بەرامبەردا بنەمای پەیوەندییەكی كۆمەڵایەتی پێكدەهێنێت كە تیایدا دوو تاكەكەس لەسەر بنەمای هەڵبژاردن و پەسەندكردنی یەكترەوە وەكئەوەی كە بۆ خۆیان هەن، ژیانێكی جووتەكی دەستپێدەكەن، كە لە قۆناغی حەزلێكردن و دەزگیرانداریدا وا دەردەكەوێت، ژیانێكی ئایدیاڵی و بەهەشتیانە بێت، بەڵام لە قۆناغەكانی پاشتردا ئەو ژیانە سیمایەكی واقیعیانەتر بەخۆیەوە دەگرێت و وەك پەیوەندی و دیاردەیەك ڕەوتی خۆی لەچوارچێوەی كۆمەڵایەتیانەی خۆیدا وەردەگرێت.

ئەگەرچی لە زمانی كوردیدا و لەهەندێ ناوچەدا هەست بە جیاكارەیەك لە نێوان چەمكی حەزلێكردن و خۆشەویستی دەكرێت و ئەوەی یەكەمیان دەلالەتە بۆ قۆناغی پێش هاوسەرگیری، بەڵام تێكەڵییەكیش لە نێوان چەمكی خۆشەویستی و عەشقدا دێتە ئاراوە، كە خۆ لێدەربازكردنی هەروا كارێكی ئاسان نییە. ئەم باسەی ئێمە وا دەخوازێت هەر لەسەرەتاوە جیاوازیی لە نێوان ئەو چەمكانەدا بكەین و خاڵی

7 دكتور محمد عاطف غيث: **قاموس علم الاجتماع**. الهيئه المصريه العامه للكتاب، 1979، ص: 273.

جیابوونەوە و پەیوەندییان دەستنیشان بکرێ و لەمەشدا پەنا بۆ هیچ جۆرە ڕەهاییگەرییەك نابرێت و تەنیا دەمەوێت زەمینە بۆ باسێك خۆش بکەم، کە تا ئێستا لەلای ئێمە نەبۆتە بابەتێك بۆ خوێندنەوەیەکی کۆمەڵناسیانە. واتە ژیانی هەستەوەرانەی ئێمە وەك وزەیەك بۆ دروستکردنی پەیوەندیی نێوان دوو مرۆڤ، سەرنجی ئەوتۆی توێژەرانی ڕانەکێشاوە.

لەسەرەتاوە دەمەوێت پرۆسەی حەزلێکردن و پەیوەندیی خۆشەویستی لێکدی جیا بکەینەوە و «ئاگاداری ئەوە بین حەزلێکردن و خۆشەویستی تێکەڵ بەیەکتر نەکەین. هەر پیاوێکی ئاسایی لە زۆربەی کاتدا چاوی بە هەر ژنێ دەکەوێ حەزی لێدەکا، هەر ژنێکی بەسەر و سیماش کە بەلای پیاوێکدا تێپەڕ دەبێت، لە هەستیاریی پیاوانەی ئەودا خرۆشان و جووڵەیەك بەرپا دەکا، کە دەبێتە هۆی مەیل پەیداکردنی سرووشتیانەی ئەو پیاوە بەرامبەر بەو ئافرەتە»[8]

من لەم توێژینەوەیەدا ***حەزلێکردن*** بەو پرۆسە تاکەکەسییە پێناسە دەکەم کە هیچ مەرج نیە جەمسەری دووەمی خۆی بدۆزێتەوە و جووتی خۆی پەیدا بکات، یان دەنگ و پەیامی بگاتە ئەویتر. ئەوە ئێمەین وەك تاکەکەس و لە ئەنجامی کۆمەڵێ هۆکاری دەروونی، فەسلەجی و ئۆرگانییەوە حەز لە کەسێکی تر دەکەین و ئەو وزەیە ئاراستەی ئەو کەسە دەکەین کە لە بنەما دەروونی، جەستەیی و ئۆرگانیەکانەوە سەرچاوە دەگرێت. لە حەزلێکردندا ئەویتر لە ڕێگەی کاریگەریەتی بۆ سەر هەست و دەروونمان، مەیلێك لە ئێمەدا دەجولێنێ. پاشان ئەم کاریگەریە دەبێتە هۆی چالاککردن و بەگەڕخستنی کیمیای جەستەمان و

[8] خوزە اورتگای گاست: **دربارە عشق**، سەرچاوەی پێشوو، ل: 100–101



ئەمەش لە ئۆرگانێکی ئێمەدا بەرجەستە دەبێت و ئەو مەیلە بزواوە دەکاتە حەز و تەمەننایەك بۆ گەیشتن بەو کەسە یان نزیکبوونەوە لێی. بەڵام هەروەك چۆن ئەم پرۆسەیە تاکەکەسیانە و تاك جەمسەریانەیە، ئاواش پرۆسەیەکی کاتییە و لە میانەی زەمەندا هەمان ئەو حەزەی ئاراستەی کەسێکی ترمان کردووە، بۆی هەیە کەم ببێتەوە و لاواز ببێت و دواجار نەمێنێت. بۆیە حەزلێکردن موغامەرە و سەرەڕۆییەکە لە ئەنجامی ژیانی ڕۆژانە و ئەو تێکەڵی و دیدارە کورتخایەنانەوە دروست دەبێت، کە تاك ئەزموونیان دەکات و بەپێی ڕێژەی گەرمی و ساردی هۆکارەکان و کارلێکەکان، دەگۆڕێت. بەشێکی ئەم گۆڕان و ساردبوونەوەیە لە پرۆسەی حەزلێکردندا دەگەڕێتەوە بۆ تێکچوونی پەیوەندی هاوکارانەی نێوان هۆکارە دەروونی و جەستەیی و ئۆرگانیەکان، بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ نەگەیشتنی پەیام لە ئێمەوە بۆ بەرامبەر و بەشێکی هەرە زۆریشی دەگەڕێتەوە بۆ ئاراستەبوونی وزەی دەروونی، جەستەیی و ئۆرگانیکیانەی ئێمەی هەستیار بەرەو کەسانی تر، بەرەو ئەو کەسانەی بەردەوام دەبنە بابەتێ بۆ ئەوەی حەزیان لێبکەین. واتە حەزلێکردن پرۆسەیەکە بەردەوام ئاراستە دەبێت بەبێئەوەی بزانین بەرەو (کێ) ئاراستە بووە و مەرجیش نیە ئەو کەسە لێمانەوە نزیك بێت و بۆی هەیە بێژەری تەلەفزیۆن، ئەکتەری شانۆ، یان هەر مرۆڤێکی ئاسایی بێت کە بە وێنە دەیبینین. بۆیە ئێمە لە ژیانی ڕۆژانەماندا و بەپێی کاریگەرییەکانی دنیای دەرەوە و کەسەکانیتر بۆ سەرمان، بۆی هەیە حەز لە زیاد لە کەسێك بکەین و لە کەسی جیاوازدا شتی جیاواز هەبێت بۆ ئێمە سەرنجڕاکێش بن و وزەی دەروونی، جەستەیی و ئۆرگانیی ئێمە بۆ خۆیان کێش بکەن. بەم مانایەش حەزلێکردن پرۆسەیەکی کۆنترۆڵنەکراوی تاکەکەسانەیە، لە گۆڕانێکی بەردەوامدایە و تەنیا لە ئاستی جەستەییدا پەیوەندیمان بە کەسەکەی

ترەوە دیاری دەکات و مەرجیش نیە ئەم پەیوەندییەش یەکسان و لە هەردوولاوە بێت و تەنانەت مەرجیش نییە بەریەککەوتنی جەستەیی لە نێواندا ڕوو بدات، چونکە بۆی هەیە لەو دیو جامی پاسێکەوە حەز لەو خانمە بکەین کە لە وێستگای پاسەکەدا نەرمە عارەق لەسەر لێوە مەخمەڵییەکانی نیشتووە، وەلێ نەتوانین هەرگیز ماچیان بکەین!

حەزلێکردن لە کودەتایەکی ڕۆژانەیی دەچێت کە تیایدا کەفوکوڵی دەروونی، جەستەیی و ئۆرگانیی ئێمە پێکەوە دەمانخرۆشێنن و دەیانەوێت سەرنجی ئەویتر بۆخۆمان ڕابکێشن، بەبێئەوەی هیچ گەرانتێك هەبێت بۆ سەرکەوتنی کودەتاکە. حەزلێکردن هەمیشە لەسەر بنەمایەکی (ناواقیعیانە و خەیاڵیانە)ی تەماشاکردنی ئەویترەوە دروستدەبێت و پتر لەوەی ئەنجامی ئەزموون و ناسینی بەرامبەر بێت، ئەنجامی سەرسووڕمان و فەنتازیکردن و ئایدیاڵیزەکردنی بەرامبەرە لەناو زەیندا [9].

***خۆشەویستی***، بە بۆچوونی ئێمە، بەپێچەوانەی حەزلێکردنەوە کودەتا نییە، بەڵکو شۆڕشێکە دێت تاکو لەم جیهانەوە بمانخاتە ئەو جیهانەوە و کۆتایی بە ژیانی تاکەمسەریمان دەهێنێت و گۆڕانێکی بنەبڕ لە کۆی جیهانبینیماندا دروستدەکات. ئەم شۆڕشە خاوەن «هێزێکی بەجووڵە خەرە لە قووڵایی بوونی ئێمەدا کە لەو قووڵاییەوە

[9] بڕوانە پاشکۆی یەکەمی ئەم کتێبە بەتایبەتی ئەو شوێنانەی پەیوەندیی بە چەمکی حەزلێکردنەوە هەیە. پێویستە ئەوەش بڵێم: کە بۆی هەیە حەزلێکردن پرۆسەیەکی دووکەسیش بێت و لەسەر هەمان بنەما و هۆکاری دەروونی، جەستەیی و ئۆرگانییەوە بۆ ماوەیەکی کاتی و لەسەر بناخەیەکی ناواقیعیانەوە، دروست ببێت. بەڵام دوای ماوەیەك هەردوو کەسەکە حەزەکانیان بەرامبەر بەیەکتر لاواز ببێت و دواتر جەمسەری حەزەکانیان بەرەو کەسانی جیاواز ئاراستە ببێت.



دێتە بان، چیلکە و چەوێڵی بنەوە دەهێنێتە سەرێ و لەبەر دەم چاوی ئەوانیتر و خۆماندا ڕووتماندەکاتەوە و دەماننناسێنێ» [10]. بۆیە خۆشەویستی لە زۆر باردا ڕێگایەکی یاخیبوونە و ئەو قوتابخانەیەیە کە دواجار فێری شێتبوون و شەیدابوونمان دەکات و هەتا زیاتریش تیایدا بمێنینەوە، پتر لە جنوندا دەبینە پسپۆڕ. **خۆشەویستی نە کورتخایەنە و نە دادەمرکێتەوە، ڕاستە بڵێسەی نامێنێت وەلێ ژیلەمۆکەی هەر هەیە، تەنانەت بە دابڕانی دوو کەسەکەش لە یەکتری. نە دوورکەوتنەوەی جوگرافی و ئاوارەبوونی وڵاتان و نە تێپەڕینی کات و تەمەن، ئەو ساتانەمان بیر دەبەنەوە، کە ئێمە لە ڕوانگەی دەوروبەردا وەك شێت و دێوانە تەماشا دەکراین و لە ڕوانگەی خۆشمانەوە ئەڤیندار و مەست.** بۆیە ئەگەر لە پرۆسەی حەزلێکردندا ژمارەیەکی زۆر لە کەسی چاوەڕواننەکراو هەن کە وزەی حەزلێکردنەکەیان بەرەو ئاراستە دەبێت، ئەوە لە خۆشەویستیدا یەك کەسی دەستنیشانکراو هەیە کە بە هیچ کەسانێکی دی جێگەکەی پڕنابێتەوە. خۆشەویستی بەو مانایە لە ژیانی تاکەمسەرییەوە دەمانبات بۆ ژیانێکی جووتەکی و بواری بەتەنیا مانەوە شوێنی خۆی چۆڵدەکات بۆ پەیوەندییەکی تایبەت و شەخسیی لەگەڵ لایەنەکەی تردا کە «دڵسۆزی، هەستکردن بە دەروەستی، ڕێزگرتن و دانایی» دەبن بەبەشێکی جیانەکراوە لەو پەیوەندییە [11]. ئەم پەیوەندیە کاتیی نییە و بەردەوامی وەردەگرێ و دەبێتە پرۆژەیەك لە

[10] أورتگای گاست، هەمان سەرچاوە، ل: 94.

[11] لەو بارەیەوە بڕوانە اریك فروم: **هنر عشق ورزیدن**. ت: پوری سلگانی، انتشارات مروارید، 1380، لە لاپەڕە 39 بەدواوە.

نێوان دوو کەسدا و لە ئاستی سۆزگەرایانە، جەستەیی، مەعنەوی و عەقڵیدا بەرجەستە دەبێت. لەم ڕوانگەیەشەوە، مرۆڤ لە بارودۆخی خۆشەویستیدا: «بەچاوێکی سۆزگەرایانەی پۆزەتیڤانە دەڕوانێ، کە تاکەکەس لە ناخی خۆیدا سەبارەت بە ئەویتر هەستی پێدەکات و ئەم هەستکردنەش پشتبەستووە بە ئەزموونی کەسی یەکەم سەبارەت بەوەی کە کەسی دووەم پێویستییەکانی ئەوی وەدیهێناوە، یان ئەو چاوەڕوانییەی هەیە، یاخود ئومێد و وەهمێکی لەو بارەیەوە هەیە کە کەسی دووەم نیازەکانی بهێنێتە دی»[12]. خۆشەویستی بە پێچەوانەی حەزلێکردنەوە، لە زۆرەوە بەرەو کەم، لە خرۆشانێکی بەهێزەوە بەرەو دامرکانەوە و لە بەرزاییەوە بەرەو نزم، نایەت. خۆشەویستی لە کەمەوە بەرەو زۆر، لە لاوازەوە بەرەو بەهێزی، لە نزماییەوە بەرەو هەڵچوون ڕێدەکات. خۆشەویستی پەیوەندییەکە بەبەشداربوونی ئیختیاریانەی دووکەس دروستدەکرێت، بریتیە لە پاشەکەوتکردنی هاوبەشی دوو کەس لە یەك بانکدا و پەیوەندییەکی واقیعیانەیە و پڕە لە ململانێ لە پێناوی ژیانێکدا، کە دەمانکاتە هاوبەشی بەختەوەری و ئازارەکان و لە شێوازێکی نەرگسیانەی ژیانکردنەوە ئاراستەمان دەکات بۆ ژیانێکی ئەخلاقیانە و تەنانەت بۆ شێوازێکی ژیان کە ببێتە پەناگە بۆ کەسانی تریش. ئەگەر لە پرۆسەی حەزلێکردندا نێرەر تاکەکەسە و وەرگر هەمووان و هیچکەس، ئەوە لە پەیوەندیی خۆشەویستیدا نێرەر لە هەمان کاتیشدا وەرگرە و وەرگریش نێرەر. خۆشەویستی لەنێوان ئەم وەرگرتن و ناردنەوەیەدا، لەنێوان ئەم بەخشین و بەخشینەوەیەدا دروستدەبێت و

12 جولیوس گولد، ولیام ل. کولب: **فرهنگ علوم اجتماعی**. ویراستار: محمد ج. مازندرانی، انتشارات مازیار، تهران 1376، ل: 586 (بەکەمێ دەستکارییەوە).



دروستمان دەکا. ئەگەر لە میانەی ژیانی ڕۆژانەدا تاکەکەس بۆی هەبێت حەز لە چەندین کەسانی تر بکات و لەهەموو حەزلێکردنەوەیەکیشدا بڕێ وزە لە دەست بدات، ئەوە بە بۆچوونی من بۆی هەیە تاکە یەك پەیوەندیی خۆشەویستی لە هەموو تەمەندا بەس بێت بۆئەوەی پڕمانکات لە وزەی بەردەوامی و تازە بوونەوە.

ئەو خۆشەویستییەی من لەم کتێبەدا دەیکەمە بابەتی ئاخاوتن و توێژینەوە، هەموو جۆرەکانی خۆشەویستی نییە، بەڵکو ئەو جۆرەیە لە خۆشەویستی کە تیایدا دوو مرۆڤ لە ڕێگەی وەڕووخستنی کۆمەڵێ هەستیاری و کەفوکوڵی دەروونیی پێکەوە گرێدراوەوە، پەیوەندیی لەگەڵ یەکتردا دەبەستن و تێکەڵبوونی جەستەیی لە نێوانیاندا ڕوو دەدات. بە واتایەکی تر، ئەو خۆشەویستییەی لێرەدا قسانی لەبارەوە دەکەین، پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتیانەی مرۆڤی ئاساییە، نەك خۆشەویستی شاعیران و نووسەران و ناو دەقە ئەدەبییەکان.

هەرچی سەبارەت بە چەمکی سێهەمە، ئەوە دەقەکان[13] و قسە و باسی توێژەران لە باسکردنی عەشقدا، لەسەر ئەوە کۆکن، کە سیمایەکی

13 بۆ نمونە بڕوانە ئەم دوو سەرچاوەیەی خوارەوە:

- فرزانە  نیکوکاری، **سە روایت از حکایت عشق**، کتابخانە طهوری، تهران 1372، کە دەقی ئەم نووسەرانە لەخۆی دەگرێ: شیخ شهاب الدین سهروردی: (**فی حقیقة العشق**)، خواجە عبداللە انصاری: (**در مقالات عقل و عشق**)، محمد بن یحیی سیبك نیشابوری: (**حُسن و دل**).

- شیخ نجم الدین رازی، **رسالە  عشق و عقل**، بە اهتمام و تصحیح تقی تفضلی، شرکت انتشارات علمی و فرهنگی، تهران، 1381.

ئاسمانی بەم چەمکە ببەخشن لە هەوڵدانی مرۆڤدا بۆ گەیشتن بە کەماڵ[14]. هەرچی وشەی (عەشق = esq)ـە لە ناوی ڕووەکی (عەشەقە) وە هاتووە کە گیایەکە خۆی لە درەخت دەئاڵێنێ و ئاوەکەی هەڵدەمژێ و زەردی هەڵدەگەڕێنێ و دەبێتە هۆی وەرینی گەڵاکانی و لە کۆتاییشدا وشکی دەکات[15]. بەم قیاسەش، کاتێ عەشق بە کەماڵی خۆی گەیشت، هێزەکانی عاشق تێکدەشکێنێ و هەستەکانی لەکار دەخات و نەفسی بۆ خواردن دەمرێنێ (..) و جگە لە قسەکردنیش لەسەر یار بەهەموو

---

[14] لەم بارەیەوە بڕوانە:

ـ جلال ستاری، **عشق صوفیانه**، نشر مرکز، تهران 1382، ل: 34 و بەرەو دوا.

ـ کاظم محمدی، **ابن عربی** (*بزرگ عالم عرفان نثری متوفی به سال 638ق*)، سازمان چاپ و انتشارات وزارت فرهنگ و ارشاد اسلامی، تهران 1381، ل: 99– 104.

ـ کلوس عداس، **ابن عربی: سفر بی بازگشت**، ت: فریدالدین رادمهر، انتشارات نیلوفر، تهران 1382.

ـ محمد حسن شاهکولی، خرد عشق در تاریخ ایران، نشر نشانه، تهران 1375.

[15] دکتر مهشید مشیری، **نخستین فرهنگ زبان فارسی**، سروش، تهران 1378، ل: 717– 718



شتێکی دی مەلوول دەبێ، نەخۆشدەکەوێ و دەبێتە دێوانە و هیلاك دەبێ[16].

لەم تێڕوانینەدا ***عەشق*** هەم وەکو ئاستێکی بەرزتری خۆشەویستی وێنا دەکرێ و هەم وەکو پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و خوای خۆی تەماشای دەکرێ و  ئیلاهیاتی هیندی، مەسیحی و، سۆفیزم و عیرفانی ئیسلامییش بەرجەستەکەری ئەم ڕوانگەیەن. لە هەردوو ئەم ڕیبازەشدا عەشق ڕەهەندێکی میتافیزیکیانە وەردەگرێت و چیدی ناکرێت وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، یاخود وەك پەیوەندییەکی سۆزداریانەی نێوان مرۆڤەکان تەماشای بکرێت.

ئێمە نامانەوێت بچینە ناو ئەم باسە دوور و درێژەوە و تەنیا دەمانەوێت لە پەراوێزی ئەو جیاکارەیەدا کە بۆ جیاوازیی نێوان حەزلێکردن و خۆشەویستی لەبەرچاومان گرتووە، باس لە جیاوازیی نێوان عەشق و دوو چەمکەکەی پێشووتریش بکەین و لەبەر پێویستیی باسەکەمان هەوڵبدەین مانای جیاواز بۆ هەریەکێ لەو چەمکانە لەپێشچاو بگرین، بەبێ ئەوەی بمانەوێ ئەو مانا و تێگەیشتنەی لێرەدا دەخرێتە ڕوو، بەسەر خوێنەردا بسەپێنین.

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی مەبەستەکەشم، ئەم نەخشەیە دەخەمە پێشچاو و پاشانیش هەوڵدەدەم وردتر ڕوونیبکەمەوە:

---

[16] دکتر مشهید مشیری، **عشق و عرفان: فرهنگ قیاسی**، نشر البرز، تهران 1376، ص: 22.

| بنەمای پەیوەندی | لە نێوان | پرۆسەیەکی | جۆری پەیوەندی | لەسەر پرەنسیپی | ئامانجەکەی | بەرهەمهێنی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 3) عەشق | تاکەکەس و یەزدان | زەینی، دەروونی و مەعنەوی | پەیوەندیی تاک بە هێزێکی دەرەمرۆییەوە | باوەڕدارانە | چەپاندن و پاسیڤیتی | ئەویتری یەزدانی |
| 2) خۆشەویستی | دوو کەسی | دەروونی، جەستەیی، عەقڵی و ئۆرگانی | پەیوەندیی تاک بە ئەویترەوە | پەیوەندارانە (نێوان مرۆیی)، سۆشیال | ئێرۆتیک و سۆزگۆڕینەوە | ئەویتری واقعی |
| 1) حەزلێکردن | تاکەکەسی | دەروونی، جەستەیی و ئۆرگانی | پەیوەندیی تاک بە خۆیەوە | نەرگسیەت | سێکس و جووتبوونی جەستەیی | ئەویتری وێناکراو |



حەزلێکردن بەو پێیەی پرۆسەیەکی تاك جەمسەرییە و کانگای سەرهەڵدانەکەی تاکە مرۆڤ خۆیەتی، ئەوە دەکرێ بە پەیوەندیی تاکەکەس دابنرێت لەگەڵ خۆیدا. تاکەکەس کاتێ حەز لە کەسێکیتر دەکات و ئەو کەسە هێشتا نەبۆتە بەشێك لەو پرۆسەیە، ئەوە ئەم حەزلێکردنە هیچ نییە جگە لە پەیوەندیی تاك بە خۆیەوە. بەم مانایەش حەزلێکردن پەیوەندییەکە تیایدا تاکەکەس لە ئەنجامی خرۆشان و کەفوکوڵە دەروونی، جەستەیی و ئۆرگانییەکانی خۆیەوە، پەیوەندیی بە خۆیەوە دەکاتەوە. ئەم پەیوەندییە بەر لەوەی پەیوەندیی بێت لەگەڵ ئەویتردا، پەیوەندییەکی نەرگزیانەی تاکە لەگەڵ خۆیدا. دڵنیابوونەوەیەکە لە ئاست حەز و مەیلەکانی خودی خۆماندا کە لە پرۆسەیەکی وەهمیدا دەمانەوێت جەستەی ئەویتر، یان بەشێ لە جەستەی ئەویتر وەك بابەتێ بۆ سیکس لە خەیاڵی خۆماندا ئامادە بکەینەوە. بەم پێیەش لە حەزلێکردندا پێویستیمان بە ئەویتری فەنتازیکراو، یان خەیاڵی هەیە. بۆی هەیە لەم بارودۆخەشدا سێ ڕووداو ڕوو بدەن: یا ئەوەتا حەزلێکردنەکە دەبێتە پەیژەیەك بەرەو خۆشەویستی دەمانبات و بەئەویتری واقیعی دەگەین، یان ئەوەتا بەهۆی درێژەدان بە دووبارەکردنەوەی خەیاڵکردنەوەکە، هەرگیز نەتوانین بڕیاری گەیشتن بە ئەویتری واقیعی بدەین، تەنانەت ئەگەر زەمینەی ئەو پێگەیشتنەش لەبار بوو. یاخود بۆی هەیە لە ئەنجامی حەزلێکردنێکی بەردەوامی کەسی یەکەمەوە بۆ کەسی دووەم و نەگەیشتن و قەبووڵنەکردنی ئەمە لەلایەن کەسی دووەمەوە، کەسی یەکەم ئایدیاڵیزەی کەسی دووەم بکات و وێنەیەکی یەزدانی پێببەخشێ.

بەمەش حەزلێکردنەکە تۆوی عەشقێکی عارفانە لە زەینی کەسی یەکەمدا بچێنێ.

سەبارەت بە خۆشەویستیش لەم هێڵکارییەدا، دەتوانین بڵێین: خۆشەویستی پەیوەندیی تاکەکەسێکە بە کەسێکی ترەوە و وا دەخوازێ لەو پەیوەندیەدا لایەنی بەرامبەر، نەك هەر لە فەنتازیا و دوور لەکەسی یەکەم ئامادەیی هەبێت، بەڵکو پێویستە ئامادەیی کردەیی هەبێت لەو پەیوەندییەدا و پەیوەندیەکە لە پەیوەندییەکی تاکجەمسەرییەوە بکاتە پەیوەندییەکی جوت جەمسیاریانەی واقیعی. ئەمەش ئەو پەیوەندیەیە کە ئیرۆتیك[17] بەرهەم دەهێنێ و دوو کەسەکە مرۆڤایەتی یەکتر وەکئەوەی کە هەن قەبووڵدەکەن و لە چوارچێوەی ژیانی کۆمەڵایەتییاندا ڕێز لە جیاوازیی یەکتر دەگرن. چونکە ئامانجی ئەوان هەرتەنیا گەیشتن نییە بە جەستەی یەکتر، بەڵکو ئامانجی سەرەکییان بریتیە لە *گەیشتنەوە بە خۆیان لەڕێگەی ئەویترەوە*. بەم پێیەش خۆشەویستی گەرانتێکە بۆ دروستبوونی خودێتی مرۆڤ، ئەمەش لەبەر ئەوەی "*خودێتی بڕواپێکراو و جێی متمانەی هەر تاکێك، لە یەکبوون و ئاوێزانبوونی ئەوەوە دێت لەگەڵ مرۆڤێکی دی لە ڕەگەزەکەی تر*"[18] و ئەمەش تەنیا لە کەشێکی کۆمەڵایەتیانەدا (سۆشیال) مەیسەر دەبێت.

17 بڕوانە ئەو گفتوگۆیەی لە کۆتایی ئەم کتێبەدا بڵاوکراوەتەوە.

18 خوزە اورتگای گاست: **دربارە عشق**. ت. د. سید م. پریا. جوانە رشد، تهران، 1380. ل: 47.



هەرچی سەبارەت بە چەمکی عەشقە، ئەوە دەکرێ عەشق، وەك گوتمان بە پەیوەندی مرۆڤ بە بووێکی نا مرۆڤانەوە تێبگەین کە دەشێت یەزدان بێت وەکئەوەی لە تەسەووفی ئیسلامیدا هەیە و بەو پێیەش سۆفی کەسێکە جگە لە یەزدان عاشقی کەسیتر نابێت. هەروەها دەشێت ئەو عەشقە عەشق بێت بۆ ڕەمز و پانتاییێکی پیرۆز کە دەلالەت لە یەزدان بکا، وەکئەوەی لە بیروڕای ئانیمیستێکدا بەدیار دەکەوێت. ئانیمیست ئەو مرۆڤەیە کە بڕوای وایە یەزدان لە هەموو شوێن و شتێکدا ئامادەیی هەیە و بەم پێیەش ئەو دەتوانێت خۆشەویستی خۆی بۆ چڵێ گیا، بۆ دڵۆپەئاوێك وەك ڕەمزی یەزدان دەربڕێ و بەو جۆرە[19]. پەیوەندیی مرۆڤ بە یەزدانەوە پەیوەندییەکە لەسەر بنەمای باوەڕدارییەوە دادەمەزرێ و مرۆڤ دەخاتە ناو جیهانی میتافیزیکیەتەوە کە چەپاندن یەکێك دەبێ لە جۆرەکانی بەرجەستە بوونی.

لەم باسەدا من زیاتر سوود لە بەکارهێنانی چەمکی خۆشەویستی وەردەگرم بۆ بەرجەستەکردنی پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتیانەی نێوان دوو مرۆڤ، کە تیایدا ژیانکردن لەسەر بنەمای سۆزگۆڕینەوە و هەستەوەری ڕەوتی خۆی وەردەگرێت. ئەم خۆشەویستیە وزە و هاندەرێکی نەگۆڕی هەیە و لەناو ناچێت، بەڵام شێواز و دەرکەوتەی جیاوازی هەیە و لەهەر سەردەمێکی ژیانی کۆمەڵایەتیانەدا، بەپێی گۆڕانی کولتوور و داب و نەریتی کۆمەڵایەتی و ڕاددەی دەستێوەردانی هێز و دامەزراوە کۆمەڵایەتی‌یەکان، سیمای تایبەت بەخۆی وەردەگرێت و بە شێوازی

19 میشیل مالرب (مالهرب): **انسان و ادیان** (نقش دین در زندگی فردی و اجتماعی). ت. مهران توکلی، نشر نی، تهران، 1381، ل: 254–255.

جیاواز بەرجەستە دەبێت. بۆیە کاتێك من بەشێوەیەکی مەجازیانە باس لە (***ئاوابوونی خۆشەویستی***) دەکەم، باس لە کۆتاییهاتنی وزەیەکی سۆزگەرایانە لەلای مرۆڤەکان ناکەم، بەڵکو باس لە بەسەرچوونی مۆدێلێکی سۆزگۆڕینەوە دەکەم کە جیاوازە لە مۆدێلی پێشخۆی. ئیستیعارەی (ئاوابوون) لەم بەکارهێنانەیدا دەربڕی ئەو گۆڕانکارییە کە لە شێوازی سۆزگۆڕینەوەی نێوان دوو مرۆڤدا و لەژێر کاریگەریی هەلومەرجە دەرەکییەکاندا ڕوو دەدات، نەك بانگەشەکردنە بۆ نەمان و لەناوچوونی وزەی خۆشەویستی مرۆڤ بۆ مرۆڤێکی تر. بۆیە نابێت بەو جۆرە لە بەکارهێنانی ئەم چەمکە تێبگەین، کە بەهۆیەوە دەمانەوێت بانگەشەی لەناوچوون و کۆتاییهاتنی وزەیەك بکەین، کە بەشێکی جەوهەرییە لە بوونی مرۆڤ. لە ڕاستیدا کەم نین ئەو سەرچاوە باوەڕپێکراوانەی کە دۆخی خۆشەویستی لە کۆمەڵگای پێشکەوتووی سەرمایەداریدا، بەتایبەتی لە کۆمەڵگاکانی ئەوروپادا، بە (داڕمان) و (قەیراناوی) و (لەناوچوون) وەسف دەکەن و لە ڕوانگەی جیاوازەوە بەڵگە بۆ لاوازبوون و نەمانی ئەم پەیوەندییە دەهێننەوە. بۆ نمونە لە فەرەنسا ڕنێیە ئالندی (1903–1977) لە ڕوانگەی دەروونناسییەوە ئەم مەسەلەیەی لە چلەکانی سەدەی بیستەمدا خستۆتە بەرباس[20]، فەیلەسووفی ئیسپانی خۆزێ ئۆرتگای گاسیت (1883–1956) لە سالانی نێوان هەردوو جەنگی جیهانیدا هەمان مەترسیی خستۆتە ڕوو[21]، لە ئەمەریکاش ئەریك فرۆم (1900–1980) بەشێکی

20 رنە الندی: **عشق**. ت. جلال ستاری، توس، تهران، 1378.

21 خوزە اورتگای گاست: سەرچاوەی پێشوو.



کتێبەکەی ناوناوە (*خۆشەویستی و داڕمانی لە کۆمەڵگای هاوچەرخی خۆرئاوادا*)[22]. کەواتە قسەکردن لەسەر ئاوابوونی خۆشەویستی وەك پەیوەندییەك پێشینەی تیۆری و مێژوویی خۆی هەیە و ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە خۆشەویستی زۆر کەم خاوەنی مێژووی سەربەخۆی خۆی بووە و بەردەوام لەو مێژووەدا ژیاوە و ئاوا بووە کە هەلومەرجە کۆمەڵایەتییەکان بۆیان ڕەخساندووە و لێیان سەندۆتەوە.

چەمکێکی دی کە نابێت لە خوێندنەوەیەی کۆمەڵناسیانەدا بۆ پەیوەندیی خۆشەویستی پشتگوێ بخرێ، چەمکی ***هەستکردن*** و ژیانی هەستەوەرییە. ئەگەر خوێندنەوەی کۆمەڵناسیانەی خۆشەویستی ئەو خوێندنەوەیە بێت بۆ پەیوەندییەك، کە لەسەر بنەمای سۆزگۆڕینەوە و چالاکبوونی هەستەکانەوە دروستدەبێت، ئەوە پێویستە تێگەیشتنێکی تیۆریش لەسەر هەستەکانی مرۆڤ بخاتە ڕوو. لەڕاستیشدا قسەکردن لەبارەی هەستکردن و هەستەکانەوە، لە مێژووی هزری فەلسەفیدا بیروڕای فەیلەسووفەکانی کردووە بە دوو لقی سەرەکییەوە. هەرچی لایەنگرانی ئەفلاتوونن، ڕۆڵی هەستەکان بەکەم دەگرن و ئەو زانیاریانەی بەهۆی هەستەکانیشەوە دێتە زەینمانەوە بە هەڵە و چاوبەست لەقەڵەم دەدەن. چونکە هەستەکان لە جەستەی مرۆڤدان و جەستەش قابیلی گۆڕان و لەناوچوونە. بۆیە ناکرێ پشت بەو زانیاریانە ببەستین و وەك ڕاستی تەماشایان بکەین، چونکە هەستەکانیش بەردەوام لە گۆڕاندان. بەلای ئەم فێرگەیەوە، مرۆڤ تەنیا بەهۆی ئاوەز و ژیرییەوە بە ڕاستی ڕەها دەگات. هەرچی لایەنگرانی فەلسەفەی ئەزموونگەریشن، لەو

22 اریك فروم: **هنر عشق ورزیدن**. ت. پوری سلگانی. مروارید، 1380.

بڕوایەدان کە ئەوەی مرۆڤ دەیزانێت لە ئەنجامی ئەزموونکردنەوەیە و هەستەکانیش سەرچاوەی هەموو ئەزموونکردنێکمانن. بۆیە بەلای ئەمانەوە، هیچ شتێ لە هۆشدا نییە ئەگەر پێشتر ئەزموون نەکرابێت[23]. ئەم فێرگەیە پێشمەرجی زانیارییە عەقلانی و ئاوەزمەندەکان لە هەستکردن و ڕۆڵی هەستەکاندا چڕ دەکاتەوە و جەوهەرێکی ئەزموونگەرایانە بە بوونی مرۆڤ دەبەخشێ.

لە بواری زانستی دەروونناسیی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵناسیی هاوچەرخدا هەستەکان بەشێوەی جۆراوجۆر پێناسە دەکرێن و وەك پاڵاوتگەیەك دەخرێنە ڕوو کە لەبواری ژیانی کۆمەڵایەتی‌دا یارمەتی مرۆڤ دەدەن بۆ جیاکردنەوەی بەهای شتەکان لەیەکتر. بۆیە بەپێی ئەم بۆچوونە: "*بەهاکان لە بنەمادا لە هەستەکانەوە سەرچاوە دەگرن و هەستەکان زەمینەی ساکاری هەستکردنن کە هەندێ شت بەشێوەیەکی بەهادارانە نومایش دەکەن و هەندێکی تریش بێ بەها*"[24]. بەم پێیەش هەستەکان توانای داوەریکردنیان هەیە لە ژیانی کۆمەڵایەتیانەی مرۆڤدا و لەشێوەی ***زمانێکی جەستەییدا*** نرخ بۆ ئەو شتانە دادەنێن کە مرۆڤ ئەزموونیان دەکات. بەڵام ئایا هەستەکان کە بوونێکی نادیاریان هەیە، دەتوانن سەرچاوەیەك بن بۆ تێگەیشتنێکی مەعریفیانە لەسەر ڕەفتاری

23 Hans Fink (red.): Menneske, Samfund, Nature. Indforing I filosofi. 2. udgave, Gyldendalske Boghandel, 1993, s. 286, 296-298

24 جولیوس گولد، ولیام ل. کولب: فرهنگ علوم اجتماعی. ویراستار: محمد ج. مازندرانی، انتشارات مازیار، تهران، 1376ن ل: 34



مرۆڤ لەناو پەیوەندیی خۆشەویستیدا کە جێگەی بایەخپێدانی خوێندنەوەیەکی کۆمەڵناسیانەیە وەك بابەتێکی مەعریفی؟

ئەوەی کە مرۆڤ پلانی هەیە، بەجۆرێکی تایبەت هەڵسوکەوت دەکات، بەجۆرێکی تایبەت بیر دەکاتەوە و حەزی خۆی دەردەبڕێ و نرخ بۆ شتەکان دادەنێ، هەموو ئەمانە پەیوەستن بە هەستیارییەکی تایبەتیشەوە[25]. چونکە هەستەکان دەربڕی ئەو تێگەیشتنەن کە تاکەکەس بۆ بارودۆخی کۆمەڵایەتی خۆی هەیەتی و لەهەمان کاتیشدا پەروەردەبووی ناو هەمان بارودۆخن. بە مانایەکی دی: هەستەکان سەرچاوەیەکی ڕاستەقینەن بۆ بەردەوامیدان بەو پەیوەندیانەی بەپێویست لەگەڵ مرۆڤی تردا دەیانبەستین و ئەمەش لە ڕووبەرێکدا ڕوو دەدات کە کۆمەڵگایە.[26] بەڵام هەموو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان پەیوەندیی عەقلانی و زەینی و بەرنامە بۆداڕێژراو نین، بەڵکو هەستەوەرانە و سۆزگەرایانە و خۆبەخۆیشن. خوێندنەوەی کۆمەڵناسیانەی خۆشەویستی وەك بەشێ لە توێژینەوەیەکی فراوانتر لەبارەی هەستەکانەوە، *لەوێوە گرنگیی بە هەستەکان نادات کە بەشێکن لە جەستەی تاکەکان و لەناو ئەو جەستانەدا نیشتەجێن*، بەڵکو هەستەکان لەوێوە بۆ ئەم خوێندنەوەیە گرنگن کە ***لەناو جەستەیەکی کۆمەڵایەتیدان***. ئەمەش بەمانای ئەوەیە هەستەکان لە جەستەی مندان، بەڵام جەستەی من لە کۆمەڵگادایە و کۆمەڵگاش ئەو پانتاییەیە کە هەم

25 ڕێبوار سیوەیلی: **نەتەوە و حەکایەت**. سپیرێز، دهۆك، 2002، وتاری: "*لە بەدگومانییەوە بۆ ئازادی (چەند تێزێك لەمەڕ جەستە و هەستەکانەوە)*، ل: 198.

26 هەمان سەرچاوە، ل: 199.

جەستەی من و هەم هەستەکانی من دیسیپلین دەکات. لێرەدایە خوێندنەوەی کۆمەڵناسیانەی پەیوەندیی خۆشەویستی، توێژینەوە لەسەر هەستەکان دەکاتە بابەتێك بۆخۆی کاتێ لە ڕێگەی دیسیپلینکردنی جەستەی تاکەکانەوە، هەستەکانیش بەر شاڵاوی دیسیپلینکردن دەکەون.

«هەرشتێ مرۆڤانە بێت، دۆخێکی هەستەوەرانەش لەخۆی دەگرێ، تەنانەت بیرکردنەوەی عەقڵانیش»[27]. بەڵام هەستەکان هەمیشە لە یەك بارودۆخدا نامێننەوە و هەمیشەش ناتوانن ببنە بنەمای پەیوەندی. هەستەکان دەتوانن بەهەڵەماندا بەرن و خەیاڵی شەڕانگێزمان تێدا دروستبکەن. هەروەك چۆن بیرکردنەوەی عەقڵانیش ناتوانێت هەمیشە لە ئەزموونە هەستەوەرییەکان تێبگات و دادوەریی تەندروستانەیان لەبارەوە بکا[28]. خوێندنەوەی کۆمەڵناسیانەی پەیوەندیی خۆشەویستی گرنگیی بەو ژیانە هەستەوەرییە دەدات کە بیرکردنەوە و پلانە عەقڵانیەکان ناتوانن مافی تەواوی خۆی بدەنێ و بەتەواوی ئازادی بکەن. هەر بۆیەشە کاتێ هەستەوەری دەبێتە بنەمای پەیوەندیی خۆشەویستی لە نێوان دوو کەسدا، کۆمەڵگا دێت و لە چوارچێوەیەکی عەقڵانی، ئایینی و کولتووریدا دەستی تێوەردەدات، سنووری بۆ دادەنێت و جڵەوی دەکات. *تێگەیشتنێکی کۆمەڵناسیانە لە هەستەکان، تێگەیشتنێکە تیایدا هەستەکان و سۆزگۆڕینەوە وەك ئەو وزەیە تەماشا دەکرێن، کە لە*

---

27 ادگار مورن: **هویت انسانی**. (*روش: 5 انسانیت انسانیت*)، ت. امیر نیك یی، فائزه محمدی. قصیده سرا، تهران، 1382، ل: 156.

28 هەمان سەرچاوە، ل: 157



*جەستەدا بەگەڕ دەکەوێت بۆ ڕزگاربوونی مرۆڤ لە هەموو ئەو هێزانەی ناهێڵن ئەو وەك تاکەکەس دروست ببێت و وەك خودێکی سەربەخۆ ڕووبەڕووی ئەویتر ببێتەوە*. بێگومان بەخودبوون و تاکایەتی مرۆڤیش مەرجێکی سەرەکییە بۆ ئەوەی بچێتە ناو پەیوەندییەکی وەکو خۆشەویستی، کە تیایدا هەموو شتێ مرۆڤانەیە.

بۆیە هەڵوێستی ئەمجۆرە خوێندنەوەیە لەئاست ڕۆڵی هەستەکان وەکئەوەی دروستکەری پەیوەندین لەنێوان تاکەکاندا، بە پلەی یەکەم هەڵوێستێکی مەعریفیە. چونکە ئەم هەڵوێستە لەو کاتەدا کە ڕۆڵی هەستەکان هەڵدەسەنگێنێ، لەهەمان کاتیشدا ڕەخنە لەو ڕێگر و بۆچوونانە دەگرێ کە هەستەکان وەك وزەیەکی ***ناعەقڵانی*** لە ژیانی مرۆڤدا پێناسە و سنووردار دەکەن. بەڵام لەو شوێنەدا کە خوێندنەوەی کۆمەڵناسیانە بۆ خۆشەویستی، خۆی لەبەردەم هەڵچوون و کەف و کوڵ و دڵگەرمیی و پێکەنین و گریان و قووڕپێوان و سکاڵاو ئاه و نزوولەی تاکە ئەڤیندارەکاندا دەبینێتەوە، لە بەرامبەر هەستەکاندا هەڵوێستێکی ئەخلاقیانەی هەیە. واتە بەو جۆرە تەماشای ئەو بارودۆخە هەستەوەریانەی تاکەکەس ناکات کە *ناعەقڵانی و نالۆژیکین*، بەڵکو وەك **خۆدەربڕینی تاکاکان** تەماشایان دەکات و گوێگرتن و تێبینیکردنی شێوازی بەرجەستەبوونی هەستەکان لەلای تاکەکەس دەکاتە پێوەری تێگەیشتن، نەك ئەوەی ئەو هەستانە تاچەندە دەربڕی ڕەهەندە عەقڵانی و لۆژیکییەکانن. مرۆڤ ناتوانێت هەمیشە لەپێش، یان لەکاتی، یاخود لەدوای ئەزموونێکی هەستەوەرانە بەشێوەیەکی عەقڵانیانە و وەکئەوەی کۆمەڵگا و دەوروبەر چاوەڕوانن، خۆی دەربڕێ. چونکە ئەزموونی هەستەوەریانە سیستەمی خۆی هەیە کە جیاوازە لە دۆخە عەقڵانیە کۆنترۆڵکراوەکانی ژیانی مرۆڤ ، واتە جیاوازە لەو بارودۆخانەی کە

کۆمەڵگا بەپێی چاوەڕوانییەکانی خۆی دەیەوێ تاکەکەسەکانی تێدا ببینێتەوە و (*عاقڵانە*) ڕەفتار بکەن. بۆ نمونە ئەو کاتانەی کە مرۆڤێ بەتێکشکانێکی سۆزگەرایانەدا تێپەڕ دەبێت، کۆمەڵگای ئێمە ڕێگەی پێنادات نیشانەکانی ئەو تێکشکانەی پێوە دیار بن و لەسەری فەرز دەکا هەستەکانی خۆی بشارێتەوە. بەپێی ئەو دەسەڵاتە کۆمەڵایەتیە، ئەو کەسە نابێت بگری و هەناسەی قووڵ هەڵبکێشێ و باسی تێکشکانەکەی بکات. مەگەر بە ڕەمز و هێما، وەکئەوەی لە شیعر و ئەدەبدا بەرچاو دەکەوێ. بەڵام کێشەکە لەوەدایە هەموو ئەوانەی لە کۆمەڵگادا بەو جۆرە قەیرانە سۆزگەرایانەدا تێپەڕ دەبن، شاعیر و ئەدیب نین، بەڵکو مرۆڤی سادە و دڵپاکن کە جگە لە زمانی گریان و خۆخواردنەوە و گێنگڵدان، هۆکاریکی دی شك نابەن بۆ بەدەنگهێنانی بارودۆخەکەیان. کەواتە پێویستە خوێندنەوەی کۆمەڵناسیانەی خۆشەویستی ئەو مافە بۆ تاکەکەس بگێڕێتەوە و ئازادی لە دەربڕینی هەستەکاندا بکاتە درووشمی سەرەکیی خۆی، نەك ناچارکردنی تاك بۆ پەستاوتن و شاردنەوەی ئازار و ئەسرینەکانی. بەم مانایەش ئەم خوێندنەوە کۆمەڵناسانەیە پێویستە هاوشان بێت بە کاری کۆمەڵایەتی و بەشداری بکات لە دروستکردنی ئەو کەشوهەوایانەدا کە بۆ تاکەکەس پێویستن تاکو قسانی تێدا بکات و هەستەکانی بکاتە زمان، گفتوگۆیان لەسەر بکات و لەو ڕێگەیەشەوە برینەکانی سارێژ بکات و خۆی ئامادەکاتەوە بۆ ئەزموونێکی دیکەی هەستەوەری و سۆزداری. چونکە تەنیا لەم ڕێگایەوە تاکەکەس دەتوانێت خۆی لەو وزە شەڕانی و وێرانکەرانە بپارێزێ کەدوای ئەزموونێکی ناکامی سۆزگۆڕینەوە، بۆی هەیە لە ناخیدا خۆیان مەڵاسدابێت. لەڕاستیشدا بەپێچەوانەی ئەوەی چەند جارێك وشەی تێکش*کا*نم بەکار هێنا، ئەوە هیچ ئەزموونێکی خۆشەویستی نییە پێیبگوترێ ئەزموونی **تێکشکاو**، بەڵکو ئەزموونی خۆشەویستی تەنیا



بۆی هەیە ***ناکام*** بێت. تێکشکان لەوێوە دەستپێدەکات کە ڕێگە بدەین وزە شەڕانییەکان لە ناخماندا لانە بکەن و هانمان بدەن بۆ تۆڵەکردنەوە **و لەبیرکردنی ئەو بەشە لە ئینسانیەتی خۆمان کە ڕۆژگارێ کەسێکمان تێدا خۆشدەویست و خۆشەویستی کەسێ بوو.** ***حەیفە مرۆڤ ئەو بەشە لەخۆی لەیاد بکا، یان بەهەڵە بەکاری بهێنێ کە ڕۆژگارێ جێگای زیاد لەکەسێك بووە و ئەو دەرگایە دابخات کە دنیای لێدەهاتە ژوورەوە و دنیایەکی لێوە دەچووە دەرەوە.***

بەکورتی: لە هیچ جەنگێکدا هێندەی بوارەکانی سۆزگۆڕینەوە مرۆڤی بریندار و نائومێد و تۆراومان نیە، بۆیە پێویستە لە خوێندنەوەیەکی کۆمەڵناسیانەدا بۆ پەیوەندیی خۆشەویستی، گرنگییەکی تەواو بدرێ بە کارکردنی کۆمەڵایەتیانە بەمەبەستی سارێژکردنەوەی برینەکان، گێڕانەوەی هیوا بۆ نائومێدەکان و ئاشتکردنەوەی تۆراوەکان بە ژیان□□.

29 بێگومان ئەمەش لەڕێگەی ڕاهێنانەکانی ئەڤینچارییەوە (ئەڤین + چارەسەر، ***فیلۆتراپی***: (داتاشراو لە هەردوو وشەی فیلۆ بەواتای خۆشەویستی و تراپی بەمانای چارەکردن)، کە بەهۆی هەندێ ڕاهێنانی وەك:(*گوێگرتن لە مۆسیقا، گفتوگۆی دۆستانە، خۆراهێنان لەسەر* ***لێبووردن، بەخشین و تێگەیشتن*** *و کورسی وەهمی و دیاری گۆڕینەوە و* ***هتد***)ەوە، تواناو وزەمان بۆ دەگێڕێتەوە و هێدی هێدی ئامادەمان دەکاتەوە بۆ دەستکردنەوە بە ژیانێکی هەستەوەرانە.

***بەشی دووەم:***

## زەمینەی تیۆریی خوێندنەوەی کۆمەڵناسیانە

## بۆ ژیانی هەستەوەری و خۆشەویستی لە خۆرئاوا

ئەم بەشە دوورودرێژترین بەشی ئەم کتێبەیە کە تیایدا بایەخمداوە بەو هەوڵدانە ئەکادیمیانەی لە بواری کۆمەڵناسیدا، توێژینەوەیان لەسەر پەیوەندییە هەستەوەرییەکان و خۆشەویستییان لە چوارچێوەیەکی تیۆری و زانستیانەدا خستۆتە ڕوو، نەك ئەو بەرهەمانەی لە ڕوانگەی هزری کۆمەڵایەتییەوە لەو بارەیەوە دواون. لەمەشدا ویستوومە گرنگترین ئەو توێژەرانە بەسەر بکەمەوە کە لەم بوارەدا شوێندەستیان دیارە و کاریگەریی تیۆری و میتۆدییان لەسەر دوای خۆیان جێهێشتووە. بەڵام لەبەشی دوایی باسەکەشدا بە پێویستم زانی بیروڕای کەسانێکی تریش بخەمە ڕوو، کە لە ڕووی پسپۆڕییەوە کۆمەڵناس نین، بەڵام بەشداریی فیکرییان لە بواریی توێژینەوەکانی هەستەوەریدا دیارە و لە ڕوانگەی جیاوازتریشەوە بیروڕای خۆیان دەخەنە ڕوو. دەمەوێ خوێنەری ئازیز لەوەش ئاگادار بێت کە مەبەستی من لەم بەشە تەنیا خستنەڕووی بیروڕاو بۆچوونی کەسانێکە بەمەبەستی ناساندنیان بە جیاوازیی خۆیانەوە، نەك بە مەبەستی دروستکردنی هاوسەنگی و گونجان لە نێوان بیروڕا ناکۆکەکانیاندا. ئەگەر خاڵێکی هاوبەشی نەگۆڕ لەلای ئەم کۆمەڵناس و بیرمەندانە هەبێ و هەموویان لەسەری کۆك بن، ئەوە بریتیە لە جەختکردنەوەیان لەسەر ***گۆڕان*** لە ژیانی هەستەوەری و پەیوەندییە



سۆزگەراییەکاندا. بۆیە بەر لەوەی بچمە سەر باسی بیروڕای کۆمەڵناسانی ناوبراو، کەمێ قسان لەسەر سرووشتی ئەو گۆڕانە دەکەم.

### گۆڕان لە ژیانی هەستەوەری کۆمەڵگا خۆرئاواییەکاندا :

بۆئەوەی لەو گۆڕانکاریە بگەین کە زانایانی کۆمەڵناس پێیانوایە لە پەیوەندیی سۆزگەرایی و خۆشەویستیدا ڕوویداوە، پێویستە کەمێ بگەڕێینەوە دواوە و ئەو هەلومەرجانە بەسەر بکەینەوە، کە زەمینەسازییان کردووە بۆ ئەو گۆڕانە. لە پاشانیشدا بەردەوامبین لە گفتۆگۆکردنی بیروڕای هەندێ لە کۆمەڵناسەکان و بیرمەندان.

پەیوەندییە سۆزدارییەکان لە کۆمەڵگاکاندا بەدەگمەن مێژووی خۆیان ژیاون و بەردەوام لەژێر کاریگەریی مێژوویەکی لە خۆیان گەورەتردا بوون کە مێژووی ژیانی کۆمەڵایەتی بووە. ئەوەی ئەمڕۆ دەیبینین هەم پەرچەکرداری پەیوەندییە سۆزدارییەکانە بەرامبەر بە ئەو مێژووەی بەسەریاندا سەپاوە و هەم هەوڵدانیشە بۆ دروستکردنی سەربەخۆیی لەناو مێژوودا و لەدەرەوەی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان . بەڵام بۆ تێگەیشتن لە بارودۆخی هەنووکەیی پەیوەندییەکانی سۆزگۆڕینەوە و خۆشەویستیکردن، وەکئەوەی لە کۆمەڵگا خۆرئاواییەکاندا دەبینرێ، پێویستیمان بە هەڵوەستەکردنێك هەیە لەسەر ئەو قۆناغانەی ئەم پەیوەندییە پێیاندا تێپەڕ بووە.

لە ڕۆژگاری کۆندا، واتە لەپێش سەدەکانی ناوەڕاستەوە، هەڵبژاردنی هاوسەر لەدەرەوەی ئیرادە و خواستی تاکەکەس بوو، ئەوەی لەمەدا

بڕیاری دەدا، کۆمەڵگا و یەکە کۆمەڵایەتییەکان بوون و ئەوانیش بەپێی نەریت و بەرژەوەندی خێزان و بنەماڵەو هۆز، ئەمکارەیان دەکرد. بەمانایەکی تر، لە کۆندا: "**هەڵبژاردنی هاوسەر** نەك لەسەر بنەمای مەیل و هۆگریی دوو لایەنەکە بوو بۆ خێزان پێکەوەنان، بەڵکو بە**هۆی *جەبری کۆمەڵایەتییەوە*** ئەنجام دەدرا. لە کۆمەڵگایەکدا کە تاکایەتی لەئارادا نەبوو، حەزەکانی تاکەکەسیش بێ بەها بوون"[30].

لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە تا چاخەکانی لەوەدوا و تا سەدەی حەڤدەیەم، هۆکاری بنەڕەتی بۆ خێزان پێکەوەنان بریتیبوو لە پاراستنی ماف خاوەندارێتی و هێشتنەوەی سامانی ئابووری لە ژێر چاودێریی بنەماڵەدا. ئەمە جگەلەوەی منداڵ وەبەرهێنان و بەکارهێنانیان وەك هێزی کار لەو هۆکار و هاندەرانە بوون کە دەبوونە هۆی خێزان پێکەوەنان[31]. بەمانایەك لە ماناکان، خێزان بەر لەوەی شوێنێ بێت بۆ پراکتیزەکردنی ژیانی هەستەوەرانە و سۆزگەرایی تاکە مرۆڤ، کارگەیەك بوو بۆ بەرهەمهێنانی هێزی کار و قەڵایەك بوو بۆ پاراستنی بەرژەوەندیە ئابوورییەکانی بنەماڵە. ئەمەش پێماندەڵێت لە کۆمەڵگای ئەورووپیی پێش مۆدێرندا، زۆربەی هاوسەرداریەکان لەسەر بنەمای بەڵێن و پەیماندارییەوە بوون نەك لەسەر بنەمای سەرنجڕاکێشانی جەستەیی و

30 د. شهلا اعزازی: **جامعەشناسی خانوادە**، با تأکید بر نقش، ساختار و کارکرد خانوادە در دوران معاصر. انتشارات روشنگران و مطالعات زنان، تهران، چاپ سوم، 1382، ل: 27.

31 انتونی گیدنز: **جامعەشناسی**، ت. منوچهر صبوری، نشر نی، چاپ پنجم، 1378، ل: 10.



جنسییەوە، ئەمەش وایکردبوو ئامانج لە خێزان پێکەوەنان بریتیبێت لە ئۆرگانیزەکردنی هێزی کار[32]. بۆیە لەناو شێوەکانی خێزانی کۆندا، ئەوەی پێیدەگوترا پەیوەندی تایبەتی و سۆزگەرایی نێوان ژن و مێرد، ئاشکرا نەدەکرا و ئەم پەیوەندییە لە ژێر زەبری ئەرکەکانی خێزانداریدا سەرکوت دەکرا. ئەمەش بەو مانایە نییە مادام هەڵبژاردنی هاوسەر لەدەرەوەی ئیرادەی کەسەکان بوو، ئیدی خۆشەویستیش لەنێوانیاندا دروست نەدەبوو، بەڵکو هەلومەرجەکان بواریان بە بەرجەستەبوونی ئەو خۆشەویستیە نەدەدا و باشترین شێوەی پەیوەندیی نێوان ژن و مێردیش ئەوەیان بوو کە تیایدا ژنەکە هاوشان بە ترس، ڕێزی لە مێردەکەی بگرتایە[33].

سەردەمانێك، واتە بەر لە سەرهەڵدانی خۆشەویستی ڕۆمانسیانە لە ڕەوتی مێژووی سەدەی حەڤدەیەمدا، مرۆڤ هەستەکانی خۆی، کەسەرچاوەکەیان ئازار و تلانەوەبوو، لە ژیانی هاوسەرداریەتی بەدوور دەگرت. تەنانەت خودی خۆشەویستیی ڕۆمانتیکی لەسەرەتاوە جۆرێ بووە لە عەودالبوونی مرۆڤ بەدوای ئەزموونی جنسیدا لەودیو پەیوەندیی هاوسەرایەتییەوە. ڕچەشکێنانی ئەم ڕێبازە لەو بڕوایەدا بوون خۆشەویستی مرۆڤ بۆ مرۆڤ، دەبێت لە دەرەوەی چوارچێوەی ژیانی هاوسەرداریەوە بێت و ڕەنگە باشتریش وا بێت لە دەرەوەی کۆمەڵگا و

32 Anthony Gidddens: ***The Transformation of Intimacy***, Sexuality, Love and Eroticism in Modren Societies. Polity Press, UK, 1992, p.38.

33 د. شهلا اعزازی: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل: 34 و بەرەو دوا.

بەدەر لە هەر پێوەر و ڕێوڕەسمێکی کۆمەڵایەتیش بێت[34]. دەبێت ئەو کۆمەڵگایەی مرۆڤی ئەوەندە لە ژیانی ڕەسمیی هاوسەرداری وەڕز کردبێت تاکو ئاوا قسان بکات، چ هەلومەرجێکی بەسەر سۆز و هەستەوەریی مرۆڤدا سەپاندبێت؟

ئەنتۆنی گیدنز، کە پاشتر باس لە بیروڕایەکانی دەکرێ، لەو بڕوایەدایە زۆربەی پەیوەندیی نێوان ژن و مێردەکان لە چوارچێوەی خێزاندا، سارد و سڕ و خاڵی بوون لە متمانە. ئەو هۆکاری ئەمە دەگێڕێتەوە بۆ کەشوهەوای ژیانی ئەرستۆکراتیانە، کە چۆن لەناو خانووی گەورەدا ژیاون و هەریەك لە ژن و مێردەکان ژوور و خزمەتکاری تایبەت بەخۆیانیان هەبووەو بەدەگمەن لە خەڵوەتدا پێکەوە بوون. بێگومان ئەم بارودۆخەش مەودایەکی لە نێوانیاندا دروستکردووە و ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی گونجانی سۆزگەرایانە و پێکەوەبوونی جەستەیی شتێکی بە ڕێکەوت بێت. ئەمە جگە لەوەی وەك پێشتر ئاماژەی بۆ کرا، چ لەناو دەوڵەمەندەکان و چ لەناو هەژاراندا بڕیاردان لەسەر ژیانی هاوسەرداری لەدەرەوەی دەسەڵاتی کەسەکانەوە دەدرا و بنەماڵە و خزمان لەمەدا بڕیاردەر بوون، نەك دوو کەسەکەی بڕیار بوو پێکەوە بژین[35]. دەکرێ لەم بۆچوونەی گیدنزەوە ئاماژە بەو ڕاستیە بکەین، خۆشەویستی ڕۆمانتیکی لە ئەنجامی قەیرانێکەوە هاتە ئاراوە کە ژیانی ڕەسمی و جووتەکی ژن و مێردایەتی (کە لەسەر ڕەزامەندیی کۆمەڵایەتی و ئاییني، دامەزرا بوو)، بەدەستییەوە دەیناڵاند. بۆیە

34 جلال ستاری: سەرچاوەی پێشووتر، ل: 114–115

35 گیدنز: **جامعەشناسی**، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل 10 و 11.



ئەمجۆرە لە خۆشەویستی بەرەنجامی ئەو چەپاندنە زۆرەی کۆمەڵگاشە لە ناو ژیانی تایبەتیی تاکەکاندا و هەوڵدانێکی تاکە بۆ خۆ دەربازکردن لەو ڕێگرانەی کە ناهێڵن تاك لە ژیانی هەستەوەرانە و سۆزگەرایانەی خۆیدا ئازاد بێت.

ئەگەر ئەم لێکدانەوەیە ڕاست بێت، ئەوە دەکرێ بڵێین، هەرچەندە خۆشەویستی ڕۆمانتیکی لە شێوەگرتنی مێژووییانەی خۆیدا بە دیاردەیەکی تایبەت بە کولتوور و کۆمەڵگا ئەورووپاییەکان دادەنرێت، بەڵام بۆی هەیە بشبێتە دیاردەی هەر کۆمەڵگایەك کە تا ئەو ڕاددەیە دەستدەخاتە ژیانی تایبەتی ئەندامەکانیەوە و چەپاندن دروستدەکات و لەیەکتریان وەڕسدەکات.

مێژووی خۆشەویستی ڕۆمانتیکی لە خۆرئاوا، سەرەتا لەناو چینی ئەرستۆکراتیدا سەریهەڵدا و بابەتێ بوو بۆ خۆسەرگەرمکردنی ئەندامانی ئەو چین و توێژە. ئەو خۆشەویستیە پڕ تلانەوە و ئارام نەگرتووە هەورەبرووسکە ئاسایەی، کە زۆربەی کاتیش سیمای ترس و تۆقینی بەخۆیەوە دەگرت، دەیویست لەدەرەوەی ژیانی جوتەکی ژن و مێردانەوە بێت و پریشکی ئەرك و ڕۆتینیاتی تاڵ و دووبارەوەبووی ژیانی ڕۆژانەی ناو خێزانی پێ هەڵنەپرژێت. بەمجۆرەش خۆشەویستی ڕۆمانتیکی پەیوەندییەك بوو، مرۆڤ لەدەرەوەی ژیانی جوتەکی و ڕەسمیی خۆی هەوڵی دروستکردنی دەدا و دەیکردە پانتاییەك بۆ دەربڕینی هەستەوەری و سۆزداریانەی تایبەت بە خۆی. ئەمەش پێماندەڵێت: بەشێوەیەکی گشتی، ژیانی هاوسەرداریەتی لەسەر بناغەی هەستەوەری و سۆزدارییەوە دانەدەمەزرا، هێندەی ئەوەی لەسەر بناغەیەکی عەقڵانییەوە بوو. مۆنتنێ بڕوای وابوو: ژیانی جوتەکی و

هاوسەرداری *پەیوەندییەکی ئایینیانەی سوودگەرایە*، هەربۆیەشە ئەو چێژەی مرۆڤ لەو پەیوەندییە وەریدەگرێت، پێویستە کامڵ، جیدی و کەمێ سەختگیریشی تێدا بێت و پێویستە چێژێکی کۆنترۆڵکراوی دەروەستانەش بێ [36].

وەلێ کاتێ لە ناوەڕاستی سەدەی حەڤدەیەمدا و لەگەڵ سەردەمی ڕۆشنگەریدا دیاردەی خۆشەویستی ڕۆمانتیکی سەرهەڵدەدا، (ئەمەش هەمان سەردەمە کە تیایدا گرنگی دەدرێت بە قۆناغی تەمەنی منداڵی و بە ستایشکردنی دایك لەناو خێزاندا، وەك نیکلاس لوومان باسی دەکات)، ئەوە ئەوکاتە ئازار و تلانەوەی عاشقانە دەبێتە بەشێك لە ژیانی ژن و مێردایەتی و لەگەڵیشیدا دیاردەی **خۆشەویستی مۆدێرن**، لەدایك دەبێت. لێرە بەدواوە خۆشەویستیی هاوسەرداریەتی و جوتەکی دەکەوێتە کێبەڕکێ لەگەڵ ئەو خۆشەویستییەدا کە پێشتر لەسەر بنەمای عەقڵانییەتێکی بەرژەوەندخوازانەوە و لەچوارچێوەی سیستەمێکی فیودالیدا پێکهاتبوو.

ئەوەی لەخۆشەویستی ڕۆمانتیکیانەدا گرنگی زۆری پێدەدرا، بریتیبوو لە باڵاخوازی و بەپیرۆزکردنی ئازار و تلانەوە و حەسرەتەکانی مرۆڤ و ئەمەش بەهۆی ماوەی دووردرێژی چاوەڕوانیی کاتی دەزگیرانداریییەوە بەرجەستە دەبوو. ئەو ماوەی چاوەڕوانیە، مرۆڤی دەسووتاند، ئازارەکانی زیاد دەکردن و مەیلی دیداری تازە دەکردەوە و حەسرەت و ئاه و ناڵەکانی ئەڤینداریشی قووڵتر دەکردنەوە، بەجۆرێ کە «تەنیا مردن دەیتوانی دوو دڵداران لێکدی هەڵاوێرێ».

36 R. Barthes: Ibid, p. 76.



کەواتە بنەمای خۆشەویستی ڕۆمانسیانەی ژن و مێردایەتی، لەسەر ئازارچەشتن و تلانەوە و ئاخ و ئۆفەوە دامەزراوە و هەر بۆیەش هەڵگری توخمی هەڵوەشانەوەی خۆیەتی (کە پاشان باسی دەکەین). ئەوەی خۆشەویستیی ڕۆمانتیکی دەیکات بریتیە لە بەرزکردنەوەی هەستێکی عاشقانەی ئاسایی، بۆ ئاستی خۆشەویستییەکی «ڕاستەقینە»ی خودایی کە واچاوەڕێدەکرێ تیایدا توانەوەیەکی سیحراوی لەنێوان هەردوولادا ڕوو بدات و خۆشەویستییەکە خەسڵەتی پیرۆز و خواوەندانە بەخۆیەوە بگرێ.

ئا لێرەدایە دەتوانین بڵێین: خۆشەویستی ڕۆمانتیکی زمانی خۆی لە چەمکی خۆشەویستی ئایینی مەسیحییەوە قەرزکردووە، بەو حوکمەی ئەم ئایینە بەر لە هەر شتێ ئایینی خۆشەویستییە: مرۆڤ لەم ئایینەدا بڕوا ناهێنێت لە پێناوی بڕوادا، بەڵکو لە پێناوی خۆشەویستیدا: "*ئاقیکردنەوەی کۆتایی دین، باوەڕداری نییە بەڵکو خۆشەویستیە. ئەوکاتانەی لە ژیانی خۆتدا بە ڕابردوودا دەچیتەوە، دەبینیت ساتەوەختە مەترسیدارەکان، ئەو ساتەوەختانەی بەڕاستیی ژیاویت، ساتگەلێکن کە بە خۆشەویستی و خۆشەویستییەوە کارێکت ئەنجامداوە*" [37]. مەسیحییەت تۆوی خۆشەویستی ڕۆمانسیانەی ڕشتووە و ئەمەشیان بۆتە هۆی سەرهەڵدانی ئەو پەیوەندیی خۆشەویستییەی ئەمرۆ دەیناسین و لەڕێگەی وادە و پەیمان و خوازبێنیکردن و

37 کاترینە پوندەر، **از دولت عشق**. ت. گیتی خوشدل، انتشارات روشنگران و مطالعات زنان، تهران، 1380، ل 15.

مەرجـدانانی نێـوان خێزانــەکان و دواجـار دانپیانــانی ئـایین بـەم وادەو پەیمانانەدا، دەکرێتەوە بە خۆشەویستییەکی بەدەزگایی بوو.

با لێرەدا بەرلەوەی درێژە بە باسەکە بدەین، چەند پرسیارێك بکەین: ئەگەر ئایینی مەسیحی سەرچاوە بێت بۆ پەیوەندیی خۆشەویستیانەی نێوان مرۆڤەکان، ئایا دەتوانین بڵێین پەیوەندی مرۆڤ بە یەزدانەوە هاوتەریبە بە پەیوەندی نێوان دوو مرۆڤ بە یەکترەوە؟ ئایا پەیوەندی خۆشەویستی جۆرێکی تری لاساییکردنەوەی خۆشەویستی مرۆڤ نییە بۆ یەزدان؟ ئایا چەمکی پەیوەندیی ئەڤینداران بەدنیایکردن و سێکۆلاریزەکردنی پەیوەندیی مرۆڤە بە یەزدانەوە؟

قەدیس ئاگۆستین(354-430پ.ز ) کە حەو سەد و ئەوەندە ساڵ پێش ئێستا ژیاوە، بڕوای وابوو ئەوەی شایانی خۆشەویستی مرۆڤە و دەکرێ تەنیا لەبەر خودی خۆی خۆشەویست بێت، مرۆڤ نیە بەڵکو یەزدانە. هەر بۆیەشە ئەو لەگەڵ عەودالبوونیدا بەدوای خۆشەویستیی یەزداندا، خۆشەویستەکەی وێڵ دەکات[38]. لە کتێبی ***دانپیانانەکانی*** ئاگۆستیندا، چەندینجار دەخوێنینەوە کە: ئەو خۆشەویستیەی ئاراستەی یەزدان دەکرێ دەبێت ڕاستەقینەتر و بەرزتر بێ، لەو خۆشەویستیە نزم و ساردەی کە مرۆڤەکان لەسەر زەوی ئاراستەی یەکتری دەکەن. خۆشەویستی بۆ یەزدان، خۆشەویستیەکی نەبڕاوە، بێسنوور و هەمیشەییە و لە پەیوەندییەکی سیحراویدا مرۆڤ بە خوداوە دەبەستێتەوە: "*پەروەردگارم! خۆشەویستی من بۆ تۆ هەستکردنێکی*

38 قدیس اگوستین، **اعترافات**. مترجم: سایه میثمی، دفتر پژوهش و نشر سهروردی، تهران، چاپ دوم، 1380، ل: 192-193.



*ئاڵۆز نیە، بەڵکو ڕاشکاوانەیە و لە یەقینەوەیە. لەو ساتەوەختەوە کە پەیڤەکانت لەسەر دڵم نەخشیان بەست، خۆشم ویستی. ئەوکاتەش، هەموو ئەو شتانەی منیان لەخۆیان گرتووە، هەر لە ئاسمان و زەوی و سەرجەم ئەو شتانەی لەواندان، بەرەو خۆشەویستیی تۆ کێشیانکردم*"[39].

ئاگۆستین مەرجێکی قوورسی بۆ خۆشەویستی داناوە کە بۆ مرۆڤی خاکی ئاسان نیە جێبەجێی بکات.. ئەو داوا دەکات مرۆڤ وزەی عاشقانەی خۆی ئاراستەی مرۆڤێکیتر نەکات، بەڵکو ئاراستەی یەزدانی بکات و تەنیا لەوکاتەشدایە کە دەتوانین ئەو کردەیە بە خۆشەویستیی ڕاستەقینە ناو ببەین. لێرەشەوە ئاگۆستین خۆشەویستی وەك پەیوەندییەکی ***نێوانمرۆیی*** نابینێت کە لەچوارچێوەی ژیانی کۆمەڵایەتیدا بەئەنجام دەگات و چێژبەخشە، بەڵکو ئەو خۆشەویستی و ژیانی هەستەوەری وەك ئەو پەیوەندیە ڕاستەقینەیە دەبینێت کە پێویستە مرۆڤی گوناهبار لەگەڵ یەزداندا دروستی بکات، بەبێئەوەی لەمەدا چێژ وەرگرتن بەهایەکی هەبێت[40]. بۆیە ئێمە ناچارین بۆ تێگەیشتن لەم خۆشەویستیە ڕاستەقینەیە کە لەسەر بنەمای مەعنەوی و ڕۆحیی ڕەهاوە دامەزراوە، داوای بەخشین لە فەیلەسووفەکەمان بکەین و بگەڕێینەوە بۆ قسەکردن لەسەر دیاردە خاکییەکان. واتە بۆ تێگەیشتن لەو

39 قدیس اگوستین، هەمان سەرچاوە، ل: 298.

40 سەبارەت بە یاساخبوونی مەسەلەی چێژ لە ڕوانگەی ئاگۆستینەوە، بڕوانە:

– فاطمة المرنيسي: **هل انتم محصنون ضد الحريم؟**. ترجمة: نهلة بيضون، المركز الثقافي العربي، 2000، الفصل العاشر.

خۆشەویستیەی ئاگۆستین بە خۆشەویستییەکی ڕاستەقینە و بەرز پێناسەی دەکات، ناچارین باس لەو خۆشەویستیە بکەین کە بۆ مرۆڤی خاکی ئیمکانی هەیە. ئەمەش بە مانای ئەوەیە بۆ تێگەیشتنیش لە پەیوەندی نێوان مرۆڤ و یەزدان، دیسان پێویستە باس لە پەیوەندی نێوان نێر و مێ، ژن و پیاو و نێوان بووك و زاوا بکەین. ئەمە نزیکترین لێکچوون و بەراووردکردنە لە نێوان ئەو دوو جۆرە لە خۆشەویستیدا، کە لە هەمان کاتیشدا ئاماژەکردنە بە ڕۆڵی هەردوو لایان.

پەیوەندیی نێوان بووك و زاوا، دەکرێ بە پەیوەندی مرۆڤ لەگەڵ یەزدانیش بچوێندرێ: ئەو هەستەی بووك و زاوا بۆ یەکتر هەیانە هەرتەنیا هەستێکی بەهێز نیە، بەڵکو هەستێکی بەهەشتیانە و ئاسمانیانەشە. چونکە *چارەنووسی ئەوان لە ئەستێرەکانی بەختدا نووسراوە*. بڕیار دراوە ئەوان بۆیەکتر بن و گیانێك بن لە دوو جەستەدا و هیچ هێزێك نیە لەیەکتریان دابڕێت، مەگەر خوا بۆخۆی لێکیان کاتەوە. لە ئینجیلی پیرۆزدا هاتووە: "*... پیاو دایك و باوکی خۆی بەجێ دەهێڵێت، لەگەڵ ژنەکەی جووت دەبێت و هەردووکیان دەبنە یەك لەش. ئیتر دوو نین بەڵکو یەك لەشن. ئەوەی خودا بەیەکی گەیاندووە، مرۆڤ جیای ناکاتەوە*"[41]. بەم پێیەش کاتێ دوو مرۆڤ یەکتریان خۆشدەوێت، بەشێوەیەکی خۆبەخۆ ئایین بەشێکە لە بەرجەستەکەری ئەو خۆشەویستیە. ئایین نمونەی خۆشەویستییەك دەخاتە پێشچاو کە بۆ مرۆڤ شوێنی لێوە فێربوون و چاولێکەریە. مرۆڤی مۆدێرن، هەرچەندە دەیەوێت پەیڕەوی لە هیچ نمونە و پێشنووسێکی ئایینی نەکات و تەنیا

41 ئینجیلی پیرۆز. مەتتا، 5/19 و6، هەمان سەرچاوەی ڕابردوو، ل: 19



لەسەر نۆرمەکانی خۆی بڕوات، بەڵام پەیوەندییە هەستەوەری و خۆشەویستیەکانی شتێکیتر دەڵێن. مرۆڤی مۆدێرن چەپاندنە ئایینیەکانی لە ژیانی خۆشەویستی و هەستەوەرانەی خۆیدا بەتاڵ دەکاتەوە و بەمجۆرەش خۆشەویستیی یەزدانی دەبێتە جۆرێ لە حەزلێکردنی مۆدێرن لە نێوان مرۆڤەکان خۆیاندا. هەربەو جۆرەی کە مرۆڤ یەزدانی خۆشدەوێت، ئاواش مرۆڤ مرۆڤی تری خۆشدەوێ و بۆی هەیە خۆشەویستی دوو مرۆڤ هەمان پلەو ئاست بگرێتە خۆی کە مرۆڤ لە خۆشەویستی خۆیدا بۆ یەزدان دەریدەبڕێت. بەم مانایەش خۆشەویستی لە جەوهەری خۆیدا (***ئایین)ی*** نییە و خۆشەویستی مرۆڤیش بۆ یەزدان تاکە بواری بەرجەستەبوونی خۆشەویستی ***ڕاستەقینە*** نیە. مرۆڤ هەم دەتوانێت یەزدانی خۆشبوێت و هەم مرۆڤێکی تریش.

بەڵام هەروەك چۆن بە پەیدابوونی خۆشەویستی ڕۆمانسیانە، زۆر شت لە پەیوەندیە سۆزگەرایییەکاندا گۆڕا، ئاواش لەمڕۆدا ئەو ئازار و تلانەوە و چاوەڕوانیانەی تایبەتبوون بە خۆشەویستیی ڕۆمانتیکی، خەریکە هێدی هێدی تووڕ دەدرێنە دەرەوە. ئەو ئازادییەی کە لەسەردەمی خۆشەویستی ڕۆمانتیکیدا هەبوو، وەلێ هەرگیز بۆ ئافرەتان نەلوا بەتەواوی و وەکو پیاوەکان سوودی لێوەربگرن، ئێستاکە بۆتە شتێکی واقیعی و خۆشەویستی ڕێگای خۆی گرتۆتە بەر بەبێ حسابکردن بۆ واقیعی خێزان و ژیانی جووتەکی ژن و مێردەکان. واتە خۆشەویستی چیدی تایبەت نیە بە چوارچێوەی خێزان و بۆی هەیە لە دەرەوەی ئەو چوارچێوەیە ڕوو بدات.. بەمجۆرەش خۆشەویستی وەك جاران و وەکئەوەی لە مێژووەکەیدا بینیمان، پابەند نییە بە هیچ نۆرم و بەهایەکی پێشوەختەوە و خۆیشی پابەند ناکات بە هیچ یاسایەکی دەستوپێگرەوە.

بێگومان نابێت ئەوەمان لەبیر بچێت کە لە بنەمادا خۆشەویستی ڕۆمانتیکی شۆڕش و یاخیبوونێك بوو لە دژی نۆرمەکانی کۆمەڵگای ئەوسای ئەورووپی و لە پێناوی ژیانێکی جووتەکی هەڵبژێردراودا. کەچی ئەمڕۆ وا هەستپێدەکرێت کە خۆشەویستی لە دژی ژیانی هاوسەرایەتی و ژن و مێردایەتی و دەزگای خێزان هەڵگەڕابێتەوە و لەهەمان کاتیشدا خۆشەویستی لە خۆیدا بووبێتە ئامانجێك. خۆشەویستی خۆی بووبێتە ئامانجی خۆی. ئایدیاڵ و خەونەکانی خۆشەویستیی ڕۆمانتیکی، لەوانەش ڕستەی: (***دنیا ناتوانێ لێکمان کاتەوە، مەگەر خوا بۆخۆی بمانباتەوە***)، چیدی ئەو گەرمی و سەرنجڕاکێشییەی جارانی نەماوە، بەتایبەتیش لە ژێر گووشاری خەباتی ئافرەتاندا بۆ سەربەخۆیی و ئازادی کە بێگومان زۆربەی کۆمەڵگاکانی گرتۆتەوە.

### ***جۆرج زیمیل و***

### ***سەرەتاکانی کۆمەڵناسیی ژیانی هەستەوەری***

ڕەنگە سەرەتای بایەخدانی سۆسیۆلۆژیانە بە ژیانی سۆزگەرایانە و هەستەوەریی مرۆڤ لە کولتووری ئەکادیمی خۆرئاوادا، بگەڕێتەوە بۆ کارەکانی کۆمەڵناسی ئەڵمانیی بەناوبانگ، جۆرج زیمیل (1858-1918). زیمیل، بەیەکێك لە کۆمەڵناسانی مۆدێرنی وەك ماکس ڤیبر و ئیمیل دۆرکهایم دادەنرێ و یەکێکیشە لەو یەکەمین کۆمەڵناسانەی بەشێوەیەکی ورد و شارەزایانەی زانستی لە دیاردە مۆدێرنەکانی ناو کۆمەڵگای خۆرئاوای کۆڵیوەتەوە. یەکێك لە خەسڵەتە دیارەکانی هزری



زیمیل ئەوەیە کە ئەو بڕوای بەوە نەبوو بابەتێك هەبێت شایانی توێژینەوەی کۆمەڵناسی بێت و بابەتێکی دی هەبێت ئەوە نەهێنێت ئەم زانستە خۆی پێوە خەریك بکات. بەلای ئەوەوە هەموو دیاردە کۆمەڵایەتییەکان شایانی ئەوەن لێیان بکۆڵرێتەوە و بایەخی زانستیان پێبدرێت، ئەگەرچی لە تێڕوانینی باودا بابەت و دیاردەی لاکەوتە و پەراوێزیش بن[42]. زیمیل بە بایەخدانی بە دیاردە و شێوازە هەڵسوکەوتی لاکەوتە و سیمای پەراوێزیی لە کۆمەڵگادا (وەك *بێگانەکان، مەژاران، پیسکە و سەخییەکان و توێژی باڵا*)، بناغەی ئاراستەیەکی توێژینەوەی کۆمەڵایەتی دامەزراند، کە دواجار بە وردەکۆمەڵناسی ناوی دەرکرد (Microsociology).

وەك نمونە بۆ کارەکانی زیمیل لە بواری وردە کۆمەڵناسیدا، دەکرێ ناوی توێژینەوەکەی لەسەر **کۆمەڵناسیی هەستەکان** ببەین (کە تیایدا باس لەوەدەکا چۆن پێنج هەستەکەی مرۆڤ کار دەکەنە سەر هەلومەرجی پێکەوەبوونەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی)[43]. هەروەها وتاری **لەبارەی بێگانەکانەوە** (کە تیایدا باس لەو ڕەفتارانە دەکات کە کەسی نامۆ و بێگانە لەئاست دانیشتوانی ئەو شوێنەی بۆی هاتووە، پێیان

---

42 محمد الشيخ و ياسر الطائري: **مقاربات في الحداثة و مابعد الحداثة** (حوارات منتقات من الفكر الالماني المعاصر). (الحب في زمن الحداثة: حوار مع نيكلاس لومان)، دار الطليعة، بيروت، 1996، ص75.

43 Georg Simmel:"***Ekskurs om sansernes sociologi***" I: Hvordan er samfundet muligt? Udvalgte sociologiske skrifter. Ovrs. Henning Vangsgaard, Gyldendal, 1998. s. 73-94.

هەڵدەستێت□□. هەروەها هەریەك لە وتارەكانی لەبارەی (**مۆدە**□□ و **كۆمەڵناسیی نانخواردن**)□□ كە لە یەكەمیاندا باس لەوە دەكات بۆچی و چۆن تاكەكان و گرووپە كۆمەڵایەتییەكان پەیڕەوی لە مۆدێلەكان دەكەن و بەكاریان دەهێنن لە ناساندنی خۆیاندا و لە دووەمیشیاندا باس لە نانخواردن دەكات وەك بەدیهێنەری فۆرمێكی پەیوەندیی كۆمەڵایەتی لەنێوان ئەوانەدا كە پێكەوە ژەمێك نان دەخۆن، پاشانیش وتارە گرنگەكەی بەناوی **شارەگەورەكان و ژیانی مەعنەوی**□□، بە نمونەی كارە هەرە گرنگەكانی زیمیل لە بواری وردە كۆمەڵناسیدا دەژمێردرێ، كە كاریگەریی خۆیان هەتا ئێستاش لەدەست نەداوە□□.

---

44 Ibid: s. 95-102

45 Georg Simmel: “***Moden***” Ibid: s. 103-134.

46 Ibid: s. 135-143

47 Georg Simmel: “***Storbyerne og andelige liv***” Ibid, s. 191-207.

48 سەبارەت بە گرنگیی ئەم بەشەی كارەكانی زیمیل، بڕوانە ئەم كتێبە گرنگەی یان كرایب، بەتایبەتی بەشی دەیەم ل: 279–302 كە تیایدا هەر یەكێ لەو وتارانەی پێشتر ناوم بردن و وردەكۆمەڵناسی زیمیل پێكدەهێنن، باسیانكراوە:

– یان كرایب: **نظریەء اجتماعی كلاسیك**. ت. شهناز مسمی پرست. اگە، تهران، 1382

هەروەها سەبارەت بە گرنگیی و كاریگەریی وتاری (شار)ەكەی زیمیل، بڕوانە بەشی پێنجەمی ئەم كتێبە، بەتایبەتی لە لاپەڕە 155 و بەرەو دوا:



ئەوەی زیمیل سەبارەت بە پەیوەندی سۆزگۆڕینەوە و خۆشەویستی دەیخاتە ڕوو، خۆی لە دوو خاڵی سەرەكیدا دەبینێتەوە. یەكەمیان بریتیە لە جیاوازیی خۆشەویستی لە كۆمەڵگا مۆدێرنەكان لە چاو كۆمەڵگا تەقلیدیەكاندا. ئەم جیاوازیەش لەوەدا خۆی دەبینێتەوە كە خۆشەویستی لە كۆمەڵگای مۆدێرندا سەربەخۆیە لە ئەخلاق و مەبەستیشی ئەوەیە كە سەربەخۆیە لە هەموو ئەو شتانەی پەیوەندییان هەیە بە هەردوو چەمكی (خودێتی) و (ئەویتر)ەوە. خۆشەویستی وەك بەگەڕكەوتنی كۆمەڵێ هەستیاری و سۆز، خۆی بەدوور دەگرێ لەهەر شتێ كە جگە لە خۆی ئامانجێكی تری هەبێت، جا ئەو شتە لە بەرژەوندی خودێتیدا بێت یان لە پێناوی ئەویتردا. بەم مانایەش پەیوەندیی خۆشەویستی و سۆزگۆڕینەوە بۆ ئەوە نیە مرۆڤ بەهۆیەوە ئەركێك لە ئاست كۆمەڵگادا جێبەجێ بكا، وەكئەوەی لە كۆمەڵگای تەقلیدیدا چاوەڕێدەكرێ و منداڵ وەبەرهێنان بە ئامانجی خۆشەویستی لێكدەدرایەوە. بەڵكو ئەو پەیوەندییە جگە لەخۆی هیچ ئامانجێكی تری نیە.

خاڵی دووەم لەلای زیمیل لەو ناكۆكەدا خۆی دەبینێتەوە كە دیاردەی پەیوەندیی خۆشەویستی بەدیی دەهێنێت. واتە لەنێوان ئەوەی كۆمەڵگا چی لە ئەڤینداران داوا دەكات و ئەمانیش چۆن لەناو خۆیاندا و لە میانەی پەیوەندییە سۆزداریەكەیانەوە لەو داواكارییەی كۆمەڵگا تێدەگەن و تەئویلی دەكەنەوە. لەلایەكەوە كۆمەڵگا ڕێگا بە هیچ جۆرە

---

- مایك ساوج و از وارد: **جامعەشناسی شهری**، ت: د. ابوالقاسم پوررچا، سازمان مطالعە و تدوین كتب علوم انسانی دانشگاهها، تهران، 1380.

پەیوەندییەکی سۆزگەرایانە نادات ئەگەر لە پێناوی ئەرك و ئامانجێکی تایبەتدا نەبێت کە ئەویش دابینکردنی مانەوەی خۆیەتی لەڕێگەی سەپاندنی هاوسەرداری‌یەوە بەمەبەستی منداڵ وەبەرهێنان و زاووزێ. بەڵام کاتێ خۆشەویستی تەندووری خۆی لە دڵی دڵدارەکاندا دادەگیرسێنێ، ئەو سنوورە ڕەتدەکات کە کۆمەڵگا بۆی داناوە و خۆی لە بەردەوامیدان بە وەچەی مرۆڤدا دەبینێتەوە. هیچ کاتێ دوو دڵدار ئامانجی پەیوەندیی سۆزدارانەی خۆیان بەو جۆرە پێناسە ناکەن و بگرە هەستکردنی ئەوان بەیەکتر دەبێتە سۆزێکی سەربەخۆی دوو تاکەکەس لەئاست یەکتردا، نەك یەکگرتنی دوو تاکەکەس بۆئەوەی هێلانەیەك بۆ وەچەکانیان دروستبکەن.[49]

زیمیل لە ڕێگەی ئەم شیکردنەوەیەوە سەبارەت بە پەیوەندییە سۆزدارییەکان، ڕچەیەکی تازەی لەبەردەم لێکۆڵینەوە کۆمەڵناسییەکاندا شکاند و ئەمەش کاریگەرییەکی زۆری کردە سەر کۆمەڵناسانی پاش خۆی تا ڕۆڵی سۆز لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا بەگرنگ بگرن[50].

***ئەنتۆنی گیدنز،ئولریش بێک و نیکلاس لوومان:***

49 محمد الشيخ و ياسر الطائري: سەرچاوەی پێشوو، ل: 75–76

50 بۆ نمونە لەلای خانمە کۆمەڵناسی ئەمەریکی بەناوبانگ *ارلی راسل هۆشیلد*، لەمبارەیەوە بڕوانە: ـ راب استونر، **متفكران بزرگ جامعه‌شناسی**، ت: مهرداد میردامادی، نشر مرکز، تهران 1379، ل: 365– 380.



کەی ژیانی هەستەوەری و پەیوەندیی خۆشەویستی بەشێوەیەکی سیستەماتیکی دەبێتە بابەتێك بۆ کۆمەڵناسی؟ مەبەستم ئەوەیە لەکەیەوە ئەو پەیوەندییەی لەسەر گۆڕینەوەی سۆز دروستدەبێت، بەمەرجەکانی خۆیەوە دەبێتە بابەتی توێژینەوەی کۆمەڵناسان و لەبەر ڕۆشنایی تێرم و سیستەمی زاراوەیی ئەم زانستەدا لێیدەکۆڵرێتەوە، نەك لە پەراوێزی توێژینەوە لە دامەزراوەی خێزان و ژیانی هاوسەرگیری و خزمایەتیدا؟

وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە ئاسان نییە، چونکە کۆمەڵناسییش وەك زانستێك، لە ڕەوتی شێوازگرتن و دیسیپلینکردنی خۆیدا و بەهۆی ئەوەی ڕۆژگارێکی زۆر لەژێر کۆنترۆڵی هزری پۆزەتیڤیستیدا مایەوە، گەلێك بابەت و دیاردەی بەپەراوێز کرد، کە نەدەکرێ بەشێوەی پۆزەتیڤیستانە بسەلمێنرێن و ئەزموون بکرێن. یەکێك لەو بابەت و دیاردانەش ژیانی هەستەوەری و سۆزگەرایانەی مرۆڤە. هێندە هەیە، وەك لە پێشتریشدا گوتم هەرگیز وەك ئێستا خۆشەویستی بابەتێك نەبووە سەرنجی کۆمەڵناسەکان ڕابکێشێت و ئەمەش لەپاش خەباتی بزووتنەوەی جیهانیی ئافرەتان لە پێناوی ئازادیدا، گۆڕانی زۆری بەسەردا هاتووە. ئەوەتا ئەمڕۆ خۆشەویستی بەڕێوەیە ببێتە بابەتێکی گرنگ بۆ زانستی کۆمەڵناسی. دەتوانین بڵێین، لەگەڵ ئەوەدا کە خەباتی ئافرەتان لە پێناوی گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان دا، شوێنێکی گرنگی وەك ژیانی تایبەتی و شەخسیش دەگرێتەوە، ئەوە ئاکامگەلێکی سەیریش سەبارەت بە پراکتیزەکردنمان بۆ خۆشەویستی و سێکسوالیتی بەدەستەوە دەدات. لێرە بەدواوە هەوڵدەدەم لە میانەی بەدواداچوونی پرسیارەکەماندا، بیروڕای سێ کۆمەڵناسی بەناوبانگ بەکورتی بخەمە ڕوو، کە لەوبڕوایەدام کاریگەریی و سەنگی تایبەتیی خۆیان هەیە لەبواری توێژینەوەی ژیانی

هەستەکی و سۆزداریدا، ئەوانیش بریتین لە (ئەنتۆنی گیدنز، ئولریش بێك و نیکلاس لوومان). ئەم کارەی من زیاتر لەوەی چوونە ناو وردەکارییەکانی بیروڕای ئەو کۆمەڵناسانە بێت، بریتیە لە ناساندن و خستنەڕووی گرنگترین بۆچوونە کۆمەڵناسانەکانیان لەسەر پەیوەندیی خۆشەویستی و ژیانی هەستەوەری.

***ئەنتۆنی گیدنز*** (1938) کۆمەڵناسێکی بەریتانییە و لە کۆتایی حەفتاکانی سەدەی بیستەمەوە ڕۆڵێکی سەرەکیی هەیە لە تازەکردنەوەی هزری کۆمەڵناسی و بەستنەوەی ئەم هزرە بە بوارەکانی دیکەی زانستە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکانەوە، لەو ڕێگەیەشەوە دۆزینەوەی گەلێ پانتایی بەرفراوان لەبەردەم زانستی کۆمەڵناسیدا کە پێشتر ئەم زانستە پەی پێنەبردبوون. گیدنز لە شوێنێکدا گوتویەتی، (کۆمەڵناسی بریتیە لە زانستی توێژینەوە لە کۆمەڵگای مۆدێرن)، بۆیە هەر دیاردەیەك کە لەگەڵ مۆدێرنیتە(Moddernity) دا سەرهەڵدەدات، بۆ گیدنز جێگەی بایەخپێدانی جیدیە تا لەو پرۆسەیە تێبگەین کە ناوی مۆدێرنیزەبوونە(Modernization) لە هەموو بوارەکاندا. بەبڕوای گیدنز مۆدێرنیزەبوون قەدەری کۆمەڵگای هاوچەرخە و ئەمەش پرۆسەیەکی جیهانگرەوەیە نەك لۆکاڵی.

سەبارەت بە بایەخی پەیوەندییە سۆزگەراکان و ژیانی هەستەوەریی مرۆڤ لە کۆمەڵگادا، پێویستە بگەڕێینەوە بۆ کتێبی (***کۆمەڵناسی***)یەکەی کەساڵی (1988ــ 1989) بڵاویکردۆتەوە و لە میانەی توێژینەوەی لەسەر سیستەمی (خزمایەتی، هاوسەرگیری و خێزان) باس لە ڕۆڵی ژیانی هەستەوەری و پەیوەندیی سۆزگۆڕینەوە لە کۆمەڵگا جۆربەجۆر و بەتایبەتیش لە کۆمەڵگا مۆدێرنەکاندا دەکات. لەم قۆناغەدا گیدنز



پەیوەندیە سۆزگەراکان و ژیانی هەستەوەریی مرۆڤ لە چوارچێوەیەکی گشتیتردا شییدەکاتەوە کە بریتیە لە فۆرمەکانی ژیانی جوتەکی و هاوسەرگیری لە بۆتەی خێزاندا. بەڵام بە بڵاوکردنەوەی کتێبی ( The Transformation of Intimacy) کە دەکرێ بە وەرچەرخان لە هۆگریی، یان ئولفەتپێوەگرتندا وەربیگێڕین[51]، هزری گیدنز سەبارەت بە ژیانی هەستەوەری لە کۆمەڵگای مۆدێرندا دەچێتە قۆناغێکی ترەوە و ئەم بابەتە وەك بابەتێکی سەرەکی لە کۆمەڵناسیی گیدنزدا دەخرێتە ڕوو. ئەمە جگەلەوەی گیدنز لە کتێبێکی تردا کە ساڵی (1999) بڵاویکردۆتەوە دەگەڕێتەوە سەر ئەم باسە و ئەمجارەیان لەبەر ڕۆشنایی پرۆسەی بەجیهانیبووندا لە بارودۆخی خێزان و پەیوەندییە عاتیفیەکان دەکۆڵێتەوە[52].

بەم پێیەش یەکێك لەو کەسانەی لەم بوارەدا و لە ڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە توێژینەوەی لەسەر ڕەوشی خۆشەویستی و سێکسگەرایی لە کۆمەڵگای مۆدێرندا، کردووە، گیدنزە. گیدنز لەو

51 وشەی (*Intim*) دەلالەت لە پەیوەندی تایبەتی و هۆگری و ئولفەتپێوەگرتن و ژیانی هەستەوارانەی شەخسی دەکات. بڕوانە:

- *Nudansk ordbog*, politikens Forlag, Copenhagen, 1987, s. 450.

52 انتونی گیدنز: **جهان رهاشده**. (گفتارهایی دربارۀ یکپارچگی جهانی). ت: ع. ا. سعیدی و یوسف ح. عبدالوهاب. انتشارات علم و ادب، تهران، 1379، ل: 91-110

کتێبەیدا کە پێشتر ناومـان هێنـا[53]، پێیوایـە گۆڕانکارییـەکان لـە ژیـانی کۆمەڵگای مۆدێرن و بەهۆی پرۆسەی مۆدێرنیزەبوونەوە، هەرتـەنیا دام و دەزگا گەورەو دیارەکانی نەگرتۆتەوە، بەڵکو ئەو گۆڕانە، گۆڕانیش بـووە لە ژیانی تایبەتی و هەستەوەرانەی مرۆڤـدا. بەمانایـەکی دی: گیـدنز لـەو بڕوایەدایە ئەگەر بمانەوێت لەو گۆڕانکاریانە تێبگەین کە بزاڤی مۆدێرنیتە لە ژیانی مرۆڤی هاوچەرخدا بەرپای کـردوون، ئـەوە ناچـارین بچـینە نـاو کونی ژووری ژوورەوە، سەر پێخەڤ پێکەوە نووستنی مرۆڤەکان.

کتێبەکە تەرخانکراوە بۆ توێژینەوە لەو پەیوەندیە جووتەکیانـەی کـە لەسـەر بناخـەی سـێکس و یەکسـانیی هەسـتەوەریانەی نێـوان هـەردوو ڕەگەزەوە دامەزراوە. بەمانایەکی تر، ئەم کتێبـە بـاس لـە خۆشەویسـتی دوای ئەڤینی ڕۆمانسیانە دەکات. خۆشەویستییەك کە بەرهەم و لەهەمان کاتیشدا لـەژێر کاریگـەریی بزووتنـەوەی فیمینیزمـدا سـەریهەڵداوە: واتـە خۆشەویستی لە سەردەمی تاکگەرایی و بەخوودبوونی مرۆڤدا.

گیدنز پێشتر لـە کتێبـە گرنگەکەیـدا، ***کۆمەڵناسـی*** نووسـیبووی تـەنیا لایەنە دەرەکیەکانی ژیانی ئێمە نـین، کـە (لـە ڕەوتـی مۆدێرنیزەبوونـدا) گـۆڕاون، ئـەم گۆڕانانـە شەخسـیترین و تایبـەتیترین لایەنـەکانی ژیـانی ڕۆژانـەی ئێمـەیان بەشـێوەیەکی بنـەمایی گۆڕیـون و بـەردەوامیش دەیانگۆڕن.. دەتـوانین بڵـێین پەرەسـەندنی دروشمـەکانی خۆشەویسـتی ڕۆمـانتیکی بەسـەختی پەیوەنـدییان هەیـە بـە تێپـەڕین لـە کۆمـەڵگای

53 Anthony Gidddens: ***The Transformation of Intimacy***, Sexuality, Love and Eroticism in Modren Societies. Polity Press, UK, 1992.



لادێنیشینەوە بەرەو کۆمەڵگای پیشەسازیانەی شـاری[54]. لـەم کۆمـەڵگا نوێیانـەدا هاوسـەرداری کـەمتر شـتێکە لـە ئـەنجامی گفتوگـۆی دایکـان و باوکانەوە ڕێکبخرێ، بەڵکو تاکـەکان بەشـێوەیەکی ڕوو لـە زیـاد، لەسـەر بنەمای سەرنجڕاکێشـانی سـۆزگەرایانە و بـۆ ڕازیکردنـی خـودی خۆیـان، دەستیان بە پێکەوەنانی ژیانی هاوسەرداری کـردووە. لێـرەوە "چـەمکی (ئەڤینــداری) وەك کۆڵەکەیــەك بــۆ پــەیمانی ژن و مێردایــەتی هاتۆتــە ئاراوە"[55].

بەبڕوای گیدنز و هەندێ لە توێژەرانی تر، کە ئەو پشتی پێبەسـتوون، ئەڤین و خۆشەویسـتی لەوکاتـەوە بەدامـەزراو کـرا و سـۆز لـەناو خێزانـدا بایـەخی خـۆی پێـدرا، کـە تاکگـەرایی (Individualism) بـووە قـەدەری مرۆڤی هاوچەرخ. سەدەی بیستەم سەدەی سەرهەڵدانی جۆرێکی ترە لـە خێزان کە خاوەنی خودێکی سۆزگەرا و لەهەمان کاتیشـدا خودسـەنتەرە. ئەمەش بەو مانایەی لە پێکهێنـانی پەیوەنـدیی هاوسـەرداریدا، پشـت بـە هەڵبـژاردنی شەخسـی دەبەسـتێت کـە نۆرمـەکانی سـۆزگۆڕینەوە، یـان ئەڤینی ڕۆمانتیکی ڕێنومایيکەرێتی. بەڵام هـەروەك لـە پێشـاندا گوتمـان، ئـەڤینی ڕۆمـانتیکی، وەك پەیوەندیـەکی نـوێ لـە نێـوان مرۆڤەکانـدا، دیاردەیـەك بـوو تایبـەت بـە چـینە باڵاکـانی کۆمـەڵ و پاشـان لەگـەڵ پرۆسـەی بەپیشەسـازیبوون و مۆدێرنیزەبوونـدا بـووە دیاردەیـەکی سـەرتاپاگرەوەی کۆمـەڵگای خۆرئـاوایی.[56]. لێرەشـەوە پرۆسـەی

54 انتونی گیدنز: **جامعەشناسی**، سەرچاوەی پێشوو، ل: 14

55 هەمان سەرچاوە و هەمان لاپەڕە.

56 گیدنز، سەرچاوەی پێشوو، ل: 419.

مۆدێرنیزەبوون جۆرێکی تری پەیوەندی لە نێوان کەسەکاندا هێنایە ئاراوە کە چیدی پەیڕەوی لە بنەما ئایینی، ئابووری، ئەخلاقی و کۆمەڵایەتیە تەقلیدیەکان نەدەکرد و تاك ئەوەندەی جاران گیرۆدە نەبوو بەوەی بنەمای ژیانی تایبەتی خۆی بەپێی بەرژەوەندی کۆمەڵگا دامەزرێنێ.

پرۆسەی بەپیشەسازیبوون و لەوێشەوە مۆدیرنیزەبوون، شوێنی ژیانیان کە (ماڵ) بوو، لە شوێنی (کار) جیاکردەوە و بەمەش جیاوازی کەوتە نێوان پەیوەندیە خێزانیەکان و پەیوەندیەکانی بواری کارکردنی تاکەکەسەوە. هەستەوەری و سۆزگەرایی تاك لە ژێر دەسەڵاتی خێزان و بنەماڵە و خزمان ڕزگاری بوو و ئەمەش بووە پایەی هەڵبژاردنی هاوسەر: "*بە دەستپێکردنی سەدەی بیستەم، بەشێوەیەکی گشتی ئەو بڕوایە دروستبوو، کە خێزان قەڵەمڕەوێکە بۆ ڕەزامەندکردنی تاکەکەس، یان پێویستە ئەو قەڵەمڕەوە بێت کە تیایدا نزیکایەتی و ڕاستگۆیی نێوان ژن و مێرد لە پلەی یەکەمدا بێت*"[57].

کۆمەڵگای مۆدێرن، لە یەك کاتدا کە تاکەکەسی لە خێزان کردە دەرەوە و ڕەوانەی ناو کارگە و بوارەکانی کارکردنی پیشەیی و خوێندنی کرد، گەلێك لەو ئەرکانەیشی لەسەر خێزان کەمکردەوە، کە پێشتر ئەرکی خێزان بوون لە ئاست تاکەکاندا. واتە لەگەڵ پەرەسەندنی ماتەریالیانە و زانستیانەدا و بەهۆی ڕەچاوکردنی مافەکانی تاکەکەس و سیاسەتی تەندروستییەوە، کۆمەڵگا کەوتە پاراستن و گرنگیدان بە پیر و پەککەوتەکان، بێسەرپەرست و کەمئەندام و هەموو ئەو گرووپانەی کە

57 گیدنز، سەرچاوەی پێشوو، ل: 420



نەیاندەتوانی لەگەڵ خێرایی ژیانی هاوچەرخدا بڕۆن و پێویستییان بەدەستی یارمەتی هەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا کە هیچ کۆمەڵگایەك نەیتوانیوە لە ئاستی دەروونیدا هەستی پەراوێزبوون لەلای ئەو تاك و گرووپانە بسڕێتەوە و هەموو مافێکیان بۆ دەستەبەر بکات، وەلێ ئەوە شتێکی نکوڵی لێنەکراوە کە بەشێکی زۆر لە کۆمەڵگا پێشکەوتووەکان لەمەدا هەنگاوی باشیان هەڵهێناوەتەوە. بۆ نموونە سوید و نەرویج و دانمارك.

بەهەرحاڵ، لە ئەنجامی ئەو پرۆسەیەوە "*پەیوەندیی هاوسەرداری لەو تێڕوانینەوە کە خێزان یەکەیەکی بەرهەمهێنان و دامەزراوێکی کۆمەڵایەتیە، گۆڕا بۆ پەیوەندییەکی تاکەکەسی، کە گوێی بە هیچ شتێ نەدەدا بێجگە لە ڕازیکردنی ئەو دووکەسەی بە خۆشەویستی، بۆ ماوەیەکی کەم تا زۆر و بەپێی چارەنووسی خۆیان، پێکەوە دەژیان*"[58].

***ئولریش بێک***: هەمان بابەت و گۆڕانکاری بە کاریگەریی پرۆسەی مۆدێرنیزەبوون لە ژیانی شەخسیی مرۆڤەکاندا، سەرنجی کۆمەڵناسی ئەڵمانی (***ئولریش بێک***)یشی ڕاکێشاوە و ئەمەیشی لە کتێبەکەیدا: (***کۆمەڵگای ریسك***)[59]، خستۆتە ڕوو. بەلای (بێك)ەوە ئەوەی مۆدێرنیستەکانی وەك: چیخۆف، ئیبسن و سترینبێرگ لەبارەیەوە

58 الدكتور صادق جلال العظم: **في الحب و الحب العذري**. دار المدى للثقافة و النشر، دمشق، 2002، ص: 100-101.

59 U. Beck: **Risikosamfud**. Gyldendal, Kopenhaven, 1996.

دەياننووسيى تا ئێمەی لێ بەئاگا بهێننەوە، ئەمڕۆکە بۆ هەموومان بۆتە بەشێکی جيانەکراوە لە واقيعی ژيان. بێك دەڵێت: ئەمڕۆ هەموومان دەزانين «دوای داڕمانی پەردەکان»ی ئيبسن چی ڕوودەدات: *«دنيای دوێنێ کۆتايی پێهات و تێپەڕی، مەبەستمان لە دنيای سەدەی نۆزدەهەمە، بەڵام ئەمە بەمانای ئەوە نيە دنيای ئێمەش کۆتايی پێهاتووە. ڕاستە دنيای سەدەی نۆزدەهەم ئەوەندەش ئارام نەبوو، چونکە چەندينجار بەرلەوەی دروستببێت، لە هزر و بيرکردنەوەدا کۆتايی پێهاتبوو. ئەمڕۆکە ئێمە شايەتحاڵی ئەوەين کە ڕوانگەکانی نيتشە، چيخۆف، ياخود ئەو دراما و تراژيديانەی لە ئەدەبياتی مۆدێرندا باسياندەکرێت، چۆن لەناو مەتبەخ و ژووری نووستنی هەموو خەڵکدا بوونەتە واقيعێکی بەرجەستە بوو. ئەمەش بەمانای ئەوەيە ئەو شتەی زۆر پێش ئێستا بيری لێکرابۆوە، ئەوەتا بە ماوەی دواکەوتنێکی پەنجا بۆ سەد ساڵ، بۆتە بەشێکی ڕاستەقينەی واقيعی ژيانی مرۆڤەکان. ئێمە ئەمرۆ شايەدی ئەوەين «دوای داڕمانی پەردەکان»، کە شانۆنامەيەکی (ئيبسن) نەرويجيە، چی ڕوودەدات. ئەوەی ئێمە وەك واقيعێك تيايدا دەژين، بۆ مۆدێرنيستەکانی سەدەيەك لەمەوبەر ئاگادارکردنەوەيەکی ڕەشبينانە بوو»*[60].

سەرەکيترين چەمك بۆ گيدنز و بێك، چەمکی (بەتاکبوون) يان تاکگەراييە. تاکگەرايی لێرەدا هەمان مانای ئازادبوون و ڕەهابوون دەگەيەنێت: ئەوەتا ئێمە، يان بەشێك لە ئێمە، خۆمان لە پەيوەندييەکانی ئايين، خوێن و خاك ڕزگار و ڕەها دەکەين و ناسنامەی تاکايەتی و خودێتی خۆمان دروستدەکەين. ئێمە چيدی نامانەوێت بە

60 Ibid. s. 134-135



تايەفە، ئاينزا، تەباری باوان و مێژووی ڕەگەزەکەماندا بناسرێينەوە و پێناسە بکرێين، بەڵکو دەمانەوێت شتێ بين تايبەت بە خودی خۆمان. دەمانەوێت ئەوەبين کە بۆخۆمان دەمانەوێت هەبين و نامانەوێت هيچ دەسەڵات و نۆرمێك دەستبخەنە ناو ژيانی تايبەتيمانەوە. ئێمە هەموو خواستمان ئەوەيە جياواز و ڕيزپەڕ لە ئەوانيتر بين و کاتێکيش دەچينە ساڵەوە و لەوێوە چاو بە ڕابردوومان‌دا دەگێڕينەوە، هەرئەوەندەمان بەسە بڵێين: **بەو جۆرەی خۆم دەمويست، ژيام**. جێگەی سەرنجە لێرەدا ئەوە بەيادی خوێنەر بهێنمەوە کە ناونيشانی بەشێکی باسەکەی بێك بەمجۆرەيە: ***من منم***.

کەواتە لە ڕوانگەی تاکگەراييەوە، ئێمە هەموومان شێوەی تايبەتی خۆمانمان هەيە تا ژيانی تايبەتيمانی بەهۆيەوە بهێنينە دی و ئەزموونی ئەو ژيانە بکەين. ئێمە هەموومان چيرۆکی ژيانی خۆمان و ژياننامەی خۆمانمان هەيە و هەر خۆشمان ئەزموونکەر و گێڕەرەوەی ئەو ژيان و ئەزموونەين و ئەمەش بوارمان پێدەدات لە ئەوانيتر جياواز بين: ***من منم***، ئەوکاتەی لە کەسی تر ناچم و جياوازم لەهەموو ئەوانيتر. بەڵام ڕەوتی تاکگەرايی هەر تەنيا دەستکەوت نيە، بەڵکو خەسارەتيشە، هەر تەنيا بەدەستهێنانی خودێك نيە، بەڵکو دابڕانی خوديشە لە ئەوانيتر. بۆيە تاکگەرايی لەناو ناکۆکيەکدا سەرهەڵدەدات: لەلايەکەوە دەمانەوێت وەك هەموو ئەوانيتر بەيەکسانيی دانمان پێدا بهێنرێ و ئيعتيرافمان پێبکرێت، کەچی لەلايەکيترەوە دەمانەوێ لە ئەوانيتر تايبەتيتر و جياوازتريش بين.

بەڵام ئايا چارەنووسی ئەوين و خۆشەويستی لە پرۆسە و ڕەوتی بەتاکبوون و بەخودبوونماندا چی بەسەر دێ و ئەم دووانە چۆن پێکەوە ڕێدەکەن و هەڵدەکەن؟

ئـولیریش بێـك وەڵامـی ئـەم پرسـیارە بـەمجۆرە دەداتـەوە: «*پرۆسـەی بـەتاكبوون و خـودێتی، لـە هـەوڵی گـەڕانی پیـاو و ئافرەتـدا بـۆ وەدەسـتهێنانی ژیـانی تایبـەت بـە خۆیـان، لەلایەكـەوە: توانـای ڕزگاربوونیان لە فۆرم و ڕۆڵە تەقلیدییەكان دەداتێ و، لـەولای تریشـەوە: مرۆڤەكان ناچاردەكات بەدوای ژیانێكی جووتەكیدا عەوداڵ ببن، ئەمـەش دوایئـەوەی بۆیـان ئاشـكرا دەبێـت كـە هـەموو* ***جۆرەكـانی دیكـەی پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان لەمانا بەتاڵبوونەتەوە.*** *پێویستیی مرۆڤ بە ژیـانێكی* ***هاوبەشـی*** *هەسـتەوەرانەی تایبـەت، كـە یەكێكـە لـە ئایـدیاڵ و خەونـەكانی ژیـانی* ***هاوسـەرداری،*** *پێویسـتییەكی بنـەڕەتی و بناخەییـە. لەهـەمان كاتیشـدا ئەمـە ئـەنجامی ئـەو خەسـارەتانەیە كـە پرۆسـەی بـەتاكبوون لەگـەڵ خۆیـدا دەیانسـەپێنێت»*[61]. (ڕەشـكردنەكە لــە منەوەیە).

ژیـانی جووتـەكی، یـان پێكـەوەژیان، جێگرەوەیـەكی نوێیـە بـۆ شـێوازە تەقلیدیـــەكانی پێكـــەوەبوون و هاوبەنـــدێتی و بەكۆمـــەڵبوون، وەك: بەكۆمـەڵبوونی گونـد، بەكۆمـەڵبوونی خـێڵ و عەشـیرەت و هتـد لەسـەر بنـەمای ئـابووری و هێـز و بەرژەوەندییـەوە. زۆربـەی ئـەم شـێوازانەی بەكۆمـــەڵبوونیش لـــە وڵاتـــانی جیهانـــدا و بەتایبـــەتیش لـــە كۆمـــەڵگا ئەورووپییەكانـدا، وەك پێشـتر گوتمـان: لەگـەڵ سـەرهەڵدانی كۆمـەڵگای پیشەسـازیدا، بـەرەو لەناوچـوون ڕۆیشـتن. بێگومـان نابێـت ئـەوەمان بیربچـێت كـە مۆدێرنیتـە، بـووە هـۆی ئـازادكردنی تاكەكـەس، مـرۆڤ لـە هاوبەندێتی و كۆمەڵە و ئەنجومەنە باوەكانی ئەوسای كۆمەڵگا و قەفەسی ئاسـنینی ئـایین ڕزگـاری بـوو. وەلـێ تـەنیا چـەند كەسـانێك، چـەند

---

61 Ibid. s. 165.



تاكەكەسێكی ئازا توانیان بەرگەی ئەو ئازادبوونە لە سیستەمی كۆن و لە نۆرمـەكانی تەقلیدیـەت بگـرن، كـە ڕەنگـە فەیلەسـووفێكی وەك سـۆرن كیاكـەگۆرد یـەكێك بێـت لـە نمونـە دیارەكـان[62]. ئـەوانیتر زۆربـەیان نەیانتوانی خۆیان لەبـەر تـەوژمی ڕەهابووندا بگـرن. بۆیـە وەك نـیكلاس لوومـــان گوتویـــەتی، لـــە هـــەناوی كۆمـــەڵگای پیشەســـازیدا، كـــە هەڵوەشـــێنەرەوەی كۆمـــەڵگای نـــەرێتخواز بـــوو، چـــەندین پانتـــایی ئەڵتـــەرناتیڤ و جێگـــرەوە بـــۆ شـــێوازەكانی بەكۆمـــەڵبوونی تەقلیـــدی دروستبوون. بـۆ نمونـە لەشـوێنی ئـایینی مەسـیحی، ئـایینێكی گـەورە و بـەرفراوانتر دروسـتبوو بـەناوی ناسـیۆنالیزم و ناسـیۆن (نەتـەوە) بـووە خواوەنـدی مـۆدێرن[63]. هـەروەها شـێوەی بەكۆمـەڵبوونی دی هاتنـە ئاراوە، هەر لە چینەكانەوە بگرە تا حیزب و ڕەگـەز و پسـپۆڕی. ئـەركی ئەم پانتاییە ئەڵتەرناتیڤانەی بەكۆمەڵبوون ئەوە بوو، ناسنامە ببەخشـنە تاكەكەس و لەناو سیستەمی كۆمەڵایەتی‌دا پێناسەی بكەنەوە. بۆ نمونە:

---

62 سـەبارەت بـە تایبەتمەنـدیی كیاكـەگۆرد و بەرگـەگرتنی ئـەو لـە ئاسـت ڕەهابوونـدا، خوێندنەوەی ئەم دوو سەرچاوەیە پێشنیار دەكەم:

ـ دان كیوپیت: **دریای ایمان**، ت: حسن كامشاد، تهران، گرح نو،1380، بەشی پێنجەم، ل: 189–175

ـ داریوش شایگان: **افسون زدگی جدید**، هویت چهل تكه و تفكر سیار. ت: **فاطمـة** ولیـانی، فرزان، تهران 1380، ل: 245–251.

63 Niklas Luhmann: **Iagttagelse og paradoks** , Essays om autopoietiske systemer. Gyldendal 1997.

بنەماڵە، کە دامەزراوەیەکی فیودالی بوو، لە کۆمەڵگای مۆدێرنی پیشەسازیدا تەنیا ئەوکاتە دەیتوانی بەردەوام بێ، کە ئافرەتان لەماڵەوە بمێننەوە و ئاگاداریی لە منداڵەکان بکەن و پیاویش بچێتە سەر کار، دەنا هیچ بایەخێکی دیکەی وەدەست نەدەهێنا.

بەڵام لە سەدەی بیستەمدا شۆڕشێکی دیکەی فەرەنسی ڕوویدا، ئەمجارەیان شۆڕشێکی بچکۆلە لە ژووری خەوتندا: بزاڤی فیمینیزم یان بزووتنەوەی مێباوەڕی. لەدوای ئەم شۆڕشەوە ئەگەرچی زۆربەی بزاڤە سیاسی و کۆمەڵایەتی‌یەکان مەسەلەی (خێزان)یان وەك مەسەلەیەکی سەرەکیی خستۆتە ڕوو، کەچی خێزان بەردەوام لە هەڵوەشانەوەی خۆیدا بووە. هەروەك چۆن سەرهەڵدانی بزاڤەکەش کاریگەریی خۆی کردۆتە سەر کۆمەڵگاکانی تر، ئاواش ئەنجامەکانی بۆسەر ژیانی خێزان لەو کۆمەڵگایانەدا بەشێوەی جۆربەجۆر بەرجەستە بوون و هێندەش بەسە چاوێ بە ژیانی شەخسی و دەوروبەرماندا بخشێنین، تا بۆمان دەرکەوێت فیمینیزم تا کوێ بەباش و بە خراپ، گۆڕانی لە ژیانماندا دروستکردووە..

وەلێ ئایا ئێستا چی لە دۆخی ڕووداندایە؟ چییە ئەو شتەی کە بە ڕوودانی، ژیانی داهاتوومان دەخاتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە؟

بێگومان ئازادبوونی دووەم: ئازادبوون لە پانتاییەکانی بەکۆمەڵبوونی مۆدێرن، وەك پانتایی چین و توێژەکان، پانتایی سیاسی و پیشەیی و هتد. ئەوەتا چینەکان لە بەشێکی زۆری کۆمەڵگاکاندا، لەناو یەکدا دەتوێنەوە و سنووری نێوانیان کاڵ دەبێتەوە. چیدی جل و بەرگ و ئامرازە خۆشگوزەرانییەکان هۆکاری جیاکەرەوەی چینەکان نین.. چیدی



مرۆڤ مەحکوم نیە بەوەی لەناو هەمان چین و بەپێی ستانداردی هەمان چین کە تیایدا لەدایکبووە، بەردەوامبێت، چونکە ئەمرۆ لە ڕووی سیاسی و ئابووری و تەکنیکییەوە ئیمکانی ئەوەی هەیە ژیانی خۆی لە شێوازێکەوە بگۆڕێ بۆ شێوازێکی تر کە لە بنەمادا شێوە ژیانی چینێکی ترە. بۆیە ئەو کۆمەڵناسییەی جەوهەری لێکدانەوەکانی خۆی بۆ پێکهاتەی کۆمەڵگا بەگەڕانەوە بۆ جیاوازیی نێوان چین و توێژەکان بینا دەکرد، ئەمرۆ هەمان بایەخی جارانی نیە و تەنیا لە ناو هەندێ لە زانکۆکاندا وەك مادەیەکی مێژوویی دەخوێنرێ. ژمارەی ئەندامانی حیزبە سیاسییەکانیش لە کەمبوونەوەی بەردەوامدان و حیزب تاکە ڕێکخراوێك نیە بۆ خەبات لە پێناوی گۆڕانی کۆمەڵایەتی‌دا و هتد. بەمانایەکی دی: لەزۆربەی کۆمەڵگاکانی جیهاندا، تاکگەرایی، یان بۆتە واقیعێکی نکوڵی لێنەکراو، یان لە دۆخی بەواقیعبووندایە. کەواتە وەك سارتەر گوتبووی: «مرۆڤ مەحکومە بە ئازادی» و هیچ ڕێگایەکی دیکەی لەبەردەمدا نییە.

دیوێکی تری تاکگەرایی بریتیە لە بەجیهانیبوون، هەر بۆیەشە ئایینە مۆدێرنەکەی سەدەی نۆزدەهەم، واتە ***ناسیۆنالیزم***، ئەمرۆ لەبەردەم هەڕەشەی ***بەجیهانیبووندایە***[64] و خەریکە ئایینێکی دی جێگەی دەگرێتەوە کە ئەویش *ئایینی خۆشەویستی ڕۆمانسییە*. خۆشەویستی لە پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتییەوە دەبێتە ئایینێك! هەروەك چۆن لەسەدەی

64 سەبارەت بەم بۆچوونە و بۆ تێگەیشتنێکی زیاتر، بەشی حەوتەمی ئەم کتێبە بەسوودە:

– یان ارت شولت: **نگاهی موشکافانه بر پدیده جهانی شدن**. ت: مسعود کرباسیان، شرکت انتشارات علمی و فرهنگی، تهران 1382، ل: 199–228.

حەڤدەهەمدا، شەپۆلی هەستەوەری و پەیوەندی هاوڕێیەتی یەخەی ئایینی گرت و خۆی وەك جێگرەوەی ئایین ناساند[65]، ئەمڕۆکەش فۆرمێکی تری خۆشەویستی پانتاییەکی گەورەی لە ژیانی مرۆڤدا بۆخۆی بردووە، بەبێ ئەوەی بتوانێت مرۆڤ لە خۆویستی ڕزگار بکات و وەدیهێنەری پەیوەندی بێت وەکئەوەی لە خۆشەویستی ڕۆمانسیدا دەبینرا. ئەم ئایینە دنیاییە مۆدێرنە، ئایینێکی بێ دەزگا و بێ دەیر و کەنیسەیە، ئایینێکە نە خاوەنی پێشنووسی نەگۆڕ و نە خاوەنی سرووتی(طقس) تایبەت بەخۆیەتی، بەڵکو تەنیا وەدیهێنەری ڕۆمانسییەتە: خەڵك لەخۆشەویستیان خێزان پێکەوە دەنێن و لە خۆشەویستیانیش هەڵیدەوەشێننەوە و جیا دەبنەوە!. ئەمڕۆ مرۆڤ لەپێناوی ئەم ئایینەدا زۆر شت دەکاتە قووربانی. ڕۆژگارێ، ئەگەر منداڵەکانیان لەمەترسیدا بوونایە، مرۆڤ کائینێکی خۆنەویست و قووربانیبەخش بوو، تەنانەت خۆشیان لە پێناویاندا دەکردنە قووربانی. کەچی مرۆڤی کۆمەڵگای پۆست پیشەسازی، کاتێ جووتی خۆی دەدۆزێتەوە و سەرلەنوێ ئەڤینداریی دەستپێدەکاتەوە، ئامادەیە منداڵەکانی وێڵ بکات، هەڵبەت ئەگەر خۆشەویستی ئەمە بخوازێ![66].

65 Niklas Luhmann: **Iagttagelse og paradoks**, Essays om autopoietiske systemer. S. 86.

66 U. Beck: **Risikosamfud**. ***Kerlighedens helle normale kaos***, s. 78.



بەشێك لە نووسینەکەی ئۆلریش بێك بەناوی: (***خۆشەویستی: ئایینێکی زەمینی***)یەوەیە، بەڵام ئەم ناونانە هەرتەنیا شتێکی بێمەبەست نییە. خۆشەویستی وەك ئایینێکی زەمینی، ئاماژەکردنە بۆ ئەو پەیوەندیە ناکۆکەی کە پیشانیدەدات، خۆشەویستی لەهەمان کاتدا دادەڕمێ، لەهەمان کاتیشدا بەپیرۆز دەکرێ. چەندە خۆشەویستی لەبەردەم مەترسیدا بێ، ئەوەندەش زیاتر پیرۆزیی پێدەبەخشرێت و ئایدیاڵیزە دەکرێ. بەڵام ئەم ئایدیاڵیزەکردن و بەپیرۆزکردنە هەرتەنیا خۆشەویستی ناگرێتەوە، بەڵکو بەرهەمی ئەو خۆشەویستییەش دەگرێتەوە کە منداڵە.

مرۆڤی مۆدێرن پەیوەندییەکی دژ و ناکۆکی لەگەڵ منداڵدا هەیە: تا ئەوپەڕی خۆشی دەوێن و دەیانلاوێنێتەوە، کەچی ناشیەوێت لە یەك یان دوودانە زیاتری هەبێ! بەهەموو مانایەك دەزانێت منداڵ لە قۆناغە جیاوەزەکانی گەشەی تەمەنی خۆیدا چەندە پێویستی بە هاوکاریی دایك و باوك هەیە، کەچی جیابوونەوەکە هەر ڕوودەدات و یەکێك لە باوان ئەوانیتر جێدەهێڵێت. وەك بێك دەڵێت: لەگەڵ تاکگەرایی‌بوونی خێزاندا، پەیوەندیی مرۆڤیش بە منداڵەوە دەگۆڕێت. منداڵ تاکە پاشماوەیەکی ئەو پەیوەندیەیە کە لە نێوان دایك و باوکدا هەبووە و تازە لەناو ناچێت و ناگۆڕدرێ و بەدیلی نیە. دایکان و باوکان دێن و دەڕۆن، لەیەکتر دوور دەکەونەوە و بۆی هەیە ژیانێکی تریش دەستپێکەنەوە، وەلێ منداڵ وەك یادگارێك دەمێنێ و هەموو خەونە وەدینەهاتووەکانی باوان لەودا چڕ دەبنەوە[67]. بەمجۆرەش هەلومەرجی نالەباری خۆشەویستی هێندە بەرتەسك دەبێتەوە، کە مرۆڤ وا بزانێت منداڵ تاکە هۆ و دوا قەڵایە

67 U. Beck: ***Kerlighedens helle normale kaos***, s. 99.

لـەدژی تـەنیایی. ڕنێیـە ئالینـدی، کـە بۆخـۆی عاشـقێکی هزرمەنـدە، سـەبارەت بـەم بابەتـە بیریکردۆتـەوە و (ئەمـەش لـە حـوکمی پێشبینییەکدایە) کاتێ دەڵێت: تێبینیکردنی ئەم حاڵەتە سەرسوڕهێنەرە لە خێزانە سەرنەکەوتووەکاندا ئەوکاتە دەبینین، کە ئافرەتەکە کەمێ پێشئەوەی داوای جیابوونەوە بکات، بە چ تامەزرۆییەکەوە حەزی لە سکپڕبوونە و بەردەوامیش ئەو ژنانەی بەمجۆرە منداڵیان دەبێت، زۆر مەیل بە منداڵەکە نادەن... ئا بەمجۆرە، منداڵبوون زۆربەی جاران هاوکاتە بە کۆتاییهاتنی مەیلی ئەڤیندارانەی هەردوو لا، بێئەوەی ئەو ونبوونە بەشێوەیەکی بەهادارانە باربوو بکرێتەوە[68].

***نیکلاس لوومان***: جارێکی دی بەمەبەستی قسەکردن لەسەر تاکگەرایی دەگەڕێمەوە لای نیکلاس لوومان. ئەو لە بەرهەمێکیدا لەوە دەکۆڵێتەوە ئاخۆ پەیوەندی خۆشەویستی و حەزلێکردن تاچەندە لەگەڵ پەیوەندی ***هاوڕێیەتیدا*** لە کێبەرکێدان؟ کە ئەمەی دواییان لە سەدەی حەڤدەهەمدا سەرلەنوێ بەجۆرێ گەشەی سەندەوە کە سەدەی ناوبراو بە سەدەی هاوڕێیەتی ناوزەد بکرێ[69]. لە سەدەی ڕۆشنگەرییەوە بۆ سەدەی هەستەوەری و سەردەمی ڕۆمانتیکی، مرۆڤی ئەورووپی لە گۆرانی و شیعر و پەخشاندا بەسەر پەیوەندی هاوڕێیەتیدا هەڵدەدا و ستایشی دەکرد. ئەم مرۆڤە لەسەدەی ڕۆشنگەریدا ئازاد ببوو لە زۆر پابەندی و ئەرك، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا و پێبەپێی پێشکەوتنی تەکنەلۆژی، ژیانیش زیاتر

68 رنه الندی: **عشق**. ت: جلال ستاری، انتشارات توس، چاپ دوم، تهران 1378، ل: 105

69 Niklas Luhmann: **Iagttagelse og paradoks**, opc. s. 85ff.



نادڵنیا و پڕمەترسی و زیاتریش ناسەقامگیر ببوو. پرۆسەی بەتاکبوون و تاکگەرایی شاڵاوێکی وای هێنابوو گەڕانەوەی نەبوو. ئالێرەوە بە بڕوای لوومان، مومارەسەکردنی پەیوەندی هاوڕێیەتی وەڵامێك بوو لەبەرامبەر تاکگەراییدا[70]. هاوڕێیەتییەکان لەلایەن ئەو کەسانەوە کۆتاییان پێدەهێنرێ کە دەبێت بۆ خۆیان پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دروستبکەن. بەڵام ئەو ساردییەی لە کۆمەڵگای مۆدێرندا و لە پەیوەندیی نێوان مرۆیەکاندا ئامادەیی هەیە، وەك هاوتابوونەوەیەك بۆ پەیوەندیەکی هەمیشەیی خۆی بەیاندەکات. هەر بۆیەشە ئێمە کاتێك دەمانەوێ پەیوەندییەکی خاوێنمان هەبێت، لە جیاتی پەیوەندی هاوڕێیەتی، عەوداڵی پەیوەندی خۆشەویستی دەبین. دەکرێ ئافرەتمان خۆشبوێ بەڵام ناکرێ ببێتە هاوڕێمان، ***هاوڕێیەتی دەبێتە پەیوەندی نێوان پیاوەکان و خۆشەویستیش دەبێتە پەیوەندی نێوان نێر و مێ***. نیتشە لە کتێبی (**وەهای گوت زەردەشت**)دا دەنووسێ: "*ژن توانای دۆستایەتی نیە: ئەو تەنیا ئەوین دەناسێ*"[71].

ئەو ماوەیەی لوومان لە توێژینەوەکەیدا وەریگرتووە لە سەدەی شازەهەمەوە درێژ دەبێتەوە بۆ سەدەی نۆزدەهەم کە تیایدا کۆمەڵگا ئەورووپاییەکان خۆیان لەبەردەم گۆڕانی بنەماییدا (لەڕووی ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتووری و شارستانییەوە) دەبیننەوە. لەو ماوە دوورودرێژەدا کۆمەڵگاکانی ئەورپا لە شێوازێکی *نەرێتگەرایانەی* ژیانکردنەوە پێدەخەنە ناو شێوازێکی *مۆدێرنی* ژیانەوە کە هەموو

70 Ibid: s. 123 ff.

71 فریدریش نیچە: **وەهای گوت زەردەشت**. و. عەلی نانەوازادە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپی یەکەم، هەولێر 2001، ل:67.

جۆرەکانی پەیوەندی و تێڕوانینە باوەکان دەگۆڕێن. بێگومان ئەم گۆڕانە کاریگەریی خۆی لەسەر پەیوەندیی هەستەوەرانە و سۆزگەرایانەی مرۆڤیش جێدەهێڵێت و خۆشەویستیکردن دەبێتە دیاردەیەکی جیاواز لەوەی کۆمەڵگای تەقلیدی ڕێگەی پێدەدا.

بەلای لوومانەوە، سرووشتی کۆمەڵگا نەرێتخوازەکان ئەوەیە گرنگیی و بایەخ بە ژیانێکی هەستەوەرانەی سۆزئامێز نەدەن، ئەمەش لەبەر ئەوەی لەو کۆمەڵگایانەدا ژیانی تاکەکەس دەکرایە قەزاوەگێڕی ژیانێکی بەکۆمەڵیانە. واتە پێویستییە کۆمەڵایەتییەکان و سرووشتی ڕێکخستنی خێزان لەو سەردەمەدا، تاکەکەسیان ناچار دەکرد ژیانی تایبەتی خۆی لەگەڵ ئەوانیتردا *دابەش* بکات و حەز و ئارەزووەکانی خۆی لە پەراوێزی ئەو پێویستیە کۆمەڵایەتیانەدا ببینێ کە ژیانی پێکەوەیی دەیخواست (ئەگەر خوێنەر بیری مابێت، ئەمەش هەمان لێکدانەوەی گیدنز بوو بۆ هەمان پەیوەندی). بەڵام لە سەرەتای سەدەی حەڤدەهەمەوە، ئەم بارودۆخە سەبارەت بە خۆشەویستیکردن و سۆز گۆڕینەوە گۆڕانی بەسەردا دێت و ئەوەی لوومان ناوی ناوە (***ڕێنوومابیەکانی خۆشەویستی***) خۆیان تازە دەکەنەوە. ڕێنوومابیەکانی خۆشەویستی ئەو *یاسایانەن کە کولتووری کۆمەڵگا داینـاون تاکو تاکەکەس بەهۆیانەوە تێگەیشتن و وێناکردنی خۆی لەسەر پەیوەندیی سۆزداری و هەروەها چاوەڕوانییەکانی خۆی بەپێی ڕێپێدانی کۆمەڵگا، لەو پەیوەندییە دابڕێژێ*[72].

بە بڕوای لوومان، ئەم گۆڕانە ئیمکانی نەدەبوو ئەگەر تێگەیشتن لە چەمکی تاکایەتی و بەخودبوون، برەوی نەسەندبا. چونکە تەنیا بەهۆی

72 محمد الشیخ و یاسر الطائري: سەرچاوەی پێشوو، ص 77.



تێگەیشتنی مرۆڤ لەخۆی وەك تاکەکەس و سەربەخۆ لە کۆمەڵگا، دەیتوانی هەست بەخودی خۆی بکات و لە ئەنجامی ئەمەشەوە، بتوانێ دڵخوازی خۆی بە ئارەزووی خۆی و سەربەستانە هەڵبژێرێ. لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا ژیانی هەستەوەرانە سەربەستیی تەواوی خۆی نەبوو، بۆیە ناچاربوو لە دوا ئەنجامدا لە ڕاوێژ و عەقڵیەتی باو یاخی ببێت و لەو هێڵە لابدات کە کۆمەڵگا لە ناو ڕێنوومابیەکاندا بۆی کێشا بوو. بەمەش پەیوەندیی خۆشەویستی کەوتە قۆناغێکەوە کە تیایدا ئازار و تلانەوە و تامەزرۆیی بوونە بەشێکی دانەبڕاو لەو پەیوەندییە[73]. لەسەدەی هەژدەهەمدا، خۆشەویستی گۆڕانێکی دیکەی بەسەردا هات و هێدی هێدی پەیوەست بوو بە ژیانی هاوسەرداریەوە، بەجۆرێ کە خەڵکی وایان بیر دەکردەوە هاوسەرگیری خۆشەویستیە و خۆشەویستیش هاوسەرگیری. بەپێی ئەم تێگەیشتنەش خۆشەویستی لە زەینی خەڵکدا ئەو پەیوەندییە بوو کە بەردەوامیی ڕەگەزی مرۆڤی دابیندەکرد[74].

لە توێژینەوەکەی لوومانـدا، پەیوەندیی خۆشەویستی پەیوەندییەکی ناسەقامگیر بووە و بەردەوام خۆی لەبەرامبەر هەرووژم و دەستێوەردانەکانی کۆمەڵگادا بینیوەتەوە. بەم مانایەش خۆشەویستی پەیوەندییەکی ناسەربەستانە بووە کە بەردەوام هەوڵیداوە بۆ سەربەستیی خۆی بگەڕێ و لە قۆناغێکیشدا شێوەژیانی هاوسەرداری وەك ئەو فەزایە تەماشای دەکرێت کە بۆی هەیە پەیوەندییەکانی سۆزگۆڕینەوە ڕزگار بکات. ئەم دڵنیاییە تا کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەم بەردەوامیی وەردەگرێت و بەدەستپێکردنی

73 Niklas Luhmann, op.cit. s 129.

74 محمد الشیخ و یاسر الطائري، سەرچاوەی پێشوو، ص 78–80.

شێوازی ژیانێکی نوێ، ئەو سەقامگیرییەی ژیانی خێزانیش خۆی لەبەردەم هەڵوەشانەوەدا دەبینێتەوە.

لەناو ئەم ناسەقامگیریەدا بارودۆخی خێزان چی بەسەر هاتووە؟ بێگومان دواجار خێزان دەیەوێت جۆرێ بەرگریی لەخۆی بکات و بڕیار و وادەو پەیمانەکانی ژیانی هەستەوەری هەر لەدەستی خۆیدا بهێڵێتەوە، لە لۆژیکی خێزاندا ئەوە ڕاستە کە پەیوەندییە سۆزدارییەکان تایبەتن بە دوو کەس، بەڵام پێویستە بەدڵی کەسەکانی دەوروبەریش بێت[75]، بەڵام ئەمە لەو ڕاستییە ناگۆڕێت کە دەڵێت خێزان لەبارێکی نالەباردا ژیان بەسەر دەبات. ڕۆڵ و ئەرکە تەقلیدیەکانی خێزان هەڵوەشاونەتەوە، دەسەڵاتی بڕیاردەری ئەم دامەزراوەیە لەبەرامبەر دەسەڵاتی تاکەکەس و هووشیاری تاکگەراییدا لاواز بووە و خودی دامەزراوەی خێزانیش گۆڕانی بەسەردا هاتووە، ئەندامەکانی ڕوویان لە کزییە و پێبەپێی گەورەبوونی شارەکانیش فۆرمی جیاواز و هەمەڕەنگی خێزان دروستبوون. بەڵام ئایا چارەنووسی خێزان لەبەردەم تێکشکاندا، بە بڕیار و ڕێککەوتن و وادە و پەیمانی پێشوەخت ڕزگار دەکرێت؟

ئولریش بێک لەمبارەیەوە هەمان پرسیار دەکات و دەڵێت: *چۆن هارمۆنیەتی هەڕەشەلێکراوی ژیانی خێزانی دووبارە بەدەست دێتەوە؟* هەندێك لەو بڕوایەدان کردنەوەی *خولی پەروەردەیی مەبەستدار* بۆ خێزانەکان چارەسەری مەسەلەکە دەکات. هەندێکی دی پێشنیاری ڕێنومایکردنی کۆمەڵایەتی و دەروونیی خێزانەکان دەکەن، ژمارەیەکی زۆریش لەو بڕوایەدان هۆی جیابوونەوە و هەڵوەشانەوەی خێزانەکان

---

75 باقر ساروخانی، **مقدمه‌ای بر جامعه‌شناسی خانواده**،چ پنجم، سروش، تهران 1382، ل: 105 –107.



بڕواهێنانە بەتاکگەراییەکی لەڕادە بەدەر، کە پێویستە لەڕووی سیاسی/یاساییەوە سنوور بۆ ئەو تاکگەراییە دابنرێ و خێزان وەك فەزایەك بۆ ژیانی هاوبەشی گرووپ، بەهێز بکرێتەوە.

لە هەموو ئەم پێشنیارانەدا ڕێژەیەك لە ڕاستی بەرچاو دەکەوێ، بەڵام نابێت پرۆسەی مێژوویی و ئەو لایەنە کۆمەڵایەتیانەمان بیر بچێت کە بۆ خۆیان بناخەی قەیران و کێشەکانن. وەك ماکس ڤیبەر ئاماژەی پێدەدات، مۆدێرنیتە شەمەندەفەرێك نیە ئەگەر حەزمان لە سواربوونی نەما، بتوانین لە سەری کۆڵانی ئەولاتر لێی دابەزین[76]. ئەگەر بێت و خێزان لە فۆرمە تەقلیدیەکانی خۆیدا، لە شێوەی خێڵەکیانە و فیودالیانەدا دووبارە ساز بکرێتەوە، ئەوە پێویستە پرۆسەی مۆدێرنیزەکردن بگەڕێنرێتەوە دواوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە، نەك بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، بەڵکو بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ هەوڵبدرێ ئافرەتان لە بوارەکانی کارکردن دوور بخرێنەوە و هەمدیسان لە کونجی ماڵەوەیان قاییم بکەن! بەدوای ئەمەدا دەبێت هەوڵبدرێت لە بواری خوێندن تەرە بکرێن و دەرگای خوێندنگا و بوارە پسپۆڕییەکانیان بەسەردا کلۆم بدرێ. ئەمە جگە لەوەی پێویستە جیاوازییەکی بەرچاوتر بخرێتە نێوان مووچەی نێر و مێوە و لە کۆتاییشدا دەبێت یەکسانیی یاسایی نێوان ئافرەت و پیاو هەڵگیرێت. بەکورتی و پوختی دەبێت نیوەی ڕاستی پرانسیپە نەگۆڕەکانی مۆدێرنیتە تووڕهەڵدرێن، بەجۆرێ کە بەشێوەیەکی سرووشتیانە، بۆ ڕەگەزێك گەیشتن بەو پرانسیپانە ئاسان بێت و بۆ ڕەگەزەکەی دی بەشێوەیەکی ڕەها ئیمکانی نەبێت.

---

76 U. Beck, op. cit. s. 137.

***مانوێل کاستلز،***

***مەرگی باوکسالاری و دەسەڵاتی خۆشەویستی:***

لەناو ئەو کۆمەڵناسە هاوچەرخانەدا کە بایەخی تیۆرییـان داوە بـە ژیـانی هەستەوەری و ئەو گۆڕانانەی لـە پەیوەندییـە سـۆزگەرایییەکان و پێگـەی مێیینەدا ڕوویانداوە، مانوێل کاستلز (1942) شوێنێکی بەرچـاوی هەیـە و توێژینەوەکانی ئەم کۆمەڵناسە ئیسپانییەی مامۆستا لە زانکۆی بێرکلی ئەمەریکا، کاریگەرییەکی بەرچاویان هەیە لەو بوارەدا. ئەمەش بـە بـڕوای من لە سێ خاڵی سەرەکییدا بەرجەستە بووە.

خاڵی یەکەم ئەوەیە، کۆمەڵناسانی پێش کاستلز لە چوارچێوەی مێـژووی مۆدێرنیتـەدا و لەبـەر ڕۆشـنایی ئـەو گۆڕانانـەدا کـە مۆدێرنیتـە هێناونیـە ئاراوە، واتە لە سـەدەی حەڤدەهـەم بـەملاوە، لـە ژیـانی هەسـتەوەری و پەیوەندییـە سـۆزگەراکانیان کۆڵیوەتـەوە و بەگەڕانـەوەی بـەردەوام بـۆ مێژوو ئەم بابەتەیان شییکردۆتەوە. بەم مانایاش ئەوان بۆ تێگەیشتن لـە گۆڕانکارییـــەکانی ژیـــانی ســـۆزگەرایانە لـــە کۆمـــەڵگای هاوچـــەرخی خۆرئاواییدا، هەمیشە پابەندبوون بەو مێـژووەوە کـە ئـەو کۆمەڵگایانـەی پێدا تێپەڕ بوون. ئەمەش پێماندەڵێت مێـژووی گۆڕانـە کۆمەڵایەتییـەکان لە کۆمەڵگا خۆرئاواییەکاندا، لەلای کۆمەڵناسانی پێشوو، بۆتـە پێوەرێـك و چوارچـێوەیەکی توێژینـەوەیی سـەبارەت بـە ژیـانی هەسـتەوەری لـەو کۆمەڵگایانەدا. وەکئەوەی ژیـانی هەسـتەوەری و گـۆڕان لـە پەیوەندییـە سۆزگەراکاندا شتێك بێت تەنیا تایبەت بێ بە کۆمەڵگا پەرەسەندووەکانی خۆرئاوا.

خـاڵی دووەم، ئەوەیـە کـە کاسـتلز ئـەم چوارچـێوە ئـەورووپا سـەنتەرە بەجێدەهێڵێت و توێژینەوەکانی پانتاییەکی جیهانی و گلۆباڵ بەخۆیانەوە دەگرن و لە میانەی توێژینـەوەی مەیـدانی و خسـتنەڕووی تیۆریـدا، ئـەو



گۆڕانکارییانە هەڵدەسەنگێنێ کە لەبواری هەستەوەری و پێگـەی مێیینـە لە خێزان و کۆمەڵگادا هاتوونەتە ئاراوە.

خـــاڵی ســـێهەم کـــە شـــێوازی کاســـتلز لـــە کۆمەڵناســـانی پێشـــخۆی جیادەکاتـەوە، ئەوەیـە کـە ئـەو نـەك هـەر پابەنـد نییـە بـە ڕەهەنـدی مێژوویینـەی ئـەو گۆڕانکاریانـەی لـە ژیـانی هەسـتەوەری و پەیوەندییـە سۆزگەرایییەکاندا ڕوویانداوە، بەڵکو تەواو پابەندە بە بارودۆخی ئێستاوە. کاستلز نەك بەگەڕانەوەی بۆ مێژوو، بۆ کاریگەری و هۆکارە مێژوویەکان، بـەڵکو بـە وردبوونـەوە و خسـتنەڕووی نەخشـە و داتـا و توێژینـەوەی مەیدانی و ڕاپرسی، بارودۆخی هەستەوەری و گـۆڕان لـە ژیـانی مێیینـە و پەیوەندییـە سـۆزگەرایییەکانی مـرۆڤ لـە ئێسـتادا، بـاس لـەو جیاوازییانـە دەکـا، کـە لـە کۆمـەڵگای زانیـاری و گلۆباڵـدا سـەبارەت بـە پەیوەندییـە شەخسی و عاتفییەکانی مرۆڤ هاتوونەتە ئاراوە. ئەم خاڵـە درەخشـانەش وایکردووە توێژینەوەکانی ناوبراو زۆر ڕاستیی شاراوەمان سـەبارەت بـەو بابەتە و سەبارەت بە توانای زانستی کۆمەڵناسی بۆ ئاشکرا بکەن.

ئەوەی من لەم خسـتنە ڕووەدا بـۆ بـیروڕای کاسـتلز پشـتی پێدەبەسـتم، بەشی چوارەمە لە بەرگی دووەمی کتێبە سیانەییەکەی بـەناوی (**چـاخی زانیـاری**) کـە سـاڵی (1999) بڵاویکردۆتـەوە[77]. کاسـتلز لـە بـەرگی دووەمی کتێبەکەیدا بەناوی ***مێـژی ناسـنامە*** و لـە بەشـی چـوارەمی ئـەو بەرگەدا خوێندنەوەیەکی ورد و دوور و درێژ بـۆ *بزاڤـە کۆمەڵایەتییـەکان، خێـزان و ڕەگـەز لـە چـاخی زانیاریـدا* دەکـات و ژیـانی هەسـتەوەری و

77 مانوئل کاستلز، **عصر اطلاعات**، جلد اول: **ظهور جامعه شبکه‌ای**، جلد دوم: **قدرت هویت**، جلد سوم: **پایان هزاره**. ت. أحد علیقلیان، أ خاکباز، ح. چاووشیان. تهران، طرح نو 1380.

گۆڕانکاری له شێوازی پەیوەندییە سۆزگەراییەکانیش بەشێکی گرنگی ئەو خوێندنەوەیە پێکدەهێنن کە کاستلز هاوکات بە پیشاندان و شییکردنەوەی گراف و نەخشەی ڕوونکەرەوە و سەرژمێریی ورد لەسەر زۆربەی کۆمەڵگاکان و پەیوەست بە ژیانی هەستەوەری مرۆڤ، دەیانخاتە ڕوو[78].

خاڵێکی نەگۆڕ لەلای کاستلز و لە پەیوەندیی بە باسەکەی ئێمەوە ئەوەیە، کە سیستەمی باوکسالاری وەك کۆنترۆڵکەری پەیوەندییە سۆزگراییەکانی مرۆڤ و وەك ڕێگرێ لەبەردەم سەربەخۆبوونی مێیینە لە دەسەڵاتی نێر، لە چاخی زانیاریدا، خۆی لەبەردەم هەڵوەشانەوەیەکی سەراپاگیردا دەبینێتەوە. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم خاڵەش، کاستلز کاریگەریی چوار ڕووداو بەنمونە دەهێنێتەوە کە ڕۆڵیان هەبووە لە لەقکردنی پایەکانی سیستەمی باوکسالاری و گۆڕان لە دامەزراوەکانی ئەم سیستەمە دێرینەیەدا، کە بێگومان تا ئەم ساتەوەختەش "*پێکهێنەری بونیادیی هەموو کۆمەڵگا هاوچەرخەکانە*". بەلای کاستلزەوە، *سیمای دیاریکراوی باوکسالاری بریتییە لە دەسەڵاتی بەدەزگاییبووی پیاوان بەسەر ئافرەتان و منداڵان لە ناو یەکەی خێزاندا. بۆ سەپاندنی ئەم دەسەڵاتەش پێویستە باوکسالاری دزە بکاتە ناو سەراپای ڕێکخستنی کۆمەڵایەتییەوە، هەر لە بواری بەرهەمهێنان و مەسرەفکردنەوە بگرە تا سیاسەت و یاسا و کولتوور. ئەمە جگە لەوەی پەیوەندیی نێوان تاکەکەسەکان و بەو پێیەش، کەسایەتی مرۆڤ خۆی، هەڵگری نیشانەکانی ئەو توندوتیژییەن کە سەرچاوەیان دەگەڕێتەوە بۆ*

78 هەمان سەرچاوە، ل: 175– 296.



*دامەزراوە و کولتووری باوکسالاری*[79]. بۆیە هەر لە سەرتاوە کاستلز بەوەی پەیوەندیی نێوان تاکەکان و کەسایەتی تاك لەچوارچێوەی سیستەمی باوکسالاریدا دەبینێ، ڕێخۆشکەری دەکا بۆ قسەکردن لەبارەی پەیوەندییە سۆزگەراکان بەو پێیەی ئەم پەیوەندیانە لەنێوان تاکەکەسەکاندا ڕوودەدەن. بەڵام بەر لەوەی بێینە سەر ئەو باسە، با بزانین کاستلز چ ڕووداوێك دەکاتە نیشانەی داڕمانی باوکسالاری لە کۆمەڵگای چاخی زانیاریدا، کە لەهەمان کاتیشدا سیمایەکی جیهانیانەی هەیە و ناکرێ بە کۆمەڵگای جوگرافیایەکی دەستنیشانکراوی لەقەڵەم بدەین.

بەبڕوای کاستلز چوار ڕووداو، کە پێشینەی مێژووییان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانی پێشتر، لە سەدەی بیستەمدا بەرجەستە دەبن و دەبنە هۆکاری هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی باوکسالاری و لەقبوونی دەسەڵاتی پیاو.

یەکەمین ڕووداو پەیوەندی هەیە بە گۆڕانی بازاڕ و بواری کارکردن و ئابوورییەوە، کە بواری بۆ بەشێکی زۆری ئافرەتان ڕەخساند لە بەندیخانە پیرۆزەکەی باوکسالاری (***ماڵ***) بێنە دەرێ و لە یاسا نەگۆڕەکەی خێزان (***دەبێت ئابووریی لە دەستی نێرینەدا بێ***) ڕزگاریان ببێت. "*بەشداربوونی ئافرەتان لە کاری دەرامەت هێنەردا بۆتە هۆی بەهێزبوونی دەسەڵاتی مشت و مڕکردنی ئەوان لەگەڵ پیاودا و ڕەوایەتی دەسەڵاتی پیاوانی وەك نانپەیداکەری خێزان، لاواز کردووە*"[80]. ئەم

79 هەمان سەرچاوە، ل: 175.

80 هەمان سەرچاوە، ل: 176. هەروەها بۆ ئاگاداریی وردتر لەسەر ئەو زانیاریانەی کاستلز لەمبارەیەوە خستونیەتە ڕوو، بڕوانە ل: 200– 217.

ئازادبوونە بەدوای خۆیدا ئافرەتانی خستە بەردەم هەلێکی نوێی خۆ سەلماندن و چەسپاندنی ناسنامەی خۆیان، کە ئەویش بریتیبوو لە خوێندەواری و دەوڵەمەندبوونیان لەڕووی هووشیارییەوە، کەئەمەش لە دوا ئەنجامدا ئافرەتانی دەهێنایە هاوشانی پیاوان.

دووەمین ڕووداو، یان هۆکار بریتیە لە گۆڕان و وەرچەرخان لە تەکنەلۆژیای زیندەوەرزانی و دەرمانسازی و زانستی پزیشکیدا. بەبڕوای کاستلز ئەو گۆڕانکارییە گەورانەی لە بواری تەندروستی و زانستی پزیشکی و ڕۆڵی تەکنەلۆژیا لە بواری وەبەرهێنانی منداڵ، منداڵبوون بەهۆی دەرزیلێدانەوە، گۆڕان لە قۆناغی سکپڕی و لەباربردندا ڕوویانداوە، پاڵنەرێکی باش بوون بۆ ئازادبوونی ئافرەتان لەو ڕۆڵە تەقلیدیەی خێزانی باوکسالاری بۆی لە پێشچاو گرتبوون. ئەم گۆڕانکاریانە "*هەلی کۆنتڕۆڵکردنی زیاتری منداڵ وەبەرهێنان و بەرهەمهێنانی ڕەگەزی مرۆڤی ڕەخساند*"[81].

سێهەمین ڕووداو بریتیە لە بەهێزبوون و بڵاوبوونەوەی بزاڤی فیمینیزم بەسەرپاپای جیهاندا، بەتایبەتی لە کۆتایی ساڵانی شەست و سەرەتای حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا. کاستلز بەڵگە بۆ ئەو ڕاستییە دەهێنێتەوە کە بزاڤی نوێی فیمینیزم شتێ نەبووە جودا لەو بزاڤە کۆمەڵایەتیانەی دی کە پێشتر لەدەیەی شەستی سەدەی بیستەمدا لە ئارادا بوون. بەڵکو فیمینیزم "لەناو ئەو ژنانەوە دەستیپێکرد کە بەشداربوون لە بزاڤەکاندا و ئێستاکەش لە دژی باوکسالاری و ئەو

81 هەمان سەرچاوە، ل: 177.



سوودوەرگرتنە خراپانە هەستا بوون کە لەناو بزاڤەکانیشدا ئەوانی ئازار دابوو"[82].

چوارەمین ڕووداو و هۆکار لە پرۆسەی داڕمانی سیستەمی باوکسالاریدا بریتیە لە بڵاوبوونەوەی خێرای بیروڕا فیمینیستییەکان لە پانتاییەکی جوگرافیایی بەرفراواندا و دابینکردنی دڵنیایی سەبارەت بە لەقبوونی دەسەڵاتی نێرینە لە هەموو جیهاندا. ئەم ڕووداوە بووە هۆی دروستکردنی قەیرانێکی سەرتاپاگرەوە لە مۆدێلی خێزانی باوکسالارانەدا کە مانوێل کاستلز چوار نیشانەی سەرەکیی بۆ ئەو قەیرانە لە ئاستی جیهانیدا و بە لەبەرچاوگرتنی کاریگەریی بزاڤی فیمینیزم لە وڵاتانی ئاسیا و تەنانەت وڵاتانی تازە گەشەسەندووی وەك میسر و تونس و هتد، دەستنیشان دەکات. کاستلز دەنووسێ: "*کاتێ قسە لە قەیرانی خێزانی باوکسالار دەکەم دەمەوێ ئاماژە بە لاوازبوونی نموونەیەك لە خێزان بکەم، کە لەسەر پیادەکردنی بەردەوامی زۆر و دەسەڵاتی سەرپەرشتیکەری نێرینە و بەتەمەنی خێزان بەسەر هەموو ئەندامانیدا، ڕاوەستاوە*"[83].

نیشانەی یەکەم بۆ ئەو قەیرانە سەرتاپاگرەوەیە بریتیە لە جیابوونەوەی هاوسەرەکان و پچڕانی خێزانی بچکۆلە(ناوکی) پێکهاتوو لە ژن و مێرد لەیەکتر، ئەمەش وەك ناڕەزاییەك لەدژی نمونەیەکی خێزانداری کە لەسەر پەیمانێکی دوور مەودای ئەندامانی خێزانەوە لەبەرامبەر یەکتردا، (بێگومان بەچاودێریی دەسەڵاتی ئایین) دامەزراوە. بە بڕوای کاستلز

82 هەمان سەرچاوە، ل: 178.

83 هەمان سەرچاوە، ل: 179.

ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی خێزانی تاکەکەسی، یان تاك باوانی (کە تیایدا تەنیا دایك یان تەنیا باوك ئامادەیی هەیە)، دروستببێ و تەنانەت ئەگەر بونیادەکانی دەسەڵاتیش لەم خێزانە نوێیەدا بەشێوەیەکی زەینی (لەلایەن ئەندامەکانییەوە) بەرهەمبهێنرێنەوە، ئەوە هەر لە خزمەتی باوکسالاریدا نییە[84].

دووەمین نیشانەی قەیران لە خێزانی باوکسالاریدا بریتیە لە پەرەسەندنی ئەو کێشانەی لە ئەنجامی هاوسەرداری و زەحمەتی پێکەوەگونجاندنی هاوسەرداری و کارو ژیانەوە پەیدا بوون. گونجاندنی ژیانێکی هاوسەردارانەی هاوسەنگ لەگەڵ لەدەستنەدانی سەرچاوەی بژێوی ژیان و کارکردن، پاشان ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەرکە ڕۆژانەییەکاندا (ماڵداری، پێکەوەبوون و منداڵ پەروەردەکردن) بۆ زۆر لە هاوسەرەکان کارێکی زەحمەتە و لەم بارەشدا ناچار دەبن لەسەر حسابی پاراستنی یەکێکیان ئەوانیتر لە دەست بدەن و زۆربەی کاتیش ژیانی هاوسەرداری و سۆزداری دەکرێتە قووربانیی بواری کارکردن و سەرچاوە مادییەکانی ژیان. ئەم بارودۆخە وایکردووە لە زۆربەی کۆمەڵگاکاندا هاوسەرگیری دوابخرێت و مۆدێلی ژیانێکی پێکەوەیی بەبێ شووکردن و ژنهێنان بێتە ئاراوە. ئەم پێکەوەژیانەش لەبەر ئەوەی لەئاستی یاساییدا هیچ پشتیوانێکی نییە، ئەوە هەم لە ڕووی دامەزراوەییەوە و هەم لە ڕووی دەروونییەوە، دەبێتە هۆی لاوازکردنی دەسەڵاتی باوکسالاری[85]. چونکە دواجار خێزان بەمانا تەقلیدیەکەی بەشێکی پێکهێنەرە لە

84 هەمان سەرچاوە و هەمان لاپەڕە.

85 هەمان سەرچاوە، ل: 180



دامەزراوەی باوکسالاری و ئایینیش بێکاریگەر نییە لە دڵنیایی بەخشین بە هاوسەرەکان.

سێیەمین نیشانە بۆ قەیرانی سیستەمی باوکسالاریی جیهانی لە لێکدانەوەکەی کاستلزدا، بریتیە لە پیربوونی کۆمەڵگا و جیاوازیی لە ڕێژەی لەدایکبوون و مردنی ئافرەت و پیاودا. ئەم دیاردەیە دەبێتە هۆی دروستکردنی جیاوازیی لە بونیادی سیستەمی خێزانی کلاسیکدا، واتە ئەو خێزانەی کە لەلایەن دوو هاوسەری یەکەم و منداڵەکانیانەوە دادەمەزرێ و دووبارە بەرهەمهێنانەوەشی لاواز دەبێت. بۆیە خێزانی تاکەئەندام و تاکباوان پەرە دەستێنێ و ئەمەش بەمانای ئەوەیە خێزانی باوکسالار ناتوانێت بەردەوامبێ لە خۆبەرهەمهێنانەوەی.

بەڵام گرنگترین نیشانە بۆ ئەو قەیرانە لە خێزانی باوکسالاردا بریتیە لە زیادبوونی سەربەخۆیی ئافرەتان لە ڕەفتاریاندا سەبارەت بە منداڵبوون. لەلایەکەوە، وەك کاستلز دەڵێت پەیوەندیی ئەو منداڵانەی کە لەدەرەوەی هاوسەرگیری لەدایکبوون لە زیادبووندایە و ئەمەش بەمانای ئەوەیە منداڵوەبەرهێنان بەردەوامە وەلێ لە دەرەوەی چوارچێوەی خێزانی تەقلیدی. لەلایەکی تریشەوە، ئافرەتان بەهۆی بەرزکردنەوەی ڕاددەی هووشیاری و ڕووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ کۆسپەکاندا، ژمارەی لەدایکبوونی منداڵەکانیان سنووردار دەکەن و تەنانەت وەبەرهێنانی یەکەمین منداڵی خۆشیان دوا دەخەن. ئەمە جگە لەوەی ژمارەیەکی ڕوو لە زیادبووی ئافرەتان تەنیا دەیانەوێ منداڵ بۆخۆیان و وەك حەزی خۆیان بۆ بوون بە دایك وەبەربهێنن و ئەرکی پەروەردەکردنیشی بەتەنیا بگرنە ئەستۆی خۆیان.

کاستلز لەو بڕوایەدایە ئەم نیشانانە یەکتری بەهێز دەکەن و بونیاد و بەهاکانی خێزانی باوکسالار، (لەوانەش ئەو بەهایانەی کە سیستەمی باوکسالاری بەهۆیانەوە ڕێگە بە دەرکەوتنی پەیوەندییە سۆزگەراکان و

ژیانی هەستەوەری دەدات) دەخەنە ژێر پرسیارەوە، بەڵام ئەمە بەمانای ئەوە نییە خێزان کۆتایی پێدێت. هێندەی ئەوەی بەمانای کۆتاییهاتنی ئەو جۆرەیە لە خێزان کە تا ئێستا دەمانناسی. بۆیە "*ئەگەر ئەو پرۆسەیەی ئێستا لە سەرانسەری جیهاندا لە ئارادایە بەرفراوانتر ببێ، کە بە بڕوای من هەر واش دەبێ، خێزان بەو جۆرەی کە دەمانناسی لە هەندێ لە کۆمەڵگاکاندا دەگۆڕێ بۆ پاشماوەیەکی مێژوویی کە تەمەنێکی هێندەی نەماوە. لەو هەل و مەرجەشدا کۆی ژیانی ئێمە دەگۆڕێ، هەروەك چۆن لە ئێستاکەوە هەست بە تەکان و لەرزینی ئەو گۆڕانکارییەش دەکەین و جاری واش هەیە هاوڕێیە لەگەڵ دەرد و ئازاردا*"[86].

لایەنێکی دیکە کە کاستلز لە توێژینەوەکەیدا جەختی لەسەر دەکاتەوە، دەسەڵاتی بزوتنەوەی فیمینیزمە لە گۆڕینی پەیوەندییە تایبەتیی و سۆزدارییەکانی مرۆڤدا و دروستکردنی جێگرەوە بۆ پەیوەندییە باوەکانی نێوان نێر و مێ، وەکئەوەی لە کۆمەڵگای باوکسالاریدا ڕێگەی پێدەدرا. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم خاڵەش پێویستە بە خێرایی ئەوە بخەینە ڕوو کە مەبەستی کاستلز لە فیمینیزم چییە و ڕەهەندی جیهانیانەی ئەم بزاڤە لە کوێدا دەبینێتەوە.

ئەو فیمینیزمەی کاستلز لێیدەکۆڵێتەوە، مێژووی بزووتنەوەی ئافرەتان و فیمینیزمی بەرایی نییە، بەڵکو بریتیە لە فیمینیزمی هاوچەرخ کە لە کۆتایی شەستەکانی سەدەی بیستەمەوە سەرەتا لە ئەمەریکا و پاشانیش لە ئەوروپای سەرەتای حەفتاکانی هەمان سەدەدا گەیشتە

86 هەمان سەرچاوە، ل: 200.



لوتکەی گەشەکردنی خۆی و دواییش لە سەراپای جیهاندا بڵاوبۆوە[87]. فیمینیزم لەلای کاستلز ئەو "*پەیمانەیە کە دەیەوێت کۆتایی بە دەسەڵاتی ڕەگەزی نێرینە بهێنێ*" و ئەو ڕابوونەیە کە جەوهەرەکەی بریتیە لە "*دووبارە پێناسەکردنەوەی ناسنامەی ئافرەتان*". ئەم بزاڤە وەك کاستلز بەڵگەی بۆ دەهێنێتەوە، لە هەموو جیهاندا وەکو یەك کاریگەر نییە، لە وڵاتانی پێشکەوتووی وەك خۆرئاوای ئەوروپا، کەنەدا و ئوستورالیا بزاڤێکی ڕەنگاوڕەنگ و گشتگرەوەیە کە دزەی کردۆتە هەموو بەشەکانی کۆمەڵگاوە[88]. لەکاتێکدا لە هەندێ وڵاتانی ئەوروپادا توانیویەتی بچێتە ناو دامودەزگاکانەوە و ببێتە تۆڕێکی پێکهاتوو لە چەندین ڕێکخراوی فیمینیستی کە لەگەڵ یەکتردا لە ململانێدان و خۆراك بە یەکتریش دەبەخشن[89]. بارودۆخەکە لە وڵاتانی بلۆکی سۆسیالیستی پێشوو جیاوازە، چونکە لەو وڵاتانەدا جاران فیمینیزم بەهۆی بەرەنگاربوونەوەی لەگەڵ سیستەمی داخراوی تاك حیزبیدا، کاریگەر تر بوو، بەڵام بە داڕمانی سیستەمی کۆمۆنیستی لەو وڵاتانەدا، ئەو هێزەی جارانی نەما و گۆڕا بۆ گرووپێکی ڕۆشنبیرانە کە لە ژێر کاریگەریی کولتووری ئەوروپادایە[90]. لە وڵاتانی ئاسیا (ژاپۆن، کۆریا و چین و تایوان) بەهۆی ئامادەیی بڕیاردەرانەی باوکسالارییەوە، بزووتنەوەی

87 هەمان سەرچاوە، ل: 217.

88 هەمان سەرچاوە ل: 227.

89 هەمان سەرچاوە، ل: 228.

90 هەمان سەرچاوە، ل: 228– 229.

فیمینیزم هێندە پەرەی نەسەندووە، بەڵام بێکاریگەریش نەبووە، بەتایبەتی لە گۆڕینی هەندێ یاسادا[91].

بەڵام بارودۆخی بزاڤی فیمینیزم لە بەشێکی وڵاتانی جیهانی سێیەمدا، وەکئەوەی کاستلز دەیخاتە ڕوو "*بارودۆخێکی زۆر ئاڵۆز و لە ڕاستیدا پڕ لە ناکۆکییە*"، چونکە "*فیمینیزم هەتا ئێستاش لەو وڵاتانەدا وەك ڕەوتێکی سیاسی و ئایدیۆلۆژیی تایبەت بە دەستەیەکی بچکۆلەی ئافرەتانی ڕۆشنبیر و تایبەتمەند سنووردار کراوە*". ئەوە ڕاستە کە "*مێیینە بوون لەو وڵاتانەدا دابینکەری گرنگی ئافرەتان نییە و زۆربەی ژنانی سیاسیش لە چوارچێوەی سیاسەتی باوکسالارانەدا کار دەکەن، بەڵام نابێت کاریگەریی ئەوان وەك سەرمەشقێ بۆ گەنجەکان و هەروەها لە شکاندنی تابۆ کۆمەڵایەتیەکاندا، لەپێشچاو نەگرین*"[92].

ئەوەی کاستلز جەختی لەسەر دەکاتەوە، هەم ئەم ڕەنگاوڕەنگیی و فرەدەنگییەی بزاڤی فیمینیزم و هەم ئامادەیی ئەو بزاڤەیە لە زۆربەی هەرە زۆری کۆمەڵگاکاندا، کە ئەوەش ناسنامەیەکی جیهانیانەی پێبەخشیوە. بۆیە کاستلز دوای سەلماندنی جیهانیبوونی ئەم بزاڤە دەکەوێتە توێژینەوە لەو کاریگەرییەی فیمینیزم هەیەتی لە هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی باوکسالاریدا. چونکە ئەو لەو بڕوایەدایە فرەدەنگی و لق و پۆپە زۆرەکانی فیمینیزم نەبۆتە هۆی لاوازکردنی ئەو کاریگەرییەی کە ئەم بزاڤە جیهانگرەوەیە هەیەتی بۆسەر سیستەمی باوکسالاری و خستنە ژێر پرسیاری زۆربەی ئەو یاسا و بەهایانەی

[91] هەمان سەرچاوە، ل: 229–230

[92] هەمان سەرچاوە، ل: 230_231.



ڕۆژگاریێ وەك یاسا و بەهای بێ ئەڵتەرناتیڤ تەماشا دەکران و ڕوایەتییان پێدەدرا. هەر بۆ نمونە: "*فیمینیزمی کولتووری لە پێناوی بەرزکردنەوە و گەشەدان بە هووشیاری ئافرەتان و دووبارە سازدانەوەی ناسنامەی ئەواندا، لە هەوڵی دروستکردنی کۆمەڵگایەکی ئافرەتانەدایە. فیمینیزمی خودگەراییش لەسەر تایبەتمەندییە بەکەمنەگیراوەکانی ئافرەتان دێتە دەنگ و بانگەشە بۆ بەهاگەلێکی سەربەخۆ و باشتری ئافرەتانە دەکات. فیمینیزمی هاوڕەگەزیش (مێ و مێ) لە ڕێگەی تووڕدانی ناهاوڕەگەزییەوە( نێر و مێ)، مانای دابەشکردنی ڕەگەزیانەی بوون، کە هەم ژێرخانی ئافرەتبوون و هەم ژێرخانی پیاوبوونە، بێ بایەخ دەکات*"[93].

کەواتە ئەو فرەناسنامەییەی بزاڤی فیمینیزم بۆ ئافرەتی وەدەست دەهێنێ دەبێتە هۆی پێناسەکردنەوەیەکی نوێ بۆ شێوە جۆربەجۆرەکانی بوون و ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی ئافرەتی ناو سیستەمی باوکسالاری، واتە ئەو ئافرەتەی ملکەچی و تەسلیم بوون ڕەسەنترین هۆکارن بۆ پێناسەکردنی ناسنامەکەی لە چوارچێوەی هەمان سیستەمدا، بگۆڕێن. گرنگترین دەستکەوتی فیمینیزم لە توێژینەوەکەی کاستلزدا ئەوەیە کە ئەم بزاڤە بە جۆرەها شێوە دابەشکردنی دوانەیی سیستەمی باوکسالاری بۆ (پیاو- ئافرەت)، وەکئەوەی لە دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان و هەڵسوکەوتە کۆمەڵایەتیەکاندا بەدیدەکرێ، تێکوپێك دەدات. یەکێك لەو دامەزراوانەی بەردەوام ئەرکی بەرهەمهێنانەوەی دوانەی (پیاو ـ ئافرەت)ی کەوتۆتە سەر شان و پێشمەرجە بۆ هەبوونی پەیوەندییەکی ڕەوادارانەی دانپیانراو، بریتیە لە پێگەی (ژن و

[93] هەر ئەو سەرچاوەیە، ل: 244.

مێردایەتی) کە ناولێنانێکی باوکسالارانەیە بۆ پەیوەندیی نێوانمرۆیی و ژیانی هەستەوەریش خراوەتە چوارچێوەیەوە. بابزانین فیمینیزم لە خستنە ڕووەکەی مانوێل کاستیلزدا چۆن کاریکردووە بۆ کەمکردنەوەی پێگەی ژن و مێردایەتی و ژیانی هەستەوەری لە دەسەڵاتی باوکسالاری ڕزگار کردووە.

بەلای کاستلزەوە باوکسالاری پێویستی بە پەیوەندیی ناهاوڕەگەزی ناچاری هەیە. واتە یەکەی خێزان لە سیستەمی باوکسالاریدا بە پێویست دەبێت لە دوو ڕەگەزی جیاوازی نێر و مێ پێك بێت، چونکە *"شارستانیەت وەکئەوەی لە مێژوودا ناسراوە، لەسەر بنەمای یاساخەکان و سەرکوتکردنی ڕەگەزی (جنسی)یەوە وەستاوە (..) کاتێ قۆناغە مێژووییەکان لە دەلاقە شاراوەکانی ئەزموونی مرۆییەوە تەماشا دەکەین، چاومان بە گەردەلوولێکی نەبڕاوە لە شەهوەت، سەرکوتکردن، باڵاخوازی، دواکەوتوویی و سزا دەکەوێ کە زیاتر ڕوونکەرەوەی خولیا، کامەرانی و نائومێدیەکانی مرۆڤن"*[94]. هەموو ئەم سیستەمە گونجاوەی دەسەڵاتیش پەیوەستە بە بازنەیەکی سستەوە کە بریتیە لە سەپاندنی ناچاریانەی پەیوەندیی ناهاوڕەگەزی (نێر و مێ). واتە ئەگەر ئەم بازنە سستە بپچڕێنرێت و پەیوەندیی هاوڕەگەزی (مێ و مێ و نێر و نێر) بخرێتە جێگەی، ئەوە کۆی سیستەمی دەسەڵاتی باوکسالاری دادەڕمێت و لەگەڵیشیدا پەیوەندییە هەستەوەرییەکان و فۆرمی خۆشەویستی دەگۆڕێن و ئەڤینداری بە شێوازێکی دی دەسەڵات دەگرێتەوە دەست. بۆیە بزووتنەوەکانی ئازادیی جنسی هەر بەتەنیا بزووتنەوەیەك نییە بۆ بەرگریکردن لە مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ لە پێناوی هەڵبژاردنی کەسی

94 هەمان سەرچاوە، ل: 246.



بەرامبەر و چۆنێتی دەربڕینی خۆشەویستی، *"بەڵکو ئەم بزووتنەوانە دەرکەوتەیەکی بەهێزی ناسنامەی جنسی و لەگەڵیشیدا بەدیارخەری سیماکانی ئازادی جنسین. هەر لەبەر ئەمەشە کە ئەم بزووتنەوانە هەندێ لەو بونیادە هەزاران ساڵانەی کە کۆمەڵگا مرۆییەکانیان بەدرێژایی مێژوو لەسەر وەستاون: سەرکوتکردنی جنسی و پەیوەندیی ناچاریانەی ناهاوڕەگەزیی، دەخەنە ژێر پرسیارەوە"*[95].

کاستلز لە توێژینەوەکەیدا بەدوای ئەو سیما و تایبەتمەندیانەدا دەگەڕێ کە لە کۆمەڵگای هاوچەرخ و لە سیستەمێکی جیهانگرەوەدا، بوونەتە هۆی کەمکردنەوەی ڕۆڵی خێزان لە ئیدارەکردنی ژیانی سۆزگەرایانەی مرۆڤدا و ئەمەش بۆتە هۆی وەدیهاتنی جۆرێکی دی لە کەسایەتی (الشخصیە) بۆ تاکەکەس. چونکە بە بڕوای کاستلز لەبەشێکی زۆری ئەم جیهانەدا وەچە تازەکان پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیبوون لە دەرەوەی نمونە تەقلیدییەکانی خێزانی باوکسالاری ئەزموون دەکەن. بۆیە پرۆسەی نوێی بەکۆمەڵایەتیبوون تا ڕاددەیەك نۆرمە جێگیرەکانی خێزانی باوکسالاری بێڕەنگ دەکەن و ڕەنگاوڕەنگییەك دەدەنە ڕۆڵەکانی ناو خێزان[96]. بەو هۆیەشەوە کە خێزان و پەیوەندییە هەستەوەرییەکان بەو هۆکارانەی دەستنیشانکردنی بونیادیانەی سیستەمەکانی کەسایەتی دەژمێردرێن، ئەوە خستنە ژێر پرسیاری بونیادە باوەکانی خێزان و چوونە ناو پانتاییەکی نوێوە کە تیایدا کاروبارە هەستەوەرییەکان بە شێوەیەکی تاکەکەسیانە بەرنامەیان بۆ دادەنرێ، دەبێتە هۆی بەدیارکەوتنی

95 هەمان سەرچاوە، ل: 266.

96 هەمان سەرچاوە، ل: 286.

جۆرەها سیما و کاراکتەری نویێ لە کەسایەتی مرۆڤدا. هەموو ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ لاوازبوونی سیستەمی باوکسالاری و دامەزراوەی خێزانی باوکسالار وەك ئەو دامەزراوەیەی کە سنووری لە بەردەم ڕەفتار و مەیلە سێکسییەکانی تاکەکەسدا دادەنا. کاستلز لە کۆتایی توێژینەوەکەیدا بە نیگەرانییەکی واقیعبینانەوە دەڕوانێتە ئاکامەکانی ئەم بارودۆخە و باس لە چەندین نمونەی ئازاردەر لە ژیانی تایبەتی تاکەکەسدا دەکات کە لە ئەنجامی ئازادی سێکسییەوە دووچاریان دەبێ: ئاساییکردنی پەیوەندییە سێکسسەکان بەهۆی پیشاندانی فیلمی ڕووتەوە لەناو بەرنامەی ئاسایی تەلەفزیۆنەکاندا، پەرەسەندنی زەبروزەنگی بێموبالاتانە لە کۆمەڵگادا، کە ئەمانەش دواجار لە ڕێگەی شاراوەوە مەیلی سێکسیی جڵەو نەکراو و لادانە سێکسییەکانیان لێدەکەوێتەوە: "*ئازادبوون لە خێزان، تاکەکەس لەگەڵ ئەو دەروون پشێویانەدا ڕووبەڕوو دەکاتەوە کە بەسەریدا سەپێنراون. هەڵاتن بەرەو ئازادی لە کۆمەڵگایەکی ئازاد و تۆڕچن (نێتۆرك)دا دەبێتە هۆی دەروون پشێوی تاکەکەسی و توندوتیژی کۆمەڵایەتی. ئەمەش تا ئەوکاتەی کە شێوەی تری پێکەوە ژیان و دەروەستیی هاوبەش دێتە دی، کە تیایدا ئافرەتان، پیاوان و منداڵان لە خێزانی یەکسانخواز و دووبارە گونجاودا کۆبکاتەوە، خێزانێك کە شایانی ئافرەتانی ئازاد، منداڵانی هووشیار و پیاوانی بگۆڕ بێت*"[97].

97 هەمان سەرچاوە، ل: 288.

### *لوک فیری،*
### *لەئایینی مەسیحییەوە بۆ مرۆڤباوەڕی:*

دوای خستنە ڕووی بیروڕای هەندی لە کۆمەڵناسانی ئەڵمانی، بەریتانی و ئیسپانی/ئەمەریکی، نامەوێت ئەم باسە کۆتایی پێبهێنم بەبی ئەوەی ئاماژە بە چەند توێژەرێکی دی نەکەم، کە لە بۆچوونی ترەوە باسیان لە پەیوەندیی خۆشەویستی و ژیانی هەستەوەری کردووە و خزمەتێکی زۆر بە باسەکەی ئێمە دەکەن. ئەوانیش سێ بیرمەند و توێژەری فەرەنسین: لوك فیری، فرانسوا فۆرکیە و ڕینیێ نلی.

زۆرجار سەبارەت بە مرۆڤی پەرش و بڵاو و بێموبالات و بلّح، دەگوترێ: ئەوان هیچ شتێکیان بەلاوە پیرۆز نیە. نە خۆیان بۆ یەزدان و نە بۆ نیشتیمان و نە بۆ حاکم نادەن بە کوشت! بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پانتاییەك هەیە کە پیرۆز تەماشای دەکەن و ئامادەن خۆیانی بۆ بکەن بە قوربانی، ئەویش پانتایی خۆشەویستیە.

لەوکاتەوە گۆتەی ئەڵمانی ڕۆمانی (ئازارەکانی ڤاڵتەر)ی نووسیوە، ژمارەیەکی زۆر لە گەنجان خۆیان لە پێناوی خۆشەویستیدا بەکوشتداوە، یاخود ناکامییان لە پەیوەندیی خۆشەویستیدا کوشتوونی. ئەمڕۆ شتێکی سەرسووڕهێنەرە گەر ببیستین فلانکەس لە ئەڤینداریدا دیقیکردووە، یان لەبەر نەگەیشتنی بە دڵدارەکەی، خۆی کوشتووە. وەلێ لەهەمان کاتیشدا ڕێزیان لێدەگرین و خەم بۆ ئەو کەسانە دەخۆین کە لەپێناوی خۆشەویستیدا لە گیانی خۆیان دەبوورن. ئەمەش لەبەر ئەوەیە لەو ڕاستییە تێگەیشتوین کە دەڵێت: ئەگەر ژیان مانایەکی هەبێت، ئەوە ئەو مانایە لە خۆشەویستییەوە دێت. خۆشەویستی ئەو پەیوەندیەیە کە مانا بە ژیان دەبەخشێت و ئەو کەسەش کە لەتاو خۆشەویستی خۆی بەخت دەکات، بەمانایەك خۆی بۆ ژیان بەختکردووە.



فەیلەسووفی کۆنسێرڤاتیڤی فەرەنسی لوك فیری[98]، کتێبێکی بەناوی (*مرۆڤەخودا: یان مانای ژیان*)[99] نوسیوە کە لە بەشێکیدا باس لە (**ئاییني خۆشەویستی**) دەکات وەکو ئەو ئایینەی کە چاوەڕێدەکرێ جیهان ڕزگار بکا. کتێبەکەی فیری بەدەر لەوەی دەیەوێت لە چوارچێوەی مرۆڤدۆستییەکی میتافیزیکیانەدا، خۆی ئاشکرا نەکات، هەوڵێکی زۆریش دەدات وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە کە پرسیارێکە تایبەت بە هزری مۆدێرن: *ئایا پێگەی مرۆڤ لە جیهانێکدا کە یەزدانی تێدا مردبێت، چییە؟*

فیری سەرەتا لەو گریمانەیەوە دەستپێدەکات کە بڵێت: پرسیار لە مانای ژیان و پرسیار لە پانتایی پیرۆز، دوو ڕووی یەك مەسەلەن و بەردەوامیش جەخت لەسەر ئەو ناکۆکە دەکاتەوە کە دەڵێت: خۆشەویستی مۆدێرن، واتە: خۆشەویستی ڕۆمانتیکی، تەنیا ئەو کاتە دەیتوانی سەرهەڵدات، کە مرۆڤ توانیبێتی ماڵئاوایی لە ئایینێك بکات، کە خۆشەویستی بەرز ڕادەگرت و دەیگوت: یەزدان بۆخۆی خۆشەویستیە[100]. بەم پێیەش ئەگەر خۆشەویستی سیمایەکی دیکەی

98 سەبارەت بە لوك فیری بەکوردی وتارێك لەم کتێبەدا هەیە، بڕوانە:

- هاشم ساڵح: **فەلسەفە، ڕۆشنگەری، فێنتامنتالیزم**. وەرگێڕانی: شوان ئەحمەد، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی 2003، ل: 40- 50.

99 Luc Ferry: **Menneskeguden**. Eller livets mening. Ovs. Anne Rasmussen, Munksgaard Rosintante, 1997.

100 ئەم قسەیە لەسەر زاری (پاسکاڵ 1623–1662) ـەوە دووبارە دەکرێتەوە و لەم کتێبەدا نووسراوە:

مرۆڤباوەڕی و مرۆڤدۆستی بێت، ئەوە هیومانیزم میراتگرێکی ڕاستەقینەی ئایینە، بەتایبەتیش ئایینی مەسیحی. چونکە مرۆڤدۆستیش جەخت لەسەر ئەو بنەمایە دەکاتەوە کە دەڵێت: خۆشەویستی ئەو پەیوەندی هەستکردنەیە کە مانا بە ژیان دەبەخشێت. خۆشەویستی ئەو پەیوەندیەیە کە مرۆڤ دەخاتە ناو پانتاییەکی پیرۆزی یەزدانییەوە.

فیری لەو بڕوایەدایە، *"سێکۆلاریزەبوون، واتە داماڵینی پیرۆزی لە جیهان و بە ئینسانیکردنی قەڵەمڕەوی یەزدانی، لەلایەن بزاڤێکی دژەوە بەرپەرچی دەدرێتەوە کە ئیشدەکات بۆ بە یەزدانیکردنەوەی (بە پیرۆزکردنی) قەڵەمڕەوی مرۆڤایەتی"*[101].

لەلایەکەوە، وەك فیری گوتویەتی ئێمە لەبەردەم داماڵینی هەموو سەرسامبوونێکداین بە جیهان و گەردوون، یان ڕاستر وایە بگوترێ: ئێمە لەبەردەم بزووتنەوەیەکی بەرفراوانی بەئینسانیکردنی قەڵەمڕەوی یەزدانیداین، کە لە سەدەی هەژدەهەمەوە دەستنیشانکەری پرۆسەی بەدنیاییبوون بووە لە ئەورووپادا و پاشانیش پەلی کێشاوە بۆ شوێنەکانیتر لە جیهاندا. بەڵام هاوتەریب بەم پرۆسەیە، مرۆڤایەتی بەشداریش بووە لە پرۆسەیەکی هێمنانەتردا بۆ گێڕانەوەی بەها و ئیعتیبار بۆ قەڵەمڕەوی یەزدانی، ئەویش لە ڕێگەی خۆشەویستییەوە: *"لە دنیای مۆدێرندا مانای ژیان لەوێدا بەرجەستە دەبێت، کە من خۆم بکەمە قوربانیی بۆ ئەویتر، هەروەك چۆن لە کۆندا (قۆناغی*

–Det Store Tenkere: **Pascal** . Ovs. A. Krause-Jensen. Kopenhaven, 1970, s. 13.

101 Luc Ferry: Ibid, s. 53.



*ئایینسالاری)، مانا ئەوکاتە بەرجەستە دەبووکە مرۆڤ خۆی لە پێناوی ئەوانیتردا بەخت بکات"*[102].

بەم پێیەش مرۆڤباوەڕی (هیومانیزم) مەسیحیەتی ڕەتکردەوە و خۆی وەك جێگرەوەی ئەم ئایینە ناساند. کەواتە **لەو جیهانەدا کە خودا مردووە، مرۆڤ بەتەنیا ماوەتەوە**. بەڵام هێشتاکەش ئەم مرۆڤە ئامادەیە و دەیەوێت خۆی لە پێناوی ئەوانیتردا بکاتە قوربانی، چونکە خۆشەویستی بۆ ئەویتر وەك شتێکی پیرۆز تەماشای دەکرێت[103]. ئەمەیە وەڵامی پرسیارەکەی لوك فیری. بەم پێیەش خۆشەویستی پرۆژەیەکە بۆ بەکۆمەڵبوون و وەك نووسەری ئیتالی فرانسیسکۆ ئەلبیرۆنی گوتویەتی: شۆڕشێکە، شۆڕشگێڕەکانی لە دوو کەس پێکهاتوون[104]. بۆیە خۆشەویستی وەك ئایدۆلۆژیای دژ بە پرۆسەی تاکگەرایی (ئیندیڤیدیوالیزم) بەدیار دەکەوێت، ئەمەش لەهەمان کاتدا کە خۆشەویستی بە مانا مۆدێرنەکەی بۆخۆی بەرهەمێکی بیری تاکگەراییە. بە بڕوای فیری ئێمکانی نەبوو خۆشەویستی ڕۆمانتیکی وەك پەیوەندییەکی نێوان مرۆیی بەرجەستە ببێت، ئەگەر پرۆسەی تاکگەرایی

102 Se: Jorn Bjerre, I: *Philosophia*: Tidsskrift for filosofi, ARG. 26, 1-2, s. 211.

103 Jorn Bjerre, *Ibid*: s. 212.

104 سەبارەت بە بیروڕاکانی ئەلبیرۆنی سەبارەت بە خۆشەویستی، بڕوانە:

– ڕێبوار سیوەیلی، **دیاردەگەرایی تاراوگە**، چاپی دووەم، دەزگای ئاراس، هەولێر، ل: 93– 102

بەندی هاوسەنگیی مرۆڤەکانی لە ژیانی کۆمەڵایەتییاندا نەپساندبا□□□. بەم مانایەش خۆشەویستی ڕۆمانتیکی هەوڵدانە بۆ بەدەستهێنانەوەی ئەو هاوسەنگیەی کە فێری پێیوایە پێشتر بەهۆی ئایینەوە لە ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤدا ئامادەیی هەبووە.

بەڵام خۆشەویستی پانتاییەکی دووفاق و پارادۆکساڵیە کە مرۆڤ تیایدا خودی خۆی دەوێت بەهۆی ئەویترەوە. خۆی خۆشدەوێت و لە خۆشەویستییدا بۆ ئەویتر بەرجەستەی دەکات. خۆی بەسەنتەر دەکات لە ڕێگەی جێکردنەوەی ئەویتر لەو سەنتەرەدا. مرۆڤێك نەتوانێ خۆشەویستی بەرەو خۆی ئاراستە بکات و لەگەڵ خۆیدا خۆشەویستی نەکات، ناشتوانێت بەرەو کەسێکیتر ئاراستەی بکات و لەگەڵ ئەویتردا خۆشەویستی بکات. وەك فرۆم دەنووسێ: "*خۆشەویستی ڕاستەقینە تەنیا ئەوکاتە ئیمکانی هەیە کە دوو کەس لە کانگای بوونی خۆیانەوە لەگەڵ یەکتردا گفتوگۆ بکەن، واتە هەریەکەیان بتوانێ خۆی لە کانگای بوونی ئەویتردا دەرك و ئەزموون بکا. واقیعیبوونی مرۆڤ تەنێ لەم* ***کانگای بوونە****دایە، ژیان تەنیا لەوێدایە و بنەمای ئەڤینیش هەر لەوێدا. ئەو خۆشەویستیە بەو جۆرە دەرك بکرێ، تێکۆشانێکی هەمیشەییە، وشکبوون نیە، بەڵکو جووڵەیە، پێگەیشتن و هاوکارییە*"□□□

105 Luc Ferry: *Ibid*, s. 75 ff..

106 اریك فروم، **هنر عشق ورزیدن**، ت: پوری **سلطانی**. مروارید، تهران 1380، ل: 130–129



هەوڵێکی زۆر دراوە بۆ خۆڕزگارکردن لەم دووفاقیە کە خۆشەویستی (خود) و (ئەویتر) پێکەوە دەبەستێتەوە و ئەمەش بەهۆی دوو جۆر تێگەیشتن لەسەر خۆشەویستی، بخرێتە ڕوو. تێگەیشتنێکی یۆنانیانە و یەکێکی مەسیحیانە: لە تێگەیشتنە یۆنانیەکەدا، بیروڕای ئەفلاتوون کراوەتە پێوەر کە تیایدا خۆشەویستی بابەتێکی هەستەوەرانە، خودگەرایانە، سوودگەرایانە و غەریزییە. لە گفتوگۆی ***خوان*** و بەشێ لە گفتوگۆی ***فایدەرۆس*** دا□□□، ئەفلاتوون بەو جۆرە قسان لەسەر خۆشەویستی دەکا، کە هۆکارێکە بۆ پاکژبوونەوەی ڕۆح بەو مەرجەی مەبەستمان چێژی جەستەیی نەبێت، چونکە خۆشەویستی ڕاستەقینە لەودیو چێژە جەستەییەکانەوەیە: "*ئەو کەسەی بیەوێت بۆگەیشتن بە دوا مەبەستی خۆشەویستی ڕێگایەکی دروست بگرێتە بەر، پێویستە لە ڕۆژگاری لاویدا دڵی خۆی بخاتە گرۆی جەستە جوانەکانەوە. ئەگەر بەخت یاری بێت و ڕابەرێکی شارەزا ڕێنومایی بکا، سەرەتا دڵ بە جوانێك دەدۆڕێنێ و هەوڵدەدات ئەو شتەی لە ناخی خۆیدا پەنهانی کردووە لە ڕێگەی وشەی جوانەوە بەویتری بسپێرێ و لەگەڵیدا پەروەردەی بکا. پاشان تێدەگات کە جوانیی لەشێك هەمان جوانیی لەشەکانی ترە و هەموو ئەو جوانیانەش یەك سەرچاوەیان هەیە. ئەمجا بەخۆی دەڵێت، ئەگەر من شەیدای جوانیی جەستەم، هۆکارێك نابینم تا گرنگیی و فەزڵی جەستەیەك بدەم بەسەر ئەوانیتردا. لەگەڵ دەرکەوتنی ئەم زانینەدا، عاشقی هەموو لەشە جوانەکان دەبێت و دەستهەڵدەگرێت لە هۆگریی بۆ یەك جەستە و ئەوجۆرە هۆگربوونە بەکەم تەماشا دەکا.*

107 هنری بمفورد پارکر، **خدایان و ادمیان**: نقد مبانی فرهنگ غرب، ترجمه محمد بقایی، قصیده، تهران 1380، ص 271.

*کاتێ گەیشتە ئەو قۆناغە چاوی لەئاست جوانیی ڕۆحدا دەکرێتەوە و ئەو دەمەش تێدەگات کە جوانیی ڕۆح چەندە لەسەرووی جوانیی جەستەوەیە"،(...) ئیتر "بەچاوێکی نزم تەماشای جوانیی لەش دەکات و ڕووی لێوەردەگێڕێ"*[108].

کەواتە بەلای ئەفلاتوونەوە، خۆشەویستی بۆ مرۆڤ (لە ڕاستیدا بۆ نێرینە)، قۆناغێکە لەڕێگای گەیشتن بە خۆشەویستی ڕۆحیانە و تا لەمەیان نزیکبینەوە، لەوی تریان دوور دەکەوینەوە. کاکڵەی بیروڕاکانی ئەفلاتوون ئەوەیە کە بڵێت: گیرۆدەی خۆشەویستی بۆ تاکە جەستەیەك مەبن، بەڵکو وەکو ڕیزێك پلەکانە سوودیان لێوەربگرن و لەم جەستەیەوە بڕۆنە سەر بەرەو یەکێکیتر و لەوێشەوە بەرەو سەرووتر. هەموو جۆرەکانی جوانی تاقیبکەنەوە و لە جوانیی لەشەوە بەرەو جوانیی ڕۆح بچن و لەوێشەوە بەرەو چەمکی جوانیی ڕەها بڕۆن.

ئەم بیرۆکەیە لەلایەن پلۆتین (205-270ز) و ئەفلاتوونیە نوێیەکانی ترەوە، تێکەڵ بە عیرفانی خۆرهەڵاتیانە کراو لە ڕێگەی قەدیس ئاگۆستینەوە کاریگەریی خۆی لەسەر ئاییینی مەسیحی بەجێهێشت[109].

بۆیە خۆشەویستی بە تێگەیشتنە مەسیحییەکەی و بەوەی کە خۆشەویستی بۆ یەزدان نمونە بەرزەکەیەتی، خۆشەویستییەکی لە پڕ، گشتگرەوە و لەهەمان کاتیشدا بێ سنوورە. وەنەبێت ئەم تێگەیشتنە لە

108 افلاطون، **مهمانی** 210، دوره اثار، جلد اول، ترجمه: محمد حسن لطفی و رضا کاویانی، خوارزمی، تهران 1380 ص: 435.

109 Poul Lubcke: (Red.) **Politikens filosofi leksikon**. Politikens Forlag, Kopenhaven, 11. oplag 1996, s. 344-346.



خۆشەویستی نامۆبێت بە هزری فەیلەسووفانی یۆنانی دێرین، بەڵکو هەروەکو پێشتر ئاماژەی بۆکرا، هەر لەژێر کاریگەریی بیروڕاکانی ئەفلاتوون و ئەرستۆدا مشت وماڵ کراوە. سەرەتا بە سوود وەرگرتن لە حیکمەتی ئەرستۆ، بناخەی خۆشەویستی مەسیحایی داڕێژرا و سیستەماتیزە کرا. واتە تیۆریزەکەرانی ئەم خۆشەویستیە هەستان بە دانانی زنجیرە پێگەیەك و پلەبەندییان بۆ دانا و بە ڕوونیی ئەوەیان خستە ڕوو، کە ئامانج و پەیامی (ئەم خۆشەویستیە) بریتیە لە *ڕێکخستنی مەنزڵ و ماڵداری و وەچەخستنەوە، بەجۆرێ کە لەگەڵ بنەماکانی ئاییینی مەسیحیدا بێتەوە*. پاشانیش ئەم خۆشەویستییە ڕەنگ و بۆی ئەفلاتوونیانەی بەخۆیەوە گرت و لە ئاکامدا گریمانەی پەیوەندیی ڕۆحەکان و گیانەکان خرایە ڕوو[110].

وەلێ خۆشەویستی نایەوێت لەبەردەمی دوو هەڵبژاردندا بێت، نایەوێت لە چوارچێوەی دوو ڕوانگەی جیاواز و لێکچوودا سەمەندۆك بکرێ، یان لەنێوانی (ئەم) و (ئەو)ێکدا سەقامگیر بکرێ، بەتایبەتیش ئەگەر بواری هەبوو بۆخۆی دەربڕی خۆی بێت. خۆشەویستی شتێ نیە یان هەستەوەرانە بێ یاخود ڕۆحیانە، شتێ نیە هەنووکەیی بێت یان هەمیشەیی، شتێ نیە ئاراستەی یەك کەس کرابێ یان ئاراستەی هەمووان. خۆشەویستی هەم ئەمیانە و هەم ئەویان: هەم خۆی دەوێت و هەم ئەویتر، هەم ئەویتری دەوێت و هەم هەموو ئەوانیتریش.

ئا بەمجۆرە دەتوانین بەردەوامبین لە نرخاندنی خۆشەویستیدا، بەڵام ئەمە لەو ڕاستییە ناگۆڕێت کە شوێنی بایەخپێدانی کۆمەڵناسەکانە. بەیەزدانیکردن و بەپیرۆزکردنی خۆشەویستی ناتوانێت ڕێگە لە

110 جلال ستاری، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل: 97.

هەڵوەشانەوەی فۆرم و شێوازی خێزانی تەقلیدیانە بگرێت. ئەمەش ئەو ئەنجامەیە کە لوك فیری پێیدەگات: خێزان و پەیوەندی ژن و مێردایەتی و خۆشەویستی لە کۆمەڵگا مۆدێرنەکاندا، لە یەك کاتدا لێکهەڵدەوەشێن و لە هەمان کاتیشدا بەپیرۆز دەکرێن. وەك ئولریش بێك دەڵێت: دارمان و بەپیرۆزکردنی خۆشەویستی بوونەتە هاومالّی یەکتر و لەژێر هەمان سەقفدا نیشتەجێبوون[111].

ئەوەی جێگەی سەرسوورمانە و پێویستیشی بە لێکدانەوە هەیە، ئەوەیە: کە ڕێژەی لەدایکبوون لەکەمبوونەوەدایە لەکاتێکدا ژمارەی بەپیتکردنی تەکنیکی لە بەرزبوونەوەدایە و خەڵك ئەو هەموو پارەیە لە پێناوی منداڵبووندا مەسرەف دەکەن. لە کاتێکدا ژمارەی جیابوونەوەکان زۆر دەبێت، لەهەمان کاتیشدا خەڵك ڕیزیان بەستووە بۆ پێکەوەنانی خێزان. بۆیە دەتوانین بڵێین: ئاییینی خۆشەویستی لە کۆمەڵگای هاوچەرخی ئەمرۆی خۆرئاوادا دوو سیمای هەیە: جیابوونەوە و ئایدیالیزەکردنی خێزان. مرۆڤی هاوچەرخ لە نێوان خێزان پێکەوەنان و جیابوونەوەدا بازبازێنیەتی. ئەمەش شتێکی هێندە سەرسوورهێنەر نیە لەچاو ئەو هەموو چاوەڕوانیانەیدا کە لە خێزان و خۆشەویستی هەیەتی و کەچی بەدەگمەن دێنە دی.

**فرانسوا فۆرکیە،**

**وەهمی خۆشەویستی:**

لەناو ئەم بارودۆخەی خێزاندایە کە پەیوەندیی خۆشەویستی تەنیا دەمێنێتەوە و بەپەراوێز دەکرێ. هەموو ئەو دەنگانەی بۆ بەرگریکردن لە

111 U. Beck: ***Kerlighedens helle normale kaos***, s. 99



خۆشەویستی بەرزدەبنەوە، دەنگی تەنیان و کەس بەرگرییان لێناکات. چونکە ڕەنگە تازە کەس بەڕاستی نەیەوێت باوەش بۆ خۆشەویستی بکاتەوە و خۆی بخاتە ئامێزی ئەم پەیوەندییەوە. نەك هەر ئەوە بەڵکو هێدی هێدی خۆشەویستی بەچاوی کەم تەماشای دەکرێت، ڕەتدەکرێتەوەو وەك پیشەی کەسانێکی بێدەسەلاّت تەماشای دەکرێت، کە جگە لە فریودانی خۆیان و درۆکردن لەگەڵ ئەوانیتر، هیچیتریان لەدەست نایەت. ئەمرۆ لەبەشێکی زۆری کۆمەڵگا خۆرئاواییەکان و ئەو کۆمەڵگایانەی لە ژێر کاریگەریی ڕاستەوخۆی ئەو گۆڕانکاریانەدان کە لە کۆمەڵگا خۆرئاواییەکاندا ڕوو دەدەن، پەیوەندیی هەستەوەری و خۆشەویستیکردن بەشێوەیەکی بنەمایی گۆڕاون. وەك فرانسوا فۆرکیە دەبێژێ، قسەکردن لەسەر دڵ لە ناوەندە زانستی و ئەکادیمییەکاندا مایەی سەرسوورمان و گاڵتەپێکردنێکی ڕاشکاوانەیە و تەنانەت کار دەکاتە سەر خرۆشاندنی هەستی شەرمکردن، نائارامی و نادڵنیایی لە ناو هاوڕێکانمدا[112].

فۆرکیە (1940) کە توێژەرێکی بواری زانستە کۆمەلاّیەتییەکانە و ئەندامی ئەنجومەنی نیشتیمانیە بۆ توێژینەوەی زانستی لە فەرەنسا، ئەم بارودۆخە دەبەستێت بەوەی کە چیدی لە کۆمەڵگای هاوچەرخدا (دڵ) وەکو سەرچاوەی پەیوەندییە کۆمەلاّیەتییەکان بەهای جارانی خۆی نەماوە، چونکە لە کولتووری ئەمرۆدا، کە کولتوورێکە لەسەر بنەمای (عەقڵ)ـەوە دامەزراوە، پێویستە هەموو شتێ لەسەرچاوەیەکیترەوە بێت کە (سەر)ـە. بۆیە لەو کاتەوە کە (عەقڵ) شوێنی (دڵ)ی گرتۆتەوە،

112 فرانسوا فورکیة، **المال، القوة و الحب**، (تاملات في تطور بعض القيم الغربية). ترجمة: د. سناء ابو شقرا، دار الفارابي، بيروت، 1999، ص108.

بەرژەوەندیش چۆتە جێگەی خۆشەویستی و دادوەری. لەم کولتوورەدا لۆژیکی سوودگەرایانەی ئابووری و بازاڕ دەسەڵاتدارە و ئەم لۆژیکەش لەسەر بنەمایەکی عەقڵانیی بەرژەوەندخوازانەوە نرخ و بەهای شتەکان و پەیوەندییەکان دادەنێ. بۆیە قسەکردن لەسەر پەیوەندیی خۆشەویستی و سۆزگۆڕینەوە، دەبێتە هۆی خرۆشان و هەستکردنی مرۆڤ بە شەرم و مایەی تەریقبوونەوەن، چونکە لە ڕوانگەی مرۆڤێکەوە کە هەموو شتێك سەرمایە و پارەیە، سۆز شتێکی ناعەقڵانی و لێرەشەوە بێسوودە[113].

لەگەڵ ئەوەشدا مرۆڤ ئەو کائینەیە کە مرۆڤبوونی خۆی بەپێی ئەو پێوەرە هەڵدەسەنگێنێ کە پەیوەندیی هەستەوەرانەی خۆیەتی لەبەرامبەر مرۆڤەکانیتردا. ئەمەش ئەو هەستکردنەیە کە دڵنیامان دەکاتەوە لەوەی دەتوانین مرۆڤبوونی خۆمان بسەلمێنین، واتە خۆشەویستی بکەین و لەگەڵ مرۆڤەکانیتردا سۆز بگۆڕینەوە. بەبڕوای فۆرکیە چەمکی (خۆشەویستی) لەناو کولتوورێکی ئەوتۆدا، کە ڕەگوڕیشەیەکی یەهوودی مەسیحایی هەیە، مانای خۆی لەدەستداوە و زیاتر وەك پاساوهێنانەوەیەك بۆ ئەو نالێبووردەیی و تەنانەت ئەو قەسابخانانە بەکار دەبرێت کە ئەم کولتوورە لە دژی کولتوور و کۆمەڵگاکانی دی وەدیهێناوە. فۆرکیە لەو بڕوایەدایە، کە مرۆڤ لە کۆمەڵگای هاوچەرخدا ***وەهمی خۆشەویستی*** هەیە زیاتر لەوەی خۆشەویستی بکا (ئەمەش نزیکە لە بۆچوونی ڕۆلان بارتەوە کە لەبەشی دواییدا ئاماژەی پێدەدەم). چۆن دەتوانین خۆشەویستی بکەین کاتێ نەزانین خۆشەویستی چییە؟ بۆیە مرۆڤ خۆی لە بارودۆخێکدا وێنا دەکات، کە گوایە پێگەی خۆشەویستیکردنە بەبێ ئەوەی هەست بە

113 هەمان سەرچاوە، ل: 109.



کۆژانەکانی خۆشەویستیی ڕاستەقینە بکات[114]. ئەو کۆژانانەی بەشێکی پێکهێنەر بوون لە خۆشەویستی و پەیوەندیی سۆزگەرایانەی مرۆڤ. لێرەوە ئەوەی مرۆڤ بەناوی خۆشەویستییەوە هەستی پێدەکات، هەستکردنێکی ڕەسەن نییە و درۆزنانەیە. نومایشکردنی خۆشەویستیە نەك ژیان لەگەڵ و لەناو خۆشەویستیدا. ئالێرەشەوە خۆشەویستیکردن وەك پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی کە لەسەر بنەمای سۆزگۆڕینەوەی مرۆڤەکان لەگەڵ یەکتر بەدیار دەکەوێت، لەژێر دەسەڵاتی کۆمەڵێ ئەتەکیات و ڕێوڕەسمی کۆمەڵایەتیی سارد و سڕ، بەڵام بەبریق باقدا، بەپەراوێز و بێدەنگ دەکرێت. ڕێوڕەسمەکان دەبنە *ئامانج* نەك سۆزی ڕاستەقینەی تاکەکان بۆ یەکتر. ئەمڕۆ خۆشەویستی **ڕادەگەیەنرێ**، لەناو هۆڵ و هووتێل و باخچەکاندا **نومایش** دەکرێ و مژدەی دەدرێت و **دەخرێتە ڕوو**، لە پەیوەندییەکەوە کە لە دڵدایە دەکرێتە دیمەنێك بۆ تەماشاکردن و بینین. لەکاتێکدا خۆشەویستی دەخوازی لەگەڵیدا بژین و پێوەی بژین، نەك ڕایگەیەنین و بینوێنین.

### ***ڕنێیە نلی،***
### ***فیمینیزم و داماڵینی خەسڵەتی شاعیرانە لە مێیینە:***

کەسانێکی تر هەن، وەکو (ڕنێیە نلی) هۆی ئاوابوونی خۆشەویستی لە کۆمەڵگای هاوچەرخی ئەوروپاییدا دەگێڕنەوە بۆ دوو فاکتەری سەرەکیی تر. یەکەمیان بریتیە لە لاوازبوونی کاریگەریی ئەو ئایینانەی کە ڕۆژگارێك فەزیلەتەکانی خۆشەویستیی مرۆڤ و مرۆڤیان دەگۆڕی بۆ خۆشەویستییەکی ڕاستەقینە کە پڕبوو لە مەعنەویەت، بۆ نمونە ئایینی

114 سەرچاوەی پێشوو، ل: 110.

مەسیحی کە تیایدا پەیوەندییەکی لە نێوان خۆشەویستی بۆ ئافرەت و مرۆڤدۆستی هێنابووە ئاراوە. بەپێی ئەو تێگەیشتنە هەموو خۆشەویستیکردنێکی مرۆڤ و مرۆڤ دواجار مانای ڕاستەقینە و پاداشتی خۆی لە ئاسمانەوە وەردەگرت و ئەمەش دڵنیایی و سەبووریی بە مرۆڤ دەبەخشی. وەلێ ئەم ئایینانە لە ڕۆژگاری هەنووکەدا کارایی خۆیان لەدەستداوە و ناتوانن نیگای خاکیانەی مرۆڤی عاشق بەرەو ئاسمان ئاراستە بکەنەوە، بۆیە پەیوەندیی خۆشەویستی چیدی ئەو پشتیوانە مەعنەویەی جارانی نەماوە و دڵنیایی نادات بە مرۆڤ[115]

فاکتەری دووەم، هۆکاری لاوازبوون و ئاوابوونی پەیوەندیی خۆشەویستی دەگێڕێتەوە بۆ برەوسەندنی بزاڤی مێباوەڕی (فیمینیزم) و ئەو دەستکەوت و گۆڕانکاریانەی ئەم بزاڤە وەدیهێنان. بەپێی ئەو ئایدیاڵ و شێوازی ژیانە مۆدێرنەی فیمینیزم لە ژیانی ئافرەتان و کولتووری کۆمەڵگای ئەورووپیدا بەرجەستەی کردن، پەیوەندی سۆزگۆڕینەوە ئەو هەلومەرجە پێویستانەی لەدەستدان کە دەبوونە هۆی برەوسەندنی پەیوەندیی خۆشەویستی. ئەمڕۆ ئافرەتانی خۆرئاوا بەبەهانەی کێبەڕکێ و چاولێکەری پیاوان و بەمەبەستی یەکسانبوون لەگەڵ نێرینەدا، مێیینەیی خۆیان خستۆتە پەراوێزەوە. لەو کۆمەڵگایانەدا، گوایە ئافرەت بەشێوەیەکی ڕواڵەتیانە یەکسان بووە بە پیاو و بۆتە لاساییکەرەوە و شوێنپێ هەڵگری پیاوان و ئەمەش ئەوانی بە پیاوان یەکسانکردووە. ئافرەت لە بەشێکی زۆری کۆمەڵگا مۆدێرنەکاندا وەکو پیاوان کار دەکات، لە سیاسەتدا بەشدارە و فیمینیزمیش ئەمانە وەك دەستکەوت پێناسە دەکات. بەڵام بە دیوێکی تردا، کاریگەریی ئەم

115 رنه نلی: "اسطورهء *قلب در عشق شیفتگی*"، سەرچاوەی پیشوو، ل: 170



دەستکەوتانە لەسەر ژیانی هەستەوەریی مرۆڤ پێچەوانە بووە. لەگەڵ ئەوەشدا کە زۆربەی هەرە زۆری ئەو ڕێگرانەی جاران خێزان و کۆمەڵگا و ئایین، لەبەردەم پەیوەندیی خۆشەویستی و سۆزگۆڕینەوەدا قوتیان دەکردنەوە، نەماون، کەچی چیدی ئافرەت وەك جاران نابێتە هۆی ستاییشکردنی پیاوان و *شاعیرانە و نەمرانە* ناپەرسترێ. ئەمڕۆ لە کۆمەڵگای بەمەدەنیبوودا ئافرەت وەك پیاوی لێهاتووە و ئیتر بوونەوەرێکی جیاواز نیە لە نێرینە و بۆئەوەی یەکسانیی بەدەست بهێنێ، لاسایی پیاو دەکاتەوە و وەکو ئەو هەڵسوکەوت دەکا[116].

ئەگەرچی لەم تێڕوانینەدا وا دەردەکەوێ کە خۆشەویستیکردن کردەیەکە زیاتر پیاوانە و بکەر تیایدا نێرینەیە و ئافرەت بابەتی خۆشەویستییەکەیە و پاسیڤە، بەڵام تێڕوانینێکیشە جێگەی سەرنجە. چونکە ڕەخنە لەو ئاراستەیەی بزاڤی فیمینیزم دەگرێت، کە هەوڵیداوە لە پێناوی یەکسانکردنی ئافرەتدا بە پیاو، چاو لە جیاوازییەکانی نێر و مێ بپۆشێ و پانتایی نێرایەتی بکاتە نمونەیەك لەبەردەم مێیینەدا، تا هەوڵبدات خۆی تێدا بگونجێنێ. واتە لەسەر حسابی دەستهەڵگرتن لە ناسنامە و سەلماندنی شوناسی مێیینەیی خۆی لەسەر عەردی واقیع، هەڵپە بکا بۆ بەرجەستەکردن و لەبەرکردنی ناسنامەیەکی تر کە لە بنەمادا نە هی خۆیەتی و نە بەبەریشی دەکات. ئەمەش چەندە بەدیوێکدا دەستکەوتێك بووە بۆ ئافرەتان، هێندەی تر بەدیوەکەی تردا خەسارەتێك بووە، چونکە بۆتە هۆی ئاڵۆزکردنی پانتایی مێینەیی و قەیراناویکردن و

116 رنه نلی، سەرچاوەی پێشوو، ل: 171.

بارگاویکردنی ژیانی ژنان بە زۆرێك لەو کێشانەی کە لە بنەمادا کێشەی ئەو نین.



***بەشی سێهەم:***

# ئاوابوونی خۆشەویستی

***تەوەری یەکەم***

## بارودۆخی خۆشەویستی

ئەگەر بمانەوێت جوانترینی ئەو نووسینانەی لەسەر پەیوەندیی ئەڤینداری و خۆشەویستی نووسراون بخوێنینەوە، واچاکە بگەڕێینەوە بۆ ئینجیلی پیرۆز، بۆ نامەی یەکەمی پۆڵس کە ئاراستەی (کۆرنسۆسەکان)ی کردووە و تیایدا هاتووە:

*«گەر بێتو بە هەموو زمانەکانی جیهان و فریشتەکان بدوێم، بەڵام خۆشەویستیم نەبێ، ئەوە من وەك گرمەگرمی دەهۆڵ و زیڕەزیڕی زوڕنا وام. گەر بێتو بە ووشەی خودا بدوێم و هەموو نهێنی و زانیارییەك بزانم و باوەڕێکی تەواوی وام هەبێ بتوانم چیای پێ هەڵکەنم، بەڵام خۆشەویستیم نەبێ، ئەوا هیچ نیم. گەر بێتو هەموو سامانم بەسەر هەژاران دابەش بکەم و تا سووتان ژیانم پیشکەش بکەم، بەڵام خۆشەویستیم نەبێ، ئەوا هیچ سوودی بۆم نابێ. خۆشەویستی دان بەخۆگرتن و ڕۆح سووکییە، خۆشەویستی شانازی نییە، چاو پیسی نییە، لووتبەرزی نییە، خۆشەویستی توندڕەوی نییە، بەدگومانیی نییە...*

*خۆشەویستی لە هەموو شتێکدا هەدادانی هەیە، باوەڕ بە هەموان دەکات و لە هەموو کاتێکیشدا ئومێدەوارە و بەرگەی هەموو شتێ دەگرێ. خۆشەویستی هەرگیز نافەوتێ. تۆزە تۆزە زانیاری فێر دەبین و نەختە نەختە بە زمانی یەزدان دەئاخڤین، بەڵام کاتێ کەماڵ دەناسین، ئیدی ناتەواوی نامێنێ. ئێمە ئێستاکە لە ئاوێنەیەکی تەماوی زیاتر هیچیتر نابینین، وەلێ ئەوکاتەی کەماڵ دەناسین، لەگەڵیدا ڕووبەڕوو دەبینەوە. من ئێستا کەمەکێ زانیاریم هەیە، وەلێ ڕۆژی پەسڵانێ بەتەواوی خواوەند دەناسم، هەروەك چۆن ئەویش من بەتەواوی دەناسێ. جا ئەوەی (تا ئەوکاتە) دەمێنێتەوە: باوەڕ و هیوا و خۆشەویستیە، ئەمانە سێ شتن، بەڵام خۆشەویستی لە هەموویان مەزنترە.»*[117].

وەك دەبینین ئەوەی لێرەدا جەختی لەسەر کراوەتەوە، سێ شتن: باوەڕ و هیوا و خۆشەویستی، بەڵام وەك پۆڵس دەڵێت: لەهەموویان مەزنتر خۆشەویستییە. بەم پێیەش ئایین پێگەی بۆ خۆشەویستی لەپێشچاو گرتووە و ئەوەیشی بە پێگەیەکی مەزن لەقەڵەمداوە. هەر لە گوتەکانی پۆڵسدا بۆمان ئاشکرا دەبێت کە بە نەبوونی خۆشەویستی و ئاوابوونی کاتیانەی ئەم وزە نەمرە، سێ ئاڵۆزی و کەموکوڕی دەکەونە سیستەمی ژیانەوە: یەکەم ئاڵۆزی لە زماندا: بەوەی کە ڕستەکان لە غیابی خۆشەویستیدا دەگۆڕێن بۆ گرمەگرم و زیڕەزیڕ. دووەم ئاڵۆزی لە ئیماندا: بەوەی کە ئەگەر مرۆڤ ئیمانێکی ئەوتۆشی هەبێت کە بتوانێ بەهۆیەوە نهێنیەکان بزانێ و چیای پێهەڵکەنێت، بەڵام خۆشەویستی

117**ئینجیلی پیرۆز**، یەکەم نامەی پۆڵس بۆ کرۆنسۆسەکان 13. کۆمەڵەی دەولی کتێبی پیرۆز، نوسینگەی هەولێر، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر 1998، ل 318.



نەبێت، ئەوە هیچ نییە. سێهەم ئاڵۆزی لە کردەوەدا: ئەمەش بەوەی مرۆڤ هەرچەندە بیەوێت چاکەکاریش بێت، بەڵام خۆشەویستی نەبێت، ئەوە سوودێکی ئەوتۆی نابێت. بەمجۆرەش مانای خۆشەویستی لە کردەیەکی سۆزگەرایانەی نێوان دوو مرۆڤەوە دەبێتە وزەیەکی ئیرۆسیانەی نەمر کە مانا بە ژیان دەدات و بگرە ژیانی مرۆڤ لەو ئاڵۆزیانە دەپارێزێت کە هەڕەشە لە بوونی ئینسانیانە دەکەن.

لەگەڵ ئەوەشدا کە پۆڵس باس لە باوەڕ و هیوا و خۆشەویستی دەکات، بەڵام ئەوەی ئەمڕۆ بەرچاو دەکەوێ ئەوەیە، باوەڕ و هیوا لە زۆربەی شوێنەکانی جیهاندا نەماون یان لاواز و مەحوو بوونەوە، هەم باوەڕ بە یەزدان[118] و هەم باوەڕ بە پێشکەوتنیش. باوەڕ ڕۆڵی خۆی لە دروستکردنی دەستە و تاقمی باوەڕداران و سازدانی جیهانبینییە ڕەهاکاندا سنووردار کرد. هەروەك چۆن ئایدیۆلۆژییە سیاسی و یۆتۆپیا کۆمەڵایەتییەکانیش لە بەشێکی هەرەزۆری دنیادا، دوای ئەوەی وادەی زۆرترین بەختەوەرییان بە زۆرترین ژمارەی خەڵك دەدا و جەختیان دەکردەوە کە «بەهەشت ئەوەتا لە بەردەمماندایە»، هەموویان بەرەو لاوازی و لەناوچوون ڕۆیشتن و هەریەکەشیان شەپۆلێ لە نائومێدییان بۆ ژمارەیەکی زۆر لە مرۆڤەکان هێنا.

118 بێگومان لەتەماشاکردنێکی خێرادا وا دێتە پێشچاو لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا باوەڕ بەیەزدان و قەڵەمڕەوی ئاسمانی، لەهەموو کاتێ زیاتر لە برەودایە. بەڵام ئەگەر بە ووردی تەماشای ئەو قەیرانانە بکەین کە ئایین بەدەستیانەوە دەناڵێنێ، بۆمان دەردەکەوێت کە بوونی حەشامات و خەڵکانێکی زۆر لەناو ئاییندا بە مانای برەوسەندنی باوەڕداری نییە، بەڵکو زیاتر نیشانەی هەژارییە لە ئیماندا. بەتایبەتی کاتێك مرۆڤ بەناوی ئیمانەوە خۆی دەتەقێنێتەوە.

بەڵام با نائومێدانە قسان نەکەین، چونکە خۆشەویستی بەردەوامە و هەروەکو پۆڵس دەڵێت: هەرگیز لەناویش ناچێت. خۆشەویستی بەردەوامە و هەر بەردەوامیش دەبێت لەوەی ئێمە ببەستێتەوە بەم ژیانەوە کە ئەگەر لە زۆر باردا خۆی دۆزەخ نەبێت، ئەوە بۆ بەشێکی زۆر لە مرۆیەکان لە دۆزەخ پڕئازار ترە. وەلێ هەرچەندە خۆشەویستی بەردەوامە و وەك دەستە خوشکەکانی جێی نەهێشتووین، کەچی بەتەنیا ماوەتەوە. تەنیا و گۆشەگیرکراوە و خراوەتە پەراوێزەوە و ڕاپێچی قوژبنی عوزلەت کراوە. کێ لەمەودوا پشتگیریی لە خۆشەویستی دەکات لەو شوێنەدا کە شوێنی بەهێزبوون و پاکژیی خۆشەویستییە و ئەوێش ناو ژیانی هاوسەرداری و جوتەکی مرۆیەکانە؟ کوا ئەو دەنگانەی کە بەهۆی ستایشکردنیان بۆ خۆشەویستی بایەخ بۆ وزەیەك دەگێڕنەوە کە لە قووڵاییەکانی مرۆڤبوونی ئێمەوە سەرچاوەی گرتووە..؟

بێگومان بەهیچ شێوەیەك ناتوانین بڵێین: خۆشەویستی بێدەنگە و نایەتە قسە و گوتاری تایبەت بەخۆی نیە. کەم ڕۆمان و چیرۆك هەن باس لە خۆشەویستی نەکەن و کەم گۆڤار و بڵاڤۆك دەردەچن باسیان لە خۆشەویستی نەبێت. هەفتەنامە ڕەنگاوڕەنگەکان زۆربەی جاران هەر لەوێنەی سەر بەرگەوە تا کۆتایی، سەرنجمان بۆ ئەو هەواڵانە ڕادەکێشن کە باس لەوە دەکەن چۆن هونەرمەندێکی بەناوبانگ لە خۆشەویستەکەی جیابۆتەوە، یان بە خۆشەویستی نمونەیی خۆی گەیشتووە. بەبازاڕدا دەڕۆیت و لەپڕ هەلهەلەی کۆمەڵە گەنجێك دەبیستی، کە نیوەی لەشی خۆیان لە جامی بەرازیلییەکەوە هێناوەتە دەرێ و بەتیژی تێدەپەڕن و بووك و زاواش بەشەرمنی لە پاشەوەی ***کووپەییەکدا*** بەڕێوەن ئەو وێنەیە لە ستۆدیۆ بگرن کە دەبێتە بەڵگە لەسەر خۆشەویستی ئەوان (خۆشەویستی چونکە ئاوا دەبێت، پێویستی بە بەڵگە هەیە لەسەر



ئەوەی ڕۆژگارێ هەبووە!).. بەکورتی، لەم سەردەمەدا کە هەندێك بەسەردەمێکی سارد و نامرۆڤانە و نائومێدکەری دەزانن، زۆربەی فیلم و شانۆنامە و نۆڤلێت و گۆرانییەکان، باس لە ئازاری تێکشکان و خۆشیی بەئاکام گەیشتنی خۆشەویستی دەکەن. هەر لە سەیید عەلی ئەسغەری کوردستانییەوە، تا حەسەن زیرەك و محەمەد عارف جەزراوی و عەلی مەردان و ماملێ و شەپۆلی گۆرانیبێژانی میللی وەك برایانی زیزی و کەریم خەمزەیی و زلێخا و سەفایی و ئەوانیترەوە، تا زەکەریا و لەیلا فەریقی و دوایین گۆرانیبێژەکان، جگە لەوەی لە پێناوی خۆشەویستی و بەناوی ئەڤینەوە چڕیویانە و لە هەوڵدانی سازدانی گوتارێکدا بوون تایبەت بە خۆشەویستی، هیچ مەبەستێکی تریان نەبووە. کەواتە خۆشەویستی هەردەم دەنگی خۆی هەبووە و گوتاری خۆی هەبووە، وەلێ وەك ڕۆڵان بارت، لە کتێبە نایابەکەیدا(***چەند پارچەیەك لە گوتاری خۆشەویستی*** 1977) گوتویەتی: گوتاری خۆشەویستی ئەمڕۆکە لەوپەڕی تەنیایی و بەپەراوێزبوونی خۆیدا دەئاخڤێ. کەس بەرگریی لێناکات، کەس پشتی ناگرێت و کەسیش بەڕاستی ئامێزی بۆ ناکاتەوە، نەك هەر ئەوە بەڵکو ڕەتدەکرێتەوە، بەچاوی کەم تەماشای دەکرێت، یان گاڵتانی پێدەکرێ. بۆیە خۆشەویستی وەکئەوەی کە هەیە، لەدەسەڵات خراوە□□□. بارت هەموو ئەمەش دەگێڕێتەوە بۆئەوەی کە بڵێت چیدی خۆشەویستی مۆدێلێکی باوی ڕۆژگار نییە بۆ خۆ سەلماندن، ئەمەش بەتایبەتی لە بواری داهێنان و هزر و توێژینەوەدا □□□.

119 Rolan Barthes: **Kerligheds Forrygte Talle**. Sorte Revens sorte Bibliotik, Kopenhagen,1997, p 27.

120 بابك احمدی: **ساختار و تاویل متن**. چ. چهارم، نشر مرکز، تهران، 1378، ل: 258

ڕەنگە بارت بەو هەستیارییە شاعیرانەی خۆی باس لە چارەنووس و ئەنجامی ئەڤینێ بکات، پاش ئەوەی باوەڕ و هیوا نامێنن و خۆشەویستی بە تەنیا دەمێنێتەوە. وەکئەوەی ئەو شتەی بە *تەنیا* مایەوە ئیدی باویشی نامێنێت و لەبیر دەکرێت. وەلێ دەبێت مەبەستی بارت چی بێت کاتێ دەڵێت، ئەمڕۆ خۆشەویستی لەوپەڕی تەنیاییدا دەئاخڤێ؟ ئایا مەبەستی ئەوە نیە کە چیدی خۆشەویستی بابەتێك نیە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان و ئەمەش وایکردووە لەلایەن بکەرانی ئەو بوارانەوە سەرنج ڕانەکێشێت؟

ئێمە دەزانین کە شۆڕشی بنەمایی لە بواری خۆشەویستیدا و لەناو کولتووری خۆرئاوادا، لەنیوەی دووەمی سەدەی بیستەمەوە ڕوویدا. دەستکەوتی ئەو شۆڕشە ئەوەبوو کە خۆشەویستی لەو پێوەند و ڕێگرانە ڕزگار کرد، کە پێشتر لێوەی ئالابوون و بەهۆی یاسا نووسراو و نەنووسراوەکانیەوە کۆنترۆڵیان کردبوو (کە لە بەشی پێشوودا تا ئەندازەیەك لەمبارەیەوە دواین). لە ئەنجامی ئەو شۆڕشەشەوە کۆمەڵگا ناچار کرا دەست هەڵبگرێ لەوەی خۆی تێکەڵ بە پەیوەندییەکانی خۆشەویستی بکات و لەبەردەمیاندا ڕێگر دروستبکات و هەستەوەری و وزەی سۆزاوی مرۆڤ ئاراستە بکات. تەنانەت ئەمڕۆ ناتوانین بڵێین: لەلای خەڵکی هاندەرێکی ئایینیش هەیە بۆ بەرپیوەچوونی مەراسیمی هاوسەردارییەکەیان لەناو کەنیسەدا، ئەگەرچی کەنیسە وەك دامەزراوەیەکی ئایینی لە پێناوی ئەمەدا پەلەقاژەی زۆریش دەکات. بۆیە ئەگەر گەنجەکان بە لێشاو بۆ ئەنجامدانی ئەو مەراسیمە دەچنە کەنیسە، ئەوە تەنیا لەبەر کەش و هەوای تایبەتی ئەو دامەزراوە ئایینیەیە نەك لە بڕوایانەوە بە یاسا ئایینیەکان. ئەمڕۆ مرۆڤی ئەورووپی ئازادییەکی تەواو ڕەهای هەیە لە پێکەوە ژیان لەگەڵ و لە جیابوونەوەی لەهەر کەسێك.



هیچ تابۆیەك لەئارادا نیە و لەئاستی کۆمەڵایەتی‌شدا، هیچ ناوو ناتۆرەیەك لە گۆڕێ نییە و هیچ مەبدەئێکی ئەخلاقیش ڕێناگرێ لەوەی دوو مرۆڤ پەنا بۆ یەکتر ببەن و بەپێی حەز و ئارەزووی خۆیان ببنە هاوسەرینی یەکتر. وەلێ هەموو ئەم ئازادی و کرانەوەیە ئەو ئەنجامە ترسناکەیشی بەدواوەیە کە پێماندەڵێت: چیدی هیچ یارمەتییەکیش لەدەرەوە ناگات و کەس نییە پەنای بۆ ببەین، ئەگەر یان ئەو دەمەی کە خۆشەویستی، ئەو پەیوەندییە پاکژ و بێوێنەیە، تاڵ دەبێت! چیدی نەرم و بەهایەکی دەرەکی نەماوە، تا ئەوکاتەی ساردی ڕوو لە ماڵ دەکات و یەکێك لە لایەنەکان بۆ ئەویتر دەبێتە بێگانە و کەسێکی نامۆ، کە مرۆڤ تەنیا سفرە و جێگای لەگەڵدا بەشدەکات، فریا کەوێت و بتوانێت خیزان ناچار بکا بە مانەوەی و نەهێڵێت هەڵوەشێتەوە. ئەمڕۆ خۆشەویستی لەبەشێکی زۆری جیهاندا خۆی لەهەموو ئەو کۆت و پێوەندانە ڕزگار کردووە کە پێشتر ببوونە ڕێگری سەرەکیی لەبەردەم بەیەکگەیشتنی دوو دڵخوازدا. بەم مانایەش خۆشەویستی فڕێدراوەتەوە بۆ ناو باوەشی خۆی و ناچار کراوە لەسەر پێی خۆی بوەستێ و بەرگەی هەموو شتێ بگرێ کە دێتە سەر ڕێی. ئەوە ڕاستە کە ئەو شۆڕشەی لە شەستەکانی سەدەی بیستەمدا ڕوویدا، تایبەت بوو بە ئەورووپا، وەلێ کاریگەریی ئاکامەکانی هەموو جیهانیان گرتەوە و ئەو شۆڕشە پریشکی خۆی کەم تا زۆر لە هەموو کۆمەڵگاکان گرت و ئاکامگەلێکی تایبەتی هێنایە گۆڕێ، کە بە پێچەوانەی داب و دەستووره باوەکانی ئەو کۆمەڵگایانەوە بوو. هەر بۆیەش ئەم ئازادییە نوێیە لەهەر کۆمەڵگایەکدا و بەپێی فراوانیی سنوورەکانی خۆی، قوربانی و نرخی خۆی خواستووە: خۆشەویستی وەك جاران دڵنیا نیە و متمانەی خۆی دۆڕاندووە. هەر لەبەرئەوەشە دەبینین لە زۆربەی کۆمەڵگاکاندا خۆشەویستی لە چوارچێوەی گرووپ و ئەنجوومەن و کۆرس و کۆڕ و سەمینار و بڵاوکراوە و ڕۆمان و

گۆڤارەکاندا هرووژم دەهێنێ و دەیەوێ ئیعتیباری لەدەستچووی خۆی بەدەستبهێنێتەوە. ئەوەتا لە ناو گەنجەکانی زانکۆی سلێمانیدا ***گرووپی عاشقان*** دروستدەبێت و گەنجانی زانکۆی سەلاحەدینیش رێپێوان لە پێناوی خۆشەویستیدا ساز دەکەن و لەسەر پارچە کاغەزی بچووك بچووك درووشمەکانی خۆشەویستی دەنووسن و بەناو خەڵکیدا بڵاویاندەکەنەوە تا بیریان نەچێتەوە کە خۆشەویستی ***مەیە***. کەواتە مەترسیی ئاوابوونی خۆشەویستی بەشێکە لە واقیعی ژیانی کوردیش و خۆشەویستی پێگەی خۆی لەمەترسیدا دەبینێت و هەرئەمەش هانیدەدات خۆی بسەلمێنێتەوە. ئەمڕۆ لەبەشێکی زۆری ئامۆژگاری ئەو پسپۆڕ و شارەزا و کەسانەی بەناوی خۆشەویستییەوە قساندەکەن، گوێمان لێدەبێت کە چالاکییە سێکسییەکان بکەنە پێوەری خۆشبەختیی لە ژیانی پێکەوەییدا. ئەگەر دوو کەس لە ژیانی سێکسییاندا ئاسوودە بن، ئەوە مانای وایە لە پەیوەندییەکی خۆشەویستیانەدا دەژین. بەمجۆرەش سیکسگەرایی بۆتە ئامانجی خۆشەویستی و بۆتە ئەو پێوەرەی شتێکمان بۆ دەپێوێ کە لە بنەمادا و بەپێی جەوهەری خۆی ناپێورێ. هەر لێرەشەوەیە کە زوو زوو، بەتایبەتی شەوان و کاتە تاریکەکان، خۆشەویستی ناچار دەکرێ بەشداری لە تاقیکردنەوەیەکدا بکات، کە لەسەر پێخەفی پێکەوەنووستن ئەنجامدەدرێت، نەك لە بواری پەیوەندیی رۆحی و مەعنەوی نێوان دوو مرۆڤدا.





# ترس لە خۆشەویستی

ئێمە کاتێك باس لە ئاوابوونی خۆشەویستی دەکەین، بەمانایەکی تر باس لە ترسان لە خۆشەویستیش دەکەین، چونکە ترس لە خۆشەویستی، لە ئەنجامی ترسان لە ئافرەتەوە، خەسڵەتێکی ئاشکرای زۆربەی کولتوورەکانە. کولتوورەکان لەئاست ئافرەتدا دوو ڕوون، چونکە لەگەڵ ئەوەشدا کە زۆربەی کۆمەڵگانی جیهان ڕۆڵی مێیینەیان ئایدیالیزە کردووە، وەك خواوەند پەرستویانن و ستایشی دایکایەتیان کردووە و بەهەشتیان خستۆتە ژێر پێیەکانیانەوە، ئەوە لە زۆربەی کولتوورەکاندا ترس لە ئافرەت ترسێکی بەرجەستە بووە و خۆشەویستیش ئەو بارودۆخەیە کە ناچارمان دەکات بەرەو قەڵەمڕەوی ئافرەت هەنگاو بنێین.

لە بنەمادا، خۆشەویستیکردن هەوڵدانە بۆ ژیانکردن بە ڕۆحێکی مێیینەییەوە، خۆشەویستی ئەو بارودۆخە دەروونی و ڕۆحی و کۆمەڵایەتیەیە کە بوار بۆ مێبوونەوەی مرۆڤ دەڕەخسێنێت. بۆیە هەمیشە ترسان لە ئافرەت و مێبوونەوە، هاوشانیشە بە ئاوابوونی خۆشەویستی. خۆشەویستی ئەو کاتە ئاوا دەبێت، کە ئەو هەلومەرجە کولتووری و کۆمەڵایەتی و مەعنەویانەی پێویستن بۆ مانەوەی، لە ئارادا نامێنن و لە جیاتی ستایشکردنی ئەڤینداری، کولتووری کۆمەڵگا بەهاوکاری ئایین و نەریتەکان، ترسی خۆی لە خۆشەویستی و ڕقی خۆی لەدژی مێیینە بەرجەستە دەکات. تەنانەت ئەم ترسە کە ڕێی تێدەچێت

سەرچاوەکەی بگەڕێتەوە بۆ بارودۆخی سکپڕی و سووڕی خوێندانانی مانگانە، بەلای زۆربەی میللەتانەوە ئافرەتی وەك بوونەوەرێکی پڕ نهێنی و ڕاز خستۆتە ڕوو، کە پەیوەندیی هەیە بە دنیای غەیبەوە و تەنانەت هەندێ لە میللەتان ڕۆڵی نێرینەیان لە سکپڕبوونی ئافرەتدا ڕەتکردۆتەوە[121]. هەر لەم پێودانگەیشەوە بە باشی دەزانم کەمێ لەو زەمینەیە بدوێم کە لەناو کولتووره جیاوازەکاندا بۆتە هۆی بەرجەستەکردنی ترس لە ئافرەت و لەوێشەوە بەکەمگرتنی سۆز و خۆشەویستی.

یەکێك لەو کولتووره دەوڵەمەندانەی ئەم ترسەی خۆی لە ئافرەت نەشاردۆتەوە، کولتووری دێرینی چینییە، کە تیایدا هەوڵێکی جیدی دراوە بۆ شاردنەوە و بەتاریکایی سپاردنی مێیینە. لە ڕوانگەی چینییە کۆنەکانەوە، گۆڕانی وەرزەکانی ساڵ پەیوەندییەکی پتەویان هەیە بە ڕەگەزی نێر و مێوە: ئەوان ساڵیان بەسەر دوو نیوەدا دابەش دەکرد، کە بەیەکێکیان دەگوت (وەرزی نێرینە) و بەویتریشیان دەگوت (وەرزی مێیینە). وەرزی نێرینە وەرزی چالاکی و کردار و چاندنی کشت وکاڵ و سەردەمی ڕووناکایی بوو. لەکاتێکدا وەرزی مێیینە، وەرزی پەرچەکردار و پاسیڤی و تەم و تاریکایی بوو[122]. بێگومان دەکرێت ئەم بڕوایەی چینییەکان بە زۆر مانا بخوێنینەوە، بەڵام ڕەنگە هۆکاری سەرەکیی ناونانی وەرزی مێیینە بە وەرزی تاریکایی و تەم، هەمان ئەو ترسە بێت

121 م. میر شکرایی، ع. حسن زادە: **زن و فرهنگ**. نشر نی، تهران 1382، ل: 35.

122 بارنز و بکر: **تاریخ اندیشه اجتماعی**. ترجمەو: جواد یوسفیان، علی اصغر مجیدی. شرکت سهامی کتابهای جیبی، تهران، 1358، 60.



کە لە زۆربەی کۆمەڵگا سەرەتاییەکاندا لەئاست ئافرەتدا بەدیدەکرێت و لە بنەماشدا ترسێکی نێرسالارانەیە. ئەمەش بەوەی کە ئافرەت خاوەنی هێزێکی ئەفسووناوییە و لەبەرامبەر پیاودا جێگەی مەترسییە.

هەر بەپێی ئەو باوەڕەش، لە ڕۆژگاری دێرینی ژیانی کۆمەڵگاکاندا، پیاو، ئافرەتی بە خاوەن هێزێکی ئەفسووناوی و بانسرووشتی دەزانی و لەو بڕوایەدا بوو کە *ئافرەت ـ دایك* کاریگەرییەکی ئەفسووناوی هەیە بۆسەر مرۆڤ. بۆیە پیاو "*ئافرەتی لە پێگەی خواوەندا دەپەرست و هەر بەو هۆیەشەوە لێی دەترسا و پەرچەکرداری ئەم ترسەش لە چەواشەکردن و بەکەمگرتنی ئافرەتدا خۆی پیشان دەدا. بە دەربڕینێکی دی، نێرینە (ئافرەت–دایك)ی وەك زووڵمەتێ تەماشا دەکرد، کە پیاو بەداوی خۆیەوە دەکات و دەیباتەوە بۆ بیابانی عەدەم، بۆ پێش پەیدابوونی بوون*"[123]. بێگومان ئەم تێڕوانینە بۆ ئافرەت بواری ئەوە ناهێڵێتەوە تا خۆشەویستی و ئەڤینی لەگەڵدا بکرێ، چونکە ئافرەت ئەو هێزەیە کاتێ بە داویەوە دەبین، دەمانباتەوە بۆ سەرەتایەك کە جگە لە تاریکایی هیچ شتێکی دیکەی تێدا نییە. بەم پێیەش لە ڕێگەی ترس لە مێینەییەوە وێنەیەکی ئەفسووناوی لەسەر ئافرەت دروستدەبێت و لە ئەنجامی ئەمەیشەوە ترس لە ئەڤینی مرۆڤ بۆ مرۆڤ پەرە دەستێنێ. بۆیە سەرهەڵدانی خۆشەویستی وەك جۆرێ لە پەیوەندیی کۆمەڵایەتی، پەیوەندییەکی پتەوی هەیە بەو هەلومەرج و بەهایانەوە کە لە ڕێگەیانەوە کۆمەڵگا پێناسەی خۆی بۆ ئافرەت دادەڕێژێت. ئەگەر ئەو

123 رنه نلی: "***اسطورهء قلب در عشق شیفتگی***" لە: جهان اسطوره شناسی:3، ترجمە جلال ستاری، نشر مرکز، 1379، ل: 152.

هەلومەرج و بەهایانە لاواز بوون، ئەوە ڕەنگدانەوەشیان دەبێت لە بواری پەیوەندیە سۆزدارییەکانی مرۆڤدا و نابێت چاوەڕوانیمان لەو کۆمەڵگایە ئەوە بێت کە خۆشەویستی تیایدا ببێتە دیاردەیەك. بەمانایەکی دی: ڕێژەی ئەو بەهایەی کۆمەڵگا بۆ ئافرەتی دادەنێت، دەستنیشانی ڕێژەی بە دیاردەبوونی خۆشەویستی لەو کۆمەڵگایەدا دەکات. ئەمەش ئەو ڕاستیەیە کە دەتوانین لە تێڕوانینماندا بۆ کۆمەڵگای یۆنانی پێیبگەین.

ئەسینا، لەوساتەوەختەشدا کە پایتەختی کولتووری و نمونەی دەوڵەتشارێکی دیموکراتی و ڕۆشنگەری یۆنان بوو، زیاتر شارێك بوو بۆ پیاوان. گۆڕەپانەکانی شار شوێنێك بوون بۆ کۆبوونەوە و مشتومڕی پیاوانی ئەسینا و شوێنی ئافرەتان کونجی ماڵەوە بوو. ئەوان لەو شاگردانە دەچوون کە ئامادە دەکرێن بۆ فێربوونی ئەرکەکانی ماڵ و دایکایەتی و لە دواجاریشدا هەر پیاوان بەسەر ژیانیانەوە وەستا و بڕیاردەر بوون: «باوکان بەبێ ئەوەی بیروڕای کیژەکانیان وەربگرن، دەیاندان بە مێرد (...) ئافرەتان لەبەرئەوەی لەڕووی هزرییەوە پەروەردە و فێر نەکرابوون، زۆربەیان دەبوونە فەرمانبەرداری مێردەکانیان»[124].

لە تێڕوانینی هزری فەلسەفیی هاوسەردەمیشدا حاڵی ئافرەتان باشتر نەبوو. هەردوو مەزنە فەیلەسووفی یۆنانی کۆن، ئەفلاتوون و ئەرستۆ، کاتێك دەهاتنە سەر باسکردنی ڕۆڵ و پێگەی ئافرەتان، ئەوانیان لە ڕیزی کۆیلە و بێگانەکان دادەنان. تەنانەت ئەرستۆ، کە لە تێڕوانینە

124 هنری لوکاس: **تاریخ تمدن** (جلد یکم). ت: عبدالحسین **ازرنگ**. انتشارات سخن، تهران، 1382، ل: 238.



سیاسییەکانیدا لە ئەفلاتوون دواکەوتووترە، بڕوای بە یەکسانیی نێوان ژن و پیاو نەبوو. ئەرستۆ: «بڕوای بە ڕژێمی کۆیلایەتی هەیە و ڕێگاش نادات ژن پێ بنێتە ناو کۆڕی ڕامیاریەوە و شان بەشانی پیاو کار بکات، چونکە بە ڕای ئەو، ژن کەمتر لە پیاو هۆشی پێ دراوە»[125]. لەمبارەیەوە کتێبی *سیاسەت*، کە یەکێکە لە شەففافترین بەرهەمەکانی ئەرستۆ، بەڵگەی زۆرمان دەخاتە بەردەست کە دەریدەخەن ئەرستۆ چەندە دژەژنە[126].

ئەگەر لە ئاستی هزری و فەلسەفیدا ئافرەت بەمجۆرە هەڵسەنگێنرا بێت، ئەوە لە ئاستی کولتووری و ڕۆشنبیریی گشتی کۆمەڵایەتیدا باشتر نەبووە و ئەمەش ڕەنگدانەوەی خۆی هەبووە لەسەر پەیوەندییە سۆزدارییەکان. فردریش ئەنگلز لە کتێبە نایابەکەیدا: (***بنەڕەتی خێزان، مڵکایەتی تایبەت و دەوڵەت***) کاتێك دێتە سەر باسکردنی بارودۆخی ئافرەتان لە کۆمەڵگای ئەسینابیدا، وێنەیەکی ڕوونمان لەسەر ئەو بەپەراوێزکردنەی ئافرەت دەخاتە بەردەست. ئەنگلز لەبارەی کچانی ئەسیناوە دەنووسێ ئەوان: "تەنیا ڕستن، چنین و دروومان فێر دەبوون و لە باشترین هەلومەرجیشدا کەمەکێ خوێندن و نووسین. بەشێوەیەکی گشتی ئەوان لاتەریك دەکرێن و تەنیا لەگەڵ ئافرەتانی تردا تێکەڵ دەبوون. شوێنی ژیانی ئافرەتان بەشێکی جیاکراوە و دیاریکراوی ماڵ

125 د. محەمەد کەمال: **کێشەی بوون لە مێژووی فەلسەفەدا**. بەرگی یەکەم، چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی 2002، ل 68.

126 ارسطو: **سیاست**. کتاب دوم، ترجمە حمید عنایت، شرکت انتشارات علمی و فرهنگی، تهران 1381 چ. چهارم، ل: 102، 103 و 104

بوو لە نهۆمی سەرەوە یاخود لە بەشی دواوە، کە پیاوان بەئاسانی ڕێیان نەدەبردەوە سەر، بەتایبەتیش بێگانەکان. کاتێ پیاوانی میوان دەهاتنە ئەوێ، ئافرەتان دەچوونە ئەو بەشەی ماڵەکەوە (...) لە ڕاستیدا ئەوان لەناو ماڵدا دەستبەسەر بوون"[127]. لە درێژەی ئەمەدا ئەنگلز باس لەوە دەکات کە ئافرەت لە ئەسینادا بەبێ ئەوەی کۆیلەیەکی لەگەڵدا بێت نەیتوانیوە بچێتە دەرەوەی ماڵ و ئاماژە بە ئەریستۆفانیسی شانۆنامەنووسیش دەکات کە چۆن باسی ئەو سەگی ڕاوانەی کردووە کە لەلایەن ئەسینایییەکانەوە لە ماڵدا ڕادەگیران بۆ ترساندنی زیناکاران. "ئافرەت بۆ ئەسینایییەکان زیاتر لەوەی سەردەستەی خزمەتکاران بێت، شتێکی دی نەبوو"، هەر بۆیەشە پیاوانی یۆنان شەرمیاندەکرد خۆشەویستیی خۆیان بۆ هاوسەرەکانیان دەربڕن"[128].

بەم پێیەش لەناو کولتووری دێریندا، خۆشەویستی نێر و مێ، ئەڤینی ژن و پیاو وەکو "نەخۆشییەکی دەروونی" و "لاوازییەکی ئەخلاقی" تەماشای کراوە کە دەبوو تیمار و *دەرمان* بکرێت. بۆیە "*خۆشەویستی، واتە پێ خستنە ناو قەڵەمڕەوی خەڵوەتی ئافرەتەوە، لە ڕووی ئەخلاقی و دەروونییەوە ناپەسەند بووە و دەبووە هۆی سەرشۆڕی، چونکە ئافرەت شایانی ئەوە نەبووە پیاو تەسلیمی ئەفسوونەکەی ببێت، بە پێچەوانەوە ئەو وەك بوونەوەرێك تەماشای دەکرێ کە خاوەنی نەفس و ڕۆحێکی نزم بوو... هەر بۆیەشە پیاوەکان .. زۆرتر پیاوی تریان*

127 فردریش ئەنگلز: **منشا  خانوادە، مالکیت خصوصی و دولت**. ت: خ. پارسا، جامی، تهران، 1380، ل: 92.

128 فردریش ئەنگلز: سەرچاوەی پێشوو، ل: 93.



*لاپەسەند بوو و تەنیا وەك ئامرازێکی دامرکاندنەوەی غەریزەی جنسی تەماشای ئافرەتیان دەکرد*"[129].

بەم مانایەش لە یۆنانی کۆندا، خۆشەویستیی ڕاستەقینە، خۆشەویستیی ئەفلاتوونی، وەکئەوەی لە گفتوگۆی (**خوان**)دا ڕەنگیداوەتەوە[130]، هەمان پەیوەندیی هاوڕەگەزیی نێوان پیاوەکانە، نەك پەیوەندیی نێوان ئافرەت و پیاو. ئەمەش وامان لێدەکات بڵێین، هەرچەندە یۆنانەکان لە ئاستی هزری و سیستەمی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا پێشەنگی میللەتانی هاوسەردەمی خۆیان بوون و لە مێژووشدا بوونە لە کۆمەڵگایەکی نمونەیی، کەچی ڕۆشنگەریی یۆنانی نەیتوانی لەمەسەلەی تێڕوانینیدا بۆ ئافرەت خۆی لە چوارچێوە باوکسالارییەکە ڕزگار بکات. ئەمەش ئاراستەیەکی ئەوتۆی بە پەیوەندییە سۆزگەرایییەکان بەخشی، کە تیایدا ستایشکردنی پیاوی یۆنانی بۆ کوڕی جوانکیلە، چەندینجار بەسەر ستایشکردنی پیاودا بۆ ئافرەت باڵادەست بێت، کە بێگومان ئەمەش ڕۆڵێکی کەمی نەبینی لە بەپەراوێزکردنی ژن و لەوێشەوە لە سستکردنی پەیوەندیی خۆشەویستی و سۆزگۆڕینەوەدا.

یۆنان، نەك هەر لەبواری هزر و فەلسەفەدا بۆ سەدەکانی ناڤین نمونەیەك بوو، بەڵکو هەمان تێڕوانینی یۆنانیانە بۆ ئافرەت و پەیوەندییە سۆزگەرایییەکانیش بەرەو ئەو سەدانە ڕێچکەی بەست و بگرە لەوێدا بۆ

129 رنە نلی: "اسطورەء ***قلب در عشق شیفتگی***"، سەرچاوەی پیشوو، ل: 152.

130 افلاطون: مجموعە اثار، ج. اول، ترجمەو محمد حسن لطفی، ر. کاویانی، انتشارات خوارزمی، چ: سوم 1380، ل395–450

یەکەمجار لەلایەن تیۆلۆژیای مەسیحییەوە مەنهەجێکی تایبەت بە ڕقبوونەوە و ترس لە ئافرەت و خۆشەویستی دادەڕێژرێ. بۆیە لە سەدەکانی ناڤیندا بەکەمگرتنی ئافرەت و لەوێشەوە ترس لە خۆشەویستی، تەواو بەدیار دەکەوێت و پەرە دەستێنێت، بەتایبەتی ئەوکاتەی لەلایەکەوە ڕێوڕەسمی سوارچاکی و ئەڤیندارییی کۆتاییان پێهاتبوو، لەلایەکی تریشەوە باوکانی کەنیسە نەرێتی بەکەمگرتنی ئافرەتیان لەسەر ڕەوتی لەمێژینە برەو پێدەدا. بۆیە لە سەدەکانی ناڤیندا ڕقبوونەوە لە ئافرەت و دژایەتیکردنی، کە بۆخۆی ڕەگوڕیشەیەکی کۆنی هەبوو، سەریهەڵدایەوە و چیرۆك و بەسەرهاتی تایبەت بە (مەکر و جادووی ئافرەتان) ئەم ڕق و کینە لەمێژینەیان، کە وەك ژیلەمۆی ژێر خۆڵەمێش شاراوە بوو، زیندوو کردەوە□□□.

جگە لە دەسەڵاتی ڕەهای کەنیسە و میزاجی تایبەتی پیاوانی ئایین، سەدەکانی ناوەڕاست ستایشێکی زۆری کولتووری سووپاگەری و شمشێربازان و سوارچاکانی کردووە□□□. لەناو ئەم کولتوورەشدا ئافرەت نرخ و پێگەیەکی ئەوتۆی نەبووە، بێجگە لەوەی کە بوونەوەرێکی سیحراوی و ئاڵۆزە و سوارچاك و شمشێربازان نابێت بکەونە داویەوە و شەهامەت و سامی خۆیان بدۆڕێنن. ئەمە وێڕای ئەوەی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، کە فیودالیزم لە ئەوپەڕی دەسەڵاتی خۆیدا

131 جلال ستاری: **پژوهشی در عشقنامه هلوئیز و** ابلار. نشر مرکز، تهران، 1379، ل: 143-144.

132 جیمز ا. کوریك: **قرون وسطای اولیه**. ترجمەو مهدی حقیقت خواه، تهران، ققنوس، 1380، بەشی چوارەم، ل: 77-95.



بووە، لە ڕووی ئابوورییەوە پشتیان بە کشتوکاڵ دەبەست و ئەمەش هێندەی تر بەهای ئافرەتانی لەوەدا سەقامگیر دەکرد، کە ئەوان کارگەیەکن بۆ بەرهەمهێنانی منداڵ و ئەم تێڕوانینەش لە ژیانی سۆزگەرایانە بێبەشی دەکردن. بۆیە: لە بەشێکی زۆری «کولتووری سەدەکانی ناویندا، ئافرەتان ڕێز و بەهایەکیان نەبوو، ئەوە نەبێت منداڵ وەبەر بهێنن! لە ژن و ژنخوازیی نێوان خاوەن زەوییەکاندا، ئەوەی حسابی بۆ نەدەکرا ئافرەت بوو»، لە ڕوانگەی ئایینیشەوە کە دەبوو ڕەوایەتی بداتە پەیوەندییەکانی خزمایەتی، ئەمە ڕەنگی دابۆوە، بۆیە: «ئەوەی ژن و مێردی پێکەوە دەبەستەوە بەندی دڵ نەبوو، بەڵکو بەندی شەرع بوو»□□□. لەناو ئەم کەش و هەوایەدا ئەوەی ئافرەت و پیاوی لێکدی نزیکدەخستەوە کۆمەڵێ بەرژەوەندی و ناچاریی بوون، نەك هەڵبژاردنی بەرامبەر لەسەر بنەمای سۆزدارییەوە. بەمجۆرەش دەبینین، تا ساڵانێکی درەنگی سەدەکانی ناوەڕاستیش پێگەی خۆشەویستی باشتر نییە لە پێگەی ئافرەت و چارەنووسی ئەم دوانە لەبەردەم هەڕەشەی بەردەوامدایە. ئافرەت هێشتا لە وەرزی تەم و تاریکایی خۆیدا دەژی و خۆشەویستیش جگە لەهەڕەشەیەك بۆسەر پیاو، کە دەیەوێت ڕاپێچی ناو زووڵمەتی ئەفسوون و جادووی ئافرەتی بکات، هیچیتر نیە.

ئاشکرایە لەم تێڕوانینەدا بوارێك بۆ خۆشەویستی وەك پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی سۆزدارانە نامێنێتەوە تاکو خۆی ئاشکرا بکات، بۆیە خۆشەویستیش لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ئاوا دەبێت و غەیبەت

133 جلال ستاری، سەرچاوە پێشوو ل: 116-117.

دەکات، چونکە خۆی وەك بەهایەکی پێناسەکراو و ستایشکراو نابینێتەوە.

بێگومان ئەو میکانیزمەی ترسی لە ئاست خۆشەویستیدا بەکار دەهێنا، جگە لە کولتووری نەرێتگەرا، ئەو پیاوە ئاینیانەش بوون کە دینیان کردبووە ئامرازێك و بەهۆیەوە خەڵکی ئاساییان سەرکوت دەکرد. لەم ڕووەوە کەنیسە و بەتایبەتیش پیاوانی ئاینزای کاتۆلیکی ماشێنێکی گەورەی تۆقاندنیان خستبووە کار بۆ کۆنترۆڵکردنی ژیانی هەستەوەرانە و تایبەتیی خەڵك. دەیانویست هەموو پەیوەندیەکان بەچاودێریی خۆیان بێت و ڕێگەیان بە هیچ جۆرە نزیکبوونەوەیەکی نێوان مرۆڤەکان نەدەدا، ئەگەر بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیانی تێدا ڕەچاو نەکرابا. بۆئەوەی ئەمەش مەیسەر ببێ، ئەوان بۆ هەموو بارودۆخێکی جۆراوجۆر یاساگەلێکی ورد و حسابکراویان دادەڕشت[134]. لەم بەڵگەنامەیەدا، کە

134 سەبارەت بە دەسەڵاتگرتنە دەستی کەنیسە و بوونی بە سەرچاوەی فەرمانە دینی و دنیاییەکان لە سەدەکانی ناڤیندا و کاریگەریی ئەمە بۆسەر ژیانی خەڵکی، بڕوانە ئەم سەرچاوەیە:

- د. محمد مددپور: **سیر حکمت و هنر مسیحی** (عصر ایمان)، موسسه چاپ سوره، تهران، 1381، ل: 179–210.

هەروەها سەبارەت بە چۆنێتی بەکارهێنانی ئایین لەلایەن پیاوانی کەنیسەوە لەبەرژەوەندی خۆیان، بڕوانە:

- ڕێبوار سیوەیلی: "***پێشزەمینەکانی سەرهەڵدانی بزاڤی فەلسەفەی ڕۆشنگەری***" لە گۆڤاری *سەنتەری برایەتی* ژمارە 25، ساڵی شەشەم، پاییزی 2002، ل: 86–88



لە سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوی سەدە ناوەنجییەکانەوە ماوەتەوە، بۆمان ئاشکرا دەبێت: ڕەهەندی کۆنترۆڵکردنی ژیانی هەستەوارانە و تایبەتیی ئافرەتان، بەتایبەتی ئەوانەیان کە لەتەمەنێکی زووتردا بێ دایك و باوك دەبوون و دەکەوتنە ژێر دەسەڵاتی چاودێریکردنەوە، تاچەندێ بەناوی نەرێتەکانەوە بەرزەفتە دەکرێن: "کاتێك کچێکی سەرپەرشتیکراو دەگاتە تەمەنی شووکردن، دەبێت بە ڕاوێژ و ڕەزامەندیی سەرگەورەکەی و بە پرس و ڕا و ڕەزامەندیی خزم و ناسیاوەکانی ئەمکارە بکا، هەروەك چۆن شەرافەتی باووباپیرانی ئەمە دەخوازێت"[135].

ئەگەرچی ئایینی مەسیحیەت، ئایینی عەشق و خۆشەویستیە و تیایدا ئافرەت و پیاو لەبەرامبەر خوادا، بەپێی ڕادەی باوەڕهێنان و خاوێنییان، یەکسانن، بەڵام بەپێی لێکدانەوەی پیاوانی کەنیسە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، نابێت ئەڤینی خاکەڕایی و زەمینی جێگەی خۆشەویستی بۆ یەزدان بگرێتەوە. ئەوەی لەم ئەڤینەدا مەترسیدارە، گیرۆدەبوونی پیاوە بە ئافرەتەوە و ئەمەش بۆی هەیە ببێتە خافڵبوونی ئەو لەبەرامبەر ئەو ئەرکانەدا کە پێویستە لە پێناوی یەزداندا ئەنجامیان بدات. چونکە لەم حاڵەتەدا خۆشەویستی جەستەیی بەسەر خۆشەویستی مەعنەویدا زاڵ دەبێت[136]. مرۆڤ لەجیاتی ئەوەی بەدوای شتێکی نەمر و پیرۆزدا عەودالْ بێت، خۆی گیرۆدەی شتێکی کاتی و بێ بەها دەکات کە جەستەیە. بۆیە هەموو هەوڵ وکۆششێکی پیاوانی کەنیسە ئەوە بوو، لە ڕێگەی تەفسیرکردنێکی تایبەتی ئایینەوە، چوارچێوەیەکی تایبەتیش بۆ

135 جیمز ا. کوریك، سەرچاوەی پێشوو، ل: 93.

136 جلال ستاری، سەرچاوەی پێشوو، ل:93–94.

ژیانی سۆزگەرایی دابڕێژن و ئافرەت وەك هەرەشەیەك بەسەر ئیمانداریییەوە پێناسە بکەن و سیستەمێك بۆ چەپاندنی هەست و حەزەکان دابڕێژن. لەڕاستیدا سەدە ناوەنجییەکان، تائەو شوێنەی پەیوەندیی بە پیاوانی ئایین و ئەخلاقرێژانی کۆمەڵایەتییەوە هەبێت، درێغییان نەکردووە لە بچووککردنەوەی ئافرەت و لە هێنانەخوارەوەی پێگەی کۆمەڵایەتییاندا، بەڵام هەرئەمەش بۆخۆی نیشانە و بەڵگەی ئەو ترسە زۆرەیان بووە لە خۆشەویستی و ئەویـنداری و ژیانی هەستەوەری مرۆڤ لە ئاست مرۆڤدا.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا سەدەکانی ناوین، بەتایبەتی لە کۆتاییەکانیدا، بەیادهێنەرەوەی گەورەترین بزاڤی ئەڤینداری و ڕێ و ڕەسمی خۆشەویستیی خاکەڕاییە. دەبوو ئافرەتان بەشێوەیەك مافی خۆیان وەربگرنەوە و پراکتیزەی ژیانی هەستەوەرانەی خۆیان بکەن و لەئاست ئەو هەموو بێزێییەی لەلایەن پیاوانی ئایین و نەریتگەراکانەوە ئاراستەیان دەکرێ، ئالای بێزاری هەڵکەن. کاریگەریی ئاینزای کاتۆلیکی لەسەر ئەخلاق و دەستووری کۆمەڵایەتییەکان کەم نەبوون، وەلێ بەڵگەی ئەوەش لەدەستدایە کە خەڵکانی سەدەکانی ناوین، لە کاروباری ئەڤینداریدا ئەوەندەش گوێیان بە سنووری (دەبێ) و (نابێ)کانی کەنیسە نەدەدا. ئەم خەڵکە ئەوەندە لە زیانەکانی شەڕە دووبارەوە بووەکان، وشکەساڵی و برسێتی و نەخۆشیە بەربڵاوەکان بێزار بوون، کە ساتەوەختی هەنووکەیان وەك غەنیمەتێ تەماشا دەکرد و ڕابواردنی ئێستایان بەلاوە گرنگتر بوو لە پاداشتی دوایی. بەمجۆرەش مەودایەك



کەوتە نێوان داب و دەستووره باوەکانی خەڵك و حوکمە ئایینیەکانەوە کە ئیدی نەیدەتوانی ئەو داب و دەستوورانە بەجارێ لەناو بەرێت[137].

سەدەکانی ناوەڕاست بەڵگەی زۆرمان لەسەر ئاوابوونی خۆشەویستی و هەڵهاتنەوەی و بەدیارکەوتنەوەی ئەم پەیوەندییە دەخەنە بەردەست. هەروەکو چۆن ئاشکرایشی دەکەن، کە ترس لە خۆشەویستی دابڕاو نیە لە ترس و ڕقبوونەوە لە ئافرەت و بە پەراوێزکردنی ڕۆڵی کۆمەڵایەتیانە و سۆزداریانەی. پێدەچێت بەهەڵەدا نەچین گەر ئەم میکانیزمەی سەدەکانی ناوەڕاست بۆ هەڵسەنگاندنی بارودۆخی ئێستای کۆمەڵگاکانیش بەکار بهێنین و ئاوابوونی خۆشەویستی لە ئێستاشدا، بگێڕینەوە بۆ هەمان تێڕوانینی لە مێژینە لە ئاست مێیینەدا. ئەمەش بابەتێکە دەرگای قسەکردنێکی فراوانترمان لەبەردەمدا ئاوەڵا دەکات. بۆچوونە ناو ئەو باسەیشەوە دوو بەشی کۆتایی ئەم کتێبە تەرخاندەکەم بۆ ئەو ترسەی لە کۆمەڵگا و کولتووری کوردیدا لە خۆشەویستی و سۆزگۆڕینەوە هەیە و لەو ڕێگرانە دەدوێم کە ئایدیۆلۆژیای نێرسالاری لەبەردەم پەیوەندیی سۆزگەراکاندا دایناون و ئەمەشمان لە تێڕوانینی ناوبراودا بۆ مێیینە بۆ ئاشکرا دەبێت. چونکە بەبێ تێگەیشتن لە ڕوانگەی پیاوسالارانە بۆ ئافرەت ناتوانین لە چۆنێتی ئەو گۆڕانە بگەین کە بەسەر پەیوەندییە سۆزگەراکاندا هاتووە و ناکرێ ئەو بەربەست و ڕێگرانە بناسینەوە کە دەسەڵاتی نێرسالاری لەبەردەم ژیانی هەستەوەریدا ئامادەی کردوون.

137 جلال ستاری، سەرچاوەی پێشوو، ل: 152.

*بەشی چوارەم:*

## چەند سەرەتایەکی بیرکردنەوەی کۆمەڵایەتیانە
## لە ژیانی هەستەوەری و سۆزگۆڕینەوە
## لە گوتاری ڕۆشنبیریی کوردیدا

**لە گەڕیدە و خۆرهەڵاتناسەکانەوە بۆ بەرهەمی ڕۆشنبیرە کوردەکان:**

بێگومان گوتاری ڕۆشنبیریی کوردی لەئاستی توێژینەوەدا نەیتوانیوە کۆمەڵناسییەکی تایبەت بە ژیانی هەستەوەری و ئەو پەیوەندییانە بەرهەم بهێنێ، کە تیایاندا بنەمای پەیوەندییەکە بریتیبێت لە گۆڕینەوەی سۆز و بەرجەستەکردنی ژیانی هەستەوەریی نێوان دوو مرۆڤ. ئەو ڕێگرانەی کۆمەڵگاو کولتووری باو لەبەردەم بەدیارکەوتنی ئەو پەیوەندییەدا ئامادەی کردوون، لەهەمان کاتیشدا بوونەتە ڕێگر لەبەردەم نووسەر و خوێندەوارانی کوردا، تا خۆیان لەو بابەتە نەدەن و شتێك نەنووسن کە جیاواز بێت لەوەی ڕێگەی پێدراوە. وەلێ ئەمە یاسایەکی نەگۆڕ نییە و ئێمە دەتوانین لە قۆناغی جیاواز و تەمەنی پچڕپچڕی ئەو گوتارەدا ئاماژە بە چەند دەنگێك بکەین، کە بە دیدێکی کۆمەڵایەتییەوە لەو پەیوەندیانە دواون و ویستویانە وەسفێکی دیکەیان بکەن و ڕەخنە لەو نەرێت و ڕێگرانە بگرن کە ژیانی هەستەوەری و پەیوەندیی سۆزگەرایانەی مرۆڤی کوردیان لەچوارچێوەیەکی نەرێتخوازانەدا، سەقامگیر کردووە. ڕەنگە هەندێك لەو دەنگانە لە وەسفکردنێکی بارودۆخەکە وەکئەوەی کۆمەڵگا ویستویەتی، زیاتر تێپەڕیان نەکردبێت و بەمەش لە هەلومەرجی سەردەمی خۆیاندا هیچ کاریگەرییەکی ئەوتۆیان نەکردبێتە سەر کولتووری کۆمەڵایەتی، بەڵام

تیاشیاندایە هەڵگری تێڕوانینی وریایانە تر و ڕەخنەگرانەترن و ئەمەش بووبێتە هۆی ئەوەی لەلایەن هێزە کۆمەڵایەتیە کۆنپارێزەکانەوە سەرزەنشت بکرێن. ئەوەی لەم باسەدا بۆ من گرنگە ئەوەیە، ئەو دەنگانە بەرهەمهێنەری کۆمەڵێك دەقی جیاوازن لەو بوارەدا و بایەخی مێژوویی خۆیان هەیە کە پێویستە ئاوڕیان لێبدرێتەوە. ئەمەش بەتایبەتی لەبەر ئەوەی باسکردنی پەیوەندییە هەستەکییەکان لەلای مرۆڤی کورد بۆتە پسپۆڕی و بابەتی تایبەت بە نووسەرانی بێگانەی وەك کوردناس و خۆرهەڵاتناسەکان و توێژەرانی کوردیش کاتێ باسیان لەو پەیوەندیانە کردبێت، هەر پشتیان بەو خۆرهەڵاتناس و گەڕیدانە بەستووە کە لە باری سۆزگەرایی کورد دواون و بەمەش دەنگی ئەو نووسەرە کوردانەیان خستۆتە پەراوێزەوە کە سەبارەت بە ژیانی هەستەوەری لە کۆمەڵگای کوردیدا بەرهەمیان هەیە.

بەڵام سەبارەت بەم بابەتە لەکوێوە دەستپێکەین؟

زۆرکەس لەو بڕوایەدان سەرچاوەی هەندێ لە کوردناس و خۆرهەڵاتناس و ئەو گەڕیدە بیانیانەی هاتوونەتە کوردستان و لەگەڵ مرۆڤی کوردا ژیاون، باشترین دەستپێکردنن لەو بارەیەوە. کەچی کاتێك بە ووردی تەماشای بەشێکی زۆری ئەو دەقانە دەکەین، بۆمان دەردەکەوێ زیاتر لەوەی ویستویانە وەسفێکی پەیوەندییە سۆزگەراکان بکەن و بەو شێوەیە دایانبڕێژنەوە کە کۆمەڵگای کوردی ڕازیی بکەن، ئەوەندە ڕەخنەگرانە قسەیان لەسەر نەکردوون. بەمانایەکی دی: بەشێکی هەرەزۆری ئەو باسانەی پێشتر لەلایەن کوردناس و خۆرهەڵاتناسانەوە نووسراون، لەمەسەلە عاتیفی و پەیوەندییە هەستەکیەکاندا قەڵەمیان نەیهێناوە و بگرە وێنەیەکی ئەوتۆیان لەبارەی ئەو جۆرە پەیوەندیانەوە بەرهەمهێناوە کە دەسەڵاتی باوی کۆمەڵگای کوردی پێویستی پێی هەبووە بۆ خۆسەلماندن لەبەرامبەر کۆمەڵگاکانی دراوسێیدا. ئەمەش



بەتایبەتی لەو قۆناغە مێژووییە دوورودرێژانەدا کە کۆمەڵگای کوردی لەلایەن دراوسێکانییەوە داگیرکراوە و پێویستیی بەوە هەبووە لەڕێگەیەکی دیکەوە ئەو قورساییە لەسەر ڕۆحی خۆی کەمبکاتەوە، کە داگیرکراوییەکەی دروستیکردووە. بۆیە هەر خۆرهەڵاتناسێك شتێکی لەسەر ئافرەتی کورد نووسیبێ، وەك دەقێکی پیرۆز تەماشایکراوە و بارودۆخی ئافرەتی کوردی پێ بەراووردکراوە بە بارودۆخی ژنانی دراوسێی و ئەو ئەنجامەی لێوەرگیراوە، کە باری ژنانی کورد لەچاو ئافرەتانی دراوسێکانیدا زۆر لەبارترە و مێیینەی کورد ئازادترە لە مێینەی عەرەب و فارس و تورك. تەنانەت هەندێك لە خۆرهەڵاتناسان بە تێکەڵکردنی وێنەی فەنتازیای خۆیان بۆ ئافرەت و بینینی ئافرەتی کورد، گەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی کە ئافرەتی کورد شان لە شانی ئافرەتی ئەوروپایی دەدات و مەسەلەی خۆشەویستی لە کوردستاندا گاڵتەی پێناکرێت[138].. هەموو ئەمەش لە کاتێکدا کە کەمترین سزای ئافرەت لەکۆمەڵگای کوردیدا و لەئاست سۆزگۆڕینەوەیەکدا لەدەرەوەی ئەو چوارچێوەیەی کۆمەڵگا بڕیاری لەسەر داوە، سزادانی توند و کوشتن بووە و ئەو نووسەرە کوردانەش کە هاوکات بە خۆرهەڵاتناس و کوردناسەکان لەبارەی ژیانی هەستەوەری و ئافرەتی کوردەوە نووسیویانە، جەخت لەسەر باری خراپی ژیانی ئافرەتی کورد و پەیوەندییە عاتیفییەکان دەکەنەوە[139].

---

138 بۆ نمونە بڕوانە: تۆمابوا: **ژیانی کوردەواری**. و. حەمە سەعید حەمە کەریم، وەزارەتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن، بەغدا 1980، ل: 103 و بەرەو دوا.

139 بۆ نمونە خاتوو هێنی هاراڵد هانسنی دانمارکی و مامۆستا کامەران موکری هەردووکیان لەساڵی 1957ی سەدەی ڕابردوودا لەبارەی ژیانی هەستەوەری ئافرەتی

من لێرەدا توانای ئەوەم نییە و لە خۆم ڕانابینم لە یەکبەیەکی ئەو سەرچاوانە(بەتایبەتی خۆرهەڵاتناسییەکان) بدوێم کە باسیان لە ئافرەتی کورد و پەیوەندییە سۆزدارییەکان لە کۆمەڵگای کوردیدا کردووە، چونکە ئەمە باسەکە دوورودرێژ دەکاتەوە. بەڵام دەمەوێت چەند نمونەیەك لە قۆناغی جیاوازی بەرهەمی ئەو نووسەرە کوردانە بخەمە پێشچاو کە ئاشکرای دەکەن، نەك هەر پەیوەندییە سۆزگەراکان و تێڕوانینی کۆمەڵگای کوردی بۆ مێیینە، ئایدیاڵیانە نییە (وەکئەوەی سەرچاوە خۆرهەڵاتناسییەکان باسیدەکەن و زەینییەتی پیاوسالارانەی کوردیش ئەمەی بۆ مەبەستی خۆی قۆستۆتەوە)، بەڵکو بەدرێژایی ئەو مێژووەی ئەو سەرچاوانە باسیدەکەن، تێڕوانینێکی ترسئامێز ئامادە بووە و لە ڕوانگەیەکی نێرسەنتەرانەوە سەرچاوەی گرتووە، کە هیچ لەبەرژەوەندیدا نەبووە بواری پەیوەندییە هەستەکیەکان ئازاد بکات.

لەناو ئەو نووسەرە کوردانەدا، سێ تێڕوانین وەك نمونە سەرەتاییەکانی ئەو نووسینە کۆمەڵایەتیانە هەڵدەبژێرم کە دەکرێ لە میانەیانەوە باس لە هەوڵدانی کۆمەڵناسیانە بۆ دووان لەبارەی

کوردەوە نووسیویانە، هەڵبەت بە جیاوازیی قەبارەی نووسینەکان و ڕوانگەی نووسەرەکانیانەوە. بەڵام لە کاتێکدا نووسینەکەی خاتوو هێنی بێبەش نییە لە پیشاندانی خاڵی گەش و لە هەوڵدان بۆ ئایدیاڵیزەکردنی پەیوەندییە هەستەوەرییەکان، ئەوە نووسینەکەی موکری، سەراپا ڕەخنەیە لە سیستەمی شووکردن و فرەژنی و سەرجەم شێوازیی مامەڵەکردنی کۆمەڵگای کوردی لەگەڵ مێینەدا. لەمڕووەوە پێویستیمان بە توێژینەوەیەکی بەراووردکاریانەی تایبەت هەیە لە نێوان دەقی گەڕیدە و کوردناس و خۆرهەڵاتناسەکان و ئەو دەقانەی هاوکات نووسەرانی کورد لەسەر بابەتی هاوشێوە نووسیویانن، بۆئەوەی خاڵی لێکچوون و جیاوازیی ئەوانمان بۆ ئاشکرا ببێت



پەیوەندییە هەستەوەرییەکان و پەیوەندیی خۆشەویستی بکەین. ئەم دەقانە تەنیا نمونەن و دەکرێ دەقی دیکەمان هەبێت بە تێڕوانینی دیکەوە، وەك ئەو لێکۆڵینەوەیەی دکتۆر کامەران عالی بەدرخان کە نیکتین لە کتێبەکەیدا باسی دەکات و تەرخانکراوە بۆ قسەکردن لەسەر ژنی کورد□□□ و من دەستم پێیڕاناگات. بۆیە ئەم بابەتە تا ئەوکاتەی سەرجەمی ئەو دەقانە لە خۆی دەگرێت، کە دەشێت لە خانەی کۆمەڵناسیی خۆشەویستی و ژیانی هەستەوەریدا، دایان بنێین، باسێکی ناتەواو دەبێت و زیاتر پۆلێنکردنێکی ڕاگوزەریانە دەبێت لەوەی توێژینەوەیەکی سیستەماتیك پێکبهێنێ.

ئەو سێ نمونەیەی من لێرەدا بەسەریان دەکەمەوە، هەڵگری سێ تێڕوانینی جیاوازن بۆ پەیوەندیی خۆشەویستی و ژیانی هەستەوەری لە قۆناغی جیاوازیی کۆمەڵگای کوردیدا. لە نمونەی یەکەمدا، مەلا مەحمودی بایەزیدی تێڕوانینێکی کۆنپارێزانە دەخاتە ڕوو کە ناکۆکیی خەسڵەتێکی دیاریەتی و توانای ڕەخنەگرتنی نیە و لە چوارچێوەیەکی وەسفیانەدا دەوەستێ. لە نمونەی دووەمدا حاجی تۆفیقی پیرەمێرد تێڕوانینێکی بنەماییتر دەخاتە ڕوو کە ڕەخنەی ڕادیکاڵ لە پەیوەندی هەستەوەری و عاتیفی کۆمەڵگای کوردی لە سەردەمی خۆی دەگرێت و

140 نیکیتین لە ناساندنی دەقەکەی د. کامەران بەدرخاندا دەڵێت: "بەوپەڕی خۆشحاڵیەوە چەند بەشێك لەو لێکۆڵینەوە لێرەدا دەگێڕمەوە کە دوکتۆر کامەران علی بەدرخان (...) لەمەڕ بیروڕای کوردان دەربارەی ژنی کوردەوە کردویە و، لە گۆڤاری ڕۆژهەڵات چاپی بێروت ژمارە 12 و 13ی ژوئیەی 1933دا چاپ کراوە". بڕوانە: واسیلی نیکیتن، **کورد و کوردستان**، و. خالیدی حیسامی (هێدی)، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، 1998، ل: 311.

چارەسەر دەخاتە ڕوو. لە نمونەی سێهەمیشدا، کامەران موکری تێڕوانینێکی مادییانەی مێژوویی دەخاتە ڕوو کە تیایدا بەو ئەنجامە دەگات کە بڵێ، ڕۆژگارێ دێت خۆشەویستی ببێتە بناخەی پەیوەندییەکانی وەك ژنهێنان و شووکردن..

ئەم سێ دەقە بایەخی مەعریفی و مێژوویی خۆیان هەیە و هەوڵدانن بۆ دروستکردنی گوتارێکی تایبەت و جیاواز لەوەی لە دەقە ئەدەبییەکاندا خراوەتە ڕوو، سەبارەت بە پەیوەندیی هەستەوەری و خۆشەویستی و منیش هەر لەم ڕوانگەیەوە بەکورتی قسانیان لەبارەوە دەکەم.

## مەلا مەحمودی بایەزیدی (1799–1867):

مەلا مەحمودی بایەزیدی وەك لەو سەرچاوانەدا هاتووە کە سەبارەت بە ژیان و بەرهەمی نووسراون، سیمایەکی تایبەت و زەینێکی چالاك و پڕکاری ناو گوتاری ڕۆشنبیریی کلاسیکی کوردییە[141]. ئەوەی پەیوەندی بە باسەکەی ئێمەوە هەبێت، ئەوە مەلا مەحمود لەچەندین شوێنی کتێبەکەی خۆیدا: *داب و نەریتی کوردەکان*[142] کە واپێدەچێت لە سالانی (1858– 1859)دا بە هاندانی ئەلێکساندەر ژابا

141 بۆ نمونە بڕوانە پێشەکییەکەی ڕۆدینکۆ بۆ داب و نەریتی کوردەکان و هەروەها ئەم سەرچاوەیە: د. فەرهاد پیربال، **مەلا مەحمودی بایەزیدی(1799–1867) یەکەمین چیرۆکنووس و پەخشاننووسی کورد**، دەزگای ئاراس، هەولێر، 2000

142 مەلا مەحمود بایەزیدی، **داب و نەریتی کوردەکان**، وەرگێڕانی: د. شکریە رسول، بەغدا، 1982.



نووسیبێتی[143]، بەشان و باڵی ئافرەتی کوردا هەڵدەڵێ و دەنووسێ "کوردەکان زۆر ڕێزی ئافرەت و پیاوە ئایینیەکان دەگرن" و "هەر کە ئافرەتێ هات و سەرپۆشی خۆی لە نێوانیاندا ڕاخست هەردوو لا (مەبەستی دوو تیرەی بەشەڕهاتووە) پێك دێنەوە"[144]. پاشان لە چەندین شوێندا نمونە بۆ قسەکانی دەهێنێتەوە و پێگەی ئافرەتی کورد بەرز دەنرخێنێ، لەوانە: ژنی کورد وا پیشاندەدات کە حەزی لە کارکردن و جووڵەیە و دەیەوێ پشت بەخۆی ببەستێ (ل 27)، کوردەکان هیچ کاتێ شەڕ لەگەڵ ئافرەتا ناکەن (ل 35)، شوێنی متمانەن و ئابووریی ماڵ لە دەستی خۆیاندایە (ل 60)، لە ماڵی خۆیاندا خاوەنی سامانی خۆیانن و مێردەکانیان دەستناخەنە کاروباریانەوە و منداڵ بەناوی داییکەوە بانگدەکرێت(ل67) و هتد.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە هەمان کۆمەڵگایە کە هەر بە قسەی بایەزیدی خۆی، تیایدا ئافرەت دوای مردنی مێرد و کوژرانی بۆی نییە شوو بکاتەوە (ل 34)، شووکردن ئافرەت دەکاتە کارەکەری ماڵ "ئەگەر ماڵێ کارەکەری نەبوو، ئەوە بزانە کارەکەری ئەو ماڵە ژنە"[145]. شینگێڕی و خۆ لە دەورگێڕان بەشێکن لە چاوەڕوانییەکانی کۆمەڵگا لە مێیینە (ل 29 و 65)، ئافرەت لە حەقی تۆڵەکردنەوەدا دەبەخشرێت(ل 55) و دەیان نمونەی تر. ئەمە جگەلەوەی کتێبەکەی بایەزیدی لە زۆر شوێندا لە قەسابخانە و کوشتارگایەك دەچێت کە تیایدا ئافرەتان بە

143 بڕوانە پێشەکی ڕۆدینکۆ بۆ کتێبەکەی بایەزیدی، سەرچاوەی پێشوو، ل: 10 و 11.

144 هەمان سەرچاوە، ل: 31.

145 بایەزیدی، سەرچاوەی پێشوو، ل: 27

بیانووی "خراپەکردن" و بینینیان لەگەڵ پیاودا لە شوێنێکدا "بەنیازی خراپەکردن" دەکوژرێن و سزای مەرگ دەدرێن[146].

ئەم خستنە ڕووەی بایەزیدی ئەگەرچی بایەخی کۆمەڵناسیانە و مرۆڤناسیانەی خۆی هەیە و لەمەدا مەلا مەحمود دەستپێشخەرێکە جێگەی ستاییش، بەڵام لە پەیوەندیی بە ژیانی هەستەوەرانەی مرۆڤی کوردەوە، پڕە لە ناکۆکی و هەڵوێستی دژ و دواجاریش ئەو ناتوانێت لە دەرەوەی سنووری زەینییەکانی سەردەمی خۆی قسان لەو بارەیەوە بکات. بۆیە ئەو ناکۆکییە لە هەڵسوکەوت لەگەڵ ئافرەتدا ئاشکراکەری ئەو ترسەیە لە مێیینە و لەوێشەوە ترسە لە خۆشەویستی و قسەکردن لەبارەی ژیانی هەستەوەرییەوە ، ئەمەش بەو حوکمەی خۆشەویستیکردن، پەیوەندیکردنە بە پانتایی مێیینەییەوە. مەلا مەحمود لەلایەکەوە دەیەوێت لەبەردەم بێگانەدا وێنەیەکی ئایدیاڵی و پۆزەتیڤانە بداتە کۆمەڵگای کوردی (چونکە دەزانێت نووسراوەکەی ئەو لەلایەن (ئەلکساندەر ژابا)ی نوێنەری ڕووسەوە دەخرێتە پێشچاوی غەیرە کورد و ئەویش بەپێی لەخۆتێگەیشتنی "*خۆمانە*" نایەوێت لەبەردەم غەیرەدا میللەتەکەی خۆی بشکێنێ[147]. لەلایەکی ترەوە مەلا مەحمود وەك هەر پیاوێکی تری کورد لەو سەردەمەدا و بەزمانێکی

146 بایەزیدی، هەمان سەرچاوە، ل: 68.

147 ئەم بەرهەمەی مەلامەحمود دەستنووسێك بووە لەسەر داخوازیی قونسولی ئەوسای ڕووسیا(ئەلکساندەر ژابا) لە ئەرزەڕۆم نووسراوە و هەر ئەویش لەگەڵ خۆی دەیباتەوە ڕووسیا و ساڵی 1963 خاتوو ڕۆدینکۆ بەچاپی دەگەیەنێ. بڕوانە پێشەکییەکەی ڕۆدینکۆ کە تیایدا باس لەوەش کراوە کە مەلا مەحمود نەیویستووە ناوی ئەو لەسەر بەرهەمەکەی بێت. لە سەرچاوەی پێشوودا، ل: 10– 12 و ل: 16.



نێرسەنتەرانە، ئەو وەسفەی مێیینەی کورد دەکات کە دەربڕی تێڕوانینێکی هاوشێوەیە بۆ ئافرەت لە کۆمەڵگای ئەوسای کوردستاندا و خزمەت بە بەرژەوەندی لەخۆتێگەیشتنی نێرینەی کورد دەکات. بەمانایەکی تر: مەلا مەحمود بەهۆی سیحری نووسینەوە، دوو وێنەی دژ بەیەك لەسەر ئافرەتی کورد و ژیانی هەستەوەری لە کوردستاندا دەخاتە ڕوو. لە وێنەی یەکەمیاندا کورد لەپێشچاوی غەیرە و بێگانە دەکرێتە نمونەی مرۆڤێکی جیاواز کە مامەڵەیەکی تایبەت، بەپێی نەرێتی خۆی، لەگەڵ ئافرەتدا دەکات. ئەم وێنەیە بەدوای ستایشکردن و ئافەریندا دەگەڕێ و پەیامێکە بۆ بێگانە تاکو بەو جۆرە تەماشای کورد بکاتەوە، کە پەیامەکە دەیخوازێ. لە وێنەی دووەمیشدا مەلا مەحمود ئەو سزا و میکانیزم و یاسا نێرسالاریانە ئاشکرا دەکات کە کۆمەڵگای ئەوسای کوردستان بەهۆیانەوە ئافرەتی سەرکوتدەکرد و ژیانی هەستەوەریی مرۆڤی سنووردار دەکرد.

## پیرەمێرد (1867–1950):

ڕێك لەو ساڵەدا کە مەلا مەحمودی بایەزیدی کۆچی دوایی دەکات، کەسێکی تر لە دایك دەبێت کە پاشان بە ماوەی کەمتر لە سەدەیەك بەسەر تێپەڕبوونی دەقەکەی مەلا مەحمود دا دەقێك سەبارەت بە ژیانی هەستەوەری و پەیوەندیی خۆشەویستی لە کوردستانی سەردەمی خۆیدا دەنووسێت. پیرەمێردی شاعیر لەو ساڵەدا کە هەشتاو سێهەمین ساڵی تەمەنیەتی و هەر لەو ساڵەشدا دەمرێت، لە نووسینێکیدا کە بە "*من و تەرەفداری ئافرەت*"، واتە لایەنگیریکردن لە ئافرەت ناوی دەبات، دەگەڕێتەوە سەر باسکردنی ژیانی هەستەوەریی لە کوردستاندا و هەڵوێستی کۆمەڵگاکەیمان لەسەر مێیینە بەشێوەیەکی ڕادیکاڵتر و ڕەخنەگرانەتر بۆ ڕووندەکاتەوە. لایەنگیرییەکەی پیرەمێرد بەشێك لە

نووسینێکی درێـژتر پێکـدەهێنێ بەناونیشـانی (دنیـام چـۆن دی) □□□.
ئـەم نووسـینەی پیرەمێـرد بێجگـە لـە گرنگیـی شـێوازی گێڕانەوەکـەی و ناوەڕۆکە دەوڵەمەندەکەی، هەڵگری ئەو دەلالەتەشە کە ئاشکرای دەکات پیرەمێرد لە هەشتاکانی تەمـەنی خۆیـدا دەیـەوێت ئاوڕێـك لـە ڕابـردووی ژیانی خۆی بداتەوە و ڕیوایەتێك لەسەر ئەو سەفەری ژیانە بەرهەم بهێنێ کـە دەریـدەخات ئـەو *دنیـای چـۆن دیـوە*. بـەم پێیـەش ئـافرەت لـە گێڕانەوەکەی ئەودا ئەو کائینەیە کـە بینـراوە و بەشـێك لـە یـادەوەری و هزری شاعیرەکەمانی بەخۆیەوە سەرقاڵکردووە. بێگومان نابێت ئـەوەش بشارینەوە کە هەڵوێستی پیرەمێرد بەرامبەر بە ئافرەت هەردەم بەهەمان شـێوە نـەبووە کـە لـەم نووسـینە ڕۆشـنبیرانەیەیدا دەردەکـەوێت و ڕێکەوتووە، ئەو لە شیعر و پەندەکانیدا هەڵوێسـتی هاکـەزایی و باویشـی دەربڕیوە□□□.

دەکـرێ ئـەو بەشـەی نووسـینەکەی پیرەمێـرد (***مـن و تەرەفـداری ئافرەت***)، بکەین بە چوار تەوەری سەرەکییەوە: لـە یەکەمیانـدا ئـافرەت پێناسە دەکات و لە خەسڵەتەکانی دەدوێ و بـەراووردی دەکـات لەگـەڵ پیـاودا. لـە دووەمیانـدا بـاس لـەڕێگرێکی هـەرە سـەرەکیی دەکـات کـە کۆمەڵگای کوردی بەهۆیەوە ناهێڵێت ئافرەت پێشـبکەوێ و ژیـانی خـۆی

148 ئومێد ئاشنا، **پیرومێرد و پێداچوونەوەیەکی نوێ بە ژیان و بەرهەمـەکانی**، ب: یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر، 2001، ل 10– 48.

149 من لێرەدا وەك بەڵگە ئەو چەند دێڕەیم لـە بـیرە کـە کـاتی خـۆی لـە کتێبەکـەی م. ڕەسوولْ هاواردا (پیرەمێـردی نـەمر) خوێندومنەتـەوە و ئـەو بۆچـوونە دەسـەلمێنێ: شـەو کورتە و ڕۆژ درێژە، بۆیە پیاو گێژ و وێژە/ شیر کە ترشا بیرێژە، ژن کـە پـیر بـوو بینێـژە/ گۆشت گۆشتی مەڕی گێژە، تام لەلای ژنی درێژە.



بژی و پراکتیزەی ژیانی هەسـتەوەری خـۆی بکـا. لـە تـەوەری سـێهەمدا کورتەیەك لە مێـژووی ژیـانی ئـافرەت بـاس دەکـات و لـە دوا تەوەریشـدا تیشك دەخاتە سەر دیاردەی هاوسەرگیریی و جیابوونەوە (تەڵاق).
بەپێچـەوانەی ناونیشـانەکەی پیرەمێـردەوە، ئـەو نووسـینە هـەر تـەنیا "*تەرەفــداری*" واتــە لایــەنگیریکردن نییــە لــە ئــافرەت، بــەڵکو شییکردنەوەیەکی وردیشە لـەو بارەیـەوە و هـەر ئەمـەش وا دەکـات ئـەم کورتـە نووسـینە بایـەخێکی کۆمەڵناسیانەی گرنگیـی هـەبێت کـە تیایـدا ژیانی هەستەکی و سۆزداریانەی ئافرەت وەك مەسـەلەیەکی تاکەکەسـیی خراوەتە ڕوو، نەك وەك مەسەلەیەك کـە دەبێـت کۆمـەڵگا بڕیـاری لەسـەر بدات، بۆیە بەپێویستی دەزانم کەمێ زیاتر لەسەری بدوێم.
پیرەمێرد لە پێناسەکردنیا بۆ ئافرەت، سێ خەسڵەت بەرجەستە دەکات: یەکـەمیان ئـافرەت بـە مرۆڤێکـی ئیشـکەر و ڕەنجکـێش نـاو دەبـات بەتایبەتی لە "*عالەمی مەدەنیەتی ئەوروپا*". لە دووەمیاندا بەشێوەیەکی مەجازیانە ئافرەت بە خاوەن جەستەیەك لە قەڵەم دەدات کە: "*سەراپای ئەنـدامیان جلـوەی نـووری لـێ ئـەبارێ*" و "*وەك غونچـەی گوڵـەباغی بەهەشتن*". سێهەمین خەسڵەتیش لـە ئافرەتـدا ئەوەیـە "*ئـەوانیش وەك بەشەر هەواو هەوەسێکی زیندەگی و کامەرانیان هەیە*"□□□.
لێرەوە و بەپێی ئەم وەسفانە، پیرەمێـرد هـەموو جـۆرێ لـە جۆرەکـانی ئــافرەت دیلکــردن و "*خســتنە چــوار دیــوارێکی بەندیخانــەی ڕۆح و حەیاتەوە*" ڕەتدەکاتەوە و بە ڕەوای نازانێت لە کۆمـەڵگادا دەسـتەیەکی "*ڕیش بۆزی سەر و سوورەت پڕلـە تۆزیـان بەسـەرا زاڵ بکـەن*". ئـەمجا پیرەمێرد لە ڕوانگەی دەروونناسییەوە ئـەو بارودۆخـە هەڵدەسـەنگێنێ و

150 ئومێد ئاشنا، سەرچاوەی پێشوو ل: 26.

باس لەوە دەكات ئەگەر ئافرەت لە بنەمادا وەك ملكەچی پیاو تەماشای کرا ئەمە زیانی دەبێت بۆ داهاتوو، چونکە: "*ئەبێ ئەو نەوەیە کە نابەدڵ لەوانە پەیدا ئەبێ چە میوایەکیان پێ بێ*".

لەسەر کامە بنەماوە پیرەمێرد زاڵبوونی پیاو بەسەر ئافرەتدا ڕەتدەکاتەوە و زەمینەسازی دەکات بۆ شکاندنی ئەفسانەی پیاوسالاری؟ لە وتارەکەدا سێ بنەمای سەرەکی دەخرێنە ڕوو:

یەکەمیان **بنەمایەکی کۆمەڵایەتیانەیە**، کە ڕێخۆشکەری دەکا بۆ ئەوەی ئافرەت بتوانێ ژیانێکی هاوبەش بژی. ئافرەت بەهۆی هەستناسکی و دەرککردنی بۆ بەرامبەر توانای پێکەوە ژیانی کۆمەڵایەتیانەی بەهێزترە لە پیاو. پیرەمێرد دەنووسێ: "*لە هەموو تەحلیل و بەراوردی حیکمەتدا دەرکەوتوە کە حیسیاتی ورد و نازك و شعوری بەزەیی و دڵسۆزی ژنان لە پیاوان باڵاترە*".

دووەم، **بنەمای پەروەردەیی/ئەخلاقی**: ژن "*بەدەنێکی لەتیف و ڕۆحێکی نازك*"یان هەیە، بەڵام ئەمە ڕێگەیان لێناگرێت لەبواری پەروەردەکردنی منداڵ و خزمەتکردنی نەخۆشدا ڕۆحی خۆیان ماندوو نەکەن.

سێهەم **بنەمای ڕۆشنبیری**: ژنان لە بواری داهێناندا و بەو کەمە خوێندەوارییەی کۆمەڵگا ڕێگەیان دەدات فێری ببن، بوونەتە بلێسەی ئاگر: "*هەندێ شیعری ژنان هەیە کەس ناتوانێ ئینکار بکا کە لە شیعری پیاوان باڵاترە*"[151] بەڵام ئەو شەرمەی کۆمەڵگا لە ناخیاندا چاندوویەتی ڕێگەیان پێنادات بەرهەمی خۆیان ئاشکرا بکەن.

تەوەری دووەمی باسەکەی پیرەمێرد هێنانەوەی چەند نمونەیەکی چەوساندنەوەی ئافرەتە لە کۆمەڵگای کوردیدا. ئەم کۆمەڵگایە شەرم لە

151 ئومێد ئاشنا، سەرچاوەی پێشوو ل: 26



ناخیاندا دەچێنێ، *کەچ نەزەرانە* تەماشایان دەکا و "*بە کوتەکی بەر خەرەك و دایەنی بەر بێشکە*"یان دەزانێ و بگرە "*بە نووکە شەق لەگەڵیان دەبزوێینەوە*"[152]. بەڵام ئەو ڕێگرە سەرەکییەی پیرەمێرد پێیوایە بەهۆیەوە کۆمەڵگا ناهێڵێت ئافرەتان پێشبکەون، بە ***نەخوێندەواری هێشتنەوەیانە***. ئەمەش تەوەری دووەمی باسەکەی نووسەرە. کۆمەڵگای ئێمە بەرژەوەندی لەوەدا نیە کچەکانی فێری خوێندەواری ببن، یاخود تەنیا فێری جۆرێکی تایبەت لە خوێندەوارییان دەکات (بۆ نمونە خوێندنی قورئان) لە پێناوی ئەوەی *لە ماڵ نەیەنە دەرەوە*. خوێندەواری مەترسییە و ئەم مەترسییەش هەڕەشە لە کۆمەڵگا دەکات. خوێندەواری بۆیە مەترسییە چونکە ئەگەر "***کچ فێری نووسین بێ دەتوانێ کاغەزی عەشقبازی کوڕان بخوێنێتەوە و جوابی بنووسێتەوە***". بە مانایەکی تر: کۆمەڵگای پێش سەردەم و هاوسەردەمی پیرەمێردیش کۆمەڵگایەکە لە خۆشەویستی و پەیوەندییە سۆزدارییەکان دەترسێ. خوێندەواری بوار بۆ کچان دەڕەخسێنێ باس لە هەست و سۆزی خۆیان بکەن و بکەونە دەربڕینی عاتیفەی خۆیان و ئەمەش بەمانای ئەوەیە چیدی کولتووری باو ناتوانێت کۆنترۆڵی ژیانی هەستەکی و پەیوەندییە سۆزدارییەکان بکا. یەکێك لە ڕەنگدانەوەکانی ترسی کۆمەڵگا لە ئافرەت و لە پەیوەندییە سۆزگەراییەکانی، لەو ئەدەبە میللییەدا دەردەکەوێ کە کولتووری باوکسالاری ڕەواجی پێدەدات و لە بەیت و گۆرانی و بەستەکاندا دەردەکەوێ و تیایدا مێینە لەلایەن زەینییەتێکی نێرسەنتەرەوە ستەمی لێدەکرێ. پیرەمێرد لەسەر ئەوە دوو نمونە دەهێنێتەوە کە لێرەدا باسکردنی یەکێکیان بەسە و دەنووسێ: "کچان ئەگەر چاویان بە کل بڕشتایە پێیان ئەگوتن:

152 هەمان سەرچاوە، ل: 27

**چاوی ڕشتووە بە کلە بەنێ**
**مێردی ئەوێ تێوەی ژەنێ"[153].**

لەبەرامبەر ئەم زەینیەتەدا پیرەمێرد ستایشی بەخوێندەواربوونی کچان دەکات و لەمەشدا دوو سوود دەستنیشاندەکا: هەم بۆ خۆیان دێنە ڕیزی پیاوەوە *"لە پیاو دوا ناکەون"*، هەم نەوەی داهاتووش بە شێوازی پەروەردەیی *"عیلم و فەن"* بە جۆرێ پێدەگەیەنن کە *"خزمەتی قەوم و نیشتیمان بکەن و قەومەکەی خۆیان سەرخەن"*.

لە تەوەری سێهەمدا پیرەمێرد کورتەمێژووی ژیانی ئافرەتان بەسەر دەکاتەوە و ڕیوایەتی ئایینی دەکاتە سەرەتا: ***"شرکەتی حەیات و تەساوی حقوقی ئادەم و حەوا"***، پاشان ***"ئەسارەت و فرۆشتن"*** و بەکۆیلەکردنیان، ئنجا فرەژنیی ***"بنو عباس و پاشاهانی تورك"*** لەوێشەوە بۆ چۆنێتی مامەڵەکردنی سیستەمی دەرەبەگایەتی لەگەڵ ئافرەتدا: ***"ئەوەڵ شەوی کچێنی، موتڵەق هی دەرەبەگێ بوو"***. پیرەمێرد هەستی ڕەخنەگرانەی خۆی ناشارێتەوە و دەڵێت: ***"تەنانەت لە هەورامانی ئێمەیشدا شتێك بوو وا!!"***. لەلایەکی ترەوە ژن گەشتۆتە پلەی خواوەندی و پەرستن و ستاییشکردن. بەکورتی بەلای پیرەمێردەوە، خەسڵەتی مێژوو لە ژیانی ئافرەتدا پڕە لە شۆڕشی ڕەنگاوڕەنگ و بەردەوامیش بە پێی پێویستی کات و شوێن لە گۆڕاندا بووە. هەر ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی ***"هیچ کەس بۆی نەچێتەوە سەر یەك"*** و مێژوویەکی یەکدەست بۆ ئافرەتان بنووسێتەوە.

لەو مێژووەدا ئەگەر نەگۆڕێك هەبێت ئەوە مەسەلەی هاوسەرگیری و شووکردنە. ئەمەش تەوەری چوارەمی کورتە باسە چڕوپڕەکەی

---

153 ئومێد ئاشنا، سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە.



پیرەمێردە. هاوسەرگیری لەو مێژووەدا بۆ ئافرەت ناسەربەستانە بووە. بۆیە پیرەمێرد داوا دەکات، زۆر پێویستە بۆ *"سەلامەتی ئیزدیواج، شووکردن و ژنهێنان سەربەست بێ و حەقی ئینتیخاب بەهەردوو لا بدرێ"*. سەندنەوەی ئەم مافە لە کچان و کوڕان، دوو ئەنجامی زیانبەخشی هەیە، یەکەمیان پەیوەندیی هەیە بە بەختەوەری داهاتووەوە کە ئامانجی هاوسەرگیریە: *"هەر شوو کردن و ژن هێنانێك نا بەدڵی تیا بێ (...) خانووی سەعادەت ئەڕووخێنێ"*. دووەمیان پەیوەندی هەیە بە نایەکسانییەوە لە هەڵبژاردندا: *"تا ئێستا ژن هێنان هەر بەئارەزووی کوڕان بووە. لەمەدا دەماغ و عزەتی نەفسی کچان شکاوە"*.

بە بڕوای پیرەمێرد، هەروەکو چۆن خوێندەواری ئافرەت دەهێنێتە ئاستی پیاو، ئاواش لە *"نەتیجەی خوێندن و سەعی و عەمەلدا"* متمانەی بۆ دەگێڕێتەوە بەجۆرێ کە مان بگرێ لە شووکردن. مانگرتن لە شووکردن جۆرێکە لە *"گاڵتەکردن"* بە زەینییەتی پیاوسالاری، چونکە بەپێی ئەو زەینییەتە ئافرەت ناچارە بەوەی شوو بکات. بۆیە ئەگەر پیاو نەیەوێت ببێتە گاڵتەجاری بیروباوەڕە هەڵەکانی خۆی، پێویستە واز بهێنێ لە هەموو جۆرە دەستێوەردانێك بۆسەر ژیانی هەستەوەریی ژن: *"هەقی شووکردن بدەن بە کچان"*.

دیاردەی تەڵاق بەلای پیرمێردەوە، ئەنجامێکی ڕاستەوخۆی دەستێوەردانی ئایینییە لە بەرژەوەندی پیاو و لە دژی بەرژەوەندی ئافرەت. چونکە ئەگەر مارەبڕی لەسەر بنەمای سەربەستیی ئافرەت بێت بۆ هەڵبژاردنی هاوسەری خۆی و یەکسانیی ماف لە پێشچاو بگیرێ: *"پیاو بەخۆڕایی ناتوانێ ژن دەرکا!"*. تەڵاق لەلای پیرەمێرد هەر تەنیا زیانێك نییە لە ئافرەت بکەوێ وەك تاکەکەس، بەڵکو زیانی کۆمەڵایەتیانەی خۆیشی هەیە. بەمجۆرەش هاوسەرگیری بۆ پیرەمێرد

جگە لەوەی کە پێویستە ئازادکەری ژیانی هەستەوەریی نێوان دوو کەس بێت بۆ دروستکردنی بەختەوەری، ئاواش پەیمانێکی کۆمەڵایەتییە لە نێوان مرۆڤەکاندا. بۆیە بە تەڵاق و جیابوونەوە "*بناغەی هەڵکردی میللەت و دیواری یەکگیری جەمعیەت ئەڕووخێ*".

دەکرێ لە قسەکانی پیرەمێردی شاعیردا ڕەخنەیەك لە مەزهەبی شافیعی کە کورد پەیڕەوی لێدەکا بەبەراوورد بە مەزهەبی حەنەفی، بدۆزینەوە: "*لە مەزهەبی حەنەفیدا ژن ئەبێ تەڵاق قبوڵ کا، کەچی لەناو ئێمەدا وەك جل بگۆڕین وایە*". بەمەش پیرەمێرد دەیەوێ بڵێت لەو دەستێوەردانەدا کە ئایین هەیەتی بۆسەر ژیانی هەستەوەری، هوشیارییەك بەرامبەر بە مافی ئافرەت و بەوەی کە هاوسەرگیری پەیمانێکی کۆمەڵایەتیە، لە ئارادا نیە. هەر بۆیەشە مەزهەبی ناوبراو ڕێگە دەدات پیاو: "*هەر لە خۆیانەوە سێ بە سێ تەڵاق فڕێ بدەن*".

پیرەمێرد لە پێناوی ڕزگارکردنی ژیانی هەستەوەریدا لە هەموو دەستێوەردانێك، پێشنیارێکی ڕادیکاڵتر دەکات کە تا ئێستا هیچ بزووتنەوەیەکی فیمینیستی و گوتارێکی ژنان لە وڵاتی ئێمەدا نەیانتوانیوە لێی نزیك ببنەوە: "*بۆچ ئەو باوکانەی بەزۆرە ملی دڵی کچ ئەشکێنن شاربەدەریان نەکەین. دوانیان بەردەباران بکرێ عار ئەنێن*".

## کامەران موکری (1929–1986):

کامەران موکری چ وەك وتارنووسێك و چ وەك وانەبێژی زانکۆ لە زۆر ڕووەوە گرنگیی دەدا بە لایەنە جیاوازەکانی ژیان لە کۆمەڵگای کوردیدا و دەیویست لە دیدەگای دیکەوە و بەپشت بەستن بە ستراتیژییەتێکی هزری باس لەهەندێ دیاردە بکات و شییان بکاتەوە. ئەم دەقەی لێرەدا گرنگیی پێدەدەین، هی قۆناغی مامۆستایەتی موکری نییە لە زانکۆ، بەڵکو هی ئەو قۆناغەی تەمەنیەتی کە بیروڕای چەپی لە کوردستاندا



باوی بووە. گرنگیی دەقەکەی کامەران موکری بۆ باسەکەی ئێمە لەو تێڕوانینە مەتریالیستیە مێژووییەدا نییە کە دەیەوێت لە میانەی باسەکەیدا بەرجەستەی بکات، بەڵکو لە ڕەخنەکانیدایە لە کۆمەڵگا و کولتووری کوردی سەبارەت بەو ڕێگرانەی لەبەردەم پەیوەندیی هەستەوەری و ژیانی عاتیفی مرۆڤ دروستیدەکەن. ئەمە جگە لەوەی ئەم دەقە ناڕاستەوخۆ وەڵامدەرەوەی هەندێك لەو بۆچوونانەیە کە هاوکات لەبارەی هەمان بابەتەوە نووسراون و ڕووخسارێکی گەشبینانەتر بە پەیوەندییە سۆزگەراییەکانی ناو کۆمەڵگای کوردی دەبەخشن (بۆ نمونە نووسینەکانی هانسن، کە پێشتر ئاماژەم پێدا). ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە ئەو دەقە سەرەتاییانەی بەقەڵەمی نووسەرە کوردەکان و لەبواری کۆمەڵناسیی هەستەوەریدا بەرهەم دێن، هەرچەندە کەمتر و لە ڕووی مەنهەجییەوە لاوازترن، کەچی بە ناوەڕۆك واقیعیتر و نزیکترن لە ژیانی مرۆڤی کوردەوە.

نووسینەکەی کامەران موکری بەناوی (***سەربەستیی ئافرەت***)ە و لە ئەیلولی 1957دا نووسیویەتی[154]. جیاواز لە پێشەکییەك بۆ چوونە ناو باسەکەیەوە، لەسەر سێ بابەتی دیکەش بیروڕای خۆی ڕووندەکاتەوە، کە بە کورتی باسیان دەکەم.

ئەو هەر لەسەرەتاوە و لە چوارچێوەیەکی تیۆریدا چەمکی *سەربەستی* وەك چەمکێکی ڕێژەیی پێناسە دەکات و دابەشیدەکاتە سەر دوو چەشن، "*سەربەستی ئینسان بەرامبەر بە سروشت و سەربەستی*

154 ئومێد ئاشنا (ئامادەکار)، **ئەشکی باوان** (بەرهەمی بڵاونەکراوە و لە یادکراوی کامەران موکری، دەزگای ئاراس، هەولێر، 2001، ل: 84– 92.

*ئینسان بەرامبەر بە ئینسان*"[155] و پێیوایە ئەوەی ئافرەتی کورد لێی بێبەرییە بریتیە لە ئەمەی دواییان. واتە سەربەستبوون بۆ ئافرەتی کورد بریتیە لە سەربەستبوونی لە دەسەڵاتی پیاو کە زۆر چەشنی هەیە. بەرلەوەی موکری بابەتەکەی تایبەت بکا بە شیکردنەوەی باری ئافرەتی کورد و پاشان بەستنەوەی ئەمە بە پەیوەندییە سۆزگەرایییەکانەوە لە کۆمەڵگای کوردیدا، لە میانەی خوێندنەوەیەکی ژیاریانەدا باس لەو هۆکارە دەکا کە وایکردووە ئافرەت لە مێژووی شارستانییەتدا بکەوێتە ژێر دەستی پیاوەوە و ئەوەش بە زاراوە مارکسیەکەی هۆی بەرهەمهێنانە. دۆزینەوەی هۆیەکانی بەرهەمهێنان (لە ڕاوکردن بە هۆی بەردەوە لە قۆناغی ڕاودا، تا دۆزینەوەی نێڵ و گاسنی جووتکردن لە سەردەمی کشتووکاڵ). ئەو ئەنجامەی موکری لەم خوێندنەوەیەوە بەدەستی دەهێنێ ئەوەیە کە لە هەر سەردەمێکدا هۆیەکانی بەرهەمهێنان بەدەست هەر دەستە و چینێکەوە بوون، ئەوە دەسەڵاتی ژیانیش لە دەست ئەو دەستە و چینەدایە، چونکە "*ژیان بریتییە لە نان، جێگەی ستار (حەوانەوە) و بەرگ*"[156]. بەهۆی ئەم لێکدانەوەیەوە، موکری ڕێخۆشکەری دەکا بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەی کە دەپرسێ: بۆچی لەگەڵ سەرەتای شارستانیەتدا هۆیەکانی بەرهەمهێنان کەوتنە دەست پیاو، نەك ئافرەت کە بێگومان ئەمە هیچ پەیوەندیی بە بەهێزیی پیاو و لاوازیی ئافرەتەوە نییە. بەڵکو ئەو دوو بەڵگەیتر دەهێنێتەوە، کە یەکەمیان پەیوەندیی هەیە بە سرووشتی جەستەیی ئافرەتەوە و

155 هەمان سەرچاوە، ل: 84.

156 ئومێد ئاشنا، **ئەشکی باوان**، سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە.



دووەمیشان پەیوەندیی هەیە بە پێویستی مرۆڤ بە مانەوە. ئافرەت بەپێی سرووشتی خۆی "*منداڵی بووە و ئەمەش ناچاری کردووە لە ئەشکەوتێکا، بن بەردێکا شیر بدات بە منداڵەکەی و بە خێوی بکات*"[157]. بەڵگەی دووەم بریتیە لە پێویستی مرۆڤ بە مانەوە و بەردەوامی: " *نەئەشیا کە ئافرەتێک پەلاماری شێرێك بدات وە کۆرپەکەش لە باوەشیا بێت! لەبەر ئەوە ژن بوو بە ئەشکەوت نشین وە پیاو نان پەیداکەر*". نان پەیداکەر ئەو کەسەیە هۆیەکانی بەرهەمهێنانی بەدەستەوەیە و لەگەڵیشیدا دەسەڵاتی هەیە بەسەر هەموو ئەوانەدا کە هۆیەکانی بەرهەمهێنانیان لەبەردەستدا نیە و ژێر دەستەی پیاون (وەك ئافرەت و کۆیلەکان). بۆیە یەکەم هەنگاوی سەربەستبوونی ئافرەت و ڕزگاربوونی لەو هۆکارەی کە «*نەزانین و نەخوێندەواری*» کردۆتە بەشێ لە ژیانیان بریتیە لە دەسەڵاتگرتنە دەست بەهۆی وەدەستهێنانی هۆیەکانی بەرهەمهێنانەوە.

یەکێك لە دەرهاویشتەکانی ئەمجۆرە خوێندنەوەیە ئەوەیە دەکرێ ئەو ئەنجامەشی لێوە وەربگرین، کە ئافرەت بەر لەوەی دیلی دەسەڵاتی پیاو بێت، دیلی سرووشتی جەستەیی خۆیەتی کە بەهۆی منداڵبوونەوە ناچاریکردووە پاسیڤ بێت نەك چالاك، ئەشکەوت و چواردیوار نیشین بێ نەك ئازاد و سەربەست. بێگومان ئەمەش بە پێچەوانەی نیەتی کامەران موکرییەوە، ڕەوایەتی دەداتە ئەو تێڕوانینە نێرسالاریەی کە دەیەوێت بیسەلمێنێ مێیینە لەسرووشتەوە بە لاوازی دروستبوون.

لە درێژەی شییکردنەوەکەیدا بۆ چەمکی سەربەستی، کامەران موکری دوو لایەنی تریش باس دەکات و وردە وردە لە تێڕوانینێکی گشتمەندەوە

157 سەرچاوەی پێشوو، ل: 85

بۆ ئافرەت دەگوازێتەوە بۆ تێڕوانین لە ئافرەتی کورد. ئەو دوو لایەنەی موکری باسیان دەکا، بریتین لە سفووری (بەمانای ڕزگاربوون لە جلوبەرگی تەقلیدی و چوون یەکپۆشی ژن و پیاو) و هەروەها پەیوەستبوونی سەربەستیی ئافرەت خۆی، بە سەربەستیی نیشتیمان و گەلەوە. لە یەکەمیاندا موکری پێیوایە سفووری، بەپێچەوانەی حوکمی کۆمەڵگاوە شتێکی پەسەندە و "*تا شارستانێتی بەرەو پێشەوە بچێت عەبا و پەچە بەرەو نەمان ئەچێت*"[158]. ئەمەش دەبێتە هۆی نەهێشتنی ئەو پەردە سامناکەی لەدەرەوەی ماڵ، ژن و پیاوی لێکتر دوور خستۆتەوە[159]. ئەم بۆچوونەی موکری پێشتر لەلایەن فایەق بێکەس(1905– 1948)ی شاعیرەوە خرابووە ڕوو کاتێ ناسەربەستبوونی ئافرەتی دەبەستەوە بە پۆشینی جۆرێ لە جلوبەرگەوە و لە میانەی بەگژداچوونەوەی داگیرکەری بەریتانیدا، لەئاست دواکەوتوویی کۆمەڵایەتی کوردیش هاواری دەکرد و دەیگوت:

***نەسرین دەمێکە داخت لە دڵمە***
***گیرۆدەی بەندی ژیانت زوڵمە***
***هەستە تێکۆشە تا خوێنت گەرمە***
***سەرپۆش فڕێدە چ وادەی شەرمە***[160]

بەڵام دەشکرێ ئەو داخوازییەی بێکەس و ئەمەی موکری بۆ سفووریی ئافرەت، پەیوەندیشی هەبێت بە گەورەبوونی هێدی هێدی شاری

158 ئومێد ئاشنا، **ئەشکی باوان**، سەرچاوەی پێشوو، ل: 86.

159 هەمان سەرچاوە، ل: 85.

160 بڕوانە: دیوانی بێکەس...



کوردییەوە و لێرەشەوە بە سەرهەڵدانی چێژی نوێی جوانناسیی پیاو بۆ ئافرەت. پرۆسەی مۆدێرنیزەبوون و گۆڕان لە ژیانی شاردا، نیگایەکی تازەش لەگەڵ خۆی دەهێنێت کە بەبڕوای ڕەخنەگران ئەو نیگایە نیگای پیاوە و تەماشای ئافرەتی پێدەکات[161].

بەڵام ئەوەی لەلای کامەران موکری جێگەی سەرنجە و قووڵییەك بە لێکدانەوەکان دەبەخشێ، ئەوەیە کە دەنووسێ: "سفووری نابێتە هۆی سەربەستی، سەربەستییە کە ئەبێتە هۆی پەیدابوونی سفووری". ئافرەت لە ڕێگەی بەدەستهێنانی مافی ڕواڵەتییەوە سەربەست نابێت، بەڵکو پێویستە هەمان ماف و ئەرکی پیاوی هەبێت و هەمان بواری خۆسەلماندنی بۆ بڕەخسێت کە بۆ پیاو ڕەخساوە. بەم پێیەش لای موکری سەربەستی بنەمای ڕاستەقینەی خۆی هەیە لە بواری یاسا و ئەرکدا، نەك شتێکی ڕواڵەتی بێت و بەهۆی جۆرێ لە پۆشینەوە بەدەست بێت.

لایەنی دووەم لە شیکردنەوەکەی موکریدا بۆ چەمکی سەربەستیی ئافرەتان، پەیوەستکردنی ئەم سەربەستیەیە بە مەسەلەیەکی گەورەترەوە کە پێشکەوتنی گەل و نیشتیمانە. کامەران موکری تێکۆشانی ئافرەتان بۆ سەربەستی وەك کێشەیەکی تایبەت بە بوونی خۆیان وەك مێیینە لەبەرامبەر نێرینەدا، پشتگوێ ناخات. بەڵام داواش دەکات وێڕای ئەو دیلێتیەی بەدەست پیاوەوە تووشی هاتووە، "*بەپێی توانای خۆی، بەپێی دیلیی خۆی تێ بکۆشێ بۆ پێشکەوتنی گەل و لە*

161 مایك ساوج، الن وارد: **جامعەشناسی شهری**. سەرچاوەی پێشوو، ل: 162.

*پێناوی گەل و سەربەستی خۆیدا (...) چونکە سەربەستی ئافرەتیش بەشێکە لە ئامانجەکانی تێکۆشانمان*"[162].

ئەم تێڕوانینەی دواییان هەمان ئەو میکانیزمەیە کە لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی کوردا، کە لەهەمان کاتدا بزووتنەوەیەکی پیاوسالارانەش بوو، کێشەی ئافرەتی لە کۆمەڵگای کوردی ساڵانی شەست و حەفتا و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا، گرێدایەوە بە "مەسەلەیەکی ترەوە" و بەمەش نەك هەر کێشەی ئافرەتی لە کۆمەڵگای ئێمەدا ئایدیۆلۆژیزە کرد، بەڵکو لە کێشەیەکی تایبەت بە مێیینەی کوردەوە کردی بە کێشەیەك لە پەراوێزی مەسەلە سیاسییەکاندا. لە ڕاستیدا بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی و کولتووری چوونەشاخ، نەك هەر نەیتوانی پێناسەیەکی نوێ بە مێیینەی کورد بدات، بەڵکو سەرلەنوێ ڕاپێچی ژێر دەسەڵاتی پیاویشی کردەوە. چونکە گوتاری ناسیۆنالیزم جەستە و کێشەی ئافرەت تێکەڵ بە مەسەلەیەکی گەورەتر دەکات و دەیکاتە پەراوێزی خۆی و بەمەش ڕێگری دەکا لەبەردەم دروستبوونی بزووتنەوەی سەربەخۆی ئافرەتاندا[163]

لە کۆتایی شیکردنەوەکەیدا بۆ چەمکی سەربەستیی ئافرەت وەك چەمکێکی ئەبستراکت و بۆ پەڕینەوە بەرەو شیکردنەوەی دۆخی ناسەربەستی لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا، کامەران موکری دەگەڕێتەوە بۆ ڕێژەیی بوونی سەربەستی و دەڵێت ئافرەتی کورد: "*لەچاو ئێمەدا*

162 ئومێد ئاشنا (ئامادەکار): **ئەشکی باوان** سەرچاوەی پێشوو، ل: 86

163 لەمبارەیەوە بڕوانە: ڕێبوار سیوەیلی: ***کولتووری تەور.*** بەشی دووەم (ناسنامەی نەتەوەیی و بە سێمبوولکردنی ئافرەت)، گۆڤاری ڕەهەند، ژمارە (1) سوید 1996.



*سەربەست نین و ئێمەش سەربەست نین لە زۆر شتدا (زۆر زۆر)، ئافرەتی ئێمە سەربەست نین لەچاو ئەو ژیانەدا کە پیاوی ئێمەی تیادایە*".

ویژدانی ڕۆشنبیرانەی موکری لەگەڵ ئەوەشدا هیچ شتێ سەبارەت بە ناسەربەستیی "زۆر زۆری" پیاوی کورد نادرکێنێ، بەڵام ئەمەش ناکاتە پاساو بۆ شاردنەوەی ئەو ستەمەی پیاو لە ئافرەتی دەکات. لێرەشەوە شیکردنەوەکەی موکری ئاستێکی تر بەخۆیەوە دەگرێت و سێ پانتایی کۆمەڵایەتی دەستنیشاندەکات کە ئافرەت تیایاندا سەربەست نییە: شووکردن، چوونە دەرەوە، ئیشکردن، ئەمە جگە لە بێبەشبوونی لە زۆر مافی تر کە پەیوەندییان هەیە بە بواری سیاسی، یاسایی و هونەرییەوە. هەندێك لەم بوارانە پەیوەندیان هەیە بە ژیانی تایبەت و هەستەوەرییەوە و هەندێکیشیان ئەو پێویستیانەن کە کۆمەڵگای شار دەیانهێنێتە ئاراوە.

بۆ قسەکردن لەسەر ژیانی هەستەوەری و سۆزگۆڕینەوە لای ئافرەت، موکری دەپرسێت: "*ژن چییە؟*"[164] نەك "ژن کێیە؟" واتە پرسیار لە ماهییەتی ئافرەت دەکات نەك لە بوونی کۆمەڵایەتیانەی، ئەمەش لەکاتێکدا ئەو دەیەوێت باس لە پەیوەندییەك بکات لە بواری کۆمەڵایەتیدا. بەڵام ئەم ناکۆکە ناتوانێت نیەتی ئەو بشارێتەوە کە بریتیە لە داماڵینی ئەفسانە لە ئافرەت و ڕووتکردنەوەی لە هەموو خەسڵەتێکی ئایدیاڵی و شاعیرانە و لەمەشدا کەمێ لە پیرەمێرد دوور دەکەوێتەوە، کە مەجازیانە وەسفی ئافرەتی دەکرد. موکری دەیەوێت دواجار ئافرەت وەك مرۆڤێکی واقیعی بناسێنێ: "*ژن ئەستێرە گەشەی ئاسمانی خەیاڵ نییە، جامێك شەرابی عاشق نییە، چەپکێك گوڵی ڕەنگین نییە!.)...( ژن ئادەمیزادە کەلوپەل نییە. ئادەمیزادە وەکو من و تۆ. چۆن تۆ کە*

164ئومێد ئاشنا (ئامادەکار): **ئەشکی باوان**، سەرچاوەی پێشووتر، ل: 87.

*پیاویت و حەزلە ژیان ئەکەیت لەگەڵ ژن، ژنیش* ***هەروەها*** *حەزلە ژیان ئەکات لەگەڵ تۆ*".

پیاو دەتوانێت خۆی بکاتە پێوەر بۆ ناسینەوەی ئافرەت و لە خۆیەوە، لە حەزەکانی خۆیەوە، کەسایەتی و حەزەکانی ئافرەتیش ببینێ. بەڵام لەبەر ئەوەی لە کولتووری کوردیدا تێڕوانینی پیاو بۆ ئافرەت تێڕوانینێکی نا دادوەرانە و نا یەکسانە، ئەوە لە پلەیەکی نزمیشدا دەیبینێ و وەك کەلوپەل وماڵبەڕێوەبەر (ئەوەی بایەزیدی بە ***کارەکەری ماڵ*** ناوی بردبوو) سەیری ئەکرێ، نەك وەك هاوبەشی ژیان. ئەم مامەڵەیەش وایکردووە ئافرەت لە کۆمەڵگای کوردیدا نەك هەر نەیتوانیوە دەسەڵات بگرێتە دەست، بەڵکو پیاوی کورد وایکردووە و ئەوەندە بەناخی خۆیدا شکاندویەتیەوە، تەنیا چەکێکی بەدەستەوە بمێنێت کە ئەویش فرمێسکە[165].

لە تەوەرێکیتردا موکری باس لە خوێندەواری و ئافرەت دەکات و هیچی وا زیاتر لە پیرەمێرد ناڵێت و هەمان قووڵیی بۆچوونیشی نییە. ئەویش خوێندەواری بە ڕێگایەك بەرەو سەربەستی و چاوکرانەوەی ئافرەت دەداتە قەڵەم و هەروەها بەپێویستیشی دەزانێت "لە لادێکانا خوێندن ئیجباری بێت تا سێ پۆل"[166].

بەڵام لەمەسەلەی شووکردندا دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای وتارەکەی و بەهەمان تێڕوانینی ماتەریالیی مێژووییەوە باس لە فۆرمەکانی هاوسەرگیری و ژن و ژنخوازی دەکات. لەهەر قۆناغێکی گۆڕانی ژیانی

165 ئومێد ئاشنا، **ئەشکی باوان**، سەرچاوەی پێشوو، ل: 88

166 ئومێد ئاشنا، **ئەشکی باوان**، سەرچاوەی پێشوو، ل: 89



کۆمەڵایەتی‌دا فۆرمێکی هاوسەرگرتن هەبووە، بەڵام لە ئێستادا ئەو فۆرمە بریتیە لە تاك هاوسەری و فرەژنی کە ئاشکراکەری دەسەڵاتی پیاوە. ئافرەت ناچارە هەوێ قەبووڵبکات چونکە ئەو سەربەست نییە و "*موحتاجی پیاوە*". کاتێکیش ئەو پێویستی بە پیاو نییە کە سەربەست بێت "*وەختێکیش سەربەست ئەبێت کە شەریك بێ لە پێگەیاندن و بەشکردنا*"[167]. ناخۆشترین جۆری ناسەربەستی بەلای کامەران موکرییەوە بۆ ئافرەت ئەوەیانە کە ئافرەت ناتوانێت بەدڵی خۆی شوو بکات. ئەگەرچی ژن هەوڵدانی هەیە لەم دۆخە ڕزگاری بێت، بەڵام هیچ چاریش نییە. کۆمەڵگا لە شار و لادێدا دەستدەخاتە پەیوەندیە هەستەوەرییەکان و ڕێگری لەبەردەم پراکتیزەکردنی عاتیفەی ئافرەتدا دروستدەکات: "*کچ لە شار و لادێدا دەفرۆشرێت*". لەگەڵ ئەوەشدا موکری وەك *پیرەمێردی شاعیر* پێشنیاری سزا بۆ پیاوان و باوکان ناکات، بەڵکو لە تێڕوانینی ئەمدا گۆڕان بەڕێوەیە: فۆرمی ژن و ژنخوازی چۆن لەوەپێش گۆڕاوە ئێستەش هەر بەرەو گۆڕان دەچێت. لەو گۆڕانەدایە کە چیدی ئافرەت پاشکۆی پیاو نابێت و بنچینەی خێزان لەسەر ئابوورییەوە نابێت تا هەموو دەسەڵاتی‌ك لەژێر دەستی نێرینەدا بێت. لێرەشەوە، تەنیا خۆشەویستی و سۆزگۆڕینەوە دەبێتە بنچینەی شووکردن و ژنهێنان[168].

167 هەمان سەرچاوە، ل: 90

168 ئومێد ئاشنا، **ئەشکی باوان**، سەرچاوەی پێشوو، ل: 92

## هەڵسەنگاندن:

وەك بینیمان لە دەقە سەرەتاییەکانی بیرکردنەوەی کۆمەڵایەتیانە لە ژیانی هەستەوەری و پێگەی ئافرەت و پەیوەندیی ئافرەت و پیاو لە چوارچێوەی گوتاری ڕۆشنبیریی کوردیدا، ڕوانگەی جیاواز و جیاوازییەکی زۆر هەیە. هەروەکو چۆن لەنێوان نووسینی خۆرهەڵاتناسان، گەڕیدە و کوردناسەکان و بەرهەمی نووسەرانی کوردیشدا لەسەر هەمان بابەت، ناکۆکیی هەیە. بەڵام بوونی چەند دەنگێك لەناو گوتاری ڕۆشنبیریی پیاوی کورددا سەبارەت بە ژیانی هەستەوەری مرۆڤ و پەیوەندیی سۆزگۆڕینەوە، نیشانەی ئەوەیە کە ئەو نووسەرانە جیاواز لە کولتووری باوی کۆمەڵگا بیریان کردۆتەوە و ویستوشیانە بوونی ئافرەت لە چوارچێوەیەکی فراوانتردا پێناسە بکەنەوە. ئەمە جگە لەوەی نووسینەکانیان ( زیاتر ئەوەی پیرەمێرد و کامەران موکری) بە زمانێکی هاوچەرخانەیە و بەدوورە لە هەڵوێستگرتنی ئەخلاقیانە و ئایینیانە کە لە بەزەیی پێداهاتنەوە بە ئافرەتەوە هاتبن. ئەوان بەڕاستیی هەست بەکێشەکە دەکەن، وەك مەسەلەیەکی ئینسانی و کۆمەڵایەتی و لە زمانێکی تایبەتدا دەیخەنە ڕوو و بەمەش گلەیی کۆمەڵگا دەهێننە سەر خۆیان.

لەگەڵ ئەوەشدا گوتاری پیاوسالارانە و وەسف ئامێزی کۆمەڵگای کوردی لە باسکردنی ئافرەتدا، هەرگیز نەهێشتووە ئەم دەنگانە، کە لەبەرژەوەندی ئافرەت و لە دژی کولتووری باون، ببنە گوتاری بالادەست. گوتاری پیاوسالارانە ئەوەندە بەشان و باڵی ئافرەتیدا هەڵداوە و پەیوەندیی مرۆڤی کوردی بە مێیینەوە، لە سەدان گۆرانی و شیعر و داستاندا، هێندە ئایدیالیزە کردووە، بواری ئەوەی نەهێشتۆتەوە گوتارێکی ڕەخنەگرانە لەسەر زەینییەتی نێرسالاری دروست ببێت. بەدیوێکی تردا هەوڵدانی سەرەتاییانەی بایەزیدی و پیرەمێرد و موکری،



بۆ بیرکردنەوەی کۆمەڵایەتیانە لە پەیوەندییە سۆزگەرایییەکان و ژیانی هەستەوەرانەی مێیینە، ئەو ترسەش لە ئافرەت ئاشکرا دەکەن کە لە کولتووری کوردیدا ئامادەیە. ترسێك کە بەردەوام ویستوویەتی بەهۆی وەسفی نا واقیعیانەی ئافرەت و چەپاندنی پانتایی مێیینەوە، خۆی بشارێتەوە. چونکە دواجار وەك لە خستنە ڕووەکانی ئەو سێ نمونەیەدا دەردەکەوێت، کۆمەڵگای کوردی و کولتووری نێرسەنتەر لەم کۆمەڵگایەدا، نەك هەر مێیینە وەك هەڕەشەیەك بۆسەر دەسەڵاتی خۆی تەماشا دەکات و بەردەوام ویستویەتی بەهۆی دەسەڵاتی نەریت، ئایین، مەزهەب و یاساوە کۆنترۆڵی مێیینە بکات، بەڵکو ترسێکی زۆریشی هەبووە و هەیە لە پەیوەندییە سۆزگەراکانی ئافرەت و پراکتیزەبوونی خۆشەویستی بەبی دەستێوەردانەکانی خۆی.

لەگەڵ هەموو ئەو خاڵە باشانەشدا کە لە دەقە سەرەتاییەکانی کۆمەڵناسیی ژیانی هەستەوەری لە گوتاری ڕۆشنبیریی کوردیدا ئاماژەمان پێدان، نابێت ئەو ڕاستییەش لەبەرچاو نەگرین کە پێماندەڵێت: دواجار خودی ئەم گوتارەش گوتارێکی پیاوانەیە و خاوەنی نەستێکی نێرانەیە کە وێنایەکی تایبەت لەسەر ئافرەت و ئافرەت لە پەیوەندیی خۆشەویستی و هەستەوەوۆیدا بەرهەمدەهێنێ. بۆیە دەکرێ خودی ئەم گوتارە، (وێڕای گرنگیی مێژوویی و مەعریفیانەی خۆی) لە ڕۆشنبیریی کوردیدا، بەیەکێك لەو ڕێگرانە دابنرێ کە بەئامادەیی خۆی، نەیهێشتووە گوتاری مێیینە سەرهەڵبدات و هەموو قسەکردنێکی مێیینەی لەبارەی خۆیان و ژیانی عاتیفییان خستۆتە پەراوێزەوە و دوایخستووە. بێگومان ئەم قسەیە بۆ ئەم کتێبەش کە دەیخوێنیتەوە هەر ڕاستە.

بەشی پێنجەم:

## ژیانی هەستەوەری و سۆزگۆڕینەوە
## لە کۆمەڵگای هاوچەرخی کوردستاندا

قسەکردن لەبارەی پەیوەندییە سۆزگەراکان و ژیانی هەستەوەریی لە کۆمەڵگایەکدا کە کولتوورێکی داخراوی هەیە و تاکەکەس تیایدا بەهایەکی ئەوتۆی نیە، کارێکی سەخت و دژوارە. چونکە لەوجۆرە کۆمەڵگایانەدا کەمتر بوار بۆ پراکتیزەکردنی هەستەکان دەڕەخسێ و دەستێوەردانە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان ئەوەندە زۆرن کە بوار بۆ تاکەکەس ناهێڵنەوە، لە پەیوەندییدا بە ئەویترەوە، سۆزگۆڕینەوە بکاتە بنەمای پەیوەندییەکەی. ئەمەش لەکاتێکدا کە هەموو قسەکردنێك لەسەر ژیانی هەستەوەری، دواجار قسەکردنە لەسەر پەیوەندییەکی شەخسیی و تاکەکەسیانە. بۆیە سەبارەت بەم کێشەیە لە کۆمەڵگای کوردیدا، یان دەبێت دیدێکی ڕەخنەگرانە هەڵبژێرین و بەهۆیەوە ئەو پانتاییانە بدۆزینەوە کە ڕێگرن لەبەردەم بەرجەستەبوونی ئەو جۆرە پەیوەندییەدا، یاخود پێویستە لەشوێنێکەوە دەستپێبکرێ کە نزیکە لەسەردەمی ژیانی توێژەرەوە تا بتوانێ بەهۆی تێبینیکردن و شیکردنەوەی تێبینیەکانیەوە، وەسفی ئەو پەیوەندییە بکات. ئەگەر قسەکانی ئێمە سەبارەت بە خۆشەویستی و بەسەرهاتی ئەڤینداران بووایە وەکئەوەی لە دەقە ئەدەبی و چیرۆکی دڵداران و شیعر و داستانەکاندا بەرجەستە بووە، کارەکە ئاسانتر دەبوو. چونکە ئەوکاتە دەکرێ لەسەر بنەمای ئەو دەقانەوە باس لە مێژووی سۆزگۆڕینەوە و پەیوەندییە هەستەوەرییەکانی مرۆڤی کورد بکەین. بەڵام قسەکانی من لەبارەی ئەو

خۆشەویستییەوە نین کە لەناو کتێبەکاندا باسیاندەکرێ، بەڵکو لەبارەی پەیوەندیی هەستەوەرانەی مرۆڤی ئاساییەوەن کاتێ لەو پەیوەندییەدا سۆزگۆڕینەوە دەبێتە بنەمای پەیوەندیەکەیان.

ئەم پەیوەندییە لە کۆمەڵگایەکی وەك ئەوەی ئێمە پیاوسالاردا، هەمیشە پەیوەندییەك بووە کە تیایدا بکەر نێرینە و بابەتی پەیوەندییەکەش مێیینە بووە، ئەمەش بەمانای ئەوەیە، ئەوەی لە کۆمەڵگای ئێمەدا خۆشەویستی دەکات و ڕێگەی پێدراوە هەستەکانی خۆی دەربڕێ نێرینەیە و ئەوەش کە بۆتە بابەتێ لەبەردەم هەست و حەزەکانی نێرینەدا مێیینەیەکی پاسیڤە کە فێرکراوە نابێت لە باسکردنی ژیانی هەستەوەریی خۆیدا نەرم و شل و ڕاشکاو بێت□□□. هەڵبەت ئەم قسەیە بەمانای ئەوە نییە لە کۆمەڵگای ئێمەدا مێیینە وەك نێرینە خۆشەویستی ناکات و نەیکردووە، بەڵکو تەنیا ئاماژەدانە بەو ڕاستییەی کە پێماندەڵێت ژیانی هەستەوەری لەم کۆمەڵگایەدا ژیانێکی لەچوارچێوەگیراوە و دەسەڵاتی پیاوسالاری بەجۆرێ پێناسەی کردووە کە تیایدا بەرژەوەندییەکانی نێر پارێزراو بن. خۆشەویستی و ژیانی

169 هەر بۆیەشە زۆربەی کچان لەیەکەم هاتنە پێشەوەی کوڕ و ڕووبەڕووبوونەوەیان سەبارەت بە چوونە ناو پەیوەندییەکی سۆزگەرایانە، خاڵی بەهێزی خۆیان لەوەدا دەبیننەوە کە (ڕەفز) بدەنە بەرامبەرەکەیان و ناچاری بکەن چەندجارێك ئەو داواکارییە دووبارە بکاتەوە. دیاردەی (ڕەفز) ئەوەندەی چاوەڕوانیی کۆمەڵگای نێرسالارە لە ئافرەت و سەرچاوەی چێژە بۆ نێرینە، ئەوەندە لە مەیلی ئافرەتەوە نەهاتووە. بەڵام لە کۆمەڵگایەکدا کە قەبووڵکردنی کچ بۆ داواکاری یەکەمجاری کوڕ، بە ***لاوازی و نەرمی و تامەزرۆیی و حەشەریبوونی*** کچ لێکدەدرێتەوە و لەهەمان کاتیشدا گەورەیی و ڕێزی ئەو کچە لەبەرچاوی کوڕەکە کەمدەبێتەوە، ئەوە (ڕەفز) ئەو دیاردەیە لە خواستێکی نێرانەوە هاتووە کەدەیەوێت مێیینە بەپێی چاوەڕوانییەکانی خۆی تەماشا بکا.



هەستەوەری لە کۆمەڵگای ئێمەدا، خۆشەویستی و ژیانێکە لەچوارچێوەی ئەو پێناسەیەدا کە دەسەڵاتی پیاوسالاری بۆی داڕشتووە و تیایدا ڕەچاوی پرانسیپەکانی ***نەرێتخوازی، نێرسەنتەری و ئایین*** کراوە. بەم مانایەش خۆشەویستی و سۆزگۆڕینەوە لەم کۆمەڵگایەدا کەمتر پانتاییەك بووە لە نێوان *دوو مرۆڤی خاوەن سۆزدا* و زیاتر پانتاییەك بووە بۆ بەرجەستەبوونی حەز و خواستەکانی نێر لەبەرامبەر مێیینەدا□□□. هەربۆیەشە لە هەرشوێنێکدا مێیینە بوبێتە بکەر و مومارەسەی مەیل و ئارەزوو و ژیانی سۆزگەرایانەی خۆی کردبێ، ئەوە ڕووبەڕووی ئەو پرنسیپانە بۆتەوە.

ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەم سێ هێزە و کولتوورە خۆسەپێنەکەیان لە زۆربەی کایەکانی ژیانی مرۆڤی کوردا و لەگەڵ ڕەوتی قۆناغە مێژووییە جۆربەجۆرەکاندا، دەسەڵاتی خۆی نەدۆڕاندووە و بەردەوامیش لە هەوڵدا بووە خۆی بەرهەم بهێنێتەوە. تەنانەت لەناو ئەو کایە کۆمەڵایەتی و سیاسیانەشدا کە بە ڕواڵەت بانگەشەی یەکسانیی نێوان ئافرەت و پیاویشیانکردووە. یەکێك لەو کایانەش بریتییە لە کایەی سیاسی و گوتاری ناسیۆنالیستانە و کولتووری شاخی ئەو کایەیە، کە بەدرێژایی ساڵانێکی زۆر هەموو بەرجەستەبوونێکی مێیینەی بەپاساوی «*کێشە گەورەکەی کورد*»ەوە، مت و بێدەنگ کرد و دواجاریش توانی گوتاری مێیینە بەو جۆرە کەناڵیزە بکاتەوە، کە خزمەتی بەرژەوەندییەکانی خۆی پێبکات. هەڵبەت ئەم قسەیە نابێت وەها لێکبدرێتەوە کە کولتووری شاخ خاڵییە لە نمونەی پەیوەندیی خۆشەویستی و ژیانی

170 ئەگەر نێرینە دەستیشی بە ئافرەت نەگەیشتبێ ئەوە خۆی گەیاندۆتە ئاژەڵ و حەیواناتیماڵیی وەك ماکەر، بزن، سەگ و مانگا و ماین و هتد.

هەستەوەرانە، یان دڵداری و سۆزگۆڕینەوە لەو کولتـوور و شـێوە ژیانـەدا ڕوویاننەداوە. چونکە لە ناو ئەو کولتوورەشدا نمونـەی چـەندین چـیرۆکی خۆشەویسـتی و بەسـەرهاتی سـۆزگۆڕینەوەمان هەیـە. بـەڵکو ئـەوەی مەبەستی منە لەسەرێکەوە، بریتیە لە خستنەڕووی ئـەو ڕێگرانـە و هـۆی دان نـەنان بـە ژیـانی هەسـتەوەری لـە گوتـاری نـاوبراودا و لەسـەرێکی تریشەوە خۆبەرهەمهێنانەوەی ئایـدیۆلۆژیای نێرسـالاری و نـەرێتخوازی و ئایینـە لـەناو هـەمان کولتـووری شـاخ و فـەزای شۆڕشـگێڕانەدا. هـەموو ئەمـەش لـە خاڵێکـدا کۆتـایی پێـدێت کـە بریتیـە لـە کردنـە دەرەوەی پەیوەندییـە سـۆزگەراکان لـە ژیـانی مـرۆڤ و بەچـاوی نـزم و لاواز تەماشـاکردنی ئـەو کەسـانەی کـە گـیرۆدەی پەیوەندییـەکی لـەو جـۆرە دەبوون□□□.

171 بۆ ئەوانەی لە نزیکەوە بەشداریی کولتووری شاخ و خەباتی چەکدارییان کردووە، یان ئاگاداری ئەو بەسەرهاتانەن، نمونەی زۆری ئەو پێشـمەرگانەیان دێتـەوە یـاد کـە ***ئەویـندار*** بوون و لەلایەن هاوڕێکانیانەوە دەبوونە جێگـەی پێکـەنین و پێڕابـواردن و وەك کەسـانێکی لاواز تەماشـایانکراوە کـە نـاتوانن شـەڕ بکـەن. هەربەڕاسـتیش کولتـووری پێشـمەرگایەتی خـەڵکانی ***ئەفەندی و مامۆستا و هونەرمەند و شـارییەکانیان*** وەك مرۆڤـی ترسـنۆك و لاواز تەماشا دەکرد و دەیان نوکتـەیان لەسـەر دروسـتدەکردن. بـەڵام ئـەوەی کـە پێشـمەرگەی **ئەویندار** نەیتوانیوە شەڕ بکات و ترسنۆك بـووە، لـە ئەفسـانەیەکی تـری نێرسـالاری زیـاتر نییـە، چـونکە خـودی ئـەو بارودۆخـە هانـدەرێکی دەروونـی و مەعنـەوی گـرنگ بـووە بـۆ تاکەکەس تا لە خواستەکانی نزیك بکەوێتەوە و هەوڵبدات لەئەنجامدا بـە خۆشەویسـتەکەی بگات. لەم ڕووەوە پێویستیمان بە توێژینەوەیەکی تایبەت هەیە لەسەر ژیانی هەسـتەوەری پێشمەرگە و ئەو بەربەستانەی لەڕووی پراکتیکییەوە دەهاتنەبەردەمی ئـەو جـۆرە ژیانـە و پاشان ئەو ئەنجامە دەروونی و کۆمەڵایەتیانەی لێیدەکەوتنەوە.



**گوتاری ناسیۆنالیزم، کولتووری شاخ و ژیانی هەستەوەری:**

لەو گوتەیەی کامەران موکریدا کە لە بەشیی پێشوودا ئاماژەم پێدا و ئـەو لە کۆتایی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا نووسیبووی، چارەنووسـی ژیـانی هەستەوەری و تێڕوانینی سـێ دەیـەی پاشـتری کـورد بـۆ ئـافرەت بـەدی دەکـرێ. مـوکری لـە سـاڵی 1957دا بـەوەی کـە دەنووسـێ: «***پێویسـتە ئـافرەت، بـەپێی توانـای خـۆی، بـەپێی دیلیـی خـۆی تـێ بکۆشـێ بـۆ پێشکەوتنی گەل لە پێناوی گەل و سەربەستیی خۆیدا***»، ڕێك و ڕاست ئەو ئاراستەیەش دیاریدەکات، کە گوتاری پیاوی کـورد لـە شەسـتەکانەوە بـۆ کۆتـایی هەشـتاکان لـە چوارچـێوەیەکی ناسیۆنالیسـتانەدا، لێـوەی دەیڕوانییە مێیینە.

بەپێی ئەو گوتارە مێیینە لـە بوونـەوەرێکی کۆمەڵایەتییـەوە دەکرێتـە ڕەمزێك و کۆمـەڵێ مانـا و میتـافۆری هەمەچەشـن لـە خـۆی دەگـرێ، کـە هەموویان بەشدارن لە سازدان و پاراستنی گیان و سەربەخۆیی نەتەوەدا. بە مانایەکیتر، ئافرەت لە چوارچێوەیەکی ئایدیۆلۆژیدا دەخرێتـە ڕوو، بـە ئایدۆلۆژی دەکرێ و چیدی ناسنامەی ئەو لەوەدا نابینرێتەوە کە مرۆڤێکە لـە کۆمـەڵگادا، بـەڵکو دەکرێتـە نیشـانەیەك لـەناو گوتـارێکی ناسیۆنالیستانەی سیاسیدا.

بەپێی پرنسیپەکانی ناسیۆنالیزم□□□, ئـافرەت هـەر تـەنها بوویـەکی سەربەخۆنییە، بەڵکو بووێکە نوێنەرایەتی شتێکی گـەورەتر و پـیرۆزتـر لـە خۆی دەکات کە: «خـاك» و «نەتـەوە» و «نیشـتمانی دایـك»ـە. ئـافرەت

172 بەشێکی ئەم سەرنجانەی لێرەدا دەخرێنە ڕوو، لە توێژینەوەیەکی پێشتری خۆمـەوە وەرمگرتوون. بڕوانە: ڕێبوار سیوەیلی: **کولتووری تەور**، بەشی دووەم، گۆڤاری ڕەهەند، ژ. 1 سوید 1996.

شەرەف و نیشانەی پاکی و ڕەسەنی نەتەوەیە و جگە لە ئەرکە تەقلیدیەکانی: (ماڵداری, زاووزێ, گوێڕایەڵیی مێرد و ملکەچیی بۆ پیاو هتد), ئەرکی بەپاکی هێشتنەوە و سەربەرز ڕاگرتنی گەلیشی لەسەر شانە. ئەم لایەنە میتافۆرییەی بوونی ئافرەت لە ئەدەبیات و هونەردا تا ئەوپەڕی توانا ئادیالیزە دەکرێ و لە بەرنامەی سیاسی و پڕوپاگەندەی پارت و بزاڤی نەتەوایەتیشدا وەك مەسەلەیەکی ئایدۆلۆژی دەخرێتە ڕوو. بەکورتیەکەی, لە ڕوانگەی ناسیۆنالیزمەوە ئافرەت و چەمکی ئافرەت وەك هەموو میتافۆرێکی دی کە نوێنەرایەتی نەتەوە بکا و «ئێمە»ی لە «ئەوان» پێ جیابکرێتەوە، سەرمایەیەکی نەتەوەییە. ئەو نەك هەر خاوەنی جەستەی خۆی نییە, بەڵکو تایبەتمەندییە بایۆلۆژییەکانیشی وەك کارگەیەکی میللی تەماشایان دەکرێ, کە دەبێ ئەو کارگەیە «ڕۆڵەی گەل» و «شێرانی نەڕ» و «تۆڵەئەستێن»ی نەتەوە بەرهەم بهێنێ.

لێرەشەوە ئافرەت خاوەنی مەسەلەیەکی تایبەت بەخۆی نییە، بەڵکو بەشێکە لە مەسەلەیەکی گەورەتر و دەبێت ئەو دیلێتی خۆی لە ئاست نێرینەدا لەبیر خۆی بەرێتەوە، ئەمەش لە پێناوی مەسەلەیەکی تردا کە کێشەی نەتەوە و نیشتیمانە. بۆیە هەتا دوژمنایەتی نێوان "ئێمە" و "ئەوانی بێگانە" درێژە بکێشێ, چاودێریکردنی ئافرەتان لەلایەن پیاوانی نەتەوەوە زیاتر دەبێ و لێرەشدا شیمانەی (احتمال) بەژێرپێوەبوونی مافەکانیان لەلایەن کۆمەڵگای خۆیانەوە, زۆرتر دەبێت. چونکە ئەو بۆی نییە لەجەنگێکدا بێ هەڵوێست بێ کە (دژی نیشتیمانەکەیەتی) و بۆی نییە لەو قۆناغەدا کە "ڕۆڵەکانی گەل" لە بەرەکانی جەنگدا دژی دوژمن دەجەنگن، ئەو لە ماڵەوە گلەیی لە بەختی خۆی بکات و جەنگێکیتر لەدژی پیاوانی کۆمەڵگاکەی بەرپا بکا.

ئالەم بارەدا کە جەستەی ئافرەت تێکەڵ بە پەیوەندیەکی گەورەتر دەکرێت و لە پانتاییەکی جیاوازی مانادا تەماشای دەکرێ، چیدی ئەو



"هاووڵاتی"یەکی ناو کۆمەڵ نییە، بەڵکو چەکێکە بەدەست کۆمەڵگاوە لە بەرامبەر کۆمەڵگایەکی تردا. لەم کەشوهەوایەدایە هەموو ئەو نەریتانە زیندووەدەبنەوە کە لەڕوانگەی کۆمەڵگای نێرسەنتەرەوە, ئافرەتان "دەپارێزن" و کەچی لە حەقیقەتدا ئازادییەکانی ئافرەت زیاتر سنووردار دەکەن.

شتێکی ئاشکرایە کە بەستنەوەی چارەنووسی ئافرەتان بە بەرنامەیەکی ئایدۆلۆژییەوە و بێدەنگکردنیان لە ئاست ئەو ستەمکاریانەدا کە پیاوانی کۆمەڵگاکەی خۆی بەسەریدا دەسەپێنن (وەك ئەوەی لە گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردیدا تێبینی دەکرێ)، مەسەلەی ئافرەتان دەکاتە مەسەلەیەکی پاشکۆیی و پلە نزم. هەروەها ئەو مامەڵەکردنە هەموو ئەو بەربەستانە دەهێنێتە بەرهەم کە ناهێڵن بزووتنەوەیەکی سەربەخۆی ئافرەتان بێتەئاراوە و گەشەبکات.

خەباتی چەکداری، وەك ڕووێکیتری ناسیۆنالیزم، بەدرێژایی ساڵانێکی زۆر لەناو کۆمەڵگای کوردستاندا وەك مەسەلەیەکی "پیرۆز" مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ. پابەندکردنی مرۆڤی خەباتگێڕی کورد بە"چەك"ەوەو چەکهەڵگرتن بەو مرۆڤە، کرایە ئەرکی هەرە سەرەکی و لەهەمانکاتیشدا ڕەوایەتی دەدا بە بوونی تاکی کورد وەك تاکێکی بەسوود و تەنیا لەڕێی چەکهەڵگرتنەوە دان بە خەباتکاریدا دەهێنرا. بەم پێیەش، چەك وەك ڕەمزی نێرایەتی، هەموو جۆرەکانی دیکەی خۆسەلماندنی تاکەکەسی لەم کۆمەڵگایەدا دەسڕییەوە. خەباتکار تەنیا ئەو کەسەبوو کە چەکی هەڵدەگرت و چەکی دەکردە ناسنامەی یەکەمی خۆی و ئەو کەسەی ڕێزی چەکەکەی نەگرتایە و بەرگریی لێنەکردایە، بە لاواز و ترسنۆك لە قەڵەم دەدرا. چەك هێمایەك بوو، یان نیشانەیەك بوو کە ئاماژەی دەکرد بۆ پانتاییەکی گەورەتر و تاکەکەسیش ئەو "توانا"یە بوو بۆ هەڵگرتنی ئەو هێمایە و هۆکارێك بوو بۆ بەپایەدار هێشتنەوەی ڕەمزییەتی تفەنگ.

هەموو ئەمەش زەمینەیەکی ڕەخساند بۆ ستایشکردنی ڕەمزەکانی نێرایەتی و نێرسەنتەری کە لە دوا ئەنجامدا ئەو هێزەبوو پانتایی مێینەیی لە کۆمەڵگای کوردیدا سەرکوت دەکرد. هەر لەم پێودانگەیشەوە، پەیوەندییە هەستەوەری و سۆزدارییەکان دەکەوتنە پەراوێزەوە و خۆشەویستیکردن، وەك ڕەفتاری ئەو کەسانە تەماشایدەکرێ کە ترسنۆکن و ناتوانن باوەشی گەرم و گوڕی ئافرەت بەجێبهێڵن.

لەناو ئەم بۆچوونەدایە کە هێدی هێدی کۆمەڵگا دەبێتە پانتاییەك بۆ بالادەستیی نێر و پێوەرەکانی وەك پیاوەتی و مەردایەتی و ئازایەتی دەبنە پێوەری باو. کۆمەڵگا دەبێتە شوێنی خۆنواندنی نێر و بەرجەستەبوونی جەستەی نێر بە دەسەڵاتێکەوە کە بەردەوام دەیەوێت ئەو سنوورانەش دەستنیشان بکا، کەلەناو کۆمەڵدا هیرارکیەتی ڕەگەزی (پیاو) لەئاست ڕەگەزی (ژن) دا دروست دەکات و بوار بۆ ئۆرگانیزەبوونی ئایدۆلۆژیای پیاوسالاری دەڕەخسێ تا بە ڕەوایەتییەکی شۆڕشگێڕانەوە، بکەوێتەوە دیسیپلینکردنی جەستە و ڕۆحی مێینە.

ئەگەر لە ئەزموونی خەباتی چەکداریی کوردیدا, مەسەلەی ئازادییەکانی ئافرەت و مافی ژنان هەندێ جار لە ئاستێکی ڕۆژنامەگەرییانەی سیاسەتی حیزبەکاندا خرابێتە ڕوو، ئەوە لە پراکتیکدا: واتە لەناو ڕیزەکانی حیزب و لە مۆڵگە و بارەگاکانی پێشمەرگەدا, لەکاتی (جەولە) و دامەزرانی پێشمەرگە بەسەر ماڵی گوندەکاندا, لە هەڵبژاردنی شوێنی (مقەڕ)کردنەوەدا و هتد، هیرارکیەتی باو و گوتاری نێرسەنتەرانە لەسەر ئافرەتان دەسەڵاتی خۆی نەدۆڕاندووە. هەموو ئەو لایەنە سیاسیانەی کە بانگەشەی "یەکسانی" و "مافی ژنان"یان کردووە, لە مامەڵەی ڕۆژانەیاندا لەگەڵ ئافرەت، هەمان ڕوانینی پیاوسالارانەیان گرتۆتە بەر. تەنانەت دەتوانین لە بەشێکی زۆری مێژووی خەباتی



چەکداریی کوردا, دووبارەبوونەوەی هەمان هیرارکیەت و هەمان گوتاری زاڵ ببینینەوە، چونکە لەو مێژووەدا هێندە لێبووردن دروستنەبووە کە سەربەخۆیی بزوتنەوەیەکی ئافرەتانی پێ قووت بچێ. هەر بۆیەشە هەر حیزبێکی سیاسی لە کوردستاندا خاوەنی ڕێکخراوی ئافرەتان و ژنان و خوشکانی خۆی بووە. تەنانەت بەدەگمەن لە بەندی ئەو پرۆژە سیاسییە کوردییانەی, کە مەسەلەی ئافرەتانیان خستۆتە ڕوو، نەتوانراوە ئەو گوتارە باوانە و ئەو حوکمە چەسپاوانەی ناو کۆمەڵگا، کە ڕەوایەتی دەدەن بە پاشکۆیی هێشتنەوەی ئافرەتان لەئاست پیاودا، بگۆڕن. لەگەڵ ئەوەشدا ئافرەتان بەپلەی سیاسی و عەسکەری دیاریکراویش گەیشتوون، کەچی بەردەوام "ئافرەتبوونەکەیان" سنوورێك بووە لەبەردەم ئەوەی وەك مرۆڤی سەربەخۆ و کامڵ حسابیان بۆ بکرێ. بۆیە بەشداربوونی ئافرەتی کورد لە کەرتی پێشمەرگەدا و چەکهەڵگرتنی ژنانی کورد, ئەوانی وەك مێینە لە ئامانجە تایبەتیەکانی خۆیان نزیك نەخستەوە. تفەنگ لەشانی ئافرەتی کورددا هیچ "یەکسانی"یەکی بۆ ئەوان لەئاست "برا پێشمەرگە"کانیاندا بەدەست نەهێنا. گەیشتنی ئافرەت بە پلەی بەرپرسیاری "سیاسی و عەسکەری" وێنای پیاوی پێشمەرگەی لە ئاست ئافرەتی پێشمەرگەدا نەگۆڕی، بەڵکو هەموو ئەمانە ئەو دڵنیابوونەیان بۆ نێری کورد هێنایە دی, کە لەگەڵ ئامادەیی ئافرەتان لە مەیدانی پێشمەرگایەتیدا، پێویستییان پێی بوو.

ئەوەمان لەبیر نەچێت کە لە خەیاڵگەی کوردیدا, کەرتی پێشمەرگایەتی قەڵەمڕەوێکە "ئازایی" و "چاونەترسی" و"بەرەوپیری مەرگچوون"ی تیا دەسەلمێنری و لە هەمان خەیاڵگەشدا ئەو خەسڵەتانە, خەسڵەتی نێرن. بۆیە کاتێ ئافرەتان ڕێگە بەخۆیان دەدەن و پێدەخەنە ئەو قەڵەمڕەوە پیاوانەیەوە، ئەوەی یەکەم شت لەوان چاوەڕواندەکرێ بریتیە لە بەرجەستەکردنەوەی ئەو خەسڵەتانە لە کەسایەتی خۆیاندا. بۆیە

دەتوانین بڵێین: قەبووڵکردنی ژنان و کچان لە کەرتی پێشمەرگایەتیدا، بەرلەوەی برِواهێنانی پیاوی کورد بێت بە مافەکانی ئافرەت و خواست و تایبەتمەندیەکانیان, دڵنابوونەوەی نێرە لەو ڕاستییەی کە پێیاندەڵێت: ئافرەتی پێشمەرگە بە هۆی چەکهەڵگرتنەوە ئەو ترسە لەلای برا پێشمەرگەکانیان کەمدەکەنەوە کە بۆی هەیە لە ئەنجامی خەباتی مێیینەوە بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی خۆی لە کۆمەڵگای نێرسەنتەریدا، دروستیبکەن. چونکە لەڕاستیدا هەڵگرتنی چەك هیچ مەترسییەك بە ئاڕاستەی خۆجیاکردنەوە و یاخیبوونی ژناندا دروست ناکا. بگرە چەکداربوونی ئافرەتان و قەبووڵکردنی سەمبوولێزمی چەك و هاتنە ژێر سێبەری تفەنگەوە، لەهەمان کاتیشدا دڵنیابوونەوەی پیاوی کوردە لە ئاست بەپایەداری مانەوەی قەڵەمڕەوە نێرانەکەی. ئەمەش پێماندەڵێت: ئەمجارەیان ئافرەتی کورد لە ڕێگەی کۆیلەبوونیەوە بۆ تفەنگەکەی، دەبوو کۆیلایەتی ئەو سیستەمە ڕەمزییەش بکات کە لە خەیاڵی پیاوی کورددا بۆ " تفەنگ" لە پێش چاوگیراوە. خەباتی چەکداری و ئایدیۆلۆژیای ناسیۆنالیزم، هەر تەنیا ئافرەتانیان لە ئاست ئەو کێشانەدا بێدەنگ نەکرد کە لەگەڵ پیاوانی کۆمەڵگاکەی خۆیاندا هەیانبوون، بەڵکو ناچاریشکرد لەڕێگەی کۆیلایەتیکردن بۆ تفەنگ وەك ڕەمزێك، سەرلەنوێ ببێتەوە کۆیلەی ئایدیۆلۆژیای نێرسالاری و ناسنامەی خۆی لەچوارچێوەی هەمان پێناسەدا ببینێتەوە کە پیاو بۆیکردبوو. بۆیە ئەوەی کامەران موکری لە کۆتایی پەنجاکاندا وەك "بەشێك لە ئامانجەکانی تێکۆشان"ی پیاوی کورد پێناسەی دەکات، لە قۆناغی شەڕی چەکداریدا دێتە دی.

لەڕاستیدا بەشداریکردنی ئافرەتان لە شەڕی چەکداریدا جۆرێ لە نیگەرانکردنی نێرینەشی بەدوای خۆیدا هێنا: بەپێی ئایدیۆلۆژیای ناسیۆنالیزم، "تفەنگ" بە پلەی یەکەم دەبێت لە شانی نێردابێت و چەك



هەڵگرتنی ئافرەتان دەشێت بە جۆری لە هەڕەشە لێك بدرێتەوە کە لەلایەن ژنانەوە دەکرێتە سەر قەڵەمڕەوی نێر. لێرەوە ئامادەبوونی ئافرەت لە بارەگای پێشمەرگەدا , ئامادەبوونێکی نیگەرانکەر بوو. ئەو هاتبووە ناو سیستەمێکی ئاماژەییەوە کە هی خۆی نەبوو, بە بایۆلۆژیایەکەوە هاتبوو کەلەو سیستەمەدا حسابی بۆ نەدەکرا. ئەو ئامادەییە سنووری بۆ نێر دادەنا و نەیدەهێشت نێری کورد لە قەڵەمڕەوەکەی خۆشیدا بە ئازادی پراکتیزەی نێرایەتی خۆی بکات. بۆیە مەرجی هەرەسەرەکیی نێر بۆ بەپێشمەرگەبوونی ئافرەت، بریتیبوو لەوەی ئافرەتی پێشمەرگە هەوڵ بدات لەو قەڵەمڕەوەدا خۆی (بگونجێنی): وەك پیاو ڕەفتار بکات, جلوبەرگی پیاوانە بپۆشێ و وەك پیاو خۆی بە تفەنگەکەی برِازێنێتەوە, وەك پیاو پارێزگاریی لە چەکەکەی بکات و وەك پیاویش بیربکاتەوە و بدوێ. بەمجۆرەش خەباتی چەکداری توانی ناسنامەی مێییەنەیی لە ئافرەتانی شاخ دابماڵێ و لایەنی نێرینەیی کەسێتی خۆی زیاتر بەرجەستە بکات و وەك مۆدێلێك بۆ ئافرەتی نمونەیی خۆی بۆ زۆر لە کچان و ئافرەتانی شاریش بخاتە ڕوو. بەجۆرێ تەنیا لەو ڕێگەیەوە دەیتوانی لەو قەڵەمڕەوەدا بمێنێتەوە و جۆرێ لە دڵنیایی دروستبکات و نیشانی پیاوی بدات کە ئەو مەترسیەك نییە لە ئاستیاندا. بۆیە لە قۆناغی شەڕی چەکداریدا پیاو بە جەختکردنەوەی بۆسەر نێرایەتی خۆی و ئافرەت بە فەرامۆشکردنی مێیینەیی خۆی و تەسلیمبوونی بە گوتاری نێرسالارانە، پانتایی خۆشەویستی و سۆزگۆڕینەوەیان چەپاند و ئەڤینداری وەك پەیوەندییەکی هەستەوەرانە ڕەهەندی کۆمەڵایەتیانەی خۆی ونکرد و ڕەهەندێکی شۆڕشگێڕانەی بەخۆیەوە گرت، کە دواجار تیایدا سۆز وەك شتێکی لاواز تەماشای دەکرێ. ئەڤینداری لە تەمەننای دوو کەسەوە کە پەیوەندییان لەسەر بنەمای سۆز گۆڕینەوەوە دادەمەزراند، بووە پەیوەندییەك کە دەکرایە

قوربانی لەبەردەم ئایدیۆلۆژیای سیاسیدا، چونکە بەهەر حاڵ دەبوو ئافرەت: "بەپێی توانای خۆی، بەپێی دیلیی خۆی تێبکۆشێ بۆ پێشکەوتنی گەل و لە پێناوی گەل و سەربەستی خۆیدا".

بە زمانێکی سادە دەتوانین بڵێین: ئامادەبوونی جەستەیی کچان و ژنانی کورد لە"کەرتی پێشمەرگە"دا, نەبووە هۆی بەرهەمهێنانی تێڕوانینێکی جیاوازی پیاو لەسەر ئافرەت. بەڵکو ئامادەبوونی بەرچاوی ئافرەتان لەکەرتی ناوبراودا, هەلێکی باشی بۆ پیاو ڕەخساندەوە تا لەنزیکەوە چاودێری "خوشکەکان"یان بکەن و ئاگایان لە هەڵسوکەوتیان بێت. هەروەها توانیان لەژێر پەردەی دیسیپلینی حیزبیدا، ئەو هەلومەرجانەیان بەسەردا بسەپێننەوە کە پێشتر لەناو ماڵ و کۆمەڵدا دەیانسەپاندن. ئەمەش بەو مانایەی لەجیاتی ئەوەی بارەگا و بنکە سەربازی و مەیدانەکانی تری پڕاکتیکی خەباتی ڕزگاریخوازی, ببنە مەیدان و ئەتمۆسفێرێکی ئازادانەی بەرهەمهێنانی یەکسانی و مافەکانی ئافرەتان، بوونە پانتاییەك بۆ بەرهەمهێنانەوەی شێوازەکانی کۆنترۆڵکردنی ئافرەت لەلایەن تەقلیدیەتی کۆمەڵگا و کولتووری خێڵ و ئایین و عەشیرەتەوە. هەروەها میکانیزمی ئەو بیروڕا هیرارکیانەیان بەرهەمهێنایەوە, کە پیاوان بە (شوان) و ژنان بە (مێگەل) دادەنێت و دوالیزمی (بەهێز/بێهێز) لەکەرتی پێشمەرگەدا، توانی هەمان چەقی قوورسایی هەبێ کە لەناو ماڵ و کۆمەڵگادا هەیەتی. بەکورتی دەکرێ ئەو ئەنجامە لە قۆناغی شەڕی چەکداری بەدەستبهێنرێ کە دەڵێت: لە میانەی ئەو ماوەیەدا پەیوەندییە سۆزگەراکان ئایدیۆلۆژیزە دەکرێن، خۆشەویستی وەك بەرجەستەبوونی لایەنی مێیینەیی کەسایەتی مرۆڤ لەبەرامبەر ستایشکردنی نێرایەتی و ڕەمزەکانی نێرینەدا، دەخرێتە پەراوێزەوە و ئافرەت دەست لە بەهاو کێشەکانی خۆی هەڵدەگرێت و خۆی تەسلیمی پرۆسەی بەپیاوبوون دەکات و هەموو شتێ بەهۆی



پێوەرە شۆڕشگێڕییەکانەوە هەڵدەسەنگێنرێ. بۆیە ئەو قۆناغە چەندە ستایشکردنی بەها و پێوەر و تێڕوانینەکانی نێرایەتیە، ئەوەندەش قۆناغێکە تیایدا مێیینەیی لە ئافرەت دەسەنرێتەوە و ناچار دەکرێ دەست لە و خەسڵەت و تایبەتمەندیانە هەڵبگرێ کە تایبەتن بە خۆی. بەم مانایەش لە قۆناغی شەڕی چەکداریدا ئافرەت و پیاو بەیەکتر نامۆ دەکرێن و ڕۆحی شۆڕشگێڕانەی ئایدیۆلۆژی سەنتەر، جێگەی پەیوەندییە سۆزدارییەکان دەگرێتەوە و چەمکی (خوشك و برایی) دەبێتە ئەو ڕووپۆشەی کە تاکەکان لەیەکتر دادەپۆشێ[173]. ئەمەش چەپاندنێکی ئەوەندە گەورە لە ژیانی مرۆڤی ئەم دەڤەرەدا دروستدەکات، کە تەنیا بەهۆی توێژینەوە لە بزاڤی سێکسگەرایی و تەقینەوەی وزەی سێکسیی دوای ڕاپەڕینەوە، لێی تێدەگەین[174].

**ژیانی هەستەوەری لە دوای ڕاپەڕینەوە بۆ سێکسی ئەنتەرنێتی:**

وێڕای مانەوە و کاریگەریی هەموو ئەو هۆکارانەی کە لەناو کۆمەڵگایەکی داگیرکراوی تەقلیدیدا، ببوونە هۆی بەرهەمهێنانی تێڕوانینێکی تایبەت

173 زۆرن ئەو پێشمەرگانەی کە لە گێڕانەوەی یادوەری خۆیاندا ئاماژە بەو حەز و ئەڤین و سۆزە دەکەن کە بۆ ئافرەتانی هاوسەنگەریان بوویانە و کەچی بەپێی پێوەرە ئایدیۆلۆژی و تێگەیشتنە شۆڕشگێڕانەکانی ئەو حیزبەی تیایدا کاریانکردووە، نەیانتوانیوە هەرگیز دەری بڕن و ناچار شاردویانەتەوە.

174 هەڵبەت پێویستە بەردەوام ئەوە بەبیری خوێنەر بهێنمەوە کە ئەم دوو بەشەی دوایی زیاتر لەوەی توێژینەوە و شیکارکردن بێت، بریتیە لە دەربڕینی هەندێ سەرنجی تایبەت. بۆ قسەکردن لەسەر ژیانی هەستەوەری و گۆڕان لە فۆرمەکانی سۆزگۆڕینەوە لە کۆمەڵگای هاوچەرخی کوردیدا، پێویستیمان بە توێژینەوەی ورد و چڕوپڕتر هەیە.

لەسەر مێیینە، ڕاپەڕین نەیتوانی ئەم تێڕوانینە بگۆڕێ و بگرە ساڵەکانی پاش ڕاپەڕین و قۆناغی خۆبەڕێوەبردنی ئیدارەی کوردی، تۆمارکەری تاریکترین لاپەڕەکانی مێژووی ژیانی هەستەوەری و تێڕوانینی پیاون بۆ مێیینە لە کۆمەڵگای ئێمەدا□□□. کۆمەڵگای ئێمە لەو مێژووەوە تێکەڵ بە ژیانێکی ئاڵۆزتر دەبێت و پەیوەندییە هەستەوەرییەکانیش، چ لە ڕووی بەها و چ وەك کۆمەڵێ ڕێوڕەسمی کۆمەڵایەتی، لەژێر کاریگەرییە دەرەکی و ناوەکیەکانی کۆمەڵگای کوردیدا، گۆڕانی زۆریان بەسەردا دێت. هەموو ئەمەش وا دەکات، قسەکردن لەو بارەیەوە ئاسان نەبێت و ئەوەی لێرەشدا دەگوترێ، جگە لە دەربڕینی کۆمەڵێ تێبینی کە دەشێت زیاتر شیبکرێنەوە و مشت و ماڵ بکرێن، هیچی دیکە نییە. باشە ئەوەش بەبیری خوێنەر بهێنمەوە، کە ئەم تێبینیانە تەنیا لە ڕوانگەیەکی تایبەتەوەن و دەکرێ لە ڕوانگەی دیکەوە ئەنجامگەلێکی تەواو جیاوازمان لەوانە دەستکەوێ کە لێرەدا دەخرێنە ڕوو.

---

175 لەمبارەیەوە بڕوانە ئەو ئامارانەی سەبارەت بە کوشتنی ژنان لە هەرسێ شاری سلێمانی و هەولێر و دهۆك و دەوروبەریان، لەلایەن هەندێ ڕۆژنامەی وەك ڕێوان، هاوڵاتی، میدیاوە بڵاوکراونەتەوە و لەبەر زۆری ژمارەیان نەدەکرا ئاماژە بە هەموویان بکرێ. بەڵام ئەم دوو لێکۆڵینەوەیە زۆرشتمان لەو بارەیەوە بۆ ڕووندەکاتەوە:

- ڕووناك فەرەج، هانا شوان: **ئاماری توندوتیژییەکانی دژ بە ژنان و خوێندنەوەیەك**، سەنتەری ڕاگەیاندن و ڕوناکبیریی ژنان، بڵاوکراوەی چوارەم، سلێمانی 2003.
- ڕێکخراوی ئاسوودە: (ئاوات محەمەد) **توند و تیژی خێزانی**. *تویژینەوەیەکی کۆمەڵایەتی مەیدانییە لەسەر ژنانی شاری سلێمانی و قەزاکانی گەرمیان*، سلێمانی، 2003.



پێش ڕاپەڕین، کۆمەڵگای کوردی و مرۆڤی ئەم کۆمەڵگایە لەژێر سێبەری بەعسدا بە پرۆسەیەکی دوور و درێژدا تێپەڕیبوو کە ئەویش ***متمانەسڕینەوە*** بوو. متمانەسڕینەوە ئەو هێرشە بوو کە بەعس بەهۆیەوە تاکەکەسی لەژیانی خۆی و دەوروبەر و کەسەکانی دی دەکردە دووژمن و بواری دروستکردنی هیچ جۆرە پەیوەندییەکی بۆ نەدەهێشتەوە کە پێویست بوو تیایدا هەستەوەری خۆی بەکار بهێنێ. بەعس هەستەکانی مرۆڤی بەرەو خۆشەویستی مرۆڤی دیکە ئاراستە نەدەکرد، چونکە لە تێڕوانینی بەعسیانەدا هەرمرۆڤێ بۆی هەبوو ببێتە دووژمن و خیانەتمان لێبکات. بۆیە سیستەمی سۆزگۆڕینەوە لە ڕژێمی بەعسدا، سۆزی مرۆڤی بەرەو خۆشەویستی ***سەرکردە و حیزب و نیشتیمان*** ئاراستە دەکرد. خۆشەویستی بۆ ئەم سێ کوچکەیە جوانترین و پیرۆزترین جۆری خۆشەویستی بوون لە بیرکردنەوەی بەعسدا. مرۆڤی عێراقی لەم تێڕوانینەدا کرابووە بوونەوەرێك کە دەبوو لەکاتی مەسیرە و خۆپیشاندانەکاندا بە لێشاو بێتە سەر شەقامەکان و بەیەك دەنگ درووشمی خۆشەویستی و خۆکردن بە قوربانی و گیانفیدایی بۆ سەرکردە و حیزب و نیشتیمان بڵێت: (بالروح، بالدم، نفديك يا صدام!). ئەو کەسەی جگە لە سەرکردە، حیزب و نیشتیمان، شتێکی دیکەی خۆشویستبا، وەك خیانەتکار لەقەڵەم دەدرا. بۆیە کوشتنی سۆز بەرامبەر بە هەموو شتێ، بەشێکە لە پەروەردەی بەعس و متمانە سڕینەوە ئەو سیاسەتەیە کە مرۆڤ لە ئاست مرۆڤدا بەدگومان دەکات.

لە ڕاستیدا بیرکردنەوەی بەعسییەکان بیرکردنەوەیەکە نەك هەر ئیشیکردووە بۆ داماڵین و گۆڕینی پەیوەندییە سۆزگەراکان لە پەیوەندییەکی نێوانمرۆییەوە بۆ بەریەککەوتنێکی ئۆرگانیی ڕووت و ئەمەش لە لاقەکردندا (اغتصاب) بەرجەستە دەبوو، نەك هەر سۆز و هەستەوەری لە پەیوەندییەکە فڕێداوەتە دەرەوە و کردوێتیە

پەیوەندییەکی سێکسیانە، بەڵکو بەعسییەکان هەوڵێکی زۆریشیانداوە بۆ بەکارهێنانی پەیوەندییە سۆزگەراکان وەك ئامرازێك بۆ کۆنترۆڵکردنی تێکۆشەران و ملکەچکردنیان و لەوێشەوە زەلیلکردنیان. چەندین نمونەی وا هەیە کە پیشانیدەدەن چۆن سیستەمی بەعس ژیانی سۆزگەرایی لایەنگر و ئەندام و دەستەندەخۆرەکانی خۆی لەگەڵ هاوسەرەکانیاندا، کردۆتە ئامرازێك بۆ بەبەعسیکردن و ڕاپێچکردنی نەیار و خەڵکانی خاوەن نفوز و خەباتکاران بۆ ناو تۆڕی تاوانباری و دروستکردنی بەڵگەی تۆمەتبارکردنی سێکسی لەسەریان[176]. ئەمەش پێماندەڵێت ژیانی هەستەوەریی ئەندامانی بەعس و هاوسەرەکانیان و پەیوەندیی تایبەتییان، بەشێکی جیانەکراوە بووە لە کۆی تێڕوانینێکی گشتگرەوەی تۆتالیتاریانە، کە فاشیانەکردنی پەیوەندییە هەستەوەرییەکان یەکێك بووە لە ئامانجەکانی. ئەمە جگە لەوەی سەدان کچ و ئافرەت بە تاوانی

176 یەکێك لەو بەسەرهاتانەی لە سەرچاوەیەکی بڕوا پێکراوەوە بیستوومە، ئەم چیرۆکەی خوارەوەیە: دوو کەس کە هاوڕێی یەکتر و کورد بوون و ناسراو، دەبنە جێگەی سەرنجدانی بەعسییەکان و یەکەمیان هەر زوو زەفەری پێدەبرێ. بەعسییەکان چەند جارێکی زۆر دەیانەوێ دوومیشیان بەلای خۆیاندا ڕابکێشن، بەلام ئەمەیان دەتوانێت بۆ ماوەیەك بەبیانووی پاراستنی کەسایەتی کۆمەڵایەتیانە، خۆی بگرێ تاکو ڕۆژێك لەلایەن هاوڕێکەیەوە بانگهێشتنی ماڵەوە دەکرێ و بەپێی پلانێکی تایبەت هاوڕێکەی ماڵەکە بە بیانووی شتکڕین جێدەهێڵێت و کەسی دووەم و هاوسەری کەسی یەکەم بەتەنیا دەمێننەوە و لەو ماوەیەدا ئافرەتەکە دەتوانێت رازیی بکا تا پێکەوە سێکس بکەن. پاش ماوەیەك بەعسییەکان دیسانەوە داوای لێدەکەن هاوکارییان بکا و ئەمیش هەمان ئەو بیانووانەی پێشتریان بۆ دەهێنێتەوە. بەلام ئەمجارەیان بەعسییەکان ئەو کاسێتی ڤیدیۆیەی پیشاندەدەن کە ئاشکراکەری پێکەوەخەوتنی خۆی و ژنی هاوڕێکەیەتی. خوێنەر بۆخۆی دەتوانێت کۆتایی چیرۆکەکە پێشبینی بکات.



ئەوەی پەیوەندیی سۆزگەرایانەیان لەگەڵ پێشمەرگە و خەباتگێڕاندا هەیە، ڕاپێچی نێو دامودەزگا سیخووڕییەکان کران و وەك بارمتە لە ژێر چاودێرییەکی توندوتیژدا هێشتیاننەوە. ئەمانە ئەو قوربانیانە بوون کە هەم لە ڕووی جنسی و دەروونی و جەستەییەوە توندوتیژییان لەگەڵدا بەکارهێنراوە و هەم لە ڕووی کۆمەڵایەتیشەوە ڕووبەڕووی سیاسەتی ڕووشکاندن و ئابڕوو تکاندن بوونەتەوە. بەمجۆرەش بەعسییەکان دەبنە بەرهەمهێنەری فاشیزمێکی سێکسیانە لە عێراقدا، کە لە هەمان کاتیشدا تێکەڵێکە لە تێڕوانینێکی شۆڤێنیانەی عەرەبی بۆ ئافرەتانی غەیرە عەرەب و غەیرە سوونی و نا بەعسی لەم کۆمەڵگایەدا. بەپێی ئەو تێڕوانینە ئافرەت لە خۆیدا وەك ئەوەی کە هەیە گرنگ نییە، بەڵکو لەوێدا بۆ بەعسییەکان گرنگە کە بەشێکە لە سامان و مڵکایەتی ئەو پیاوانەی کە لە بەعس یاخیبوون. بۆیە سزادانی کچان و ژنان هۆکارێکی باشە بۆ سڕکردن و چاوشکاندنی یاخییەکان و هێنانەوەیان بۆ ژێر دەسەڵاتی بەعس خۆی. بەمجۆرەش سیستەمی بەعس پانتایی ژیانی هەستەوەری وەك پانتاییەکی مەترسیدار پێناسە دەکات، کە دواجار وەك تاوانێك حسابی بۆ دەکرێت و پەیوەندییە سۆزگەراکان وەك بەشێ لە کۆی ئەو جەنگانەی بەعس لە دژی کۆمەڵگای عێراقی هەڵیگیرساندن، تەماشای دەکرێ.

شەڕەکانی ناوخۆی کوردیش، متمانەسڕینەوەیان برەو پێدا و بگرە خستیانە چوارچێوەیەکی ئایدیۆلۆژیی و شۆڕشگێڕانەی پیرۆزەوە. ئەمە جگە لەوەی کە هەر شەڕی ناوخۆیی هیچ بوارێکی بۆ هزری لێبووردەیی نەهێشتەوە، کە دیسان مەرجێکی ترە بۆ دروستبوونی پەیوەندییەکانی خۆشەویستی و سۆزگۆڕینەوە. لە دوای ڕاپەڕینەوە و سەبارەت بە تێڕوانینی نێرانە لەئاست مێیینە و پەیوەندییە سۆزگەراکان، کۆمەڵگایەك دروستبوو، کە تا دەهات قەبووڵیدەکرد ڕۆژانە ئافرەتان خۆیان

بسووتێنن، تێزابیان پێدا بڕێژرێت و لەناو بازاڕەکان و لەسەر پیادەڕۆکان، هوویهایان لێبکرێت. واتە نەك هەر ناوماڵ، بەڵکو گۆڕەپانی گشتی و شوێنە گشتییەکانیش بۆ مێیینە بوونە شوێنی مەترسیدار. لە ڕووی جنسییەوە ژمارەیەکی زۆر لە کچان، ژنی بێسەر و شوێنەکان و ئەنفالکراوەکان و ئاوارەکان، ڕاپێچی ناو تۆڕەکانی لەشفرۆشی کران و لە دایەرەکانیشدا و هاوکات بە سەرهەڵدانی گەندەڵیی ئیداری و جۆرێ لە بیرۆکراسیەتی کوردی، کارمەندانی ئافرەت خۆیان لەبەردەم دەستدرێژیکردنی نوێدا بینییەوە: دەبوو بە جۆرێ خاوەن دەسەڵاتی دایەرە و بەڕێوەبەری بەش ڕازیی بکەن، ئەمەش وەك مەرجێك بۆ دامەزراندن و مانەوەیان لەو فەرمانگەیەدا. لە ئاستی کۆمەڵایەتیشدا برەوسەندنی دیاردەگەلی وەك دەستبۆبردن، نقورچبازی و لێبادان[177]، بوونە دیاردەی ڕۆژانە و بەرچاو، بەڵام بێدەنگەلێکراوی ناو کۆمەڵگا.

هەموو ئەمانەش هاوشان و هاوکات بوون بە برەوسەندن و تەشەنەسەندنی دیاردەی ئیسلامی سیاسی کە تێڕوانینێکی تایبەتی هەیە بۆ مێیینە و نێرینە. ئیسلامی سیاسی هەر تەنیا پیاوسالاریی ئایینیی برەو پێنەدا و بنەما نەگۆڕە مەزهەبیەکانی نەکردە ئامرازێك بۆ دەستێوەردان لە ژیانی هەستەوەری مرۆڤی کورد، بەڵکو جۆرێکی تازەی جلوبەرگ پۆشین و شێوازێکی دیکەی ئامادەیی ئافرەتانی لە کۆمەڵگادا سەپاند، کە هاوشانیش بوو بە ڕەواج پێدانی ڕوانگەیەکی زۆر لە مێژینە لەسەر ئافرەت و مێیینەبوون و بێگومان ئەمەش بێکاریگەر نەبووە لە

177بڕوانە گفتوگۆی شەهلا مەحمود لەسەر هەمان بابەت لەگەڵ نووسەردا، کە وەك پاشکۆی دووەمی ئەم کتێبە بڵاوکراوەتەوە.



زیندووکردنەوە و درێژەدان بە نەریتەکانی وەك ئافرەت کوشتن، زوو بەشوودان و خەتەنەکردن و هتد.

ئیسلامی سیاسی و گوتاری سیاسیانەی ئیسلامیستەکان، توانیان بە وتاری ئایینی ڕۆژانی هەینی، بە کردنەوەی کۆرس و خولی وانەی حیزبی و پاشانیش بە نووسینی هەڕەمەکی و نازانستی و بڵاوکردنەوەیان بە کاسێت و نامیلکە و کتێب بەناو ژمارەیەکی زۆری خەڵکدا، لەلایەکەوە پەیوەندیی خۆشەویستی تەنیا وەك عەشقی مرۆڤ بۆ خودا پێناسە بکەنەوە و لەو ڕێگەیەشەوە بێحورمەتییەکی زۆر بە خۆشەویستی مرۆڤ بۆ مرۆڤ بکەن و ئەڤینی نێر ومێ بخەنە پەراوێزەوە. لەلایەکی تریشەوە هەوڵێکی زۆریانداوە بۆ بەشەرعیکردنی هەموو پەیوەندییەکی هەستەوەرانە و داتاشینی چوارچێوە بۆ ژیانی سۆزداری بەپێی پێوەری حەڵاڵ و حەرام. ئەمەش هەم بەگەڕانەوە و تەئویلکردنی تایبەتی دەقە ئایینیەکان بەپێیی میزاجی شەخسی و هەم وەك پەرچەکردارێکی خۆیان لە ئاست ئەو تێکشکانانەدا کە لە ژیانی عاتیفیدا تووشیان هاتوون و ئەمەشمان لە شێوازی ئەواندا بۆ بەکارهێنانی زمان لە کاتی قسەکردنیاندا لەسەر پەیوەندییە هەستەوەرییەکان بۆ دەردەکەوێ. نمونەیەك بۆ جۆری ئەو نووسینانە لەسەر ژیانی تایبەتی و هەستەوەری و بەشەرعیکردنەی پەیوەندییە سۆزدارییەکان، کتێبەکەی عەلی باپیرە[178]، کە بە زمانێکی ساکاری نازانستی و لە ڕووی دەروونییەوە گرژ، پڕە لە تەفسیرکردنی مەبەستدارانە و پاساوهێنانەوە بۆ هەر وشەیەك کە لە دەق و ڕیوایەتە ئیسلامییە تەقلیدیەکاندا سەبارەت بەو بابەتە باسکراون و خزمەت بە

178 بڕوانە عەلی باپیر: **ئافرەت و خێزان لە سایەی شەریعەتدا**. چ. یەکەم، تەفسیر، هەولێر 2003

دۆخی سایکۆلۆژی نووسەر دەکەن. لەڕاستیدا ئەم کتێبە قسەی زۆر هەڵدەگرێ و بێدەنگبوون لە ئاستیدا مەترسیدارە. هەڵەی هەرە گەورەی ناوبراو کە هەموو کتێبەکەی خۆی لەسەرەوە بیناکردووە، بریتیە لە شەرعاندنی پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی و پراکتیکیی نێوانمرۆیی بگۆڕ و پاشان قەتیسکردنی ئەم پەیوەندییە لە چوارچێوەی ئەو دەقانەدا کە خزمەت بەو پرۆژەیە دەکەن. لەلای نووسەری ئەم کتێبە، دواجار پەیوەندییە سۆزگەراکان ئەو پەیوەندیانەن کە نەك هەر پێویست ناکات وەکئەوەی لە نێوان مرۆڤەکان و نێر و مێدا ڕوو دەدەن، لێیان بکۆڵینەوە، بەڵکو حەقیقەتی ئەو پەیوەندییە ئەوەتا لە ناو ئەو دێڕانەدایە کە کتێبە شەرعییەکانی ئیسلام باسیاندەکەن و بەدرێژایی چەندین سەدەیە لە قاڵبیانداون. ئەم کتێبە پڕە لەو ڕێنومایی و دەستورانەی کە نێرینە دەتوانێت بەهۆیانەوە کۆنترۆڵی مێینەی پێبکات و لە بچووکترین کەلێنەکانی ژیانی هەستەوەری و سۆزداریدا مەچەکی بگرێ و سزای بۆ ببڕێتەوە. لەهەمان کاتیشدا ئەمە ئەو کتێبەیە کە هەموو ترسێکی نێرسالارانەی ئایینی لە ئاست خۆشەویستی مرۆڤ بۆ مرۆڤ و پیاو لە ئافرەت پەرچکردۆتەوە. خاڵی باشی ئەم کتێبە لەوەدایە کە پێماندەڵێت ئیسلامیستەکانی کورد چۆن بیر دەکەنەوە و لە هەوڵی دروستکردنی چ کۆمەڵگایەکدان و چ پێوەرگەلێك بەکار دەهێنن بۆ دەستخستنە ناو پەیوەندییە هەستەوەری و سۆزگەرا کۆمەڵایەتییەکان. ئەو پەیوەندییانەی بەر لەوەی پەیوەندیی ئایینی بن، پەیوەندیی تاکە تاکەکەسن بە تاکەکەسەکانی ترەوە و لەدەرەوەی هەر دەستێوەردانێکی دەرەکییەوەن.

بۆیە ئیسلامی سیاسی بە زیاد لە شێوەیەك کاریکردووە بۆ بەپیس پیشاندانی جەستەی مرۆڤ، بۆ دوور خستنەوەی تاکەکەس لە پەیوەندیی خۆشەویستی و بۆ بەشەرعیکردنی هەموو ئاستەکانی ژیانی هەستەوەری



و پەیوەندییە سۆزگەراکانی مرۆڤی کورد. ئیسلامیستەکان لەوەدا کە توانیویانە ئیش بکەن بۆ بەرهەمهێنانی چەپاندن و تەکنیکەکانی سەرکوتکردنی هەستەوەری و سۆزداریانە فێری گەنجەکان بکەن، پێشزەمینەیەکی پتەویان دارشت بۆ خستنەگەڕی ئەو وزە سەرکوتکراوەی تاکەکەس لە بواری سیاسی و ڕێکخراوەییدا. لەسەر بنەمای یاساخکردنی هەموو جۆرە بەریەك کەوتنێکی جەستەیی و شێوازێکی سۆزگۆڕینەوەوە، تاکەکەسێکیان بەرهەمهێنا کە تامەزرۆییەکی زۆری هەبێت بۆ سێکس و مەیلە شەهوانییەکان، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم مەیلە زۆرە بەکەناڵێکی سیاسیانەدا ئاراستە دەکرێ، ئەوە حەزێکی زۆر بۆ تۆڵەکردنەوە لەلای تاك بەرهەم دەهێنێ. ئەو گەنجەی پڕە لە مەیل بۆ مێینە، وەلێ پێویستە لەڕووی سیاسی و ئایینییەوە سەرکوتی بکات، دواجار گەنجێکی لێدەردەچێت کە پڕە لە شەڕانییەت و توندوتیژی بەرامبەر بە ئافرەت، بەجۆرێ کە تێزابرێژی لەلا ببێتە پیشەیەك[179].

وێڕای ئەم هەوڵدانانەی ئیسلامی سیاسی بۆ توندوتیژکردن و ناساندنی پەیوەندییە سۆزگەراکان وەك پانتاییەکی ترسناك و بە ئێرهابیکردنی ژیانی هەستەوەری، بەدیوێکی تردا و لەگەڵ سەروبەندی ڕاپەڕینی (1991)دا ژیانی هەستەوەری و سۆزگۆڕینەوە لە کۆمەڵگای کوردستان دەکەوێتە قۆناغێکی ترەوە. ئەو چەپاندنەی کولتووری شاخ دروستیکردبوو، لە شارەکاندا دەتەقێتەوە، نێرایەتی بوارێکی خۆنواندنی بەرفراوانتری بۆ دێتە پێش. ڕاپەڕین گوڕ و تینێکی دی دەداتەوە پیاوی کورد و ڕووداوەکەش وەك بەرەنجامی هێزێکی نێرانە خۆی دەناسێنێ کە

179 لەمبارەیەوە بڕوانە: محمد کمال البوانی، **الحب و الجنس عند السلفيه وه الامبرياليه**، دار رياض الريس، لندن 1994، ص: 100-101

ڕایدەگەیەنێ: دوژمنی ***بەزاندووە***، ***سەری پێشۆڕ کردووە*** و لە وڵات ***کردوێتیە دەرەوە***. لێرەشەوە ڕەوایەتی شۆڕشگێڕانە دەسەڵاتێکی بەرفراوانی بێسنوور دەداتەوە بە پیاوسالاری. شارەکان پڕ دەکرێن لەو ڕەمز و پەیکەرانەی کە تیایاندا نێر ستایش و ئایدیالیزە دەکرێ. یەکەمین ئەو کەسە ***تاوانبارانەی*** چاوی پیاوانی ڕاپەڕین دەیانبینن، ئەو ئافرەتانەن کە پیاوانی ڕژێم زەفەریان پێبردبوون و لە خشتەیان بردبوون.

بەدیوێکی تریشدا، ڕاپەڕین دەروازەیەکی پشوودانی بەسەر نێرینەی ماندووی کوردا کردەوە کە پاش ساڵەها ماندوویی و لە شاخ ژیان، دەیویست ژیانێکی هەستەوەرانە بۆخۆی دروستبکا. لێرەوە شەپۆلێکی سەرسوڕهێنەری ژنهێنان و فرەژنی سەرەتا لەناو دەستەی دەسەڵاتداری کوردیدا و پاشانیش لەلایەن کاربەدەستەکانی خوارەوە دەستپێدەکات، کە لەهەمان کاتدا بەیادهێنەرەوەی بۆچوونێکی دەرەبەگانەی پێش مۆدێرنە لەسەر فرە ژنی ئاغا و خۆتازەکردنەوەی. پیاوی ڕاپەڕین دەیەوێ لە ماوەیەکی کەمدا هەموو ئەو شتانە بەدەست بهێنێتەوە کە پێشتر لێیان مەحرووم بووە، ئافرەتیش لە پێش هەموویانەوە سەرنجی نێرینەی کورد ڕادەکێشێ.[180]

گەورەبوونی شارەکان و زۆربوونی هۆیەکانی گواستنەوە و بەرزبوونەوەی ڕێژەی ئافرەت لە فەرمانگەکاندا، بوارێکی باش دەڕەخسێنن بۆ ژیانێکی نهێنی و لەبەرچاو دوور. ***فرەپەیوەندیی هاوکات*** (پیاوێك لە هەمان کاتدا لەگەڵ چەند ئافرەتێ سێکس بکا) و ***پەیوەندی ڕاگوزەریانە*** لەناو فەزای پڕجموجووڵی ساڵەکانی یەکەمی ڕاپەڕیندا، سەرهەڵدەدەن و، ساڵانی گرانیی و ئابلۆقەی ئابووریش ڕۆڵێکی زۆر

[180] لەو گفتوگۆیەدا کە وەك پاشکۆی یەکەمی ئەم کتێبە بڵاوبۆتەوە، زیاتر لەسەر ئەم گۆڕانکاریانە قسەم کردووە، بۆیە تکا لە خوێنەر دەکەم بگەڕێتەوە بۆ ئەوێش.



دەگێڕن لە تێڕوانینی پیاودا بۆ ئافرەت و ژمارەی ئەو ئافرەتانەی لەو ماوەیەدا بە پارە سێکسی خۆیان دەفرۆشن، لەگەڵ دەستپێکردنی شەڕە ناوخۆییەکاندا، ڕوو لە زیادبوون دەکات. زۆرینەی ئەو چاوپێکەوتنانەی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا لەگەڵ ئەمجۆرە ئافرەتانەدا کراون، جەخت لەسەر ڕۆڵی ئابووری و جەنگ دەکەنەوە سەبارەت بە بارودۆخی خۆیان.

بەدیوێکی تردا دەزگاکانی ڕاگەیاندن، کەناڵەکان، زۆربوونی سی ـ دی و ئامێرەکانی نومایشدان، باشبوونی باری ئابووری بۆ هەندێ لەو چین و توێژانەی کە نزیکن لە دەستەبژێری سیاسییەوە، هاتوچۆ بۆ دەرەوەی وڵات، هاوسەرگیریی *سەفەری* و شەپۆلی هاتنەوەی پەنابەرە کوردەکان لە خۆرئاواوە بۆ کوردستان، یان ناردنی ڕاسپاردە لەوێوە و هەڵبژاردنیان بۆ ئافرەت لە زۆربەی کاتدا، لەسەر بنەمای ڕواڵەت و چاوبەستەوە نەك سۆزو ئەویندارى، هەموویان کاریگەریان هەبوو لەسەر چۆنێتی تێڕوانینی نێرانە بۆ مێیینە و شێوەی بەرجەستەبوونی پەیوەندییە هەستەوەرییەکان. ئەمە جگە لەوەی کولتوور و ڕێوڕەسمی بەشوودان و هاوسەرگیری لەژێرکاریگەریی پرۆسەی مۆدێرنیزەبوونێکی ڕواڵەتیانەدا، جۆرەها تەکنیك و ڕێنومایی نوێی خستەکار بۆ دەستێوەردان لە ژیانی هەستەوەری تاکەکان. مەراسیمەکانی وەك: خوازبێنی، قسەبڕاندنەوە، شەکراو خواردنەوە، ئاڵتوونکڕینی پێشەکی و پاشەکی، خانوو لەسەر تاپۆکۆدن، ئۆتۆمبیل و دووکان بەناوەوە کردن، هاوشان بە داواکاریەکانی بنەماڵەی بووك بۆ شێوەی گواستنەوە و شوێنی گواستنەوە(هوتێل، باخچە، سەیرانگا و هتد) هەموویان کاریگەریی خۆیان لەسەر پەیوەندییەك دادەنێن کە پێویستە لەسەر بنەمای هەستەوەری و لە نێوان دوو کەسی سەربەخۆدا بێت.

**لەگەڵ هاتنی ئەنتەرنێتدا**، گۆڕانێکی دیکە ڕوو دەدات و سێکسی ئەنتەرنێتی بۆ نێرینەی کورد شوێنی دەستپەڕلێدان و فەنتازیای

ئیرۆتیکی دەگرێتەوە. لە پێش ئەنتەرنێتدا، ئەوەی وێنەی مێیینە لە زەینی گەنجان و تازە پێگەیشتووەکاندا پێکدەهێنێ، بریتیە لەو خەیاڵکردنەوانەی لەکاتی دەستپەڕ لێداندا، بەشێ لە جەستەی مێیینە لە خەیاڵی نێرینەدا بەرجەستە دەکات. ئەمەش دوور لە چاوی کۆمەڵگا و لە شوێنی نادیار و کاتی تایبەتدا. چونکە دواجار دەستپەڕلێدان لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە شەرم و لە ڕووی ئایینیشەوە بە گوناھ دەژمێردرێ و مرۆڤ دوای ئەو کارە نابێت هیچ نیشانە و شوێندەستێ جێبهێڵێت. بۆیە باشترین شوێن بۆ دەستپەڕلێدان ناو ئاودەست و سینەما و شوێنە چۆڵەکانن. ئەم دوو فاکتەرەش (شەرمی کۆمەڵایەتی و ترسی ئایینی) دەبنە ڕێگر لەبەردەم ئەوەی لاوی کورد، لەگەڵ بەدیارکەوتنی یەکەمین نیشانەکانی پێگەیشتندا، ئافرەت وەك گشتێکی تەواو ببینێت. بۆیە خەیاڵی دەستپەڕ یەکەمین ئیمکانە لەبەردەم نێرینەی کوردا تاکو لێوەی تەماشای ئافرەت بکات و وێنەیەك لەسەر مێیینە بەرهەم بهێنێ.
بەڵام نێری کورد لەگەڵ دەستپەڕکردندا و لەژێر زەبری ئەو سانسۆرە قوورسەدا کە ناهێڵێت نیشانەکانی پێگەیشتنی جنسی بەدیار بکەون، ناتوانێ مێیینە وەکخۆی ببینێ، بەڵکو لە خەیاڵی خۆیدا پەنا بۆ پارچەپارچەکردنی ئافرەت دەبات و ئەمەش پرۆسەیەکی ئازار بەخشە کە ژیانی هەستەوەری نێرینە دەخاتە بەردەم مەترسیی گەورە و ڕێگەی پێنادات هەرگیز بەرامبەرەکەی لە گشتمەندیی خۆیدا ببینێ و پەیوەندیی لەگەڵدا دروستبکات.

سێکسی ئەنتەرنێتی بۆ نێرینەی ناو کۆمەڵگای ئێمە جۆرێکی ترە لە دەستپەڕلێدان بەڵام بەهۆی تەکنەلۆژییەوە. سانسۆرە کۆمەڵایەتی و ترسە ئایینی و ئەخلاقییەکان هەر ماون، لەجیاتی ئەوەی نێرینەی ئێمە لە تاریکی و ئاودەست و شوێنیتردا بەدەست خەریکی هەڵگڵۆفینی ئەندامی نێرینەیی خۆی بێت و لە خەیاڵیدا بەشێ لە جەستەی کچی



دراوسێ و بێژەری تەلەفزیۆن و مامۆستای وانەکەی گەورە بکات، ئێستا لەبەردەم شاشەی ئەنتەرنێتدا و لەو ژوورە بچکۆلانەی سەنتەرەکانی ئەنتەرنێت دروستیانکردوون، چاوی خۆی لەو دیمەنانە تێر و پڕ دەکات کە بەدووبارە بوونەوەیان ئەو سیحرە بەتاڵ دەبێتەوە کە بریتیە لە خەیاڵکردنەوە لە ئافرەت و لەدوای تەماشاکردنیش هەوڵدەدات ئەو سایتە دابخات کە تەماشایکردووە، چونکە نابێت هیچ نیشانە و شوێندەستێ جێبهێڵێ، ئەگەرچی ئەمە ڕێسایەك نییە.
ئەو گۆڕانەی سێکسی ئەنتەرنێتی لە تێڕوانینی نێرینەدا بۆ مێیینە دروستیکردووە، ئەوەیە کە چیدی مێیینە بەشێ لە خەیاڵی ئەو داگیر ناکات، بەڵکو دەیبینێ وەکئەوەی کائینێکی سێکسییە. مێیینە بابەتێکە بۆ تەماشاکردن و لەگەڵ تەواوبوونی ئەو چێژەش کە لە تەماشاکردن وەردەگیرێ و دوای ئەوەی شاشەی ئەنتەرنێتەکە دەکوژێتەوە، لە زەین و خەیاڵی تەماشاکەردا، مێیینە (ئەویتر)ێك نییە بۆ بیرلێکردنەوە و پەیوەندی لەگەڵ بەستن. بەڵکو ڕەسمێکە جیاواز لە ڕەسمەکانیتر و ئەم ڕەسمەش دەبێتە ئەو ڕوانگەیەی لێوەی تەماشای ئافرەت دەکرێت. تەماشاکردنێك کە ئافرەت بچووکدەکاتەوە لە ئەندامی مێیینەیدا و جەستەی مێیینە وەك بابەتێ بۆ مەسرەفکردن لە زەینی نێرینەدا بەرجەستە دەکاتەوە کە ئەمەش جۆرێکی دیکەی هەمان تێڕوانینی نێرسالارانەیە بۆ ئافرەت کە پێشتر قسەمان لەبارەوە کرد. بەمجۆرەش لە کۆمەڵگایەکی چەپاوی وەکئەوەی ئێمەدا، کە یەکەمین ئەزموونە هەستەوەری و سێکسییەکانی زۆربەی نێرینە لە ماکەر و سەگ و بزن گاییەوە دەستیان پێکردووە و بە قۆناغی دەستپەڕ لێداندا تێپەڕیوە، سێکسی ئەنتەرنێتی دەستی مرۆڤ ئازاد دەکات، بەڵام خەیاڵی لێدەستێنێتەوە و ئافرەت دەکاتە بابەتێ بۆ تەماشاکردن لەسەر شاشە، نەك بۆ بینین لەناو خەیاڵدا و بۆ ناسین لەناو واقیعدا.

به کورتی و له چوارچێوەی ئەم سەرنجە پچڕپچڕانەدا، دەتوانین بڵێین: گرنگترین گۆڕان سەبارەت بە ژیانی هەستەوەری و تێڕوانینی نێر بۆ مێیینە لەدوای ڕاپەڕینەوە ڕوویدا بێت ئەوەیە، کە مێیینە بابەتێك بووە بۆ تەماشاکردن. وەك بابەتێکیش بۆ تەماشاکردن، لایەنێك بووە بۆ سێکس و حەزلێکردن، نەك بۆ پەیوەندی هەستەوەری و سۆزگۆڕینەوە. ئافرەت لە کۆمەڵگای ئێمەدا وەك تەماشاکراوێك، لە ژێر دەسەڵاتی چاوی نێرینەدا خۆی لێدەبێتە تابلۆیەکی تەواو نەکراو و بەردەوام ناچارە بیر لەوە بکاتەوە ئاخۆ چۆن ***دەبینرێ***. ئەمەش ئەوی خستۆتە بارودۆخێکی شڵەژانی دەروونی و بەدگومانیکردووە لەئاست ناسنامەی خۆیدا، هەر بۆیەشە ئەو هەر ڕۆژە بەڕەنگێ خۆی دەنوێنێ و ڕووخساری ڕاستەقینەی خۆی لەودیو ڕووپۆشی مەکیاژەوە دەشارێتەوە. ئەو ستایشکردنە زۆرەی شەڕی ڕزگاریخوازی بۆ ڕەمزەکانی نێرێتی کردی و هاتنەوەی پیاوی کورد بە کولتووری شاخەوە بۆ ناو شارەکان و خۆناساندنی *ڕاپەڕین* وەك سەرکەوتنێکی نێرانە، پاشان دەستپێکردنی شەڕەکانی ناوخۆ و دیسانەوە ستایشکردنەوەی پیاوی شەڕکەر لە کۆمەڵگای ئێمەدا و بەخشینی هەموو دەستکەوت و ئیمتیازەکان بە منێکی نێرانە، زەینی ئەم پیاوەی لە ئاست بوونی ئینسانیانەی ئافرەت و چەوسانەوە تایبەتیەکانیدا، ئاوەڵا نەکرد. بەڵکو زەکەری نێرینەی کوردی بەجۆرێ ڕەپکرد، کە نیشتنەوەی ئاسان نەبوو. چونکە کاتێك پیاوسالاری و بەها ئایدیۆلۆژییەکانی ئەوەندە ستایش دەکرێن و بەپیرۆز دەکرێن، ئەمە نابێتە هۆی دروستکردنی هووشیارییەکی عەقڵانیانەی نێر لەبەرامبەر مێدا، بەڵکو دەبێتە هۆی خرۆشاندنی ئالۆشەکان و تەماعە جەستەییەکانی و لێرەشەوە خولیای زۆرترین ژمارەی پیاو، دەبێت بە گەیشتن بە زۆرترین ژمارەی ئافرەت. هەربۆیەشە بەشێکی زۆری بەرپرسە سیاسیەکان یەکەمین گۆڕانکارییان لە ژیانی خۆیاندا بەوە دەستپێکرد کە



واز لە هاوسەر و ئافرەتانی *هاوسەنگەریان* بهێنن و هەوڵبدەن سەرلەنوێ "لەباغی سینە میوان ببنەوە".

ئەم تێڕوانینە تازەیە کە تیایدا ئینسانیەتی ئافرەت بەپەراوێزکراوە و کۆی بوونی ئەو بچووککراوەتەوە لە ئەندامی مێیینەیی و زۆنە سێکسییەکانی تریدا، هەر تەنیا ڕێژەی جیابوونەوە و تەڵاقدانی نەبردۆتە سەر، بەڵکو هاوشانیش بووە بە دەرکەوتنی چەندین شێوازی لادەرانەی سێکسکردن، بۆ نمونە: باوك لەگەڵ منداڵ، برا لەگەڵ خوشك، دەستدرێژیکردن بۆ سەر کچانی قوتابخانەکان، جووتبوون لە دواوە و هتد. کە هەریەك لەمانە قوربانیی خۆیان و ئەنجامی دەروونی و کۆمەڵایەتی تایبەتییان لەسەر تاکەکەسەکان جێهێشتووە.

لێرە بەدواوە و لەژێر کاریگەریی ئەو گۆڕانکاریانەدا، وا پێدەچێ کۆمەڵگای ئێمە وەك کۆمەڵگایەکی داخراو، خۆی لەبەردەم شەپۆلێك مانگرتن لەئاست دابونەرێتە کۆمەڵایەتیە تەقلیدیەکاندا ببینێتەوە و مرۆڤی ئێمەش وەك بوونەوەرێکی لەشەڕبێزار، بەرەو شوێنێ دەڕوات کە چێژی هەنووکەیی نەگۆڕیتەوە بەو وادە و پەیمانانەی شێوازە تەقلیدیەکانی هاوسەرگیری مژدەی دەدەنێ. بۆیە دەکرێ پێشبینی تەقینەوەیەکی سێکسی بکەین، کە تیایدا مرۆڤ ئەو پەیوەندییە بدۆزێتەوە کە لەسەر بنەمای سۆزگۆڕینەوە و هەستەوەرییەوە دروستدەبێت. ئەمڕۆ شالاوی سێکسیزەکردن هەموو پانتاییەکانی ژیانی مرۆڤی کوردی گرتۆتەوە، نەك هەر جۆری سەیارەکان سێکساوی کراون، بەڵکو لە شیعردا *تەپۆڵکەکان* وێنەی مەمك بەخۆیانەوە دەگرن و گرد و چیاکانیش کە لەسەردەمی شەڕی چەکداریدا بە ڕۆحێکی شۆڕشگێڕانەوە سەمبوولیزە دەکران، ئێستا بە تەماعێکی پۆرنۆگرافیانەوە و لە بۆتەی

زمانێکی دەسەڵاتداری نوکتەئامێزدا، سەرلەنوێ ناو دەنرێنەوە: گردە مژە، *گردە لێخە، گردە تێخە*□□□.

ئەمڕۆ لە کۆمەڵگای ئێمەدا گەلێ لەو مەراسیمانە بەشێوەی نیمچە ئاشکرا و شاراوە بەڕێوە دەچن، کە پێشتر قسەکردنیش لەبارەیانەوە یاساخ بوو. منداڵبازی و نێربازی لەزۆربەی کولتوورەکاندا هەبووە و لەمێژە لە کۆمەڵگای ئێمەشدا بەدیارکەوتووە و بەشێکیشە لە کولتووری خۆرهەڵاتیانە□□□. سێکسی بە کۆمەڵی دوای خواردنەوەیەی زۆر و بەکارهێنانی مەوادی بێهۆشکەر، شەوبێداریی سێکسی، ژنگۆڕینەوە، پان بەپانێ و هتد، بەشێکن لە ژیانی نهێنی هەندێ چین و توێژی کۆمەڵگا. بەمجۆرەش ئێمە بەتەواوی مانا لەسەردەمێکی نوێداین و ئەمەش هەموو بوارەکانی ژیانمانی گرتۆتەوە، تەنانەت شەخسیترین بەشەکانی ئەو ژیانەش. بەڵام ئەمە بەهیچ شێوەیەك بەو مانایە نییە *نوێبوونەوە* بۆتە بەشێ لە بیرکردنەوەمان و دید و تێڕوانینمانی گۆڕیوە، مەترسییەکە لەوەدایە کە تێڕوانینە کۆن و سواوەکان خۆیان نوێکردۆتەوە و لە سیمای تردا ژیانی ئێمەیان داگیرکردووە. ئەمەش ناچارمان دەکات لە زیاد لە پانتاییەکی ژیانی کۆمەڵایەتی و کولتووریماندا، ئەو سیما

181 لەمبارەیەوە لێکۆڵینەوەیەکم ئامادەکردووە بەناونیشانی: **پرۆسەی مۆدێرنیزەبوون لە شاری سلێماندا: لە شەقامی (تووی مەلیك)ەوە بۆ (جادەی سەهۆڵەکە) و لەوێشەوە بۆ (چیای گۆیژە)**. هیوادارم بەم زوانە بڵاو ببێتەوە.

182 لەمبارەیەوە بڕوانە: دکتر سیروس شمیسا، **شاهدبازی در ادبیات فارسی**، انتشارات فردوس، تهران 1381



ساختەیەی خۆنوێکردنەوەی عەقڵیەتی سەلەفی کەشف بکەین و بە هزرێکی ڕۆشنگەرانەی ڕەخنەئامێز شوێنەکەی پڕبکەینەوە، چونکە ڕەنگە تەنیا لەم ڕێگەیەوە بتوانین بەرگری لە بەها مرۆییەکان و بەختەوەری مرۆڤ بکەین.

**پاشکۆی یەکەم:**

## لە پەیوەندییەوە بۆ خۆشەویستی

**(گفتوگۆ لەگەڵ ئاری عومەر)**

*تەوەری یەکەم*

### *پەیوەندی*

***پێمخۆشە سەرەتا لە چەمکی پەیوەندییەوە دەستپێبکەین: ئایا پەیوەندیی ئێمە لەم کۆمەڵگایەدا پەیوەندییەکی دروستە، واتە رەهەندێکی ئەقڵانی هاوچەرخی هەیە؟ یان لەپەیوەندی تەقلیدی لەسەر بنەمای گەورەو بچووك تێپەڕ ناکات؟**

- بەرلەوەی باس لە دروستی و عەقڵانیبوونی پەیوەندییەك بکەین، بابزانین ئێمە چی لەمانای زاراوەی «پەیوەندیی» خۆی تێدەگەین؟ ئەم زاراوەیە دەلالەت لە هەبوونی دوو جەمسەر، یان دوو لایەنی سەربەخۆ دەکات و ڕایەڵی نێوان ئەم دوو جەمسەرە و ئەوەی پێکیانەوە دەبەستێتەوە پێی دەگوترێ (پەیوەندی). ئەوەی بەلای منەوە گرنگە سەربەخۆبوونی ئەو دوو لایەنەیە کە پەیوەندیەکەیان لە نێواندایە، چونکە ئەگەر فاکتەری سەربەخۆییمان لەبەرچاو نەگرت ئەوە ناشتوانین باسی پەیوەندی بکەین و ئەوکاتە دەشێ باس لە تێکەڵبوون، توانەوە، فەنا و سەپاندن و هتد بکەین نەك پەیوەندی. دوو لایەنیش کە تێکەڵ دەبن و لەیەکدا دەتوێنەوە، چیدی پەیوەندییان لە نێواندا نیە، یان پەیوەندیەکەیان لەئاستێکی تردایە بەبێ ئەوەی ئیدی ئەوان وەك خۆیان مابن و خاوەنی سەربەخۆیی خۆیان بن. بۆیە بەبڕوای من پەیوەندی

کاتێك پەیوەندییە کە لایەنە پێکهێنەرەکانی ئەم پەیوەندییە، (چ دوو کەس بن، یا دوو گروپ، یان دوو نەتەوە و میللەت، یاخود دوو ئاراستەی رۆشنبیری و کولتووری بن)، بتوانن لەو پەیوەندییەدا خۆیان دروستبکەن و پەیوەندیی ببێتە پانتاییەك بۆ خۆدروستکردن، ببێتە وزەیەك بۆ خۆ تازەکردنەوە و ببێتە ڕێگایەك بۆ بەردەوامیدان بە ژیانێکی مرۆڤانەی دەروەست و ئەخلاقیانە بەبێ ئەوەی سەربەخۆیی خۆیان و ئەو شتە لەدەست بدەن کە ئەوان وەك لایەنێکی دانسقە و تایبەت پێناسە دەکات. بەم مانایە پەیوەندی گەرانتێکە دەتوانێ وامان لێبکات ئێمە وەك مرۆڤ بتوانین پەیوندی بەمرۆڤەکانی بەرامبەرمانەوە بکەین و مافی ئەخلاقیو سیاسیو کۆمەڵایەتی و بوونخوازانەی بەرامبەرەکەمان لەو پەیوەندییەدا پێشێل نەکرێ. واتە پەیوەندیی پێویستییەکی مرۆڤە بۆ نزیکبوونەوە لە خودی خۆی و لە ئەوانیتریش و لەوێشەوە نزیکبوونەوەی لەو خەونانەی کە بەختەوەرتر و دڵنیاتری دەکەنەوە لە ژیانێکی پڕ بەها. پەیوەندی ئەو کاتە تەندروستە کەمن تیایدا ئەو پەیوەندییە لەگەڵ تۆ، بۆ وەدەستهێنانی دەسەڵاتێکی تایبەت بەکار نەهێنم تاتۆی پێ جڵەو بکەم، یان تۆی پێ کۆنترۆڵ بکەم، چونکە ئەمە بەمانای ئەوەیە من ڕێزم لە دانسقەیی و سەربەخۆبوونی تۆ نەگرت و ئەمەش یەکەمین هەنگاوە بۆ سەرهەڵدانی ستەمکاری و دیکتاتۆریەت و سڕینەوەی بەرامبەر. بەپێی ئەم تێڕوانینە، بۆی هەیە لە پەیوەندیی نێوان دایك و باوك و منداڵە ساوەکەیان، یا نێوان ئێمە و خوشك و برا بچکۆلەکەمان و تەنانەت دوو کەسیشدا کە خۆشەویستی یەکترن، خەسڵەتی ستەمکارانە هەبێت و ئەمەش بەناوی جۆربەجۆرەوە ئاراستە بکرێت. هەڵبەت ئەم تێگەیشتنە لەپەیوەندی تەنیا پەیوەندی نێوان مرۆڤ و مرۆڤ دەگرێتەوە، نەك مرۆڤ و ئاژەڵ یان مرۆڤ و درەخت و مرۆڤ و خودا. چونکە بەبڕوای من پەیوەندی بەو مانایەی باسمکرد، تەنیا پەیوەندییە لەنێوان بووە عاقڵەکاندا، واتە



لە نێوان مرۆڤ و مرۆڤدا نەك مرۆڤ و شتەکانی تردا، کە ناتوانین لێرەدا زۆر لەسەری بدوێین. هێندە هەیە پێویستە بیرمان نەچێ ئەوەی لەنێوان مرۆڤ و ئاژەڵدایە زیاتر لەسەر بنەمای (دەستەمۆکرن)ـەوەیە و ئەوەی لەنێوان مرۆڤ و سروشتدایە لەسەر بنەمای (سوود و قازانج) و ئەوەش کە لەنێوان مرۆڤ و یەزداندایە لەسەر بنەمای (باوەڕهێنان) و ملکەچییەوەیە و لەهەموو ئەم دۆخانەشدا ئەوشتەی کە سەربەخۆیی لایەنەکانە لەئارادا نیە، بۆیە پەیوەندیشیان نیە، یاخود پەیوەندییەکەیان لە ئاستێکی تردایە .

بەدبەختانە ئەم پێناسەیە بۆ پەیوەندی لەو کۆمەڵگایانەدا کە ڕێز و حورمەتێك لە تاکەکەس ناگیرێت، شتێکی دەگمەنە و لەم ڕووەیشەوە پەیوەندی لە کۆمەڵگایەکی وەك کۆمەڵگای خۆماندا لە قەیراندایە، چونکە جیهانبینی کۆمەڵایەتیانەی ئێمە و سیستەمی ئەخلاقی و سیاسی و پەروەردەیی ئێمە هەموویان لەسەر بنەمای کۆگەلییەوە دامەزراون و ئەمەش ڕێدەگرێ کە لەو سیستەمانەدا پەیوەندیی بەشێوەیەکی تەندروستانە دابمەزرێ، چونکە تیایاندا مانایەکی جێگیر بۆ چەمکی تاکەکەس لەئارادا نیە کە بەردی بناخەی هەر پەیوەندییەکی تەندروستانەیە. ئەوەی ئێمە لە کۆمەڵگای کوردیدا دەیبینین پەیوەندییەکی تەندروست نیە، بەڵکو شێوازێکی گیرۆدەکردنی تاکەکانە لەناو تۆڕێکی پێکەوەبوونی کۆمەڵایەتیدا و لەژێر زەبری کۆمەڵێ بەها و یاسای نەنووسراودا کە بوونەتە یاسای بەدەروونیبووی تاکەکان و لەلایەن سیستەمێکی فراوانی چاودێریکردنی توندوتیژەوە جڵەو دەکرێن. بۆیە ئەو شتەی ئێمە پێمانوایە لە کۆمەڵگاکەماندا پانتایی پەیوەندی پێکدەهێنێت، نەك هەر توانای نیە لایەنە پێکهێنەرەکانی ئەم پەیوەندییە کامەران و دڵخۆش بکات، نەك هەر ناتوانێت دەرفەتی خۆدروستکردن بخاتە بەردەم تاکەکەس، بەڵکو پەژموردەی دەکات و کۆمەڵێ گرێی

دەروونی بۆ دروستدەکات کە دواجار ئاسان نییە خۆیان لێدەرباز بکات. ئێمە بەو پێیەی لە لە کۆمەڵگایەکی مرۆییدا دەژین، ئەوە بە پێویست خۆشمان لەناو کۆمەڵێ پەیوەندیدا دەبینینەوە، وەلێ ئەو پەیوەندیە ناتەندروستانە، نە وزەی خۆ دروستکردنمان پێدەبەخشن و نە بەختەوەریشمان دەکەن. ئەگەر تۆ تەماشای پەیوەندییەکانی خۆت و من تەماشای پەیوەندییەکانی خۆم لەگەڵ دەوروبەری خۆماندا بکەین، دەبینین جۆرە میکانیزم و کەشوهەوایەك لەناویاندا حاکمو دەسەڵاتدارە کە ناچارمان دەکا هەمیشە دەست لە بەشێك لەحەز و خواستەکانی خۆمان هەڵبگرین بۆ ئەوەی دڵی بەرامبەر ڕازیی بکەین. هەمیشە ناچار دەبین بڕێك لەئازادییەکانی خۆمان لەدەست بدەین بۆ ئەوەی کەسی بەرامبەر، یان گروپی بەرامبەر، یان بۆچوونی بەرامبەر دڵنیا بکەین و بەو جۆرە.. هەڵبەت لە هەموو پەیوەندییەکدا ئاستێکی دڵنیاکردن و ڕازییکردنی بەرامبەر و ڕێژەیەکی دۆڕاندنی ئازادی لەئارادا هەیە و پەیوەندی بەبێ قوربانیدان مەحاڵە، بەڵام دواجار پەیوەندییەکە دەبێت توانای باربووکردنەوەی وزە لەدەستچووەکەمان و دروستکردنەوەی ئازادییەکی فراوانتریشی هەبێت، دەنا نەبۆتە پەیوەندییەکی دروست و لە «گیرۆدەبوون» و بوون بەداوی تۆڕێکی کۆمەڵایەتییەوە زیاتر، هیچیتر نیە. بۆیە لە نەبوونی تێگەیشتنێکی ورد و پێناسەیەکی تیۆریانەدا بۆ چەمکی پەیوەندی، ئەوە لە ئاستی ژیانی پراکتیکیماندا پەیوەندییەکان نەك هەر بەختەوەریمان بۆ دابین ناکەن بەڵکو لە کۆژانەکانیشمان(معانات) زیاد دەکەن. بۆیە لەکاتێکدا دەڵێین: پەیوەندی ئەو پانتاییەیە کە پێویستە تیایدا بەختەوەربین و ئەو بەختەوەریە بۆ خۆ دروستکردنو بۆ دۆزینەوەی ڕەهەندە شاراوەکانی کەسێتی خۆمان بەکار بهێنین، لەگەڵ واقیعی (پەیوەندییە پراکتیکیەکان)ی خۆماندا دەکەوینە ناکۆکییەوە و هیچیان ئەو پێناسەیەیان لەسەر ناچەسپێ کە



دەشێت بۆ پەیوەندییەکی دروست لەسەری ڕێکبکەوین. چونکە بەکەمێ وردبوونەوە لە پەیوەندیەکانمان بۆمان دەردەکەوێ ئێمە بەدەست ئازاری گەورەوە دەناڵێنین کە زۆربەیان پەیوەندییان هەیە بەو مەرجانەی بەرامبەر بۆمان دایدەنێ یان ئێمە بۆ بەرامبەری دادەنێین تا ئەو پەیوەندییەی پێکەوە هەمانە بەردەوامیی خۆی وەربگرێ. کەواتە ئێمە لەسەر حسابی «بەردەوامیدان» بە پەیوەندییەکانمان، دەبین بەداوی ئەو تۆڕە کۆمەڵایەتییەوە کە (بەردەوامیی) بە نیشانەی سەرکەوتن لێکدەداتەوە و پەیوەندییەکەش دەکاتە پاشکۆ و قاوغێك بۆ گیرۆدەبوونی ئێمە لەگەڵ ئەوانیتردا. بۆ نمونە پەیوەندی هاوسەرێتی، پەیوەندی مامۆستا و قوتابی، پەیوەندی باوان و منداڵەکانیان و هتد، هەموویان لەو قەیرانەدا دەژین و بەردەوامیدان بۆتە خاڵی سەرەکیی نەك بەختەوەربوون. لە کۆمەڵگای ئێمەدا سووپایەك ژن و مێرد، قشوونێ مامۆستا و قوتابی و عەشرەتێ لە ئەندامانی خێزان هەن کە دەیانەوێ لێکدی جیا ببنەوە و سەربەخۆیی خۆیان بەدەست بهێنن، وەلێ بەناچاری دەبێت بەردەوامبن. بێگومان لەم بارودۆخەدا خودی پەیوەندیەکە لە «ئامانج»ێکەوە دەبێتە «ئامراز»ێك و ناتوانێت بەشێوەیەکی سرووشتی بەردەوامی وەربگرێت و نەخۆشدەکەوێت و یەك ڕێگای لەبەردەمدا دەمێنێت کە ئەویش تەقینەوە و هەڵوەشانەوەیەکی تراژیدیانە و تێکشکانێکی ڕۆحیی گەورەیە بۆ لایەنە پێکهێنەرەکانی. ئەم تێکشکان و هەڵوەشانەوە و تراژیدیا ڕۆحیانەن کە ژیانی شەخسیمان گومڕا و موبتەلا دەکەن و لە جیاتی دەروونێکی ئارام و ڕۆحێکی مەزن، هەلاهەلا و شەقار شەقارمان دەکەن و بەژیان و ئومێدەواربوون و گەشبینی نامۆمان دەکەن. ئەوە سرووشتی هەر پەیوەندییەکی ناتەندروستە کە ناهێڵێت پەیوەندییەکان ببنە پەیوەندیی نێوان کەسە سەربەخۆکان تا بەجیاوازییەکانی خۆیانەوە لەگەڵ یەکتردا بچنە ناو

پەیمانێکەوە و بەبێ هیچ ئازاردانێکی یەکدی، یەکتری وەکئەوەی کە هەن، قەبووڵ بکەن. کۆمەڵگای گەلەخواز و کۆخواز ئەمجۆرە پەیوەندییە قەبووڵناکات چونکە پێیوایە لەوێوە تاکەکان دەچنە دەرەوەی کۆنترۆڵی خۆیەوە و بواری ئازادکردنی خۆیان لە یاسا گەلەکییەکان دەدۆزنەوە. لە کۆمەڵگایەکی وەکئەوەی ئێمە پەیوەندییەکی دەوێت کە توانای هەڵگەڕانەوەی هەبێت بۆ پەیوەندییەك کەتیایدا من بمەوێ جیاوازیی تۆ بسڕمەوە و تۆ ناچار بکەم تەماعی ئاوێتە بوونێك لەگەڵ میزاجی من، لەگەڵ هزری من، لەگەڵ عەقڵییەتی مندا دروست بکەیت و کەسی بەرامبەریش بەهەمان شێوە. ئالێرەدایە کەپەیوەندی دەبێتە پانتاییەکی تری خۆبەرهەمهێنانەوەی کۆمەڵگا و لەهەمان کاتیشدا دەبێتە ئامرازێك بەدەست سیستەمە کۆمەڵایەتییەکانەوە تا بەهۆیەوە ئەندامەکان یەکتری بەرزەفت بکەنەوە و ببنە چاودێر بەسەر یەکترەوە. لێرەشەوە تێدەگەین کە شێوازی پەیوەندی لە لە کۆمەڵگایەکی وەك کۆمەڵگا نەرێتخوازەکەی ئێمەدا، ئەو قاوغەیە بۆ جلەوکردنی ئەندامان تا لەناویدا هەموو ئەو میکانیزمانەی، هەموو ئەو شێوازی مامەڵەکردنانەی نەریتخوازیی دەیەوێ، بەردەوامی وەربگرن. بێگومان ئەم جۆرە پەیوەندییەش جگەلەوەی لەسەر بنەمای گەورە و بچووکەوە خۆی ڕیکدەخات و ماف تەواو دەداتە گەورە و ڕدێن سپییەکان، ئاواش پەیوەندییەکی ناعەقڵانیانەیە. بەو مانایەی کە عەقڵ لە پێناسەکردن و ڕیکخستنیدا ڕۆڵی نیە و هەموو یاساکانی لەلایەن نەرێتە بۆماوەکانەوە داڕێژراون.

**** تۆ پێتوایە بۆ ئەوەی پەیوەندییەکانمان پەیوەندییەکی کۆك و دروست بن پێویستیمان بەخۆناسین هەیە و دواتر پێویستمان بەناسینی بەرامبەر هەیە، واتە پێتوایە لەکۆمەڵگای***



***کوردیدا شتێك هەبێ ناوی خودگەرایی بێ.. وابزانم ئێمە هێشتا لەناو کۆگەراییداین؟***

- کاتێك ئێمە پرسیاری پەیوەندیمان لادەبێتە پرسیار و وەختێك تۆ پەیوەندی دەکەیتە بابەتێك بۆ بیرلێکردنەوە، بەناچاری پێویستە باس لە پەیوەندی وەکئەوەی پەیوەندیە لە نێوان تاکە سەربەخۆ و ئازاد و خاوەن ئیرادەکاندا، بکەین و بپرسین: ئایا تاچەندە دەتوانین پەیوەندی بەو مانایەی کەپێشتر باسمکرد وەك پانتاییەك بۆ دروستکردنی خودیەتی خۆمان بەکاربهێنین؟ من لە بەشێکی قسەکانمدا جەختم لەسەر ئەوە کردەوە کە کۆمەڵگای ئێمە ڕێگە بەو جۆرە پەیوەندیانە نادات کە تیایاندا تاك بوارێك دەدۆزێتەوە بۆ دەربازبوون لە یاسا گەلەکیەکان. بەڵام ئەوە سرووشتی پەیوەندییەکی تەندروستانەیە کە بتوانێت دروستکەری تاکەکەس بێت. کەواتە لەگەڵ دەستکردنمان بە ئاخاڤتن لەسەر پەیوەندی، دەستیشدەکەین بە قسەکردن لەسەر ڕۆڵی تاك لەو پەیوەندیەدا. دروستبوونی پەیوەندی بۆخۆی دروستکەری تاکە و دەربازکردنیەتی لە گیرۆدەبوونی بە تۆڕە گەلەکی و سەپێنراوەکانەوە. کۆمەڵگای کوردی هیچ ڕێزێکی ئەوتۆی بۆ تاکەکەس لەدەرەوەی سیستەمی کۆگەلیەوە نیە، بەڵام هەر لەناو ئەم کۆمەڵگایەدایە کە تۆ پرسیار لەسەر پەیوەندی دەکەیت و دەیکەیتە کێشەیەك بۆ گفتوگۆ لەسەرکردن و دەتەوێت پێناسەیەك بۆ پەیوەندی بەرهەمبهێنیت. ئەمجا کێشەکە لەو ناکۆکیەدایە کە لە نێوان پێناسەکردنەکان و واقیعی پراکتیکیانەی ئەو شتەدا هەیە کە ئێمە پێمانوایە ناوی پەیوەندییە. بۆ نمونە پەیوەندی هاوڕێیەتی وەربگرە و کەمێ لێی ووردبەرەوە: ئێمە هەموومان پێناسەی هاوڕێیەتی وەك ئایدیاڵێکی ژیانی خۆمان و وەك پیرۆزییەك دەکەین، کەچی لەکاتی پراکتیزەکردنی ئەم پەیوەندییەدا زۆربەی کات ئێمە دیسان بەختەوەر نین، دیسان زویر و پەژموردەین،

دیسان هەستدەکەین بەردەوام پێویستیمان بە دەستپێکردنەوەی سەرلەنوێ هەیە لەگەڵ ئەوکەسانەی کە هاوڕێمانن و بگرە جەستە و ڕۆحی هەر کامێکمان شوێنزامی ئەو برینانەی پێوەیە کە هاوڕیکانمان لەسەریان هەڵکەندووە. زۆربەی شەڕەکان و ناکۆکیەکان شەڕی نێوان «هاوڕێکان»ی دوێنێ و «نەیارەکان»ی ئەمڕۆن و گەلێ نمونەمان لەبەردەستایە کە ڕاستیی ئەم لێکدانەوەیە دەسەلمێنن. کەواتە پەیوەندی لەلای ئێمە هێشتا نەبۆتە پانتاییەکی سەربەخۆ تا بواری خۆ دروستکردن و خۆ ناسینمان بخاتە بەردەم، چونکە ئێمە ناتوانین پەیوەندیی قەبووڵ بکەین ئەگەر بڕوامان بە سەربەخۆیی خۆمان و بەرامبەرەکەمان نەبێت و تیایدا نەتوانین خودی خۆمان بین. پێویستە بەدەر لە ویستی کۆمەڵگا، پێوەرمان بۆ پەیوەندیی باش ئەوەبێ کە تاچەندە ئەو پەیوەندیە بوار بۆ من دەڕەخسێنێ کەببمەوە بەخۆم وەك خودێك لەبەرامبەر کەسێکی تردا کەدیسان خاوەن خودێتی خۆیەتی. پەیوەندی ئەو دۆخەیە کە ئەم دوو تاکەکەسە بەخودبووە کۆ دەکاتەوە، نەك دوو لایەنی مەرجدار کە خۆیان گیرۆدەی کۆمەڵێك ئازار و کێشە دەکەن لەناو پەیوەندیە ناچاریەکەیاندا. هەرکات پەیوەندی نەیتوانی ئازادیی هاتنەدەرەوەمان لە خۆی بۆ دابین بکا، دەبێتە بەندیخانە. بۆیە مەرجی پەیوەندی شتێ نیە لەسەرەتاوە ڕابگەیەنرێ، بەڵکو شتگەلێکن لە ژیانی پراکتیکیدا لەسەریان ڕیکدەکەوین و دروستیاندەکەین بۆ پاراستنی پەیوەندیەکەمان لەو مەترسیانەی دەورەیان داوە. یەکەم مەرجی ئەو جۆرە پەیوەندیەش ئەوەیە کە نابێت ئامادەیی ئێمە لەناو پەیوەندییەکدا ببێتە هەڕەشە بەسەر خواستو ئارەزوو و ئیرادەی یەکترەوە و لەهەمان کاتیشدا ئەم پەیوەندییە پێویستە یارمەتیمان بدات خۆشمان بدۆزینەوە. کەواتە مەسەلەی پەیوەندی لە بنەمادا جۆرێکە لەخۆدزینەوە لەو کۆگەلییە سەپاوەی کە تۆ لەسەرەتاوە ئاماژەت پێدا.



ئەگەر قەرار بێت ئێمە هەر لەناو چوارچێوەی ئەو کۆگەلیەی کۆمەڵگا و دەزگاکانی و گوتاری سیاسی و ئایینیی دەیخەنە بەردەممان، بمێنینەوە، پێویستمان بەپەیوەندی نییە، چونکە ئێمە لەناو کۆمەڵگادا ئەرکەکان جێبەجێ دەکەین و چاوەڕوانییەکانی کۆمەڵگاش دەهێنینە دی و بەو پێیەش پاداشت و سزاکان چاوەڕێمان دەکەن. بەڵام وەختێ دەمانەوێ بچینە ناو پەیوەندییەوە، بێگومان دەمانەوێ خۆمان بین و هەنگاوێك لەو چوارچێوەیەی کۆمەڵگا بۆی کێشاوین، خۆمان بدزینەوە. کەواتە ئەوە کۆمەڵگا نیە کە هەلی دروستکردنی پەیوەندیمان بۆ دەڕەخسێنێ، چونکە کۆمەڵگا لەناو سیستەمەکانی دەسەڵاتی خۆیدا (جێگیرمان) دەکات، بەڵکو ئەوە هوشیاریی خۆمانە کە دنەمان دەدات بۆ سازدانی پەیوەندی. هەر بۆ نمونە: کۆمەڵگا لە سیستەمی خێزاندا وەك (ژن) و وەك (مێرد) جێگیرمان دەکات، بەڵام ئەمە بەمانای ئەوە نیە ئێمە نەتوانین لەگەڵ هاوسەرەکەماندا پەیوەندییەکی تایبەت دروستبکەین. هەروەها سیستەمی پەروەردە وەك (قوتابی) و (مامۆستا) پێناسەمان دەکات، وەلێ ئەمە بەمانای ئەوە نیە نەتوانین لەو پێناسەیە دەربچین و توانامان نەبێ پەیوەندییەکی تر لەگەڵ یەکدیدا دروستبکەین کە تیایدا مانایەك بۆ قوتابیبوون و مامۆستایەتی و ژنبوون و مێردبوون نەمابێت.

### *بەڵام تا چەندە دەرچوون لەو پێناسەیە گرنگە و بۆچی؟*

ـ بێگومان دەرچوون لەو پێناسەیەی کۆمەڵگا ئێمەی تێدا جێگیر دەکات گرنگە بۆ بەخودبوونی ئێمە، بۆ سەربەخۆبوون و لەهەموویشی گرنگتر بۆ بەختەوەربوونمان. مانەوە لەناو پێناسەی سیستەمەکاندا ئەو مەترسییەی بەدواوەیە کە ئێمە یەکتر بدۆڕێنین و شتی هاوبەش لەنێوانماندا نەمینێت. بۆی هەیە هەتا دەمرین لەناو دامەزراوەی خێزاندا وەك ژن و مێرد بمێنینەوە بەبێ ئەوەی بەختەوەر بین و بەمەش کۆمەڵگا

لەخۆمان نەتۆرێنین. بۆی هەیە هەتا خانەنشین دەکرێین و دەمرین مووچەی پیشەکەمان وەربگرین و سیستەمی پەروەردە لەخۆمان ڕازیی بکەین، وەلێ ئایا ئەوە بەختەوەریمان بۆ دەستەبەر دەکات؟ بەبڕوای من و بە وردبوونەوەمان لە بارودۆخەکان، وەڵامی ئەم پرسیارە: نەخێرە. کەواتە پێویستە لەودیو پێناسە ڕەسمییەکانەوە پەیوەندییش لەگەڵ کەسەکاندا دروستبکەین تا یەکتری و بەختەوەریمان نەدۆڕێنین. ئەمەش لەبەرئەوەی لە پێناسە ڕەسمییەکاندا زۆرجار کەسایەتی و سەربەخۆیی و گەورەیی ئینسانیانەی ئێمە پێشێل دەکرێت و ئێمە لە پێناوی شتێکی تردا دەکرێینە ئامراز، نەك مەبەست. بۆ نمونە: لەپێناسەی ڕەسمیی کۆمەڵگادا بۆ خێزان، (خێزان) دەکرێتە ئامانج نەك ئێمە کە پێکهێنەر و بکەرانی زیندووی ناو خێزانین. واتە ئێمە دەکرێینە ئامرازێك بۆ بەردەوامبوونی یەکەیەکی کۆمەڵایەتی و هەندێ ئەرکمان دەدرێت بەسەردا کە دەبێت جێبەجێیان بکەین. بۆیە گرنگە دواجار ژن و مێردێك لەودیو ئەو چوارچێوەیەوە کە کۆمەڵگا بۆ خێزانی داناوە، پەیوەندییەکیش لەگەڵ یەکتردا دروستبکەن و بەختەوەریی خۆیان بکەنە ئامانج نەك ڕازییکردنی کۆمەڵگا بەو پێکەوەبوونەیان، کە بۆی هەیە لەناو دامەزراوەکەدا بووبێتە پێکەوەبوونێکی دۆزەخیانە. ئەسڵەن بەلای منەوە دەربازبوون لەو پێناسانەی دامەزراوە سەرجەمگیرەکان (total institution) ی وەك ئیدارەی سیاسی، کایەی پەروەردە، دەزگا ئایینییەکان و کۆمەڵایەتییەکان بەسەرماندا دەیسەپێنن، بەشێکە لە خەباتی مرۆڤی هاوچەرخی ئێمە لە دژی دەسەڵاتی نەرێت و دەسەڵاتی سیاسی و دەزگاکانی و هەوڵدانە بۆ بەدەستهێنانی ئازادی. ئازادییەك لەناو چواردیواری ماڵدا، ئەوکاتەی گڵۆپەکانمان کوژاندۆتەوە و باوەش بەیەکتردا دەکەین و یەکتر ڕادەمووسین، دەشێت بەدەستی بهێنین. ئازادییەکی خۆکرد، نەك دامەزراوکرد یان دەوڵەتکرد و سیاسیکرد. بۆیە



پێویستە خۆمان لە هەموو پێناسەیەك ڕزگار بکەین کە بازرگانەکانی ئەم ئەزموونە لە ناو دامەزراوەکانی خۆیدا پێمانی دەبەخشێ تاکو بتوانین کەمێ لە پەیوەندییە تایبەتیەکانماندا ئازاد و بەختەوەر بین. بۆ نمونە: ئەم ئەزموونە بەوە چاوبەستماندەکات کە گوایە ئێمە (هاووڵاتین)، (میللەتێکی بەشەرەفین) و (خاوەنی خوێنی شەهیدانین) و هتد. باشە ئەگەر وایە، کێن ئەو هەموو خەڵکە هەژارەی لە ژێر خێمەکاندا دەژین، کێن ئەوانەی ڕۆژانە لەناو دائیرەکاندا، دائیرەی پۆلیس، مروور، وەزارەتخانەکان، مدیرعاممەکان، موحەقیقە عەدلی و خەستەخانە و تەنانەت دادگاکانیشدا، زەلیل و بێحورمەت دەکرێن و سووکایەتیان پێدەکرێت؟ ئایا ئەوانە بێگانە و دووژمنن، یان ئەخلاقی سیاسی لەم ئیدارەیەدا ئەوەندە لاوازە کە ئێرەو ئەوێ بڕ ناکات؟ بەبڕوای من ڕەخنەگرتن و خۆ ڕزگارکردن لەم ماشێنە بیرۆکراتیەتە کوردیە، قەدەری داهاتووی خەباتی هێزە گۆڕانخوازەکانی کۆمەڵگای ئێمە دەستنیشاندەکات. هەڵبەت ئەگەر ئەو هێزانە بوونیان هەبێت!

## * هەستناکەیت کەمێ ڕەشبینانە قسە دەکەیت؟

ـ ڕەنگە وابێت، بەڵام ئەمە پەیوەندی بە جۆری بیرکردنەوەی منەوە نیە، بەڵکو پەیوەندیی هەیە بە واقیعێکی بریندار و گەندەڵەوە کە بۆ ئینسانیەتی ئێمە بۆتە دۆزەخێکی ئاسنین.. وێڕای ئەوەش پێویستە ئێمە وەك گرامشی گوتویەتی، بڕوامان بە بەدبینی ڕۆشنبیرانە و گەشبینی ئیرادە هەبێت. دیاردە و بارودۆخەکان وەکئەوەی دەیانبینین و ئازارمان دەدەن وەسف بکەین، ئاماژە بە دزێوی و ناشیرینیەکان بکەین و شەرم نەکەیەن لەوەی ڕەخنەی جیدی لە خۆمان و کۆمەڵگا و کولتوور و دامەزراوەکانی بگرین.. لەهەمان کاتیشدا هەوڵی گۆڕینیان بدەین و ئیرادەمان بەوە هەبێت، کە دەشیێت گۆڕان دروست ببێ.

# قەیرانەکانی پەیوەندی

***ئێستا دوای ئەوەی هەندێ خاڵتان بەگشتی لەسەر دیاردەی پەیوەندی ڕوونکردەوە، پێمخۆشە زیاتر قسە لەسەر پەیوەندییەکی تایبەتیش بکەین، کە ئەویش پەیوەندیی کوڕ و کچانە. هۆکاری نەبوونی ئەو «متمانە»یە چییە کە لەنێوان کوڕ و کچدا هەیە و وایان لێدەکات بەر لەدەستپێکردنی پەیوەندی خۆشەویستی بیر لەوە بکەنەوە یەکێکیان قۆڵی یەکێکی تریان نەبڕێ. واتە دەمەوێ باس لە هۆکاری ئەو بەدگومانیەم بۆ بکەیت کە لەپێش دەستپێکردنی پەیوەندییەکەیانەوە بەرامبەر یەکتری هەیانە؟*

ــ ئەمە پرسیارێکی گرنگە و بەرلەوەی باس لە هۆکارەکانی ئەو بەدگومانیە بکەین، پێمخۆشە بەکورتی قسان لەسەر ئەو داوە باریکە بکەم کە (متمانە) و (پەیوەندی) پێکەوە دەبەستێتەوە و تۆش بەجوانی تەعبیرت لێکرد. کۆمەڵناسانی وەك (نیکلاس لۆمان و ئەنتۆنی گیدنز و ئولریش بێك) بایەخێکی زۆریان بە چەمکی متمانە داوە و دەتوانم بڵێم: متمانە بەتایبەتی بابەتێکی گرنگی سۆسیۆلۆژیای هاوچەرخە. لە کۆی ئەو پێناسانەوە کە بۆ چەمکی متمانە کراون، دەتوانین ئەوە هەڵهێنجین کە پەیوەندی و متمانە دوو ڕووی یەك بابەتن و قسەکردن لەسەر پەیوەندیی بەبێ قسەکردن لەبارەی ڕۆڵی متمانە لە پەیوەندیدا مانایەکی نابێت. بۆیە ئەگەر متمانە بمانباتەوە بۆ دڵنیابوون لە جۆر و چۆنێتی و خەسڵەتی کەس و شتێ، یان دڵنیابوون لە ڕاستیی گوتە و پەیمانێك، ئەوە پەیوەندی دەرهاویشتەی متمانەیە. یان وەك گیدنز دەڵێ: «متمانە جۆرێکی تایبەتە لە دڵنیایی» و ئەمەش ئەو شتەیە کە سەرکەوتنی هەر

پەیوەندییەك دەستەبەر دەكات. مادام ئێمە لەسەرەتاوە مەرجی هەر پەیوەندییەكمان بە ئامادەیی دوو لایەنی سەربەخۆ دانا، ئەوە پێویستە ئەو دوو لایەنە كاربكەن بۆ وەدیهێنانی متمانە لەلای یەكتر و بۆ ئەمەش واچاكە هەریەكەیان لە ئاست ئەویتردا خۆی لە بەدگومانی و حوكمی پێشینە ڕزگار بكات و لێی دڵنیا بێت. چونكە پەیوەندیی دروستنابێت ئەگەر هاتوو لایەنەكان لە بەرامبەر یەكتردا كراوە و دڵفراوان نەبوون و وەڵامگۆی چاوەڕوانییەكانی یەكتر نەبوون. بوونی بەدگومانی هەر تەنیا ڕێگر نیە لەبەردەم پەیوەندیدا، بەڵكو نیشانەی نەبوونی خودێكی سەربەخۆ و بڕوا بەخۆبوویشە. چونكە تەنیا كەسێك دەتوانێ بچێتە ناو پەیوەندییەكەوە كە لەخۆی دڵنیابێ و لەخۆی تێگەیشتبێت و ئامادەش بێت بۆ قەبووڵكردنی لایەنی بەرامبەر. پێشتر لە وتاری (دیموكراتیزەكردنی خود)دا نوسیومە: (مرۆڤی بەدگومان مرۆڤێكە بێ خود، هەربۆیەشە مرۆڤێكە ناتوانێت پەیوەندیی لەگەڵ مرۆڤەكانی دیكەشدا ببەستێت، چونكە پەیوەندیی و ئاڵوگۆڕ تەنیا لە نێوان خودە سەربەخۆكاندا دروستدەبێت). هەڵبەت لێرەدا پتر بیر لە پەیوەندییەكی تەندروستانە دەكەمەوە، نەك پێكەوەبوونە دووبارەو ناچارییەكان.

لە كۆمەڵگای ئێمەدا و لە پەیوەندیی بە پرسیارەكەتەوە، لە ڕێگرێك زیاتر هەیە كە ناهێڵێت لە نێوان كوڕ و كچدا متمانە دروستببێت، بەم پێیەش دەتوانین باس لە *فرەڕێگری* لەبەردەم نەبوونی متمانەدا بكەین. هەندێك لەو ڕێگرانە پەیوەندییان بە سرووشت و میزاجی تاكەكەسیانەی كوڕ یان كچەوە نییە، بەڵكو پەیوەندییان بەو بازنە سرووشتی و سیاسی و كولتوورییەوە هەیە كە ئەم دوو تاكە وەك نێر و مێ، یان وەكو كچ و كوڕ تیایدا پەروەردە بوون و كۆنەستی ئەوانی داگیركردووە. هەروەها كۆمەڵگای ئێمە یەكێكە لەو كۆمەڵگایانەی بێمتمانەیی بەشێكی پێكهێنەرە لە بونیادی كولتووری و سیاسیدا، مێژووی نوێ و هاوچەرخی



ئێمە لەسەر بێمتمانەیی بە داهاتووی خۆی و بە هێزە بكەرەكانی ناوی دروستبووە. مێژووی سیاسیی ئێمە پڕە لە نمونەی هەستنەكردن بە دڵنیایی و سەقامگیریی و بیركردنەوە لەو مەترسییانەی كە دراوسێ و داگیركەر و ئەوانیتر بەسەرمان دەهێنن. لەم ڕووەوە گەشتنامەكەی (مستەر ریچ) لە 1820 بۆ شاری سلێمانی چەندین نمونەمان لە زمانی خەڵك و میرەكانی ئەوساوە بۆ باسدەكات كە بێ متمانەیی ئەوان بە داهاتووی خۆیان دەسەلمێنن و ئەمەش وایلێكردوون تەنانەت دەستەوەستان بن لە ئاست چاككردنەوەی خانووەكانیاندا، چونكە ئەوان خۆیان بۆ ئاوارەبوون و شارۆیرانی ئامادەكردووە نەك بۆ حەوانەوەی یەكجارەكی لە ماڵی خۆیاندا! شۆڕشەكانی كورد چەندە سووربوونی ئەم میللەتەیان لەسەر خواستەكانی خۆی سەلماندووە، ئەوەندەش بە تێكشكانیان نائومیدی و دوودڵی و بێ متمانەییان كردۆتە بەشێك لە پێكهاتەی كەسایەتی ئەم مرۆڤە. لە مێژووی نزیكی كۆمەڵایەتیشماندا، دەنگوباسی ڕاگواستنی زۆرەملەی گوندەكان لەلایەن بەعسیەكانەوە بەس بوو تا ژیان بوەستێنێ و جوتیار و كاسبكار و خاوەن زەویەكان پێش چەند ساڵێكی ڕووداوەكەش دەستیان نەچێتە هیچ كارێ و بگرە لەو ماوەیەدا ژن و ژنخوازییش كەم ببێتەوە. هەتا ڕووخانیی یەكجارەكیی دیكتاتۆریەت، ترسێك هەبوو لەگەڕانەوەی بەعس و پێموایە هەتا سەدام حسێنیش وەك ڕەمزی تۆقین لە زەینی ئێمەدا بمێنێ، ئەو ترسەش هەر دەبێت. ئەمە جگە لە ترسی بەردەوام لە ژیلەمۆی شەڕە ناوخۆییەكان كە زۆرجار بە ئاشتبوونەوەكانیش ئەو ترس و نادڵنیاییە ناڕەوێتەوە و متمانە بەئاسانی دروستنابێتەوە.

بەر لەهەموو ئەمانەش فەزای خێزانی كوردیمان لەبیر نەچێت كە تیایدا چەندین جۆری سزادان پراكتیزە دەكرێن. ئێمە هەموومان لەو خێزانانەوە هاتووین كە بڕوایان بە منداڵ داغكردن و خەتەنەكردن هەیە و هەڕەشەی

وەك: (هەردوو چاوت دەردەهێنم، گوێچكەت دەبڕم و دەتدەم بە گورگەكان بتخۆن) لەو شتە هەرە ئاساییانەن كە منداڵ بەرگوێی دەكەون. زۆربەی ئەوانەمان كە بڕێ نەوسن بووین و لە شیرخواردن تێرمان نەخواردووە، یان ئەوەتا پەنامان بۆ شیری ئافرەتێكی تر بردووە و بەمەش لەگەڵ كچ و كوڕەكانیدا بووینە (خوشك و برای شیریی) و ئیتر لە دوارۆژدا بۆمان نەبووە وەك خۆشەویست بیریان لیبێبكەینەوە، یان ئەوەتا پەلاماری سنگی داچەقاوی ژنە قەرەجێكمان داوە و بەمەش بووینەتە (كوڕە قەرەچ)، یاخود ئەگەر هەر دەستمان لە نەوسنی هەڵنەگرتبێت ئەوە دایكمان لیمەندۆزی و بیبەری تیژی لەسەر گۆی مەمكییەوە هەڵسووە و وەك دوو پشك پێوەی داوین و ئەمجا دەستمان لەو مافە ئاساییەی منداڵیمان هەڵگرتووە كە مژینی ئەو میوە خوداییەیە.. ئەمە وێڕای ئەوەی هەر لەو فەزایەدا و لە تەمەنێكی زۆر زووەوە خەیاڵیان پڕكردووین لە دێو و درنج و جنۆكە و هاكا بۆمان هاتن و بردیانین. من لە دانمارك و دوای تەمەنێكی زۆریش، هێشتا لەو دێوە سەگبابانە دەترسام كە كاتی خۆی لە گوندەكەمان خرابوونە ناو سەرمەوە و قەراربوو ئەگەر عاقڵ نەبام، بمخۆن..

بێگومان هەموو ئەمانە ڕەنگدانەوەی خۆیان هەبووە لە پێكهاتەی كەسایەتی كوردیدا و لە تێڕوانینی بۆ جیهان و كات و بوونی خۆی و لە مامەڵەكردنیدا لەگەڵ شوێن. لەئاساییترین دۆخدا ئەم ڕەفتارانە هەستێكی توندڕەوانەیان تێدا دروستكردووین، بڕوابەخۆبوونیان لێسەندوینەتەوە و ئەوەیان تێدا چاندووین كە هەردەم وا بزانین ئێمە باش نین، دەست دەنرێت بە ڕوومانەوە، ئەوانیتر خۆشیان ناوێین و لە خۆیانمان دوور دەخەنەوە. یاخود ساردییەكیان تێدا دروستكردووین بۆتە هۆی كوشتنی هەستی پێویستیبوون و پەیوەندیبەستنمان لەگەڵ كەسانی تردا.



**** ئەم قسانە دەستنیشانكردنی گرنگن، بەڵام هەستناكەیت نەبوونی متمانە لە نێوان كچان و كوڕاندا هۆكاری تری هەبێ كە زیاتر پەیوەندییان بە ئێستای دۆخی كۆمەڵگای ئێمەوە هەبێت..؟***

ـ بێگومان.. یەكێك لەو هۆكارانە ئەوەیە كۆمەڵگای ئێمە بەشێوەیەك لەشێوەكان خۆی بەخاوەنی هەموو ئەندامەكانی دەزانێ و پەیوەندیی ئەم كۆمەڵگایە بەئەندامەكانی خۆیەوە پەیوەندییەكی خاوەندارانەیە. پەیوەندییەكە تیایدا كۆمەڵێك یاسا و ڕێسا، كۆمەڵێك نەرێت یا ئەوەی كەپێی دەوترێ «بڕیارە پێشینەكان» و ئێمە نازانین لەكوێدا نووسراون، لەكوێدا تۆمار كراون، لە چ كونێكەوە دێنەدەر و لە هەموو شوێنێكدا ئامادەن و بەدەگمەن و زۆر هێواش گۆڕانیان بەسەردا دێت، دەسەڵاتیان هەیە. ئەم فاكتەرانە بەبێ ویست و ئیرادەی مرۆڤ بڕیار دەدەن تا ئەم تاكەكەسەی كە ناوی «كوڕ» یان «كچ»ـە پێویستە لە ژیانی عەمەلیدا چۆن بێت و بەردەوامیش هەستبكات ئەو گرێدراوە بە شتێكی ترەوە كە لە خۆی گەورەترە. واتە پەیوەندی ڕەگەزی نێر و مێ لە ژیانی كۆمەڵایەتیانەی خۆیاندا بەو فاكتەرە بڕیاردەرانەوە، هێندەی ئەوەی پەیوەندییەكی یەكسان بێت، زیاتر گیرۆدەبوونێك و دۆخێكی ملكەچانەیە لەبەرامبەر دەسەڵاتێكی هەمیشە ئامادەدا. دەسەڵاتێ كە بەرجەستەبوونێكی ماتەریاڵیانەی نییە، بەڵام دەزانین كۆمەڵگا ئەوەندە بەپیرۆزیكردووە كە هەرجۆرە خۆ لێدزینەوەیەكی بە سەرپێچی و گوناهێك دەژمێردرێت. ژیان لەناو بازنەی ئەم دەسەڵاتە نادیار و هەردەم ئامادەیەدا بۆخۆی لەهەمان كاتیشدا دەستنیشانی جۆری پەیوەندی كوڕ و كچ دەكات و هەموو خەونبینینێكی تاكەكەسیانە دەچەپێنێت، ئەمەش بە ئەندازەیەك كە گەنجەكان (كچبوون) و (كوڕبوون)ی خۆیان بیر دەچێتەوە و دەبنە كائینی بێ ڕەگەز و بێ ناسنامەی جنسیی خۆیان.

ڕەنگە ئەمە لە ئێستادا گەورەترین ستەمی کۆمەڵگا بێت لە تاکەکانی خۆی و ڕێگر بێت لەبەر دەم دروستبوونی هاووڵاتیدا، چونکە مرۆڤ تەنیا ئەوکاتە دەتوانێت ببێتە هاووڵاتی کە خاوەنی سەربەخۆیی و ئازادیی شەخسیی خۆی بێت و لەژێر زەبری فەرمانە سەپێنراوەکاندا نەخەسێنرابێت. لەڕاستیدا مرۆڤ بەبێ ناسنامەی جنسی ناتوانێت ببێتە هاووڵاتی، چونکە یەکێك لە بنەماکانی هاووڵاتیبوون داننانە بە ناسنامەی ڕەگەزی ئەو مرۆڤەدا وەك بکەرێکی نێر یان مێ. ئەم پەیوەندییە خاوەندارانەیەی کۆمەڵگا بەتاکەکانی خۆیەوە، جگە لەوەی لەخێزاندا بۆتە هۆی ئەوەی کە باوك خۆی بەخاوەنی منداڵەکانی بزانێ و حەقیقەتی خۆی وەك حەقیقەتی ئەوان ببینێ و نوێنەرایەتیان بکا، ئەوە لە سیستەمی پەروەردە و لەقوتابخانەشدا ڕەنگیداوەتەوە و درێژە بە مانەوەی خۆی دەدات و بۆتە پەیوەندییەکی بەدەزگایی بوو. واتە مامۆستاش بەمانایەك لەماناکان جێگای باوکێك دەگرێتەوە کە حەقیقەتی قوتابییەکانی وەك حەقیقەتی خۆی دەبینێ. لە زۆربەی دۆخەکاندا دەگمەنن ئەو مامۆستایانەی کەنەیانەوێ باوکێکی ناو خێزان بن لەناو پۆلدا و ئەمەش کێشەیەکی گەورەی بۆ پەیوەندییەکانی ئێمە دروستکردووە و ڕێگرە لەبەردەم دروستبوونی متمانە لەناو گەنجەکاندا.

* ***مەبەستت ئەوەیە بۆ نموونە وەستانی مامۆستا لەناو پۆلدا وێنەیەکە لەڕووی حاڵەتی دەروونییەوە کۆمەڵێك کاریگەریی خۆی دەبێت بۆ گواستنەوەی وێنەی باوك بۆ ناو پۆل ؟***

ـ بەڵێ، مەبەستم ئەو دەسەڵاتەیە کە نایەوێت ڕەمزییەتی خۆی لەناو کایە جیاوازەکاندا ونبکات و بەردەوام خۆی بەرهەمدەهێنێتەوە. وەرە با هەمان وێنە بگوێزینەوە بۆ وێنەی ڕۆشنبیرێك کە کوڕ دەگێڕێت و دوو کاتژمێر خەڵك بێ دەنگ دەکا و هەمان دەسەڵات لە کایەی ڕۆشنبیریدا



دووبارە دەکاتەوە. ئەمە هەمان وێنەیە کە مەلایەکیش لەمزگەوت و کایەی ئاییندا و بەهۆی وتاربێژییەوە دروستیدەکاتەوە و هەمان وێنەیشە کە سەرکردەیەکی سیاسی لە کایەی سیاسیدا بەرهەمی دەهێنێتەوە. ئەنجامی دروستکردنەوەی ئەم وێنەیە بریتییە لە دروستکردنی «زۆربەیەکی بێدەنگ» لەبەرامبەر قسەکەرێکی تاکدا و ڕەوایەتیدان بە هەرەمیەتی دەسەڵات کە لەسەرەوەی هەرەمەکەدا ئەو تاکە قسەکەرە وەستاوە و دەنگی ئەو، دەسەڵاتی ئەوە. ئەمە جگەلەوەی ئەو پەیوەندیە هاوپەیمانەتییەکی ناوخۆیی لە نێوان قوتبەکانی دەسەڵاتی هەر کایەیەکدا وەدی دەهێنێ. واتە بە «سیلەی ڕەحم» باوك دەبەستێ بە مامۆستاوە، مامۆستا دەبەستێ بە مەلاوە، مەلا دەبەستێ بەرۆشنبیرەوە و رۆشنبیر و ئەوانیتریش دەبەستێ بەسیاسیەوە. ئەم بازنەیە چەندە ڕەمزەکانی دەسەڵات پیرۆز دەکات و هێزیان پێدەبەخشێت، ئەوەندەش زیاتر تاکەکەس سەرکوت دەکات و بواری بۆ ناهێڵێتەوە بیر لەتاکبوونی خۆی بکاتەوە وەك هەنگاوێك بۆ متمانە بە خۆ بوون و سڕینەوەی بەدگومانییەکانی لە ئاست ئەوانیتردا. تۆ لەبیرت نەچێ کە کردەیەکی وەك پێکەنینەکانیشمان دەکەونە بەر هەڵسەنگاندن و ئێمە بۆمان نییە لەهەر کوێدا و بەهەر بۆنەیەکەوە پێبکەنین و بگرە دەبێت بشزانین کۆمەڵگا چ جۆرە پێکەنینێکمان لێ قەبووڵ دەکا. واتە دەبێت نییەتی پێکەنینەکانیشمان بۆ دەسەڵاتە ڕەمزییەکانی کۆمەڵگا ڕوونبێت! لێرەوە دەمەوێت ئەوەت پێبڵێم: کە بازنەی دەسەڵاتی باوکە جیاوازەکان بەسەر تاکەکەسدا، بازنەیەکە زیاتر لەوەی متمانە دروستبکات بەدگومانی و ترس بەرهەمدەهێنێت و ئەمەش دەبێتە ڕێگر لەبەردەم ئەوەی تاکەکەس بتوانێ خۆی بێت. بۆیە ڕیگرەکان لەبەردەم بەخودبوونی تاکەکەسدا خۆبەخۆ دەبنە ڕێگریش لەبەردەم دروستبوونی پەیوەندییەکی متمانەدارانەدا، تەنانەت ئەگەر ئەو پەیوەندییە

خۆشەویستیی نێوان کچ و کوڕیش بێت. ئەمەش لەبەرئەوەی ئەو پەیوەندیە، بەرلەوەی لە چاوی دوو کەسی سەربەخۆی خاوەن ئیرادەوە ببینرێ کە یەکتریان خۆشدەوێ، لەچاوی گەورەی کۆمەڵگاوە تەماشای دەکرێت کە پێناسەیەکی تایبەتی بۆ پەیوەندیی خۆشەویستی هەیە.

**** لە سەرەتاوە باسی فرە ڕێگریتان لەبەردەم دروستنەبوونی متمانە لە نێوان کچ و کوڕدا کرد. حەزدەکەم لەسەر ئەوە بەردەوامبیت..***

ــ بەڵێ، ڕێگرێکی دیکە نەبوونی شوێن و کەشێکی ئازادی کۆمەڵایەتی‌یە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کەسەکان لەگەڵ یەکتردا. بۆئەوەی پەیوەندی دروست ببێت پێویستە فەزایەك هەبێ بۆ (بەرجەستەبوون)ی ئەو پەیوەندیە. پەیوەندی جگەلەوەی لە نێوان تاکەکەسەکاندا دروستدەبێت، ئەوە پێویستی بە شوێنێکیش هەیە تا تیایدا نەشونما بکات و بەدیارکەوێت. ئەو شوێنەش هەر کونجی ژوورەکان، ناو نامە نهێنی و سەرسووچی کۆڵان و نیگای خەماوی ئەودیو پەنجەرەکان نییە، بەڵکو شوێنی کارکردن و خوێندن و شوێنە گشتی و بازاڕ و مەیدان و باخچەکانیشە.. ناکرێت باس لە دروستبوونی پەیوەندی بکەین و هەموو ئەو شوێنانەمان لە کچ و کوڕەکان قەدەخە کردبێت کە پەیوەندی تیایاندا بەرجەستە دەبێت. ناکرێت باس لە پەیوەندی بکەین وەك کەشێك بۆ دروستبوونی تاکەکەس و کەچی کۆمەڵگامان لەو کەسانە کردبێتە بەندیخانە. چونکە ئێمە گوتمان پەیوەندی ئەو دۆخەیە کەتیایدا ئێمە هەم ڕووبەڕووی خۆمان دەبینەوە و هەم ڕووبەڕووی ئەویتر دەبینەوە، ئەم دۆخەش لەکۆمەڵگای ئێمەدا دۆخێکی یاساخە و تا ئیستاش دیتنی کچو کوڕێك پرسیاری کۆمەڵایەتی‌یانە و ئەخلاقیانە و تایبەتیانەی خۆی لەسەرە کە بۆی هەیە کوشتن و سزای توندی بەدواوە



بێت. ئەمەش بەومانایەیە کاتێ فەزایەك و شوێنێك نابێ تیایدا پەیوەندی لە ڕووبەڕووبوونەوەدا بەرجەستە ببێ، ئەوە ئەو بەدگومانییەش ناڕەوێتەوە کە نەریتە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر پێکەوەبوونی کچو کوڕێك بەرهەمیان هێناوە و بەپێی هەمان بەدگومانیش هەموو ڕووبەڕووبوونەوەیەکی نێوانیان بە کەوتنەوەی کارەسات و ئابڕووچوونێك تەماشا دەکرێت. تەنانەت لێخوڕی تەکسیەکانیش ئامادە نین کچ و کوڕێك پێکەوە لە دواوە سوار بکەن، چونکە ئەوان لێکدانەوەیەکی تایبەت بۆ ئەمە دەکەن و پیشەیەکیان بیردێتەوە کە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە شوێنی سەرشۆڕییە. هەتا ئەو تێڕوانینە تەقلیدیە بۆ پێکەوەبوونی کچ و کوڕ بمێنێ ئەوە پەیوەندی بەرجەستە نابێت، بگرە (بەلادا تێپەڕین) و تەکنیکەکانی تری یەکتربینینی شاراوە پەرە دەستێنن. ئەمەش دەبێتە هۆکاری دروستبونی دوو ڕوویی، درۆکردن و شاردنەوە و نهێنیسازی لە کەسایەتی گەنجەکاندا و هانیاندەدات بۆ کردەی لادەرانە و شاردنەوەی وردەکارییەکانی ژیانی ڕۆژانەیان تا ئەوکاتەی شتەکان ئەوەندە ئاڵۆز دەبن کە ئیدی بۆ خۆیان توانای چارەسەرکردنیان نیە و ناچاریشن بەردەوامبن لە شاردنەوەی کێشەکانیان، چونکە متمانەیان بە دەوروبەری خۆیان لەدەستداوە. بەمجۆرەش ئەو شتەی کۆمەڵگا لێی دەترسێ و دەیەوێت ڕوونەدات، بە نهێنی و لە پەراوێزدا ڕوو دەدات.

ڕێگرێکی دی لەبەردەم نەبوونی متمانە لە نێوان کچ و کوڕەکاندا، تەسلیمبوونی ئەوانە بەو نیگایەی کۆمەڵگا و دەسەڵاتەکانی تەماشای گەنجەکانی پێدەکەن. کۆمەڵگای ئێمە و دایکان و باوکانی ئێمە نایانەوێت ئەو درزە قەبووڵ بکەن کە کەوتۆتە نێوان خۆیان و نەوەکانیانەوە و جیاوازیی ئەوانی لە نرخاندن و بەهاسازیدا دروستکردووە. وەك دەزانین نەوەی پێشوو دەیەوێ نرخ و بەهاکانی

خۆی بگوێزێتەوە بۆ نەوەکانی پاشتر و لەمەشدا هەموو سیستەم و دامەزراوەکان بەکار دەهێنێت، لەکاتێکدا بەرەی نوێ بەجۆرێکی دی دەڕوانێتە ئەو بەهایانە و ژیانی هاوچەرخ و گۆڕانکارییەکان وادەخوازن بەهای تازە دروستببن. جیاوازە بەهاکان «بگوێزینەوە» و بەسەر نەوەی نوێدا «بیانسەپێنین» لەگەڵ ئەوەی هەوڵبدەین لەو بەها نوێیانە «تێبگەین» کە نەوەی نوێ بۆ ژیانی خۆی دەیانسازێنێ و وەك سیستەمێکی خۆجیاکردنەوە بەکاریان دەهێنێت. هیچ مەرج نیە بەهای کوڕێك یان کچێك بۆ سیاسەت، بۆ هونەر، ئایین، خۆشەویستی، زانست و ئابووری و نەرێتە کۆمەڵایەتییەکان و.. هەمان ئەو بەهایانە بێ کە باوك و دایکی بۆ هەمان ئەو شتانە هەیانە. ئەوکاتەی باوان دەیانەوێ منداڵەکانیان بەچاوی ئەوان شتەکان ببینن و ئەزموونەکانی خۆیان بکەنە پێوەر لە ژیانی نەوەکانیاندا، ئەوە لەبنەمادا ڕێدەگرن لەوەی منداڵەکانیان ببنە خاوەنی ئەزموونی خۆیان. بۆیە کچ‌و کوڕەکان کەدێنە ناو پەیوەندییەکەوە یا هەوڵی دروستکردنی جۆرێك لەجۆرەکانی پەیوەندی دەدەن، بەهەموو ئەو بەدگومانیانە بارگاوی بوون کە لە ئەزموونی کەسەکانی ترەوە دروستبوون. خەیاڵی ئەوان دەبێتە (خەیاڵێکی داگیرکراو) بەو بڕیارە پێشینانەی ترنجاونەتە مێشکیانەوە. بۆیە ئەوان هەر لە بەراییەوە بەدگومانن لە ئاست ئەو کەسەی کە دەیانەوێ پەیوەندی لەگەڵدا ساز بکەن و وەك ئێوە فەرمووتان، هەر لەسەرەتاوە بیر لەوە دەکەنەوە کە یەکێکیان قۆڵی ئەویتر نەبڕێت. سەرچاوەی ئەم بیرکردنەوەیە ئەوەیە، ئەوان هەموو متمانەیەکیان وەك گەنج لێسەندراوەتەوە و تەنیا وەك ئامرازێك رووبەڕووی کەسێکیتر دەبنەوە کە بۆی هەیە مەترسیدار بێ و بەکاریان بهێنێ.



**** مەبەستت چییە لەوەی کە دەڵێت: گەنجەکان وەك (ئامراز) ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوە؟***

- بەئامرازبوونی گەنجەکان لەوەدایە کە ئەوان لەسەرەتاوە متمانەیان بەخۆیان لێسەندراوەتەوە و ئەمەش وا دەکا خۆشیان نەتوانن متمانەبەخش بن. ئەوکاتە گەنجەکان دەبنە ئامراز کە هەموو بەدگومانییەکانی کۆمەڵگا لەڕێیانەوە دەگوازرێتەوە و ئەوان نەك هەر بەچاوی خۆیان، بەڵکو بەچاوی کۆمەڵگاش دەڕواننە کەسەکەی بەرامبەریان و لێرەشدا ئەوان خۆیان دەخەنە پەراوێزەوە، خۆیان دەسڕنەوە و چاوی خۆیان دەنوقێنن تا کۆمەڵگا لەوانەوە و لەجیاتی ئەوان ببینێ و کەسەکەی بەرامبەریان بۆ هەڵسەنگێنێ و بڕیاریان بۆ بدات. بێگومان لە هەموو کۆمەڵگایەکدا ڕاوێژکردن لەنێوان گەنجەکان و کەسە بەئەزموونەکاندا هەیە و ئێمە بەردەوام پێویستمانە بۆ بیروڕا و ئەزموونی ئەوانیتر بگەڕێینەوە، بەڵام واچاکە دوا بڕیار خۆمان بیدەین. کێشەکە سەبارەت بە گەنجەکانی وڵاتی ئێمە ئەوەیە: ئەوان ئەو ڕێگرە قەبووڵدەکەن کە کۆمەڵگا لەسەر بنەمای (بێمتمانەیی بەگەنجەکان) لەبەردەم پەیوەندییەکانی‌اندا قوتیدەکاتەوە. گەنجەکان لەجیاتی ڕەواجدان بە کولتووری لێبووردەیی تایبەت بە خۆیان و سەربەخۆبوونیان لە هەڵسوکەوت و هەڵسەنگاندنی واقیعبینانەیاندا بۆ کەسایەتی یەکتر، لە جیاتی سنگفراوانی و خۆکردنەوە بۆ بەرامبەرەکەیان، تەسلیم بە فەندەمەنتالیزم و کولتووری تەقلیدیانەی کۆمەڵگا دەبن و خافڵن لەوەی ئەم خۆ تەسلیمکردن و ملکەچییە ڕێگرێکی هەرە سەرەکییە لەبەردەم خۆناسی و بەخودبوونی خۆیاندا. ئەو کاتەش کە خۆناسیی نابێتە پڕۆژەیان، لە قاوغێکی بەتاڵ دەچن کە هەموو خەمێکیان دەبێتە (خەنافیزەکردن، مۆبایلیزەکردن و مەکیاژیزەکردن)ی خۆیان و ڕووخساری دەرەکییان، نەك وتووێژ و

گفتوگۆ و گۆڕینەوەی بیروڕا لەگەڵ یەکتردا، چونکە ئەوان بە بیروڕا فەندەمەنتالیستیەکانی کۆمەڵگا ئاخنراون کە پڕن لە بەدگومانی و هەژارن لە متمانەدا. ئەوان هەر کە لەماڵەوە دێنە دەرێ بڕیاری پێشینەی خۆیان لەسەر یەکدی داوە و چوارساڵ پێکەوەبوونی زانکۆش ئەو بڕیارەیان پێناگۆڕێ. ئەوە ڕاستە لە ماڵەوە و لە قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندیدا، کچ و کوڕ یەکتریان لێدەکرێتە گورگ و لەسەر میزاجی شەخسیی مامۆستای دەروون پڕگرێ پەروەردە دەکرێن، بەڵام زانکۆکان باشترین شوێنن کە ئەم دۆخەیان تیادا بەرجەستە بووە و ئەوێ ئەو شوێنەیە کە گەنجەکان وێڕای ئەوەی پێکەوە کاتێکی زۆری تیادا بەسەر دەبەن، بەڵام هەمان شوێنیشە کە بەتەواوی یەکتری تێدا وندەکەن! ئەوان نمونەی بەئامرازبوونی گەنجن لەم کۆمەڵگایەدا و من پێموایە ئەگەر لە داهاتوودا شەڕێکی دیکەی ناوخۆیی هەڵگیرسێت یان شەپۆلێکی خۆکوشتن دەستپێبکات، ئەوە لە زانکۆوە دەبێت، ئەمەش لەبەرئەوەی ئەو هاوڕێ ئازیزانەمان ئامادەیی تەواویان هەیە بەدرێژایی هەموو ساڵەکان ڕقیان لەیەکتر ببێتەوە و دیعایە بۆ یەکتر هەڵبەستن و یەکتر نەبینن، بەڵام ئامادە نین دوو وشە لەگەڵ یەکتردا بگۆڕنەوە. فەزای هاوڕێیەتی قوتابیانی زانکۆ لەو ژوورە ئینفیرادیانەی بەندیخانە دەچێت کە دوو کەس بە حەزی خۆیان و بەو پەڕی چێژەوە هەریەکەیان سووچێکی گرتووە و ناوەڕاستەکەشیان پڕە لە کێشە و وردە ناکۆکی، نەك لە کەسانی تر و هاوڕێی دیکە. ئەوان ئامادەن بەدرێژایی ساڵەکان لەو زیندانەدا بمێننەوە بەڵام بەو مەرجەی کەسیان قەبووڵی نەکات یەکێکیتر بێتە نێوانیانەوە. من بۆخۆم دەیان قوتابیم بەیەکتر ناساندووە کە سێ و چوارساڵە لەهەمان بەشدا و لە دوو هۆبەی جیاوازدا دەخوێنن بەڵام یەکتریان نەناسیوە! بێگومان لەمەشدا زانکۆ بۆخۆیشی وەك دەزگایەك ڕۆڵی گەورەی هەیە لە داماڵینی متمانە لە گەنجەکان و



بەئامرازکردنیان لەبەردەم کۆمەڵێ نەرێت و شێوازی مامەڵەکردندا، کە بەناوی زانستگەرایی و ئەکادیمیەتەوە دەفرۆشرێن و کەچی لە بنەمادا جگە لە فەندەمەنتالیزم و ستەمکاریی بەناوی زانست و ئەکادیمیاوە زیاتر شتێکی دی نیە.

**** بەرلەوەی پرسیارت سەبارەت بە پەیوەندیی خۆشەویستی لێبکەم، دەمەوێ لەبارەی حەزلێکردنەوە، قسەم بۆ بکەیت. تۆ لە کۆڕێکدا لە زانکۆی سلێمانی، باسی حەزلێکردنت وەك بارودۆخی پێش پەیوەندیی خۆشەویستی کرد. دەکرێ پێم بڵێی کاتێك ئێمە حەز لەیەکێکیتر دەکەین، چی ڕوودەدات و بۆچی حەزلێکردن ئەوەندە خۆشە!؟***

– زۆرم پێخۆشە کە حەزلێکردن وەك بارودۆخێك وەسف دەکەیت. بەڕاستی حەزلێکردن بارودۆخێکە نەك پەیوەندی و لەو بارودۆخەشدا مرۆڤ وا هەستدەکات لە جیهانێکی دیکەدا دەژی و بەردەوام هاوەڵی وێنەی ئەو کەسەیە کە لەسەر شاشەی ناخی خۆی حەزی لێکردووە. حەزلێکردن هەم بارودۆخێکی دەروونیی تایبەتی ژیانی تاکەکەسە لەگەڵ خۆیدا و هەم لە هەندێ کاتیشدا شێوازێکی تایبەتی لەگەڵبوون و ئەزموونکردنی ئەویتریشە. ئەم بارودۆخە هەندێ دەروەستی و ئەرك لەسەر شانی مرۆڤ هەڵدەگرێ و کەسێ کە لەدۆخی حەزلێکردندایە هێندەی لێناگیرێ. کردەوەی شێتانە و گێلانە و شتی نائاسایی لێقەبووڵ دەکرێت و هەڵە و کەموکوڕییەکانی زۆر لەسەر حساب ناکرێن. شەرم و تەریقبوونەوە ئەو بایەخەیان نامێنێ، ئەگەرچی مرۆڤ لەبارودۆخی حەزلێکردندا ڕووبەڕووی گاڵتەپێکردن و پێڕابواردنیش دەبێتەوە، بەڵام هێندە بەقوورسی نایانگرێت و سەرخۆیان ناهێنێ.. ئەمەش لەبەرئەوەی

حەزلێکردن ئەوەندە مرۆڤ بەوکەسەوە سەرقاڵدەکا کە حەزی لێیکردووە، سەر ئەوە ناپەرژێت بیر لەکەس و شتەکانیتر بکاتەوە. بەڵام بۆچی حەزلێکردن ئەوەندە خۆشە؟ ئەم پرسیارە وەك ئەوە وایە بپرسین: بۆچی قەند شیرینە و بۆچی مرۆڤ بەدار و پلە شاخان هەڵدەگەڕێ تا شانەی هەنگوین دەربهێنێ، ئەگەرچی سووریش دەزانێت گەر بکەوێتە خوارەوە دەمرێت؟ حەزلێکردن وەك ئەوە وایە بەدوای شیرینی و هەنگویندا بگەڕێین و بەبێ ئەو شیرینیە ژیان مانای نەبێت. ئەگەرچی زۆرجاران لەپێناوی مانا بەخشین بەژیان، ناچارین بەرەو مەترسیی برۆین و گوێ نەدەینە ئەوەی ڕیسوا و سەرگەردان ببین و گاڵتانمان پێبکرێ..

**** لەوبڕوایەدایت لە هەموو ساڵەکانی تەمەندا بتوانین حەز لە کەسانێکیتر بکەین، یان حەزلێکردن تایبەتە بە قۆناغێکی تەمەن و لەناو دەچێت؟***

— پێموانییە حەزلێکردن پرۆسەیەك بێت لە هەموو ساڵەکانی تەمەندا دووبارە ببێتەوە، تەنیا مەگەر هەرگیز ڕێگەی خۆنواندنی پێنەدرێ و بواری ئەزموونکردنی بۆ هەڵنەکەوێ. لەبەر ئەوەی بارودۆخی حەزلێکردن زیاتر پابەندی جەستە و ئۆرگانەکانێتی و بزوێنەری مەیل و ئارەزووە جەستەییەکانە، ئەوە دەتوانین بڵێین زیاتر لە تەمەنی گەنجێتیدا مرۆڤ دەکەوێتە ناو ئەو بارودۆخەوە. چونکە شێوەی ئیشکردنی جەستە و ئۆرگانەکانی لە قۆناغی گەنجێتیدا چالاکانەتر کار دەکەن و دەکەونە ژێر کاریگەریی دنیای دەرەوە. لەکاتێکدا کە لە قۆناغی هەڵچووی تەمەن و پیرێتیدا، جەستە بزێوی خۆی لەدەستدەدات و ناتوانێت بەخێرایی لە ئاست کارلێکە دەرەکییەکاندا پەرچەکردار دەرببڕێ. بەلایەکی دیکەدا، حەزلێکردن لەو کاتانەدا زۆر دووبارە دەبێتەوە کە نەتوانین سەرنجی بەرامبەر (یان ئەوانەی حەزیان لێدەکەین) ڕابکێشین و پەیوەندیی



دروستبکەین و ئەمەش ببێتە هۆی ئەوەی ئەو وزەیەی کە پێویستە ئاراستەی بکەین و بەتاڵی بکەینەوە، بواری ئاراستەبوون و بەتاڵبوونەوەی بۆ نەڕەخسێ. هەروەها خۆکۆنترۆڵکردنی زۆر و سەرکوتانەوەی وزە دەروونی، جەستەیی و ئۆرگانییەکانیش بۆی هەیە ببێتە هۆی دووبارەبوونەوەی بارودۆخی حەزلێکردن و حەزلێکردنەوە. بڕوام بە لەناوچوونی بارودۆخی حەزلێکردن نییە، بەڵکو واچاکە بڵێین ئەم بارودۆخە لە میانەی تەمەنی مرۆڤدا تێپەڕ دەبێت و بەسەر دەچێ. بێگومان ئەمەش لەژێر کاریگەرییە دەرەکیەکان و لەئەنجامی هاوجووتبوونیان لەگەڵ دنیای ناوەوەمان. ئەگەر دنیای ناخی ئێمە وەڵامگۆی کاریگەرییە دەرەکیەکان بێت و دەرەوە ناوەوەمان ببزوێنێ، ئەوە چاوەڕوانیەکانمان دێنە دی و بگرە زۆرجارانیش سنووری چاوەڕوانیمان فراوانتر دەبێت. هەندێ جاریش کە دەرەوە و ناوەوە وێکنایەنەوە و ئەو وێنەیەی لەسەر کەسێك لە ناخماندایە لەگەڵ خودی کەسەکە وێکنایەتەوە، ئەو خەسڵەتانەی وامان هەستدەکرد تیایدا هەن و کەچی وا دەرناکەون، ئەوە دووچاری نائومێدی دەبین و ماوەی ئەم نائومێدییەش لەکەسێکەوە بۆ یەکێکیتر دەگۆڕێ. بۆیە حەزلێکردن بە پەیوەندییەکی نەرگسیانەی تاك بەهەستەکان و حەزەکانی خودی خۆیەوە ناو دەبەم، چونکە لە ڕاستیدا ئەو کەسەی حەز لەکەس و کەسانێکیتر دەکات، ئەو شتانە دەکاتە پێوەر کە لەناخی خۆیدا هەن و تەوزیفیان دەکات بەسەر ئەویتردا. بۆیە لە دۆخێکدا کە حەزەکانی ئێمە لەئەو کەسەدا نایەنە دی کە حەزمان لێکردووە، بارودۆخەکە تێپەڕ دەبێت و بەشێوەیەکی کاتی کۆتایی پێدێت تا کەسێکی تر دێت و حەزی خۆمانی ئاراستە دەکەین.

***ئایا مرۆڤ ئامادەیی تێدایە هەمیشە حەز لەکەسێکی تر بکات و وەك تۆ دەڵێی: وزەی دەروونی، جەستەیی و ئۆرگانیی خۆی ئاراستەی ئەو کەسە بکات؟**

— مرۆڤ توانایەکی لە سنوور بەدەری هەیە بۆ حەزلێکردن و مەیل نواندن و سەرنجڕاکێشان، بەڵام ئەمە بەمانای ئەوە نییە دەتوانێت هەمیشە و لە گشت بارودۆخێکدا حەز لەکەسانی تر بکات. بۆ نمونە ئەوکاتانەی مرۆڤ لە پەیوەندیی خۆشەویستیدایە و کەسێك خۆشی دەوێ، ناتوانێ هەروا بە سانایی حەز لەکەسێکی دی بکات، بەومەرجەی لەپەیوەندییەکەی ڕازی بێت لەگەڵ خۆشەویستەکەیدا. ئەگەر ئەمە ڕوویدا، یان ئەوەتا بەردەوام حەز لەو کەسە دەکاتەوە کە خۆشیدەوێ، یان ئەوەتا مرۆڤێکی نەرگسییە و ئاشکرای دەکات جگە لەخۆی کەسیتری خۆشناوێ و بۆ ئەمەش هەر ڕۆژە وێنەی کەسێك لە فەنتازیای خۆیدا بەرجەستە دەکات و داڵغەی پێوە لێدەدات، کە هیچ مەرج نیە ئەو کەسە لێیەوە نزیك بێت، بیناسێت و لە هەمان کۆمەڵگاشدا بێت. کەسانێك هەن حەز لە بێژەرەکانی تەلەفزیۆن، قارەمانەکانی وەرزش و گۆرانیبێژەکان و وێنەی سەر گۆڤار و ڕۆژنامەکان دەکەن و هتد.

***لە قسەکانی پێشووەوە بۆم دەرکەوت کە هەموو کەسێك بە بارودۆخی حەزلێکردندا تێپەڕ دەبێت..؟**

— زۆربەمان ئەم بارودۆخە بەشێوەیەکی سرووشتی لە تەمەنی هەرزەکاری و لاوێتیدا تاقیدەکەینەوە. بەڵام کەسانێکیش هەن لەتەمەنێکی هەڵچوودا بەم ئەزموونەدا تێپەڕ دەبن و جووتی خۆیان دەدۆزنەوە. بەمدیوی تریشدا کەسانێك پەیدا دەبن، لەبەر زۆر هۆی جیاواز، ژیانێك دەژین بەبێ ئەوەی بەو ئەزموونەدا تێپەڕ ببن و ئەمەش دەگێڕنەوە بۆ ئەو بارودۆخانەی پێیاندا تێپەڕیون و بواریان نەداونەتێ



هەستەکانی خۆیان پەروەردە و بەرجەستە بکەن. حەزلێکردن و دەربڕینی هەستەکان وەك درێژکردنی دەست وایە بۆئەوەی تەوقەی لەگەڵ دەستێکی تردا پێبکەین، بەبێ ئەوەی هیچ گەرانت و دڵنیاییەك هەبێت کە ئەو دەستەی دی دێتە دەستمانەوە. بەڵام دەستدرێژکردن باشترە لەوەی لەو چێژە بێبەش بین کە حەزلێکردن دەیبەخشێ. چونکە بۆی هەیە حەزلێکردن سەرەتایەکی باش بێت بۆ چوونە ناو پەیوەندییەکی گەورەترەوە کە پەیوەندیی خۆشەویستییە.

***کەواتە با لە خۆشەویستی بدوێین. ئاخۆ بنەما چەسپیوەکانی وەك تەمەن، جوانی، سامان، خێڵ، هۆکاری سەرەکی نین بۆ تێکچوونی هەموو هاوسەنگییەکانی پەیوەندیی لەکۆمەڵگایەکی وەکئەوەی ئێمە، یان چۆن بتوانین پەیوەندییەکی مرۆیی دروست بکەین و پێی بڵێین خۆشەویستی ئازاد بەبێئەوەی لەسەر ئەو بنەمایانەوە دامەزرابێت؟**

ـ ئەم پرسیارەت زۆر پەیوەندی بەپرسیاری یەکەمەوە هەیە کەتیایدا پێناسەی پەیوەندیمان بەو جۆرە کرد، کە پەیوەندییە لە نێوان دوو مرۆڤی ئازاد، دوو لایەن، یان دوو گروپدا. ئەم پەیوەندیە بۆ ئەوەیە هەم لایەنەکان بتوانن خۆیانی تێدا دروستبکەن و هەم بشتوانن جیاوازییەکانی یەکتریش قەبووڵ بکەن. ئەو پێوانانەی تۆ ناوت بردن: تەمەن، جوانی، سامان، خێڵ، و تەنانەت هاوبالایی و هاوخەمی و هاوچینی و هاوئایینییش، هیچیان گەرانت و ڕێگە خۆشکەر نین بۆ پەیوەندییەکی سەرکەوتوو، نە لەبواری کۆمەڵایەتی و نە لەبواری خۆشەویستی و شەخسیدا. چونکە ئەگەر لە بیرت مابێ، ئێمە پێناسەی پەیوەندیمان بەو جۆرە کرد کە پەیوەندییە لە نێوان خودە سەربەخۆکاندا. بەڵام کۆمەڵگای ئێمە ڕێگرە لەبەردەم دروستبوونی خودی سەربەخۆدا و

ئەمەش بە مانای ئەوەیە کۆمەڵگای ئێمە لەهەموو کایەکاندا بنەماکانی خۆی دادەڕێژێتەوەو تەئمینی بەردەوامی ئەو بنەمایانە دەکات، تەنانەت لە شەخسیترین پەیوەندیشدا. بۆ نموونە ئەوەی کە تۆ ناوت ناوە پەیوەندی هاوسەنگ، ئەم هاوسەنگییە تەنیا لە وەسفی زماندا بوونی هەیە، نەك لەناو خودی پەیوەندیەکاندا چونکە بەدەگمەن پەیوەندیمان هەیە توانیبێتی هاوسەنگییەك دروست بکات. واتە ببێتە پانتاییەك بۆ دروستکردنی خۆمان و بۆ دروستکردنی ئەویتر. ئەوەی کۆمەڵگا و یەکە کۆمەڵایەتییەکانی وەك خێڵ و خێزان ئیشی لەسەر دەکەن، دروستکردنی تۆڕێکە بۆ گیرۆدەکردنی مرۆڤەکانە بەو ئەرکانەوە کە بنەما چەسپیوەکان بەرهەم دەهێننەوە، نەك ئیشکردن بۆ دروستکردنی کەشێك کە تیایدا ئەندامان بەهۆی کارلێککردنیان بۆسەر یەکتر، خۆیان دروستبکەن. ئەوەی بەلای کۆمەڵگا، خێڵ و خێزان و یەکە کۆمەڵایەتییەکان یترەوە گرنگن مرۆڤەکان خۆیان نین، بەڵکو ئەو یاسا و پێشنووس و نەریتانەن کە وەکو کۆت و پێوەند کراونەتە ئەستۆی مرۆڤەکان تا لەژێر دەسەڵاتی خۆیاندا بیانهێڵنەوە. بۆیە بەشێکی زۆری ئەو بنەما چەسپیوانەی تۆ دەفەرمووی، هاوسەنگیی تێکدەدەن‌و دەبنە رێگرێکی سەرەکی لەبەردەم دروست بوونی ئەو پەیوەندییەدا کەئێمە پێشتر بە پەیوەندییەکی تەندروستانە و عەقڵانیانە ناومان برد.

***بەڵام چۆن پەیوەندییەکی مرۆیی دروست بکەین‌و پێی بڵێین خۆشەویستی ئازاد؟**

– بەبڕوای من ئەمە بەر لەوەی پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی بەرفراوان بێت پرۆسەیەکی تاکە کەسیانەیە و پێویستی بە ئامادەیی تاك هەیە لەو پەیوەندیەدا وەك بکەرێکی کارا و خاوەن ئیرادە.. من پێموایە ئەوە تاکەکەسە خاوەن ئیرادەکانن کە دەتوانن نموونەی ئەو پەیوەندیەمان



لەلا بخەملێنن‌و بەرجەستەی بکەن، کەئەمەش پێویستی بە ڕیسك و موجازەفەکردن و چاوپۆشیکردنە لە مەترسی و حەیاچوون و ڕیسوا بوون. بێگومان ئەمەش لە کۆمەڵگای ئێمەدا کە ئەوەندە گرنگیی دەدات بەوەی نابێت ئابڕوومان بچێ و ڕیسوا ببین، شتێکی زۆر زەحمەتە. بەڵام هەروەختێ ئێمە موخاتەرە و ڕیسك بکەین لەناو کۆمەڵگادا توانیویشمانە دەرگایەکی‌تر لەسەر ژیان بکەینەوە، یان لە دەروازەیەکی ترەوە، لەدەرگایەکی دیکەوە بچینە ناو ژیانێکەوە کە کەمتر پابەندە بەرەچاوکردنی نەریتەکانی کۆمەڵگا. ئەگەر ئێمە بەو جۆرە باس لە پەیوەندیی بکەین کە پەیوەندیی ئازادی دوو مرۆڤی کامڵە بەیەکترەوە، من پێموایە ئیتر مەسەلەی تەمەن، سامان و پابەندبوون بە خێڵ و پێگە کۆمەڵایەتی‌یەکانەوە هیچ بایەخێکیان نامێنێ و خودی مرۆڤ دەسەڵات وەردەگرێت. چونکە خود وەختێك خودێکی کامڵە کە لەودیو هەموو ئەو ئینتیما شکلّییە بۆماوەییانەوە دروست بووە و ئەم خودە خۆی هەڵگری ئەو خەسڵەتانەیە کە مانەوەی پەیوەندیەکە دەستەبەر دەکا. بەڵام وەختێك ئێمە پرۆسەیەکی مەعریفی و کۆمەڵایەتی و سیاسیی بەرفراوانمان نەبێت بۆ قسەکردن لەسەر خود و دروستکردنی خود و بەخود بوونی مرۆڤ، ئەوە خۆشەویستی ئازاد جگە لە درووشمێکی ڕۆشنبیرانە زیاتر نیە. لە ئێستادا دەبێ ئێمە زیاتر تەماشای ئەو نموونە دەگمەنانە بکەین کە بە موخاتەرەکردن بەژیانی خۆیان هەتا سنووری ڕیسوابوون و خۆ بەکوشتدان بتوانن نموونەیەکی وامان پێشکەش بکەن کەنموونەی پەیوەندییەکی ئازادە و نموونەی پەیوەندییەکە ئەشێ ببێ بەئایدیالێك، بە مۆدێلێك لەبەردەم هەموو تاکەکانی تری کۆمەڵگادا. ڕاستە کۆمەڵگا ڕێز لەو کەسانە ناگرێت کە یاساکانی تێکدەشکێنن، وەلێ ئەوەشمان بیر نەچێت کاتێ دەبیستین دوو دڵخواز تائەو شوێنەی ڕیسوا دەبن و خۆیان دەکوژن، هەم جێی گاڵتە پێکردن و هەم لەناخیشەوە

ڕێزیان لێدەگرین، چونکە ئەوان بە گیان و کەسایەتی خۆیان لە پێناوی خۆشەویستیدا ژیاون و مردوون.

**** ئەگەر دەرکەوتنی ئەو پەیوەندییە ئازادانەیە پەیوەست بێت بە سەرهەڵدانی تاکەکەسی خاوەن ئیرادەوە کە هیچ ئیلتیزامێکی نەبێت بە نەریت و یاسا کۆمەڵایەتییەکانەوە و ڕیسك بکات، ئەی ئیلتیزام لەو خۆشەویستییە دا چ ڕۆڵێکی هەیە؟***

– کاتێك من دەڵێم مرۆڤی ئێمە بۆ ئەوەی پەیوەندییەکی ئازادی هەبێ پێویستە ڕیسك بکات، بەمانای ئەوەنییە ئەم مرۆڤە هیچ جۆرە ئیلتیزامێکی نەبێ. چونکە دواجار لە هەموو پەیوەندییەکی ئازادانەشدا کەدوو جەمسەرەکەی بریتین لەخودی کامڵی دوو مرۆڤ، ئیلتیزامێکیش هەیە بەژیانێکی هاوبەشەوە و ئێمە لەهەموو شتەکانیش خۆمان ڕزگار بکەین ناتوانین لە پابەندبوون بەرامبەر بەئینسانەکەی تر خۆمان رزگار بکەین. بۆیە چوونە ناو پەیوەندی خۆشەویستییەوە جۆرێکیشە لە دەروەستی بەرامبەر بەو مرۆڤەی تر. پەیوەندی ئازادانە وەها تێنەگەین کە بێدەروەستیبوونە بەرامبەر بە مرۆڤەکەی تر، بەڵکو پەیوەندی ئازاد لەوێدا ئازاد و پڕ بەهایە کە ئێمە لەسەدا سەد و تەنها بەهۆی بڕوا و قەناعەتی خۆمانەوە، دەتوانین ئیلتیزام بکەین بەو وادە و پەیمانانەی وەك تاکەکەسێك دەیبەخشین بەکەسێکی دیکە. بەڵام چۆن دەتوانین وادە و پەیمان بەکەسێکی تر ببەخشین، ئەگەر لەئاست خودی خۆماندا دەروەست نەبین؟ مرۆڤ کاتێك ڕوو دەکاتە ئەویتر و پێیدەڵێت: (خۆشم دەوێی..) جگەلەوەی گوتویەتی (خودی خۆشم لەلا خۆشەویستە)، دەشڵێت: پابەندبوونی من بە تۆوە لە پابەندبوونمەیەوە بە خودی خۆمەوە. خۆشمدەوێی، واتە لە مندا پانتاییەکی فراوان هەیە بۆ بوونی تۆ لەناویدا، واتە خودی من ئامادەیە بۆ قەبووڵکردنی تۆ و کراوەیە لە



ئاست ئامادەیی تۆدا. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە خودی من دەیەوێت ئەو سنوورە فراوانتر بکات، کە ژیانی تاکەکەسی بۆی دەستنیشانکردووە و تیایدا (من) کەوتۆتە سەنتەرەوە. گوزارەی ***خۆشمدەوێی***، بەرجەستەکەری ئیرادەی خودە کە چیدی نایەوێت (من) لەناویدا سەنتەر بێت و گەرەکیەتی (ئێمە) بکاتە سەنتەر. بەم مانایەش هەر کاتێك دوو کەس وادەی خۆشەویستی بەیەکتر دەبەخشن، ئاسۆی ژیان و بوون بەرفراوانتر دەبێت و ئیلتیزامی مرۆڤ لە ئیلتیزامی تاکەکەسێکەوە دەگۆڕێ بە دەروەستییەکی کۆمەڵایەتیانەی ئەوتۆ، کە تیایدا ماف و ئەرك لەگۆڕێ نییە، هێندەی ئەوەی بەخشینی خۆشەویستی لە ئارادایە بەبێ چاوەڕوانیکردنی هیچ پاداشتێك لە بەرامبەرەکەت.

# سێکس و ئیرۆتیکا

***ئێستا با بچینە سەر بابەتێکی تر: دەمەوێ سەبارەت بەو قسانەی تا ئێستا کردمانن پرسیارێکت لەسەر سێکس لێبکەم: ئایا سێکس وەك ڕەهەندێکی حەرامکراوی ناو مێژووی ئێمە هەمیشە ئەو گوناهە نەبووە کە بۆتە هۆی تێکدانی هەموو پەیوەندییە جوانەکان؟ یان باشترە بڵێین: بۆچی مومارەسەکردنی سێکس، زۆر جار وەك چەکێك بۆ شەرمەزارکردن و ڕووڕەشکردنی ئەویتر (الاخر) بەکار دەهێنرێت؟***

ــ جارێ با ئەوە بڵێم کە ئەوەی لە مێژووی ئێمەدا حەرامکراوە، ئێرۆتیکایە نەك سێکس. بۆیە پێموایە کاتێ ئێمە وشەی (سێکس) بەکار دەهێنین دیسان بەمانایەك لەماناکان بە زمانی لە کۆمەڵگایەکی تەقلیدی قساندەکەین، کە بێگومان لەجیاتی باس لە ئیرۆتیکا بکات باس لەسێکس دەکات و مەبەستیشی پۆرنۆگرافیایە. تا ئەوکاتەی ئێمە باس لەسێکس دەکەین باس لەسیستەمێکی فیکری دەکەین کە تێڕوانینی بۆ ئافرەت، بۆ مێینە تێڕوانینێکی جەستەیی ڕووت و مەسرەفگەرایانەیە. لەم تێڕوانینەوە، ئافرەت وەك شتێ لەوێدایە تا منی نێرینە بۆ دامرکاندنەوەی خرۆشانی جنسیی خۆم سێکسی لەگەڵدا بکەم. واتە بیکەم بە موڵکی خۆم و ڕووتی بکەمەوە و خۆمی تیادا بەتاڵکەمەوە و پاشان فرێیدەم و لەوێدا جێیبهێڵم، دوایئەوەی پاداشتێکی ماددی یان ڕەمزیی پێدەدەم. جا ئەم پاداشتە ئایین دەستنیشانی کردبێت وەك (مارەیی) یان کولتووری کۆمەڵایەتی باو (وەك داواکردنی پێشەکی و پاشەکی و ئاڵتوون و هتد). ئەمە ئەو دیمەن و تێگەیشتنەیە لە مێینە کە

لە فیلم و گۆڤارە ڕووتەکاندا بەرهەم دەهێنرێن و من دەزانم بۆچی هاووڵاتیانی ئێمە هێندە شەیدای ئەو فیلم و گۆڤارانەن، هەڵبەت ئەگەر کارەبا هەبێ! بەکارهێنانی ئەم زاراوەیە بۆ خۆی دیسان ئەمانخاتەوە بەردەم ئەو ڕاستیەی کە پێماندەڵێت: ئێمە لەکۆمەڵگایەکی تاسەر ئێسقان تەقلیدیدا دەژین و هەر ئەم کۆمەڵگایەش دیدێکی پێداوین تا لێوەی تەماشای ئافرەت بکەین و ناچاریکردووین بەزمانێکی تەقلیدیانە قسە لەسەر مێینە بکەین. لەپشت بەکارهێنانی زاراوەی سێکسەوە، لەپشت ئەوەی کە ئێمە پێمانوایە دەبێ پەیوەندیەکانمان پەیوەندیی (سێکسانە) بن نەك (ئێرۆتیکیانە)، ئەوەش هەیە کە ئافرەت وەك لایەنێك کە ئەشێ سێکسی لەگەڵدا بکەین، کائینێکە ئێمە ئەتوانین بۆ دامرکانەوەی حەزە جەستەیەکانی خۆمان بەکاری بهێنین نەك بمانەوێ پەیوەندی لەگەڵ ببەستین. لێرەشدا ئافرەت وەك کائینێك کە هەڵگری کۆمەڵێك تایبەتمەندی مەعنەوی و ڕۆحی و ئینسانیانەی خۆیەتی بەپەراوێز دەکرێت و لە جەستەیدا کورتدەکرێتەوە و بەپێی جەستەیشی هەڵدەسەنگێنرێت. لەو بڕوایەدام ئەم تێڕوانینە مەسرەفگەرایانەیە بۆ مێینە لە وڵاتی ئێمەدا دیاردەیەکی تازە بێت و پەیوەندیی هەبێت بە هەڵوەشانەوەی سیستەمی تەقلیدیانەی خێڵ و گەڕانەوە و زیندووبوونەوەی بەهاکانی هەمان سیستەم لە شاردا، کە یەکێك لەو بەهایانە (نێرایەتی) و بە پیرۆزکردنی ڕەمزەکانی نێرە. چونکە ئێمە ئەوەش دەزانین کە تێڕوانینی سیستەمی خێڵ و باوکسالاری بۆ ئافرەت مەسرەفگەرایانە نەبووە و ئافرەتی وەك بەرهەمهێنەری وەچە و هێزی کار تەماشا کردووە. بێگومان گەڕانەوەی نێرێتی لە شارە گەورەکاندا پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی هەیە بەو عەقڵییەتە سیاسیە تەقلیدی و نەرێتخوازەی کە لە ڕاپەڕین بەدواوە سیستەمی سیاسیی وڵاتی ئێمەی کۆنترۆڵکردووە و بەردەوام لە ململانێ و شەڕەکانی ڕاگەیاندنی خۆیدا



ئیشی لەسەر پیرۆزکردنی ڕەمزەکانی نێرایەتی کردووە. نەك هەر ئەوە، بەڵکو کێبەڕکێی بەردەوامیکردووە بۆ بەرزکردنەوەی نرخی جووتبوون و تەنانەت لەناو هەڵبژاردەی سیاسیی ئێمەدا کەسانێك هەن سەفەری تایبەتی سێکسی دەکەن بۆ وڵاتانی وەك تورکیا و لوبنان و ئەو پارەیەش کە لە ڕابواردندا سەرفیدەکەن شتێکی خەیاڵییە. هەڵبەت ئەوەشمان بیرنەچێت کە تێڕوانینی مەسرەفگەرایانە بۆ مێینە لە بواری جنسیدا خەسڵەتێکی دیاری کۆمەڵگا پیاوسالارییەکانە، ئەگەرچی بۆیشی هەیە هەر لە کۆمەڵگای پیاوسالاریدا، یان لە قۆناغێکی تری پیاوسالارانەی کۆمەڵگادا تێڕوانینی ناوبراو کەمتر بێت، یان زۆر لاواز بێت. بۆ نمونە لە قۆناغی شیعری کلاسیکیی ئێمەدا، شاعیرێکی وەك مەلاخدری نالی زۆر دوورە لەو تێڕوانینە نێرسالارانەیەی باسمانکرد و پیاوێکە لەپەیوەندیی خۆیدا بە مێینەوە، زیاتر ئیش لەسەر ئێرۆتیکا دەکات نەك سێکس. واتە پەیوەندی ئەو بە ئافرەتەوە پەیوەندییەکی ئێرۆتیکیانەی شارستانیانە بووە نەك مەسرەفگەرایانەی سێکسبازاڕی. ئەمەش پێماندەڵێت: نالی وەك نێرینەیەك، کاتێ باسی پەیوەندیی خۆی بە مێینەوە کردووە، ئەوە باسی لە پەیوەندییەك کردووە کە تیایدا مێینە ئینسانێکە هەڵگری تایبەتمەندیی مەعنەوی و ڕۆحی و مرۆڤانەی خۆیەتی و جیهانێکی تایبەت بەخۆی هەیە، نەك باسی پەیوەندیی لەگەڵ زیندەوەرێ کردبێ کە تەنیا وەك جەستە تەماشای بکات و لە جەستەدا کورتیبکاتەوە و بیەوێت مەسرەفی بکات.

بۆیە دووبارەی دەکەمەوە و دەڵێم: لە کۆمەڵگا و مێژووەکەیدا وەك کۆمەڵگایەکی تەقلیدی و وەك مێژوویەك کە نێر و سێمبوولەکانی پیاو تیایدا ستایشکراوە، سێکس قەدەغەکراوێك نەبووە و ئەوەی حەرامکراو بووە ئێرۆتیکا بووە. بەڵام کاتێ ئێمە لە ئیستاشدا بەهەمان چەمك و زاراوە تەقلیدیەکان بیردەکەینەوە، ئەوە بۆمان ڕووندەبێتەوە کە هێشتا

ئەو تێڕوانینە نێرسەنتەریە بەسەرماندا زاڵە و زمان و زەینی ئێمە وەك پێویست کولتووریزە نەبووە. تێڕوانینی ناوبراویش بەو جۆرە تەماشای ئافرەت دەکات، کە ئەو کائینێکە بۆ پیاو نەك کائینێکە لەخۆیدا و نەك زاتێکی سەربەخۆیە بەهەموو ڕەهەندە ئینسانیەکانی خۆیەوە. لەو تێڕوانینەدا ئافرەت ئەوکاتە بوونێکی کاتیانەی بۆ پیاوسالار هەیە کە (دێوە کەڕ کوێر و سەرسەختەکە) لە پیاودا بێدار دەبێتەوە و ناچاری دەکات بەدوای پەیداکردنی (ژەمێ سێکس)دا، یان یارییەکی سێکسیانەدا بڕوات کە ئەویش تەنیا هەندێ بەشی جەستەی ئافرەتە نەك هەموو ڕەهەندە ئینسانیەکانی مێیینە. چونکە پیاوی کورد بەگشتی زەکەر سالارە و لە هێزی زەکەرەوە دەڕوانێتە دنیا و کاتێ زەکەری لەکار دەکەوێت ئیتر ئەو (لە پیاوەتی کەوتووە).

بەپێی ئەم تێگەیشتنە لە دنیا، پیاوی نێرسەنتەر ناتوانێت ئافرەت لە گشتمەندی خۆیدا ببینێت، بەڵکو لە زەینی خۆیدا لەتوپەتی دەکات و تەنیا ئەو بەشانەی لەشی ئافرەت دەبینێ و داڵغەیان پێوە لێدەدات کە لەڕووی سێکسییەوە دەیخرۆشێنن..

**** بەڵام حەزدەکەم ڕوونتر پێم بڵێی: جیاوازیی سەرەکیی ئەم دوو چەمکە(سێکس و ئێرۆتیکا) لە چیدایە و بۆچی سێکس پۆرنۆگرافی بەرهەمدەهێنێت و ئیرۆتیك خۆشەویستی بۆ مرۆڤ و ژیان بەرهەمدەهێنێت؟***

ـ چەمکی (ئیرۆت) لە چاوگی گریکی (eros)وە وەرگیراوە کە بەمانای خواوەندی ئەڤین بەکارهاتووە و بەرهەمهێنەری غەریزەی ژیانە. پاشان وشەی (ئیرۆتیك Erotic) لە (erotikos)وە دروستکراوە بۆ تەعبیرکردن لە ئەڤینێکی هەستەوەرانە و ڕۆحیی و مەعنەوی. لە ئیرۆتیکادا هێزی مرۆڤمان لە خۆشەویستی بۆ ژیان و بۆ مرۆڤەکانیتر بۆ دەردەکەوێت و



ئەم هێزە وزەیەکی خۆ دروستکەر و ژیانبەخش و پەیوەندی دروستکەرە. ئیرۆتیك واتە هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە کە لە پەیوەندی نێوان دوو مرۆڤدا بەرجەستە دەبن، هەڵبەت بە پەیوەندییە جنسی و جەستەییەکانیشەوە. بەم مانایەش پەیوەندی ئیرۆتیکیانە لایەنی جەستەیی و سێکسی نێوان مرۆڤەکان ڕەتناکاتەوە، وەلێ جەستە و سێکس ئامانجی سەرەکیی ئیرۆتیکا نین و مەرجیش نییە سەرکەوتوویی پەیوەندییەك لە ڕووی جەستەیی و سێکسییەوە مانای ئیرۆتیکیبوونی ئەو پەیوەندییە بدات. بۆ نمونە نالی هیچ پەیوەندییەکی جەستەیی و سێکسی لەگەڵ بەرامبەرەکەیدا نییە و کەچی ئیرۆتیکا بەشێکی گرنگە لە پەیوەندی نالی بە مەستوورەوە. واتە لەو پەیوەندییەدا ڕەهەندی ئینسانیانەی بەرامبەر بۆ نالی لەوەدا نییە کە جەستەیەکە و پێویستە لەگەڵیدا جووت بین و سێکسی لەتەکدا بکەین. بەمانایەکی تر دەمەوێ بڵێم: مەرج نییە پەیوەندی ئیرۆتیکیانە حەزی غەریزیانەی مرۆڤ بۆ نەوە خستنەوە بهێنێتە دی، هێندەی ئەوەی حەزی مرۆڤ بۆ ژیان و بەردەوامی و گەشبینی دەهێنێتە دی. ئالێرەشەوە دەکرێ بگوترێ ئیرۆتیك ئەو پەیوەندییەیە کە تەنیا لە نێوان مرۆڤەکاندا بەرجەستە دەبێت، نەك لەنێوان ئاژەڵ و گیاندارەکاندا کە هاندەری غەریزییان هەیە بۆ نزیکبوونەوە و جووتبوون لە پێناوی نەوەخستنەوە و مانەوەدا. هەرئەوەشە وایکردووە لە زۆربەی کاتدا ئاژەڵەکان لەکات و وەرزی تایبەتدا پێکەوە جووت دەبن و ئەرکێك جێبەجیدەکەن کە سرووشت لەچارەی نووسیون، لەکاتێکدا مرۆڤ وەرزێکی تایبەتی نییە بۆ بەرجەستەکردنی وزەی ئیرۆتیکیانەی خۆی.

هەرچی وشەی سیکسە لە چاووگی (sexus)ی لاتینییەوە دروستبووە و تەنیا دەلالەت لەو ئۆرگانانەی جەستە دەکات کە سێکسیان پێدەکرێت. بەم پێیەش جیاوازییەکی گەورە هەیە لە نێوان تێڕوانینێکدا

که باس له پەیوەندیی سێکسی دەکات و پەیوەندییەکە بچووکدەکاتەوە له دوو یان چەند ئۆرگانێکی جەستەیی نێر و مێدا، لەگەڵ تێڕوانینێك کەباس لە پەیوەندییەکی هەستەوەرانەی ئیرۆتیکی دەکات و ئەمەش دەبەستێتەوە بە خۆشەویستی مرۆڤ بۆ مرۆڤ و مرۆڤ بۆ ژیان. بۆیە ئەگەر خۆشەویستی بەمانا فراوانەکەی بەرجەستەکەری وزەی ژیانبەخشی بێت لە هەموو ساتەکانی بوونی مرۆڤانەماندا، ئەوە پۆرنۆگرافیا بەرجەستەکەری پەیوەندییەکی سێکسیانەی ڕووتە لەو کاتانەدا کە جەستەی بەرامبەر دەبێتە ئامانجمان بۆ ئەوەی لەگەڵیدا جووت ببین و بە تەواوبوونی پرۆسەی جووتبوونەکەیش پەیوەندیمان بە ئەویترەوە دەپچڕێت و دەتوانین لەم مرۆڤەوە باز بدەین بۆ ئەویتر. ئەمەش پێماندەڵێت: پێشمەرجی هەر پەیوەندییەکی ئیرۆتیکیانە ئەوەیە کە دەبێت دوو مرۆڤ لەو پەیوەندییەدا ئامادەییان هەبێت. کەچی لە پەیوەندیی سێکسیانەدا مەرج نییە پێکهێنەرەکان دوو کەس بن و بۆی هەیە گرووپێك بن، هەروەها مەرجیش نییە دوو لایەنەکە هەردووکیان مرۆڤ بن. بۆی هەیە مرۆڤ ئەمکارە لەگەڵ بزن و ماکەر و سەگ و بووکەشووشەیەکیشدا بکات. ڕەنگە هەر ئەمەش بێت کە وایکردووە لەبەرهەمهێنانی بەشێکی زۆری ئەدەبیات و فیلمی ڕووتدا، دەرهێنەرەکان جەخت دەکەنەوە سەر هەبوونی لایەنێکی نامرۆیی، بۆ نمونە بوونی ئاژەڵێ، یان ئەو لەیستۆك و ئامرازانەی بۆ ئەو مەبەستە داهێنراون. کەواتە پۆرنۆگرافی بریتیە لەو ئەدەبیاتەی کە تەنیا گرنگی بە ڕەفتارە جنسی و جەستەییەکان دەدات لە میانەی پیشاندان و زەقکردنەوەی ئۆرگانە سێکسیەکاندا. لێرەشەوە، وشەی (Porno) مانای لەشفرۆش و (Graphy) مانای نووسین و تۆمارکردن دەگەیەنێت، ئەمەش پێماندەڵێت کە لە حەکایەت و دیمەنی ناو ئەو ژانرەدا تەنیا گرنگیی دەدرێت بە پرۆسەی جووتبوونی ڕووت و بەپەراوێزکردنی هەموو



جۆرە خۆشەویستی و ئەڤینداریيەك لە مرۆڤەوە بۆ مرۆڤێکیتر. بۆیە ئامانجی پۆرنۆگرافی بریتیە لە بزواندنی حەزە سێکسیەکان و لەوێدا شوێنی مرۆڤ، وەك بوونەوەرێکی هزرمەند و کامڵ و خاوەن گەورەیی، بوونی نیە.

**** ئەی چۆن ئەم قسانە دەبەستیتەوە بەوەی کە دەڵێیت، کۆمەڵگای ئێمە سێکسی حەرام نەکردووە و ئیرۆتیکای قەدەغە کردووە؟***

– من تەنیا دەمەوێت ئەوەندەت بەبیر بهێنمەوە کە بە پێچەوانەی بیروڕای باوی گشتییەوە، کۆمەڵگای ئێمە سێکسی حەرام نەکردووە بەڵکو ئیرۆتیکای حەرامکردوە، واتە قبوڵکردنی ئینسانیانەی ئافرەتی حەرامکردووە نەك قبوڵکردنی جەستەییانەی. ئێمە ژن دەهێنین، نەك هاوسەر دەدۆزینەوە. ژن دەهێنین بۆ ئەوەی سێکسی لەگەڵدا بکەین، واتە دەمانەوێت تەنیا لەڕووی جەستەییەوە لەگەڵیدا تێکەڵ ببین، جا ئەم ژنە وەك ئینسانێك خۆی لە ناو خۆیدا چیە، ئەوە بۆ ئێمە گرنگ نیە و کوولتووری ئێمەش لەو بارەیەوە پێشنووسێکی ئەوتۆمان ناداتێ. کەس نییە لە پێش شەوی بووك و زاوایەتیدا پێمان بڵێت پێویستە چۆن لەگەڵ ئەو کەسەدا ڕەفتار بکەین، کە لەڕووی جەستەییەوە ئەمشەو لێی نزیك دەبینەوە و تێکەڵی دەبین. ئێمە تەنیا فێرکراوین کە قەڵایەك هەیە پێویستە ئەمشەو بەهەر نرخێك بووە، داگیری بکەین و بەیانییش وەك جەنگاوەرێکی سەرکەوتوو خۆمان بناسێنین. ئیدی کێشەی ئێمە نییە (بەرامبەر) لە ناو ئازار و خوێندا گێنگڵ دەدات یان نە . هەر بۆیەشە زۆربەی پەیوەندییەکان کاتێ دەگەنە ئاستی بەدەزگاییبوونیان، مەترسیی هەڵوەشاندنەوەیان زیاتر دەبێت. بۆچی؟ لەبەر ئەوەی لە پشت ئەم جەستەیەی سێکسی لەگەڵدا دەکەی ئینسانێکیش هەیە کە

هەر پێویستی بەسێکس نیە، هەر پێویستی بەوە نیە لە ڕێگەی بەکارهێنانی لەشییەوە بیناسیتەوە و بەهای بۆ دابنێین، بەڵکو پێویستمان بە ناسینەوەی ئینسانیەت و ڕێزگرتن لە گەورەیی ئینسانیانەیشی هەیە. ئەگەر وامان نەکرد، ئەوە ئەو (سێکس)ی لێدەبێتە شتێکی بێزراو، بەخۆی نامۆ دەبێت و خۆی لێدەبێتە بووێکی سێکسی و ناچار دەبێت بچێتە ناو یارییەکەوە کە ڕۆحی خۆی تێدا دەدۆڕێنێت و لەڕووی دەروونیشەوە دووچاری گرێی ئاڵۆز دەبێت. ئەم تێڕوانینە باڵادەستە لە کۆمەڵگای ئێمەدا وایکردووە، ژیانی هاوسەرداری و دەزگای خێزان گەندەڵ ببێت، چونکە ئەم دەزگایە بەو پێیەی لەژێر دەسەڵاتی نێرسالاریدایە، ئەوەندەی بوونی مێیینە وەك بوونێکی سێکسیانە پێناسە دەکات، ئەوەندە هانی نادات وەك ئینسانێکی سەربەخۆ کە خاوەنی ڕەهەندی مەعنەوی و ڕۆحانی و کولتووریی تایبەت بەخۆیەتی، خۆی دروستبکات. بەمانایەکی تر، ئافرەت لەناو خێزانی کوردیدا وەك جەستە مەسرەف دەکرێت و بوونی ئەو بەجەستەیدا هەڵدەسەنگێنرێت. ئەمڕۆ باوترین شت ئەوەیە پیاوێ لەدەرەوەی ژیانی هاوسەرداریەوە، (بیکەپلێینێ) و بەپێی هزری بەموڵکایەتیکردنیش، کە خەسڵەتێکی بنەمایی نێرسالاریە، هەوڵبدات زیاد لە دۆستێکی هەبێت (ئەم دیاردەیە بەتایبەتی لە نێوان دووکاندار، سیاسی و بەناو ڕۆشنبیرەکاندا باوە). بۆیە زۆربەی کچە گەنجەکانی ئێمە بەداوی پیاوی بەئەزموون و خاوەن ژنەوە دەبن، نەك کوڕانی گەنج و ڕەبەن. حەق نیە دایکان و باوکان لەوە بترسن منداڵەکانیان تێکەڵ بەهاوتەمەنەکانیان بن، وەلێ تێکەڵبوونیان بەخاوەن ئەزموونەکان بۆی هەیە کارەساتی بەدواوە بێت. ئەمەش پێماندەڵێت کە خۆشەویستی و ئیرۆتیکا لەبەرامبەر بەسێکسیبوونی کۆمەڵگادا لەمەترسیدان. من گومانم هەیە لەوەی خۆشەویستی بە شێوە باوەکەی لەکۆمەڵگای ئێمەدا وەك



پەیوەندییەك مانایەکی مابێ، هەربۆیەشە دروستبوونی پەیوەندیی وەك پانتاییەك بۆ خۆدروستکردن و ئەویترناسین هێندە دەگمەن بووە و بێ متمانەیی ئەوەندە پەرەی سەندووە و تادێت نێر و مێ پێشئەوەی یەکتر لە سەرجەمییەتی خۆیاندا ببینن، تەماشای ئەندامە سێکسی و حەز بزوێنەکانی یەکتر دەکەن..

**** باشە دەبێت هۆکاری لاوازبوونی خۆشەویستی، یان وەك تۆ دەڵێی: پەیوەندیی ئیرۆتیکی و بەهێزبوونی سێکسیزم، جگە لە باڵادەستی ئایدیۆلۆژیای نێرسالاری، لەکوێی تردا بدۆزینەوە؟***

ـ بەڕاستی لەو باوەڕەدام باشترین دەستپێکردنی مرۆڤ بۆ قسەکردن لەبارەی خۆشەویستییەوە، ئاخاوتن بێت لەسەر ئەزموونی ئەڤیندارانەی خۆی، کە لێرەدا شوێنی نیە و ڕەنگە پێمخۆشبێت ئەوە لە کاتێکی دیدا باس بکەم.. هێندە هەیە ئەمڕۆ ئێمە خۆمان لەبەردەم ئاوابوونی خۆشەویستیدا دەبینینەوە و ئەمەش ناچارمان دەکات بپرسین: بۆ خۆشەویستی و ئیرۆتیکا لە کۆمەڵگای ئێمەدا شکستیان هێناوە و سێکسگەرایی و ڕوانینی پۆرنۆگرافیانە پەرەیان سەندووە؟ من لەکاتی لێکۆڵینەوەم لەسەر قەسیدەکانی نالی، بەتایبەتیش لە کاتی خوێندنەوەی قەسیدەی (مەستوورە)دا، ساڵی 1992، ئەم پرسیارەم بە خەیاڵدا هات و لەوە تێگەیشتم، خۆشەویستی ئەوکاتە لەلای نێر و مێ دروستدەبێت کە لایەنی مێیینەیی بەسەر لایەنی نێرینەییدا باڵادەست بێت. ئێمە لە هەندێ تیۆرییەوە فێربووین کە کەسایەتی مرۆڤ لە هەردوو ڕەگەزی نێرینەیی و مێینەیی پێکهاتووە و بەو مانایەی (کارڵ گۆستاف یۆنگ) تێیدەگات و لەئەنجامی خوێندنەوەیەوە بۆ ڕەمزە ئایینیەکانی چین، هەموومان خاوەنی (یانگ) و (ین)ی خۆمانین. خۆشەویستی ساتەوەختێکە تیایدا چ لەلای نێر و چ مێ، ڕەگەزی مێینەیی زاڵ دەبێت

بەسەر کەسایەتیاندا و بێگومان ئەمەش دابڕاو نیە لەو زەمینە کولتووری و مێژووییەی مرۆڤی تیادا دەژی. واتە هەلومەرجە کولتووری و مێژوییەکان ڕۆڵیان هەیە لە بەرجەستەکردنی لایەنی مێیینەیی و نێرینەیی کەسێتی مرۆڤدا. ئەگەر ئەو هەلومەرجانە ستاییشی کولتوورێکی نێرانەیانکرد، ئەوە نێرێتی ئەندامانی کۆمەڵگا لەلای هەردوو ڕەگەز پەرەدەستێنێ و پێچەوانەکەیشی هەر ڕاستە.

لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین بەرەو پەرسڤدانەوەی پرسیارەکەت هەنگاو بنێین: لە مێژووی ساڵانی ڕابردووی ئێمەدا دوو وەرچەرخانی گەورە ڕوویانداوە، کە بێکاریگەر نەبوون لەسەر بارودۆخی خۆشەویستی و پەیوەندیە هەستەوەرییەکانی مرۆڤی کورد. یەکەمیان ئەوەیە لەو مێژووەدا، واتە لە بەعسیەکانەوە بۆ ساڵانی خۆبەڕێوەبردنی ئیدارەی کوردی، بەجۆرەها شێواز ستایشی نێرێتی کراوە. چ بەعسییەکان و چ پارتی و یەکێتی و ئیسلامییەکانیش لە ستاییشکردن و زیندووکردنەوە و بەرز ڕاگرتنی ڕەمزەکانی نێرینەییدا، دەستەوەستان نەبوون. ئەو توندڕەوییەی بەعسییەکان لەسەر بنەمای بەدووژمنکردنی کوردەوە ئیشیان بۆ دەکرد و بەرهەمیان دەهێنا، دواجار لەسەر دەستی لایەنە کوردییەکان و لە میانەی شەڕەکانی ناوخۆ و شەڕە میدیاکانەوە پتر بەرجەستە بوو. واتە کورد خۆیشی بەهەمان میکانیزم یەکتریان بەدووژمن دەکرد و بەمجۆرەش ئێمە بووینە بێگانەی یەکتر. بۆیە توندڕەوی و نالێبووردەیی بەرامبەر بە ئینسانی کورد، هەرتەنیا شتێ نیە لەدەرەوە و لەلایەن خەڵکانێکی بیانییەوە فەرز کرابێ، بەڵکو بەشێکی دانەبڕاویشە لە مێژووی نوێی ئێمە، کە کوردەکان خۆیان بەسەر ئەم کۆمەڵگایەدا سەپاندیان. ستایشکردنی توندڕەوی و نالێبووردەیی بەبێ ستایشکردنی ڕەمزەکانی نێرینەیی و زیندووکردنەوەی ئایدیۆلۆژیای نێرسالاری، کە ئاڵاکەی دەستی (زەکەر)ە وەك پیرۆزترین ڕەمزی خۆی،



ئیمکانی نیە. ئەوە لەودیو ستایشکردنی نێرسالارییەوەیە کە دیاردەی تۆڵەکردنەوە و تێزابڕێژی و ئافرەتکوشتن، دەبنە شتی زۆر ئاسایی. بەم پێیەش بواری ژیانێکی ئەڤیندارانە و پەیوەندی ئێرۆتیکیانە تەسك دەبێتەوە و نێرایەتی هەموو کەلێن و قوژبنەکانی ژیانی مرۆڤی ئەم دەڤەرە داگیر دەکات و هەموو شتێ سێکساوی دەکرێت، هەموو شتێ بە پێوەرەکانی نێرسالاری ناودەنرێت. تەنانەت جۆری سەیارەکانیش سێکسیزە دەکرێن و ناوگەلی وەك: لەیلاعەلوی و شلەخەجێ و نازانم چییان بەسەردا دەبڕدرێتەوە.

دووەمین گۆڕان کە لەکۆمەڵگای ئێمەدا ڕوویداوە و بەبڕوای من پەیوەندیی هەیە بە لاوازبوون ئاوابوونی پەیوەندیی خۆشەویستییەوە، گواستنەوەی زۆرەملەی گوندەکان و پاشان لەدوای ڕاپەڕینیشەوە، بەشاریبوونی گوندەکان بووە...

**** زۆرباش ئەمەم لەلا ڕوون نیە، مەبەستت ئەوەیە خۆشەویستی لەشاردا دەمرێ..؟***

- مەبەستم ئەوەیە بەلای منەوە خۆشەویستی دیاردەیەکی گوندیانەیە زیاتر لەوەی شاریانە بێت. بۆئەوەی ئەڤیندار بین پێویستە ڕۆحێکی گوندیانەمان تێدا بێت، یان هەڵگری کولتوورێکی گوندیانە بین، ئەمەش بەمانای ڕەتکردنەوەی شار و ئایدیالیزەکردنی گوند نیە، بەڵکو تەنیا دەمەوێت لەسەر مەسەلەیەکی هەستیارانە بە شەففافترین شێوە خۆمت بۆ ڕوون بکەمەوە. من لەو بڕوایەدام، چاوەڕوانی و سەبرکردن و وێڵبوون و گێنگڵدان و شەرم، بەشێکن لەپێویستیەکانی ئەڤینداری، لەکاتێکدا ئەوەی لە شاردا ڕوودەدات، بەلای منەوە زیاتر لەوەی خۆشەویستی بێت، حەزلێکردنە، سێکساندن و بە پۆرنۆگرافیکردنە. شار فەزایەکی کراوەیە بۆ یەکتر بینین و ئاشکرایی و شەففافیەت. لەشاردا ڕووتیی

مرۆڤەکان وادەکات لەئاستی دیداریدا بۆیەکتر ئاوەلا بن و زوو یەکتری شوناس بکەن. شەرم، چاوەڕوانی، سەبرکردن و گێنگڵدان بۆ دیداری یار، کەمدەبنەوە. شار چاوی ئێمە لە ئاست جەستەدا بەتەماعتر و نەوسنتر دەکات. شێوەی جل و بەرگ، خۆ ڕازاندنەوە، ئەو پێگە و سەیارە و مڵك و ماڵەی هەمانە و هتد.. برەو بە سەرنجڕاکێشانی جەستەیی لەشاردا دەدەن و لە هەڵسەنگاندنی نێرینە و مێینەدا بۆ یەکتر ڕۆڵیان هەیە. شار فێرماندەکات تەماشای ڕواڵەتی یەکتر بکەین و تێڕوانینمان لە ئاست و سنووری پێستەوە زیاتر تێپەڕ نەکات و نەبێتە تێڕوانینمان بۆ ماهیەت و ناسنامەی کەسایەتی یەکتر. ئەمڕۆ خێزانی کورد، کچەکەیان دەدەنە هەرکەسێ، کە خاوەنی ئەمجۆرە ئیمتیازانە بێت و پرسینەوە لە کەسایەتیی و خودێتی ئەو کەسە تادێت کەم بایەختر دەبێت. بەکورتی من بڕوام وایە ئێمە لەشاردا (حەز) لەیەکتر دەکەین و ئەمەش پرۆسەیەکی بەردەوامە. واتە لە ڕۆژێکەوە بۆ ڕۆژێکی تر و لە کەسێکەوە بۆ کەسانی تر حەزەکەمان دەگۆڕێت و مەرجیش نیە لەسەر هەمان حەز بەردەوامبین, بەتایبەتی وەك پێشتر گوتم، ئێمە لە لە کۆمەڵگایەکی پیاوسالاریدا دەژین و ئەمجۆرە کۆمەڵگایانەش ستاییشی ئەو پیاوە دەکەن کە لەیەك کاتدا زیاد لە پەیوەندییەکی هەبێت و ئەمەش خێرایی دەدات بە پرۆسەی بەکالابوونی ئافرەت لەم کۆمەڵگایەدا. بەتایبەتی دوای هاتنی ئەنتەرنێت و بڵاوبوونەوەی کولتوورێکی سێکسی و پۆرنۆگرافیانە. بەپێچەوانەی ئەمەوە، خۆشەویستی بە مانا ڕەمزییەکەی پەیوەندییەکی گوندیانەیە و پەیوەندیی ئەڤیندارانە پەیوەندییەکی ڕۆحیانەیە نەك جەستەییانە. لەبەرامبەر ڕووتیی شاردا، داپۆشراوەیی گوند هەیە و ئەمەش وادەکات پرۆسەی حەزلێکردن هەنگاوی یەکەم بێت بۆ خۆشەویستی و ئەمەشیان پەیوەست بێت بە کەسایەتی و ماهییەتی



مرۆڤەوە، بە ئیمان و خۆ دروستکردنەوە، نەك ئەو ئیمتیازە مادیی و ڕەمزیانەی کەسەکان هەیانە.

بەڵام لەدوای ڕاگواستنی گوندەکان و دواجار ئاوەدانبوونەوەیان، دەبینین کولتوورێکی شاریانە چۆتە گوندەکانەوە و ئەمەش وایکردووە پێوەرەکانی شار بۆ حەزلێکردن ببنە هەڕەشەیەکیش بەسەر خۆشەویستییەوە. وایکردووە چاوەڕوانی و گێنگڵدان و فەنتازیای ئەڤینداران لاواز بن و ئەو چاوەڕوانی و سەبرگرتن و شەرمەی خۆشەویستی دەیسەپێنێ، شوێنی خۆی بۆ دیتن و خۆتێهەڵسوونی بەردەوام و نزیکبوونەوەی ڕۆژانە چۆڵبکات. ئەمڕۆ و دیارە لەپاشەڕۆژیشدا زیاتر، گەنجەکان بەرلەوەی بچنە ناو ژیانێکی پێکەوەیی و هاوسەرداریەوە، دەبنە خاوەنی ئەزموونێکی سێکسیانەی جەستەیی کامڵ و هیچ نهێنی و شتێکی شاراوە نامێنێ لە ڕەگەزی بەرامبەردا ئاشکرایان نەکردبێ.

**** دەتەوێ بڵێی: ئەو گۆڕانکاریانەی ئاماژەت پێدان، بوونەتە هۆکاری کوشتنی پەیوەندیی ئەڤیندارانە بەهۆی باڵادەستیی ئەو کولتوورە شارییەی باستکرد و لە سێکسیزمدا خۆی دەبینێتەوە؟***

- دەمەوێت بڵێم: شاڵاوی سێکسیزم کە پەیوەندیی بە گەورەبوونی شارەکان و کولتووری مەسرەفگەرای شارەوە هەیە، لە کۆمەڵگای ئێمەدا بۆتە هەڕەشەیەك بەسەر پەیوەندییە ئیرۆتیکیەکانەوە، ئەمەش بۆتە هۆی لاوازبوون و ئاوابوونی خۆشەویستی بەو مانایەی کە لە شیعر و داستان و بەیتە کوردییەکاندا دەیبینین. ئەمڕۆ چیدی کەسمان بەهەمان مانای ئیرۆتیکیانەی (خەج و سیامەند، لاس و خەزاڵ، مەم و زین، جەزیری و سەلما، نالی و حەبیبە و وەلی دێوانە و شەم)ـە وە ناڕوانینە خۆشەویستی و ئەڤینیش ناکەین. خۆشەویستی لە کۆمەڵگای ئێمەدا

وەك دەركەوتەیەكی ڕۆحی و مەعنەوی و پاشان وەك ئاستێك لە پەیوەندیی ئینسانیانە، خەریكە شوێنی خۆی چۆڵدەكات بۆ شتێكی دیكە، كە دەشێت تەماعە جەستەییەكان بێت. فەنتازیای عاشقانە، واتە بینینی باتنی و ناخگەرا بۆ مرۆڤ، مەرگی خۆی لەبەردەم شاشەكانی ئەنتەرنێت، فیلمی ڕووت و سەتەلایتدا دەبینێ و سێكسیوالیزەبوون قەدەری ئەو دەستنیشان دەكات. زۆر فاكتەر هەن لە كوشتنی خۆشەویستیدا كاریگەرن، بەڵام وا پێدەچێت ئەو فاكتەرەی بەگشتی لەمەدا دەستنیشانكەر بێت، بریتی بێ لە شەپۆلێك كە بەرەو ئازادیی سێكسی دەمانبات. چونكە ئازادی سێكسی بۆی هەیە هەندێ حەزی بایۆلۆژی و خواستی جەستەیی ڕووت لەلای مرۆڤ بخاتە كار و بیانجولێنێ، كە بەمانای ئەوە دەكەونەوە مەرج نیە مرۆڤ تا دەمرێ لەگەڵ هەمان كەسدا ئەڤیندارانە بمێنێتەوە. ئەمەش بەمانای ئەوە نییە كە چیدی ئێمە ناتوانین پەیوەندیی دووروودرێژمان لەگەڵ یەكتردا هەبێت، بەڵكو بەو مانایەیە كە سەردەمەكە ناچارمان دەكات، یان بەرەو ئەوە دەچێت ناچارمان بكات پەیوەندی كورتخایەن هەڵبژێرین. ئەمەش پەیوەندی هەیە بەوەی كە چیدی دەستخۆشانە و هاندانێكی كۆمەڵایەتیانە نییە بۆ پەیوەندی درێژخایەن و چیدی كۆمەڵگا پاداشتی كۆمەڵایەتیانە و پاداشتی ئیرۆتیكیانە پێكەوە گرینادات. ئەوەی ئەمڕۆ بایەخدارە سێكسوالیزەكردنی پەیوەندییەكانە و ئەمەش جگە لە پتەوكردنی ڕوانگەی پۆرنۆگرافیانە(خیلاعیەت) هیچیتر نادات بەدەستەوە. كۆمەڵگای ئێمە تا دێت خۆی پتر و پتر ڕووتدەكاتەوە و مرۆڤەكان بەرەو ئەوە هاندەدرێن خۆیان وەك *بابەتێكی* سێكسی تەماشا بكەن. من ئەم گۆڕانە وەك گۆڕانێك دەبینم: لە خۆشەویستییەوە بۆ حەزلێكردن، لە ئیرۆتیكاوە بۆ سێكسگەرایی و لە خۆ دروستكردنەوە بۆ مەسرەفكردن و لە ئیمانەوە بۆ سەرگەردانی.



**** ئەی لەو بڕوایەدایت خۆشەویستی بەتەواوی و بۆ هەمیشە لەناو بچێت؟***

– یەكێك لە كاراكتەرەكانی خۆشەویستی ئەوەیە لەسەر بنەمای ناسینی مرۆڤەكەی بەرامبەرەوە، بەبێ هیچ مەرجێك خۆمان تەسلیم دەكەین. خۆمان تەسلیم بەو كەسە دەكەین كە وەك ئێمە مرۆڤە و لەناو مێژوویەكدا دەژی، نە كەسێكی ئەفسانەییە و نە بوونەوەرێكی فریشتەئاسا. ئۆكتاڤیۆپاز لە شوێنێكدا نووسیویەتی: «خۆشەویستی ڕاستەقینە، پێكەوەبوونێكی چارەنووس سازە، تیایدا بوونەوەرێكمان خۆشدەوێ كە قابیلی مردنە، وەلێ بەجۆرێ خۆشمان دەوێ وەك ئەوەی هەرگیز نامرێ!». لە خۆشەویستیدا گرنگ ئەوە نیە خۆشیان بوێی بەڵكو ئەوەیە خۆشەویستی ببەخشی و خۆت دەستپێشخەر بیت لە بەخشیندا. دیارە تا دێت ئەم تێگەیشتنە لە خۆشەویستی لە ناو كۆمەڵگای ئێمەدا بەسەر دەچێت، هەر لەبەر ئەوەیشە كە خۆكردنەوە و پەنابردن بۆ ئەویتر پرۆسەیەكی ئازاردەر و بە ئێشە و زۆربەی كات دەستمان بەئاگرەكەدا دەچزێ، پەشیمان دەبینەوە لەوەی كە دڵی خۆمان بۆ یەكێكیتر ئاوەڵا كردووە.. بەڵام ئەوە سرووشتی خۆشەویستیە كە بەو جۆرە بێدەسەڵاتانەیە بمانخاتە بەردەم ئەویتر. لەبەردەم ئەویتردا هەست بە لاوازی بكەین و بەهەموو مەرجەكانی ڕازیی بین و ژەهری ئەو بە قەند و نەبات وەربگرین. ئەمەیە ئەو شتەی لە كاتی خۆشەویستیدا وامان لێدەكات خودی خۆمان بین و پەیڕەوی لە هیچ نۆرم و ئەخلاقێكی كۆمەڵایەتی نەكەین، بەڵكو خودی خۆمان بین بەبێ هیچ ماسك و ڕووپۆش و خۆشاردنەوەیەك. پێكەنین و گریان، قووڕپێوان و قوربانی و شەوبێداری و برسێتی چەشتن، ببنە بەشێ لە ژیانی ئاسایی، تەنیا لە پێناوی ئەویتردا. ئەویتریش ئازادە لەوەی قەبووڵمان بكات یان نە.. وای

ئەگەر دەست بنرێ بە ڕوومانەوە، وای لەو دارمانە جەستەیی و مەعنەوی و عەقڵیی و هەستیاریەی دووچاری دەبین و کەس بە فریامان ناگات.. ئەگەر خۆشەویستی ئاوامان لێبکات و ئەو وزەیە بێت کە لە خودی خۆمانەوە سەرچاوەی گرتووە بەرەو ئەویتر، ئەوە بەم مانایە لەو بڕوایەدا نیم خۆشەویستی وەك ووزەیەك بۆ هەمیشە لەناو بچێت. چونکە مرۆڤ هەمیشە پێویستی بە مرۆڤی تر هەیە و ئامادەیی مرۆڤەکان پێکەوە و لە حزووری یەکتردا، مەرجە بۆ وەدیهاتنی ژیانێکی ئینسانیانە. ڕەنگە بەهۆی مادەی کیمیاویەوە ئیمکانی هەبێت خۆشەویستی لەناو ببرێت، وەلێ نەك لە میانەی پرۆسە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتی‌یەکاندا. خۆشەویستی هێز و ووزەیەکی بەجووڵەخەرە کە لە قووڵاییەکانی بوونی ئینسانیانەی ئێمەوە سەرچاوەی بەستووە. ئێمە وەك مرۆڤ مەحکومین بەوەی ئەم وزەیە بەگەڕمان بخات، چونکە بەشێکی زۆر لە خۆدروستکردنمان پەیوەندی بە مەسرەفبوونی ئەم ووزەیەوە هەیە. بۆیە ناکرێت لەناو ببرێت یان بسڕدرێتەوە، بەڵام بۆی هەیە سەرکوت بکرێ و لە شێواز و فۆڕمی جیاوازدا بەدیار بکەوێت. بۆی هەیە لە ئاسۆی ژیانی نەوەیەکدا، یان قۆناخێکی مێژووییدا ئاوا ببێت و لە سپیدەی ژیانی نەوەیەکی تر و قۆناخێکی دیکەدا هەڵبێتەوە. وەلێ لەناوچوونی هەمیشەیی خۆشەویستی، شتێکە بۆ من مانای نیە.

### *بەڵام تۆ باسی ئاوابوونی خۆشەویستی دەکەیت..؟*

– من باسی ئاوابوونی پەیوەندیی خۆشەویستی دەکەم وەکئەوەی لە کۆمەڵگادا بەدیار دەکەوێت، نەك مەحووبوونەوەی وزەی ژیاندۆستی و خۆشەویستی وەك وزەیەکی هەمیشەیی لە بوونی مرۆڤەکاندا. مرۆڤ لەهەر کات و شوێنێ بێت وزەی سۆزگەرایی و ئیرۆسیانە بەشێکە لە شوناس و بەرجەستەکەری مرۆڤبوونەکەی، بەڵام مەرج نییە ئەم وزەیە لە هەموو



سەردەمێکدا بواری بەرجەستەبوونی بۆ بڕەخسێ، یان تەندروستانە گوزارە لەخۆی بکات و ببێتە بەڵگەیەك لەسەر کامڵبوونی مرۆڤ. ڕاست دەکەیت، من باسی (ئاوابوون)ی خۆشەویستی دەکەم نەك نەمانی خۆشەویستی. ئەمەش بەمانای ئەوەیە ئەم ڕۆژگارەی ئێمەی تێدا دەژین و ئەو مێژووەی لەپشت سەرمانەوە جێمانهێشتووە، لە خزمەتی بەرجەستەبوونی پەیوەندییە ئیرۆسییەکاندا نەبووە و خۆشەویستی لە هەلومەرجێکی ئاوادا غەیبەت دەکا و ئاوا دەبێ. وەلێ مادام وزەی خۆشەویستی و خۆشەویستی لە قووڵاییەکانی بوونی مرۆڤانەی ئێمەوە سەرچاوە دەگرێت و مادام لەهەموو سەردەم و بارودۆخەکاندا کەسانێك هەن لەهەوڵی ڕەخساندنی ئەو هەلومەرجانەدان کە بۆ خۆشەویستی پێویستن، ئەوە ئاوابوونی خۆشەویستیش نابێتە شتێکی هەمیشەیی. خۆشەویستی بۆ جوگرافیایەکی دوور و نادیار ئاوا نەبووە، بەڵکو لە ڕۆح و ویژدانی خۆماندا وەك تاکەکەس ئاوا بووە و هەر کات ڕۆح و ویژدانی تاکەکەسەکانیش بێدار بۆوە، خۆشەویستی دووبارە هەڵدێتەوە.

## پاشكۆی دووەم:

# دەستبۆبردن، نقورچبازی، پەلاماردان و لێبادان

(گفتوگۆی: شەهلا مەحموود)

***هەندێك كات لەقەرەباڵغی، یان لەچۆڵەوانیدا، دەبینین كوڕێك (پیاوێك) هەلێك دەدۆزێتەوە و پەلاماری كچێك (ژنێك) دەدات.. تۆ لە ڕوانگەی كۆمەڵناسییەوە چۆن ئەم دیاردەیە لێكدەدەیتەوە؟ بەڕای ئێوە هۆكارەكانی چین؟***

ـ سەرەتا پێویستە ئەوە بگوترێ كە قسەكردن لەسەر بابەتگەلی ئاوا هەر تەنیا بابەتێ نیە بۆ زانستی كۆمەڵناسی و دەكرێ لە ڕوانگەی جیاوازی زانستەكانەوە قسەی لێبكرێ، بەتایبەتی لە ڕووی مێژوویی و دەروونناسیشەوە. بەڵكو پێویستە هاوكات لە ڕوانگەی هەریەكێ لەو بوارانەوە تەماشای بكرێت.. لەو بڕوایەدام ئەم دیاردەیە دیاردەیەكی بنەمایی نییە و پەیوەندیی نییە بە جەوهەری پێكهاتەی دەروونیی و جەستەیی مرۆڤەوە. ئێمە هیچمان بەو جۆرە لە دایك نابین و دەستمان لە پێكهاتەی خۆیدا بەو جۆرە دروست نەبووە كە بە شێوەیەكی خۆبەخۆ ببێتە ئامرازێكی پەلاماردەر. دەست لە جەوهەردا ئەندامێكی جەستەیە بۆ وەرگرتن و بەخشین و بەرگریكردن و دروستكردنی پەیوەندی و جەمسەر پێكەوەبەستن، نەك ئامرازێك بێت بۆ پەلاماردان و نقوورچگرتن و لێبادان و داپچڕین و ڕنینەوە. بەبڕوای من ئەم دیاردەیە زیاتر لەوەی پەیوەندیی بە پێكهاتەی جەستەی مرۆڤەوە هەبێت، پەیوەندی هەیە بە

جەستەی نەخۆشی کۆمەڵگاوە کە وەك خوویێك فێری تاکەکەسەکانی دەکات و دواجار وەك دیاردەیەك، بۆ ماوەیەك بەردەوامی وەردەگرێ و بۆی هەیە لە قۆناغێکیشدا کەم ببێتەوە، یان شوێنی ڕوودانەکەی بگۆڕێت یاخود هەر نەمێنێت.
لێرەوە گەرەکمە بڵێم: هەم کات و شوێن و هەم ئەو ژینگە کۆمەڵایەتییەی تیایدا دەژین، ڕۆڵی خۆی هەیە لەوەدا کە چەندە زوو ئەم خووە دەست پێبکەین و چەندەش خێرا خۆمانی لێ ڕزگار بکەین. کەواتە بەبڕوای من هەڵەیەکی گەورەیە گەر بڵێین: ئەمە تەنیا پەیوەندی بەبونیادی دەروونیی تاکە کەسەکانەوە هەیە. دەبێت ئێمە بگەڕێینەوە بۆ ئەو یەکە کۆمەڵایەتییەی کە تاك تیایدا لە دایك دەبێت و پەروەردە دەکرێت بۆ ژیانێکی کۆمەڵایەتیانە، کە ئەویش یەکەی خێزانە. تەنانەت ئەگەر ئەم دیاردەیە وەك بارودۆخێکی بەدەروونیبووش لێکبدەینەوە، ئەوە پێویستە بزانین ئەو دامەزراوەیەی هەڵدەستێ بە دەروونیکردنی ئەم خووە، بریتیە لە خێزان و ئەو شێوازە پەروەردەییەی لە خێزانی کوردیدا باوە.

### *** ئایا دەتوانیت ئەمە بە نمونەیەك ڕوونتر بکەیتەوە؟***

- بەڵێ، با نموونەیەکت بۆ باس بکەم: ئەگەر کەسێك لە منداڵیدا لەتەمەنی (6–1)ساڵی و تا زیاتریش لەماڵەوە، لەلایەن دایك و باوك و (خوشك و برا) گەورەکان، بەشێوەیەکی سرووشتیو سۆزەوە دەستی بەسەرا نەهێنرابێت، لەباوەش نەکرابێت، بێبەش بووبێت لە سۆز و ناوبەناویش چەپۆکیان بۆ داهێنابێتەوە و سنگیان لێکوتابێ و پەنجەی هەڕەشەیان لێبەرزکردبێتەوە و زللەیان لێدابێت، ئەوە ئەم منداڵە وەزیفە سرووشتیەکانی دەست فێر نابێت. چونکە هەموو ئەو جۆرە



بەکارهێنانانەی دەست کە لە خێزانی کوردیدا باون، دەستێکی پەلاماردەر و شاڵاوهێنەر بە منداڵ دەناسێنن و دەیخەنە سەر ئەو بڕوایەی کە ئەویش بەو جۆرە دەستی خۆی بەکار بهێنێت. بێبەش بێت لە بەکارهێنانی ئەو ئەندامە گرنگەی لەش بۆ پەیوەندیگرتن و بەخشین و لێوەرگرتن. منداڵی کورد بەرلەوەی فێری دەستکردنە ملی هاوڕێکانی ببێت، فێری ڕنینەوەی قژیان دەبێت و بەرلەوەی فێری لێکردنەوەی گوڵ ببێت، فێری بەردهاویشتن دەبێت!

کەواتە ئەو منداڵانەی کەدەستی گەورەکانیان تەنیا بەو جۆرە نەناسی بێت کە دەستە بۆ (زللەو نقورچ و بەردهاوێژتن و قژ ڕنینەوە) بەڵکو واشیان ناسیبێت، کەدەست پڕە لەمیهرەبانی و دەتوانێت خۆشەویستی ببەخشێت، دەتوانێت ئاراممان بکاتەوە بەوەی کە دەست بەسەرماندا بهێنرێت، بەهێمنی لە حەمامدا بمانشوات و بەهێواشی شانە بهێنێت بە قژماندا و هتد.. ئەگەر منداڵ دەستی بەمجۆرە ناسیبێت، بە بڕوای من ئەو بێ بەشیی و مەحرومیەتەی تێدا دروست نابێت کە دواجار دەستی خۆی بەشێوازێکی نامیهرەبانانە بەکاربهێنێت. بەمانایەکی تر: ئەگەر خێزان و شێوازی پەروەردەکردنەکەی وا مامەڵەی لەگەڵ منداڵدا کردبێت، کە ئەو «قوربانی»یەکە و لەهەر ساتێکدا بۆی هەیە بکەوێتە بەر شاڵاوەکانی دەست، ئەوا ئەم منداڵەش لەتەمەنی دواتری خۆیدا کاتێك جەستەی پێدەگات و ئەویش هەست بەتوانا و دەسەڵاتی خۆی دەکات، ئەوانی تر دەکات بەقوربانی. لەوانەیە یەکەمین قوربانیەکانی ژێر دەستی ئەم کەسانەش خێزانەکان و کەسانی نزیکی خۆیان بن.

لەلایەکی ترەوە، لەکۆمەڵگای ئێمەدا تاکە کەس تا تەمەنێکی زۆر شتێکی نییە لەڕێیەوە خۆی بسەلمێنێت، بۆیە لە قۆناغێکدا ئەم دەست

بۆ بردن و نقوڕچگرتنه وەك جۆرێ لەخۆسەلماندن و خۆسەپاندن دەردەکەوێت و بکەرەکانی دەیانەوێت بیسەلمێنن کە ئەوانیش *مەن*. لە هەموو حاڵەتێکدا کەدوو مرۆڤ دەست لەیەك دەدەن، یان دەست بۆ یەکتر درێژ دەکە، جۆرێك لەپەیوەندی دروست دەبێت، بەڵام جیاوازیی هەیە لەنێوان ئەوەی کە ئێمە دەست درێژ بکەین بۆ ئەوەی تەوقە لەگەڵ یەکێکدا بکەین، یان باوەش بەیەکێکدا بکەین، لەگەڵ ئەوەی نقورچ لەیەکێك بگرین. وەلێ لە هەردوو باردا جۆرێ لە خۆ سەلماندن و تەئکیدکردنەوە سەر خۆ، هەیە. لە کۆمەڵگایەکدا کە مۆڵەتی نەداوە تاکەکەسەکانی بەپێی قۆناغەکانی تەمەن خۆیان بسەلمێنن، ئەوە ئەو تاکانە بەدوای خۆ سەلماندنی *لادەرانە*دا دەگەڕێن و هەرکات چاودێری کۆمەڵایەتییان لەسەر نەما، دەیانەوێت هەلێك بقۆزنەوە و چەپێنراوەکانیان بەتاڵ بکەنەوە و بەرامبەرەکەیان بکەن بە قوربانیەك. بێگومان ئەم دیاردەی دەست بۆ بردنو نقورچ گرتنە، تەنها تایبەت نییە بەکۆمەڵگەی کوردی، بەڵکو هەموو ئەو کۆمەڵگەیانەش کە وەکو کۆمەڵگای ئێمە دروستبوون و دەسەڵاتی خێزانو چاودێرێکردنی کۆمەڵایەتی ئەوەندە تیایاندا بەهێزە، ئەم جۆرە کەسایەتیانە بەرهەم دەهێنێت. بەڵام ئەگەر ئێمە کۆمەڵگای خۆمان وەربگرین و وردتر قسانی لەسەر بکەین، ئەوە من پێموایە دیاردەی دەستبۆبردن و خۆلێخشاندن و نقوڕچبازی لە هەشتاکانەوە بۆ نەوەدەکانو دواجار بۆ ساڵانی دوو هەزار، گۆڕانی زۆری بەسەردا هاتووە.

لەهەشتاکاندا ئەوانەی کە دەستیان بۆ کچەکان دەبرد و نقورچیان لێدەگرتن زیاتر لەشوێنە پڕ جەماوەرییەکان (قەرەباڵغ) ئەم کارەیان دەکرد، لەو شوێنانەی کە بواری خۆ ونکردن زیاترە. ئەم کەسانە دواجار کاراکتەرێکی *نەعامە* ئاسایان هەیە و دوای ئەنجامدانی کارەکەیان



سەریان دەکەن بەناو ئاپۆرەی خەڵکدا. دەتوانم بڵێم لە هەشتاکاندا هەمیشە ئەو کەسانە لەشوێنێکی وا دەگەڕان، کەبتوانن بەزووترین کات ئەو کارە ئەنجام بدەنو دواجار خۆیان لەناو ئاپۆڕەی جەماوەردا ونبکەن، بۆچی؟ لەبەر ئەوەی چاودێریی کۆمەڵایەتی و سزاکان لەهەشتاکاندا لە کۆمەڵگای ئێمەدا زۆر زیاتر بوو بە بەراورد لەگەڵ ئێستادا. بەڵام لەنەوەدەکانەوە تائێستا، هەست دەکەم ئەم دیاردەیە چیدی دیاردەیەك نییە، تەنیا لەشوێنی قەرەباڵغ و لەناو ئاپۆڕەی جەماوەردا رووبدات، گەرچی لەوێش روودەدات، بەڵام لەشوێنی چۆڵتریش روو دەدات، ئەمەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی و سزاکان لاواز بوون. لەهەشتاکاندا ئەم دیاردەیە بەزۆری دیاردەی ناو بازاڕەکان، پاساژەکان و ڕیزی نان و نەوت وەرگرتن و تەنانەت مەسیرەکان و حاڵەتەکانی قلێشانەوە بوو کە لەشوێنی فراواندا ئەنجامدەدران. بەڵام لە نەوەدەکاندا بکەرانی ئەم دیاردەیە بۆ شوێنی بەرتەسکتر دەگەڕێن و دیاردەکە دێتە ناو دائیرەکان و ناو پاس و تەکسی و شوێنە بەرتەسکەکانەوە و لە ساڵانی سەرەتای دوو هەزاریشدا بکەرانی ئەم دیاردەیە دەچنە ناو ڕیزی چڕی یاریگاکانەوە، وەکئەوەی لە هەولێر و سلێمانی و لەکاتی کۆنسێرتەکانی «زەکەریا»ی گۆرانیبێژدا بینیمان. ئەمەش ئەوە ئاشکرا دەکات کە لە دوای ڕاپەڕینەوە میدیاکان و لە ئێستاشدا ئەنتەرنێت، لە ئاستی دیداریدا شەپۆلێکی ڕەهابوونی سێکسیان خستەگەڕ بەبێ ئەوەی کۆمەڵگا لە ئاستی عەمەلیدا ئاسانکاری بکات بۆ ڕاییکردنی ئارەزووی ئەندامەکانی، ئەمە جگە لەوەی بەبەراورد لەگەڵ هەشتاکاندا سزای کۆمەڵایەتیانەی ئەم دیاردەیە کەمتر بۆتەوە.

**** ئەی هەستناکەیت پەیوەندیشی هەبێت بەو جیاوازییەی لە تەماشاکردنی کۆمەڵگادا هەیە بۆ جەستەی نێر و مێ؟***

- بێگومان، خاڵێکی تر بۆ بەردەوامیی ئەم دیاردەیە ئەوەیە کە تۆ باستکرد. ئێمە لەکۆمەڵگایەکدا دەژین کە هەر زوو جەستەی کچان لە کوڕەکان یاساغ دەکرێت و ئایین دەکەوێتە حەرامکردن و بە پیس لە قەڵەمدانی چونکە سەرچاوەی گوناهە، کۆمەڵگا بەوشێوەیە سەیری دەکات کە ئەمە «حەرەمێکی کۆمەڵایەتیە» و خاوەندارێکی هەیە و تۆ بۆت نییە لێی نزیك ببیتەوە. ئەمە جگە لەوەی کە لە سیستەمی پەروەردەیی ئێمەدا و لە دەرسی زیندەوەرزانیدا، کاتێك دەگەینە وانەی پێکهاتەکانی لەشی مرۆڤ، تەنیا کۆئەندامی لەشی نێر دەخوێندرێت و هی مێ ناخوێندرێت! کەواتە سیستەمی پەروەردەش یارمەتیدەر و تەواوکەری هەمان بۆ چوونی سادە و سەر پێیانەی کۆمەڵگایە کەجەستە شتێکە نابێت ئێمە پرسیاری لێ بکەین. کاتێك مرۆڤ نەتوانێت بەشێوازێکی سروشتی ئەو لەشەی کەئارەزووی دەکا، ئاشکرای بکات، رقی لێی دەبێتەوە و دێت ئازاری بەرامبەرەکەی دەدات، چونکە ئەو تا بەرامبەر وەك قەدەخەکراوێك ببینێت هەمیشە ئازاری پێ دەچێژێتو ئەشزانێت، کە لەڕێگەی ترەوە ناتوانێت پێی بگا بۆیە بیر لە ئازاردانی دەکاتەوە. خاڵێکی تر کە نابێت بەسەریدا تێپەڕین بریتیە لە سەرنج راکێشان. ئێمە دەزانین کە نێر و مێ بەهۆی جەستەیانەوە سەرنجی یەکتر ڕادەکێشن و لە فرسەتێك دەگەڕێن بۆ ئەوەی لەساتێکدا لەهەموو کۆنترۆڵە کۆمەڵایەتییەکانو هەموو شەرمە کۆمەڵایەتی و ئایینیەکان خۆیان ڕزگار بکەن و بگەن بە یەکتر. ئەم سەرنجڕکێشانە لای کچەکان حاڵەتێکی پاسیڤ وەردەگرێت و لە نیگاکردندا بەرجەستە دەبێت، لە کاتێکدا لای کوڕەکان حاڵەتێکی ئەکتیڤ بەخۆیەوە دەگرێت و دەگات



بەوەی دەست بۆ بەرامبەرەکەی ببات، کە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە بە کردەیەکی لادەرانە حسابی بۆ دەکرێت. بە کورتی و پوختی دەستبۆبردن جۆرێکە لە لادانی کۆمەڵایەتی و حاڵەتێکی جەزبە و فەنایە کە نێری خوو پێوەگرتوو ناتوانێت کۆنترۆڵی خۆی بکات و پەلاماری بەرامبەرەکەی دەدات و دەستدرێژی دەکاتە سەر جەستەی و دەیەوێت بۆ چرکەیەکیش بێت خۆی پێوە بنووسێنێت، یان نقورچێکی لێبگرێت. ئەم دیاردەیە دیاردەی کۆمەڵگایەکی نائاسودەیە کە نەیتوانیوە وزەی سێکسیی ئەندامەکانی بەشێوەیەکی سرووشتی ئاراستە بکات و لەبەر ڕەچاوکردنی بەها تەقلیدیەکان ناهێڵێت پێکەوەبوونی ئەندامەکانی دۆخی ئاسایی خۆی وەربگرێت. لەلایەکی تریشەوە هەر لەم کۆمەڵگایەدا و بەهۆی تەلەفزیۆن و ئەنتەرنێتەوە وێناکردنی جەستە گۆڕانی گەورەی بەسەردا هاتووە و ئەمەش لەگەڵ ئەو بایکۆتەدا ناگونجێت کە کۆمەڵگا لەسەر جەستەی داناوە. بۆیە لێرەدا تاکەکان دووچاری ناکۆکییەکی کوشندە دەبن و هوشیاری ئەوان لەسەر پەیوەندییە سێکسیەکان زیاتر دەبێت لەوەی بتوانن بە شێوەیەکی پراکتیکی لە ئەویتر نزیك ببنەوە. بۆیە ئالێرەدا لادانەکان دروستدەبن و خولیای گەیشتن بەئەویتر حاڵەتێکی جنونی بەخۆیەوە دەگرێت و ئەمەش پەیوەندی نیە بە تەمەن و پیشە و پێگەی کۆمەڵایەتییەوە.

**** هەندێك پێیانوایە ئافرەت خۆی هۆکارە، ئەگینا بۆچی پەلاماری ئەم ئافرەتە دەدرێت و پەلاماری یەکێکی تر نادرێت؟***

ـ من پێموایە ئەم بۆچوونە تەنانەت ئەگەر ئافرەتەکان خۆشیان بیڵێین، شەرعیەت دەدات بەو دیاردەیە، کە دیاردەیەکی دزێوە لەکۆمەڵگای ئێمەدا. دەبێت وریابین بەڵگەیەك نەدەین بەدەست بکەرانی ئەم دیاردەیەوە تاشانازی پێوە بکەنو بڵێن: کچەکان خۆیان بەرەو ئەوە

هانمان دەدەن و پێیان خۆشە.. دەکرێت جۆرێك لەخودئازاری لای هەر مرۆڤێك بوونی هەبێت، واتە هەر مرۆڤێك ئارەزووی ئەوەی هەبێت لە کاتی هەستانی کەف وکوڵ و خرۆشانی سێکسیدا ئازاری ئەوانی تر بدات و هەم ئارەزووش بکات ئازار بدرێت، بەڵام دەکرێت ئەمە بە ڕێککەوتنی هەردوو لایەن بێت و پێویستیشە ئەو دووکەسە یەکتری بناسن، نەك بەو جۆرەی کە دەستدرێژکەرەکان دەیکەن و ئازاری کەسانێك دەدەن کە نایان ناسن و دەیانکەن بە قوربانی. دەکرێت ئەو ئارەزووکردنە بەئازاردانی ئەوانی تر لەکەسایەتی هەموو مرۆڤێکدا هەبێت، بەڵام کام مرۆڤ؟ بێگومان ئەوەی کەدەیناسین و لێی شارەزاین، واتە دوو کەس بڕیار دەدەن لەکاتی پێکەوەبووندا گاز لەیەکتر بگرن، نقورچ لەیەکتر بگرن، لەشی یەکتر بڕننەوە و نینۆك بچەقێننە جەستەی یەکترەوە و بەکورتی لە کاتی پراکتیزە کردنی حاڵەتی ئیرۆتیکیدا لەگەڵ یەکتر توندوتیژی بنوێنن.. بۆیە ناکرێت ئێمە هەموو ئافرەتەکان بەوە تاوانبار بکەین کە خۆیان ئارەزووی ئەوە دەکەن دەستیان بۆ ببردرێت. ئەم شتە ڕاستە لەحاڵەتێکدا کە ئەو کەسەی دەبێتە قوربانی لەگەڵ ئازاردەر یەکتری بناسن، بەڵام ئێمە دەزانین زۆربەی ئەوانەی لەسەر شەقامەکان و ناو بازاڕ و کۆڵانەکاندا پەلاماری خانمەکان دەدەن یەکتری ناناسن، بەلای کەمەوە قوربانیەکە تاوانبارەکە ناناسێت ئەمەش کێشەیەکی گەورەیە، چونکە لەڕووی دەروونییەوە، ئەنجامی خراپ لای قوربانیەکە بەجێدەهێڵێت.

لەبیرمان نەچێت ئێمە لەوڵاتێکداین بیرەوەری ناخۆشمان لەگەڵ ئەم جۆرە «دەست–درێژکردنانە»دا هەیە، واتە دەست لە وڵاتی ئێمەدا، بەتایبەت لای بەعسییەکان دەستێك بووە یا میلی تفەنگی لێهێناوینەتەوە، یا زللەی لێداوین، یا قژی ڕاکێشاوین، یان لە بەندیخانەکاندا بە کێبڵ ئازاری داوین، یاخود دەستی جاسووسێك بووە



ئاماژەی بۆ کردووین تا بە گرتمان بدات.. ئەمە جگە لەوەی دەست زۆرجارانیش دەستی باوکێکی بێبەزەیی و مامۆستایەکی دڵڕەق بووە کە دارکاری کردووین. بۆیە ئەگەر دەستمان بەهەڵە بەکار بهێنین، هەموو ئەو وێنانە لەیادەوەریماندا زیندوو دەبنەوە و ناکرێت بە بکەرانی ئەم دیاردەیە بڵێین: *دەستی ئێوە دەستێکە خۆشیی و چێژ بە قوربانییەکان دەگەیەنێت*. بەڵکو دەبێت پێیانبڵێین: دەستی ئێوە دەستی ئەو تاوانبارەیە کە خانمێکی ڕێبوار لە مرۆڤێکی ئاسایی سەر شەقامێکەوە دەکاتە قوربانییەکی لەخۆ وەڕسی ترساو.

### * ڕایەك پێی وایە بێدەنگ بوونی ئافرەتەکان لەکاتی پەلاماردانەکەدا ئاماژەیە بۆ ڕازییبوونیان لەبەر ئەوەی پێیانخۆشە، تۆ دەڵێیت چی؟

- هەروەکو پێشتر گوتم: دەکرێت لەهەرکەسێکدا چ (نێر یان مێ) جۆرێك لە چێژبینین هەبێت، بەتایبەتی کە کردەکە زۆر بەخێرایی ڕوودەدات و چاوەڕوانکراو نیە. شتی چاوەڕوان نەکراویش بەتایبەتی بۆ زۆنە سێکسیەکانی لەش، چێژبەخشە و مووچڕکە بە لەشدا دەهێنێت و هەر زوو دەبێتە هۆی دروستبوونی کارلێکە کیمیاوییەکان لە جەستەی مرۆڤدا.. بەڵام ئەوەی پەیوەندیی بەم جۆرە بەریەککەوتن و دەست بۆهێنانەوە هەبێت، من پێموایە دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ئەوەی، کە لەهەندێکماندا ئەم چێژە ڕەنگە زیاتربێت و بەرگەی ئازارەکەیشی بگرین، لە هەندێکی تریشماندا کەمترە لەوەی کە بووبێت بە چێژ و زیاتر ئازاربەخشە. وەلێ من ناتوانم بەناوی هیچ ئافرەتێکەوە قسەی ئەوەت بۆ بکەم، کە ئەو چەندە ئارەزووی لەم مەسەلەیە هەیە و چێژی لێوەردەگرێت. بەڵام تا ئەو کاتەی ئێمە بەڵگەی تەواومان لەبەردەستدا نەبێت ناشتوانین تێگەیشتنێکی ڕاستەقینەمان لەسەری هەبێت، چونکە

ئێمە دیاردەکە تەنیا لەزمان ئەو کەسانەوە دەبیستین، کە خۆیان وەکو «قوربانی» دەبیننەوە. هەر ئەوانە دێنە دەنگو چاکیش دەکەن کە دێنە دەنگ. خۆ ئەگەر ئەو خانمانەی کە گوایە چێژی لێوەردەگرن بێنە دەنگ، ئێمە دەتوانین لەسەر وەڵامی ئەوان شیکردنەوە بکەین و تێگەشتنێکی باشتریش لەسەر کەسایەتی بکەرەکان بەدەست بهێنین.

### * ئەی ئەو جۆرە کەسانە چۆن پەلاماری خۆشكو دایكو برادەر و کەسە نزیکەکانی خۆیان نادەن؟

ـ ئەم پرسیارە زۆر گرنگە: بەبڕوای من ئەو دیاردەیە تا ئەو کاتەی لەدەست درێژیکردنو لە نقورچگرتن و لێبادانو ئەم شتانەدا دەمێنێتەوە، دیاردەیەکە دەبێت لەپەنهاندا بێت، دیاردەیەکە کەسەکەی پێی هەڵدەستێ زۆر دەترسێت لەکەشفبوونی کاراکتەرە نەعامەییەکەیی و هەروەها پەیوەندی بەو دۆخە جنسیەشەوە هەیە کە ناتوانێت کۆنترۆڵی بکات. بەڵام لەو کاتەدا کە ئەم کەسە دەتوانێت لەگەڵ کەسە ناسیاوەکانی شتی وابکات، دەستیان بۆ درێژناکات، بەڵکو لەوەش زیاتر دەکات و بۆی هەیە بگات بە جۆرێك لە جۆرەکانی کردەی لاقەکردن (اغتصاب). ئەو کەسەی لەسەر شەقامێك دەست بۆ کچێك دەبات یان خۆی پێوە دەنووسێنێت و لێی بادەدات، لە ئان و ساتدا بڕیاردەدات بەبێ ئەوەی بیری لێبکاتەوە و پلانێکی تۆکمەی بۆ دارشتبێ، بەڵام ئەو کەسەی بیەوێت لەمەزیاتر بکات بەدوای نەناسراودا ناگەڕێت و لەسەر جادەش ئەوکارە ناکات، بەڵکو کەسێك دەکات بەقوربانی کە توانیبێتی جوان دیاریی بکات و دڵنیا بێت ئەو کەسە ناتوانێت قسە بکات و ترسێکی وەهای دەخاتە دڵەوە کە بوێریی نەبێت ئاشکرای بکات. زۆربەی لاقەکردنەکان هی کەسانی نزیکن بۆ کەسانی نزیکی خۆیان و لەمەشدا زۆر هۆکار ڕۆڵی خۆیان دەگێڕن کە یەکێکیان شێوەی



پەروەردەی خێزانی و شێوازی بیناسازیە لە کوردستاندا و ناتوانین لێرەدا قسەی لەبارەوە بکەین. بەداخەوە ئێمە سەرژمێرییەکمان نیە پیشانمان بدات ئاخۆ چەند باوك یان برا بەو شێوەیە لەکچ و خوشکی خۆیان نزیك بوونەتەوە. بەڵام بەبڕوای من زۆر خەسڵەت و دەرکەوتەی ڕەفتاری لە مێینەی کوردا هەن، کە ئاشکرای دەکەن دیاردەی لاقەکردن لە کۆمەڵگای ئێمەدا زۆرە و قوربانیەکانیش لەوە زیاتر و ئازاراویترن کە ئێمە دەبیستین.

### * بەڕای تۆ ڕێگەچارە چییە؟ چۆن ڕووبەڕووی دیاردەی دەستبۆبردن و نقورچگرتن و خۆپێوە نووساندنی بەزۆر ببینەوە؟

ــ یەکەم چارەسەر بەکێشەکردنی ئەم دیاردەیەیە، دەبێت وا تەماشای بکەین کەدیاردەیەکە جۆرێك لە نائاسودەیی کۆمەڵایەتی و جۆرێك لەپشێوی بۆ ژیانی بەشێکی زۆری لەئەندامانی ئەم کۆمەڵگایە دروستکردووە. پاشان ئەمە ببەستینەوە بەوەی کە ئازادیی چوونە بازاڕ و ئازادی بەکارهێنانی جەستەی خۆمان، ئازادی خۆ ڕازاندنەوە و جوڵە و سەربەستیمان لەسەر شەقامەکان سنوردار دەکات. ئەم کێشەیە هەروا تەماشا نەکەین، کە زەوقی کوڕێکی گەنجە و ئەم کوڕە گەنجە بۆی هەیە هەموو شتێك لەهەر شوێنێکدا بکات، کەشوێنی هەموومانە.

هەروەها پێویستە سیستەمی پەروەردە گرنگی بدات بەم دیاردەیە و وەك «دەستدرێژیکردنێك» بۆسەر ئازادی تاك لە بواری وانەی مافەکانی مرۆڤدا بخوێندرێت. ئەمە بێجگە لەوەی کە پێویستە بەسەرجەمی ئەو کتێبانەی خوێندنگاکاندا بچینەوە کە تیایاندا جەستەی مێ بەحەرامکراوە یان بەکەم تەماشا کراوە و سنوورێکی ئەستوور لە نێوان کوڕ و کچەکاندا داندراوە و بەیەکتر نامۆکراون. هەروەها پێویستە لەڕاگەیاندنەکانمانەوە ڕێپۆرتاژی لەسەر بکرێت و قسەی لەسەر بکرێت و هەم بکەران و هەم

**قوربانییەکان بهێنرێنە دەنگ، تەنانەت ئەوانەش کە گوایە چێژی لێوەردەگرن. زۆرم پێباشە سەنتەر و ڕێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتان چەند خەتێکی تەلەفۆن تەرخان بکەن بۆ ئەوەی هەم دەنگی بکەرەکان و هەم قوربانیەکان تۆمار بکرێت و پاشان بدرێتە خەڵکی شارەزا تا بیر لە یارمەتیدانی هەردوو لایان بکرێتەوە. ئەمە جگەلەوەی دەکرێت بە کامێرای شاراوە وێنەی حاڵەتەکە بگیرێت.**

**بەبڕوای من ڕێگەیەك زیاترمان هەیە بۆ ئەوەی ئەم دیاردەیە بەدەنگ بهێنین و هووشیاریی کۆمەڵایەتی لەسەر دروست بکەین تا ئەم هووشیاریە کۆمەڵایەتییە ببێتە ڕێگرێك لەبەردەم ئەو کەسانەی ئەم کارەدەکەن. چونکە دواجار من پێموانییە بکەرانی ئەم دیاردەیە هەر تەنیا مرۆڤی لەخوانەترس و نەخۆش و ناعەقڵانی و گەنجە سەرەڕۆکان بن. بەڵکو دڵنیام ئەمانە هەمان مرۆڤە لەخوا ترساوەکان، هەمان مرۆڤە خوێندەوار و عاقڵەکان و هەمان مرۆڤە خاوەن پێگە و کامڵ و بەتەمەنەکانی ناو ئەم کۆمەڵگا نەخۆشەی سەردەمی ئێستامانن. کۆمەڵگایەك کە بۆخۆی هاندەرێکی سەرەکییە لە هێشتنەوەی دیاردەکەدا بەوەی کە هیچ نەبێت بواری داوە بکەرەکان بە شانازییەوە باسی کردەوەکەی خۆیان بکەن، کەچی بەگومانەوە سەیری ئەو خانمە دەکات کە دەبێتە قوربانی. خۆشبەختانە هەندێك لە قوربانییەکان جارجارە ئاوڕ دەدەنەوە و بە هەموو هێزی خۆیان تفێك لەناوچەوانی بکەرەکان دەکەن. من پێموایە ئەو تفە ڕووی کۆمەڵگاش دەگرێتەوە..**



# لیستی سەرچاوەکان

***بە زمانی کوردی:***

- ئومێد ئاشنا: **پیرومێرد و پێداچوونەوەیەکی نوێ بە ژیان و بەرهەمەکانی**. ب: یەکەم ***"دنیام چۆن دی؟"*** ئاراس، هەولێر، 2001.

- ئومێد ئاشنا (ئامادەکار): **ئەشکی باوان** (بەرهەمی بڵاونەکراوە وله یادکراوی کامەران موکری. ئاراس، هەولێر، 2001.

- **ئینجیلی پیرۆز**. کۆمەڵەی دەولی کتێبی پیرۆز، نوسینگەی هەولێر، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر 1998.

- منوچهر محسنی: **دەروازەکانی کۆمەڵناسی**. وەرگێڕانی کۆمەڵێك وەرگێڕ، هەولێر، 2002

- عەلی باپیر: **ئافرەت و خێزان لە سایەی شەریعەتدا**. چ. یەکەم، تەفسیر، هەولێر 2003

- د. محەمەد کەمال: **کێشەی بوون لە مێژووی فەلسەفەدا**. بەرگی یەکەم، چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی 2002.

- هاشم سالّح: **فەلسەفە، ڕۆشنگەری، فێنتامنتالیزم**. وەرگێڕانی: شوان ئەحمەد، سەردەم، 2002

- ڕووناك فەرەج، هانا شوان: **ئاماری توندوتیژییەکانی دژ بە ژنان و خوێندنەوەیەك**، سەنتەری ڕاگەیاندن و ڕوناکبیریی ژنان، بڵاوکراوەی چوارەم، 2003.

— ڕێکخراوی ئاسوودە: (ئاوات محەمەد) **توند و تیژی خێزانی**. *توێژینەوەیەکی کۆمەڵایەتی مەیدانییە لەسەر ژنانی شاری سلێمانی و قەزاکانی گەرمیان*، سلێمانی، 2003.

- ڕێبوار سیوەیلی: **نەتەوە و حەکایەت**. سپیرێز، دهۆك، 2002

- ڕێبوار سیوەیلی: **دیاردەگەرایی تاراوگە**. چاپی دووەم، هەولێر، دەزگای ئاراس، 2002

ـ ڕێبوار سیوەیلی: ***کولتووری تەور***. بەشی دووەم (ناسنامەی نەتەوەیی و بە سێمبوولکردنی ئافرەت)، گۆڤاری ڕەهەند، ژمارە (1) 1996.

ـ ڕێبوار سیوەیلی: "***پێشزەمینەکانی سەرهەڵدانی بزاڤی فەلسەفەی ڕۆشنگەری***" لە گۆڤاری *سەنتەری برایەتی* ژمارە 25، ساڵی شەشەم، پاییزی 2002

ـ فریدریش نیچە: **وەهای گوت زەردەشت**. و. عەلی نانەوازادە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپی یەکەم، هەولێر، 2001.

ـ تۆمابوا: **ژیانی کوردەواری**. و. حەمە سەعید حەمە کەریم، وەزارەتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن، بەغدا 1980

ـ واسیلی نیکیتن: **کورد و کوردستان**. و. خالیدی حیسامی (هێدی)چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، 1998.

ـ د. فەرهاد پیربال: **مەلا مەحمودی بایەزیدی (1799–1867) یەکەمین چیرۆکنووس و پەخشاننووسی کورد**. ئاراس، هەولێر، 2000

ـ مەلا مەحمود بایەزیدی: **داب و نەریتی کوردەکان**. وەرگێڕانی: د. شکریە رسول، بەغدا، 1982.

**بە زمانی فارسی:**

ـ خوزە ئۆرتگای گاست: **درباره عشق**. ت. د. سید م. پریا. جوانە رشد، تهران، 138.

ـ جولیوس گولد، ولیام ل. کولب: فرهنگ علوم اجتماعی. ویراستار: محمد ج. مازندرانی، انتشارات مازیار، تهران، 1376.

ـ میشیل مالرب (مالهرب): **انسان و ادیان** (نقش دین در زندگی فردی و اجتماعی). ت. مهران توکلی، نشر نی، تهران، 1381.

ـ اسکات پك: **هنر عاشقی**، بحپی در روانشناسی عشق، ارزشهای سنتی و تعالی روحی، ت: زهرا ادهمی، نشر دایره، تهران 1381.





ـ دکتر جون بوریسنکو: **درس عشق**، برگردان: توراندخت تمدن (مالکی)، نشر البرز، تهران 1375

ـ راب استونر، **متفکران بزرگ جامعه‌شناسی**، ت: مهرداد میردامادی، نشر مرکز، تهران 1379

ـ جرالد جمپالسکی و دایان سیرنسیونه: **فقط عشق**، ت: فریبا مقدم، انتشارات حمیدا، تهران 1378.

ـ رنه الندی: **عشق**. ت. جلال ستاری، توس، تهران، 1378.

ـ اریك فروم: **هنر عشق ورزیدن**. ت. پوری سلگانی. مروارید، 1380.

ـ ادگار مورن: **هویت انسانی**. (*روش: 5 انسانیت انسانیت*)، ت. امیر نیك یی، فائزه محمدی. قصیده سرا، تهران، 1382.

ـ دکتر سیروس شمیسا: **شاهدبازی در ادبیات فارسی**، انتشارات فردوس، تهران 1381

ـ بابك احمدی: **ساختار و تاویل متن**. چ. چهارم، نشر مرکز، تهران، 1378.

ـ م. میر شکرایی، ع. حسن زاده: **زن و فرهنگ**. نشر نی، 1382

ـ بارنز و بکر: **تاریخ اندیشه اجتماعی**. ترجمه‌و: جواد یوسفیان، علی اصغر مجیدی. شرکت سهامی کتابهای جیبی، تهران، 1358.

ـ جلال ستاری، جهان اسطوره شناسی:3، ترجمه‌و جلال ستاری، نشر مرکز، 1379.

ـ هنری لوکاس: **تاریخ تمدن** (جلد یکم). ت: عبدالحسین **ازرنگ**. انتشارات سخن، تهران، 1382.

ـ ارسطو: **سیاست**. کتاب دوم، ترجمه‌و حمید عنایت، شرکت انتشارات علمی و فرهنگی، تهران 1381.

ـ فردریش انگلس: **منشا خانواده، مالکیت خصوصی و دولت**. ت: خ. پارسا، جامی، تهران، 1380.

ـ افلاطون: مجموعه اپار، ج. اول، ترجمه‌و محمد حسن لگفی، ر. کاویانی، انتشارات خوارزمی، چ: سوم 1380.

ـ جلال ستاری: **پژوهشی در عشقنامه هلوئیز و ابلار**. نشر مرکز، تهران، 1379.

- جیمز ا. کوریك: قرون وسطای اولیه. ترجمه و مهدی حقیقت خواه، تهران، ققنوس، 138.

- د. محمد مددپور: **سیر حکمت و هنر مسیحی** (عصر ایمان)، موسسه چاپ سوره، تهران، 1381.

یان کرایب: **نظریهء اجتماعی کلاسیك**. ت. شهناز مسمی پرست. اگه، تهران، 1382

- فرزانه نیکوکاری، **سه روایت از حکایت عشق**، کتابخانه طهوری، تهران

- شیخ نجم الدین رازی، **رساله عشق و عقل**، به اهتمام و تصحیح تقی تفضلی، شرکت انتشارات علمی و فرهنگی، تهران، 1381.

- جلال ستاری، **عشق صوفیانه**، نشر مرکز، تهران 1382.

- کاظم محمدی، **ابن عربی** (*بزرگ عالم عرفان نثری متوفی به سال 638ق*)، سازمان چاپ و انتشارات وزارت فرهنگ و ارشاد اسلامی، تهران 1381.

- کلوس عداس، **ابن عربی: سفر بی بازگشت**، ت: فریدالدین رادمهر، انتشارات نیلوفر، تهران 1382.

- محمد حسن شاهکولی، خرد عشق در تاریخ ایران، نشر نشانه، تهران 1375.

- دکتر مهشید مشیری، **نخستین فرهنگ زبان فارسی**، سروش، تهران 1378.

- دکتر مشهید مشیری، **عشق و عرفان: فرهنگ قیاسی**، نشر البرز، تهران 1376

- مایك ساوج و از وارد: جامعه‌شناسی شهری. ت: د. ابوالقاسم پوررضا، سازمان مطالعه و تدوین کتب علوم انسانی دانشگاهها، تهران، 1380.



- د. شهلا اعزازی: **جامعه‌شناسی خانواده**، با تأکید بر نقش، ساختار و کارکرد خانواده در دوران معاصر. انتشارات روشنگران و مطالعات زنان، تهران، چاپ سوم، 1382.

- انتونی گیدنز: **جامعه‌شناسی**. ت. منوچهر صبوری، نشر نی، چاپ پنجم، 1378.

- کاترینه پ‌,نده‌ر: **از دولت عشق**. ت. گیتی خوشدل، انتشارات روشنگران و مگالعات زنان، تهران، 1380.

- قدیس اگوستین: **اعترافات**. مترجم: سایه **میثمی**، دفتر پژوهش و نشر سهروردی، تهران، چاپ دوم، 1380.

- انتونی گیدنز: **جهان رهاشده**. (گفتارهایی درباره یکپارچگی جهانی). ت: ع. ا. سعیدی و یوسف ح. عبدالوهاب. انتشارات علم و ادب، تهران، 1379.

- دان کیوپیت: **دریای ایمان**، ت: حسن کامشاد، تهران، گرح نو،1380

- داریوش شایگان: **افسون زدگی جدید**، هویت چهل تکه و تفکر سیار. ت: فاطمه ولیانی، تهران، فرزان، 1380.

- یان ارت شولت: **نگاهی موشکافانه بر پدیده جهانی شدن**. ت: مسعود کریاسیان، شرکت انتشارات علمی و فرهنگی، تهران 1382.

- هنری بمفورد پارکر: **خدایان و ادمیان**. نقد مبانی فرهنگ غرب. ترجمه محمد بقایی، قصیده، تهران 1380.

**به زمانی عه‌ره‌بی:**

- فرانسوا فوركية: **المال، القوة و الحب**. (تاملات في تطور بعض القيم الغربية). ترجمة: د. سناء ابو شقرا، دار الفارابي، بيروت– لبنان، 1998

- محمد كمال البواني، **الحب و الجنس عند السلفية و الامبريالية**، دار رياض الريس، لندن

- دكتور محمد عاطف غيث: **قاموس علم الاجتماع**. الهيئة المصرية العامة للكتاب، 1979

- محمد الشيخ و ياسر الطائري: **مقاربات في الحداثة و مابعد الحداثة** (حوارات منتقات من الفكر الالماني المعاصر). دار الطليعة، بيروت، 1996.

ـ فاطمة المرنيسي: **هل انتم محصنون ضد الحريم؟**. ترجمة: نهلة بيضون، المركز الثقافي العربي، 2000.

ـ الدكتور صادق جـلال العظـم: **في الحـب و الحـب العـذري**. دار المـدى للثقافـة و النشـر، دمشق، 2002.


**به زمانه‌كانى تر:**


- Hans Fink (red.): **Menneske, Samfund, Nature**. Indforing I filosofi. 2. udgave, Gyldendalske Boghandel, 1993.
- Heine Andersen (red.): **Sociologi- en grundbog til et fag**. Hans Reitzels Forlag, Kobenhavn, 1998.
- Rolan Barthes: **Kerligheds Forrygte Talle**. Sorte Revens sorte Bibliotik, Kopenhagen,1997.
- Georg Simmel: "***Ekskurs om sansernes sociologi***" I: Hvordan er samfundet muligt? Udvalgte sociologiske skrifter. Ovrs. Henning Vangsgaard, Gyldendal, 1998.
- Georg Simmel: "***Storbyerne og andelige liv***" Gyldendal, 1998.
- Anthony Gidddens: ***The Transformation of Intimacy***, Sexuality, Love and Eroticism in Modren Societies. Polity Press, UK, 1992.
- ***Nudansk ordbog***, politikens Forlag, Copenhagen, 1987.
- U. Beck: **Risikosamfud**. Gyldendal, Kopenhaven, 1996.
- Niklas Luhmann: **Iagttagelse og paradoks**, Essays om autopoietiske systemer. Gyldendal 1997.





- U. Beck: **Risikosamfud**. ***Kerlighedens helle normale kaos.1996***
- Luc Ferry: **Menneskeguden**. Eller livets mening. Ovs. Anne Rasmussen, Munksgaard Rosintante, 1997.
- Det Store Tenkere: **Pascal**. Ovs. A. Krause-Jensen. Kopenhaven, 1970.
- Jorn Bjerre, I: ***Philosophia***: Tidsskrift for filosofi, ARG. 26.
- Poul Lubcke: (Red.) **Politikens filosofi leksikon**. Politikens Forlag, Kopenhaven, 11. oplag 1996.

# پێڕستی ناوەکان


**ئا**

ئاشنا، ئومێد: (پ) 143، 145، 146، 147، 151، 152، 154، 155، 157، 158، 159.

ئاگۆستین، قەدیس: 53، 54، 105.

ئالیندی، ڕینێیە: 37، 76، 77.

**ئە**

ئەحمەدی، بابەك: 117.

ئەرستۆ: 124، 125.

ئەفلاتوون: 104، 105، 106، 124، 127.

ئەعزازی (أعزازی)، شەهلا: 47، 48.

ئەنگلز، فریدریش: 125، 126.

ئەنساری (أنصاری)، خواجە عبدالله: 30

ئیبن عەرەبی: 30، 31.

**ب**

باپیر، عەلی: 181–182.

بارت، ڕۆلآن: 51، 117، 118.

بایەزیدی، مەلا مەحمود: 139، 140، 141، 142، 143، 160.

بێك، ئولریش: 62، 68، 69، 70، 75، 76، 81، 107، 205.

**ت**

تۆمابووا: 137

**پ**

پاز، ئۆکتاڤ یۆ: 241
پاسکاڵ، بلیز: 100، 101
پارکر، هنری بمفورد: 104
پلۆتین: 105
پۆڵس (پاولۆس قەدیس) 113، 114، 115، 116.
پوندەر، کاترینە: 52
پیرباڵ، فەرهاد: 140
پیرەمێرد (حاجی تۆفیق): 139، 143، 144، 145، 146، 147، 148، 149، 150، 159، 160.

**چ**

چودرو، نەنسی: 22
چیخۆف، ئەنتوان: 69

**د**

دورتیە، ژان فرانسوا: 15

**ڕ**

ڕۆدینکۆ: 140، 142
ریچ، کلۆدیۆس جەیمز: 207



**ز**

زیمیل، جۆرج: 57، 58، 59، 60، 61

**س**

سارتەر، ژان پاوڵ: 74
ساوج، مایك: 59، 154
ستاری، جلال: (پ) 30، 128، 129، 132.
سهروردی، شیخ شهاب الدین: 30

**ش**

شوان، هانا: 176

**ع**

عومەر، ئاری: 10، 193

**غ**

غیث، محمد عاطف: 23

**ف**

فروم، اریك: 28، 37، 103
فۆرکیە، فرانسوا: 99، 107، 108، 109
فیری، لوك: 99، 100، 101، 102، 103
فەرەج، ڕووناك: 176
فیمینیزم: 72، 87، 91، 92، 93، 94، 111، 112

## ڤ

ڤیبەر، ماکس: 81

## ك

کاستلز، مانوێل: 22، 83، 84، 85، 86، 87، 88، 89، 90، 91، 92، 94، 95، 96
کولب، ولیام: 29، 39
کرایب، یان: 59
کەمال، محمد: 125
کیاکەگۆرد، سۆرن: 71
کوریك، جیمز ا: 128، 131

## گ

گاست، خۆزە ئورتگای: 11، 25، 27، 35، 37
گولد، جولیۆس: 29، 39
گۆتە: 99
گیدنز، ئەنتۆنی: 47، 48، 49، 61، 62، 63، 64، 65، 66، 67، 69، 205

## ل

لوکاس، هنری: 124
لوومان، نیکلاس: 51، 58، 61، 62، 72، 74، 77، 78، 79، 80، 205





## م

مالرب، میشیل: 36
محسنی، منوچهر: 14
موکری، کامەران: 139، 150، 151، 152، 153، 154، 155، 156، 157، 158، 160
مورن، أدگار: 41
محەمەد، ئاوات: 176
مەحمود، شەهلا: 180
مرنیسی، فاگمە: 54
مونتنێ: 50

## ن

نیتشه، فریدریش: 69، 78
نلی، ڕینێیە: 99، 110، 111، 123، 127
نیکیتین، واسیلی: 139

## هـ

هانسن، هێنی هاراڵد: 137
هۆشیلد، ارلی راسل: 61

## بەرهەمە چاپکراوەکانی نووسەر

رەخنە و هزر:

- **دیاردەگەرایی تاراوگە**، چاپی یەکەم: دەزگای باران، سوید 1995. چاپی دووەم: دەزگای ئاراس، هەولێر 2002

- **نووسین و بەرپرسیاری**، لە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری بینین، ئەمەریکا 1997

- **سۆفیستەکان**، چ1 ستۆکهۆڵم 1998، چ2 دەزگای سەردەم، سلێمانی 1999

- **دنیای شتەبچووکەکان**، دەزگای سەردەم، سلێمانی 1999

- **کتێبی نالی**، دەزگای موکریانی، هەولێر 2001

- **نەتەوە و حەکایەت**، دەزگای سپیرێز، دهۆک 2002

- **قەفەسی ئاسنین**، چاپخانەی رەنج، سلێمانی 2003

- **مێژووی هزری کۆمەڵایەتی**، زنجیرەی هزر و کۆمەڵ 2، هەولێر 2003

- هاوکاتی و هاوشوناسی، دەزگای سپیرێز، دهۆک 2004

بەرهەمی ئەدەبی:

- **گۆرانییەك بۆ گوندە سووتاوەکان** (شیعر)، کۆپنهاگن 1989

- **کۆپنهاگن!** (شیعر)، کانونفرهنگ ایران، دانمارك 1994

- **زمانی عەشق، زەمەنی ئەنفال** (شیعری) چاپخانەی رەنج، سلێمانی 2000

- **من و مارەکان** (چیرۆك) مەڵبەندی لاوانی میدیا، سلێمانی 1999

وەرگێڕان:

- **ئەفسانەی خۆشەویستی** (سەمەد بیهرەنگی) ئەفسانەچیرۆك، چاپخانەی سەرکەوتن، سلێمانی 1983

- **دەنگی پێی ئاو** (سهراب سپهری) چ1، 1989، چ2 کۆپنهاگن 1990

- **در امدی بر شعر معاصر کُردی**، کۆپنهاگن، 1990

- **پیدرۆپارامۆ** (ڕۆمان)، خوان ڕۆڵفۆ (بەهاوکاری ئازاد بەرزنجی) دەزگای سەردەم، سلێمانی 1999

- **دەروازەکانی کۆمەڵناسی** (منوچهر محسنی)، بەهاوکاری کۆمەڵێ وەرگێڕ، دەزگای موکریانی، هەولێر 2002

- **ئەلبوومی کیژی جنۆکان** (چیرۆکی منداڵان لە دانمارکییەوە)، دەزگای سەردەم، سلێمانی 2002


www.pertwk.com